حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی کوردی

# دیاردە کولتوورییەکان لە( مەم و زین )ی
# ( ئەحمەدی خانی )دا

## نامەیەکە
## ئەرخەوان محمد عبید

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان- بەشی کوردی، زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

## سەرپەرشت
## پ. ی. د. عبدالقادر حمه امین محمد

٢٧١٤کوردی ١٤٣٥کۆچی ٢٠١٤زایینی

**تێزی ( دیاردە کولتوورییەکان لە (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)) بە چاودێری من لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پ. ی. د. عبدالقادر حمە امین**

**/ / ٢٠١٤**

**بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**پ. د. بەکر عومەر عەلی**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**/ / ٢٠١٤**

پێشکەشە بە

ئەو مرۆڤانەی کە ڕێز لە ئەدەبیاتی کوردی وئەحمەدی خانی دەگرن

# سوپاسنامە

**سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:**

- **پ.ی.د. عبدالقادر حمە امین محمد، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردم وزۆر ماندووبوو لە گەڵمدا.**
- **تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەم.**
- **مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوك.**
- **مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی سکوڵی زمانی زانکۆی سەلاحەددین وزانکۆی سلێمانی.**
- **هەموو ئەو هاورێ بەڕێزانەی، هاوکارم بوون، بەتایبەتی:**

  **د.هێمن عمر خۆشناو ، د. فوئاد رشید، د. ناز ئەحمەد.**

# ناوەڕۆك


پێشەکی.......................................................١-٣

بەشی یەکەم:(چەمك و پەیوەندییەکانی کولتوور)...........................................٤
تەوەری یەکەم:.......................................................٤
ا:کولتوور چەمك و پێناسە:.......................................................٤
ب:جۆر و کەرەسەکانی کولتوور:.......................................................١٤
ج:کولتوور و ژیار.......................................................٢٠
د:ماف و تایبمەتدنیەکانی کولتوور.......................................................٢٦
تەوەری دووەم:.......................................................٣١
ا:کولتوور و ئەدەب.......................................................٣١
ب:کولتوور و ئەدەبی کوردی.......................................................٣٦

بەشی دووەم: (خانی وهەوڵی بوژانەوەی کولتوور وناسنامەی نەتەوەیی)................٤٤
تەوەری یەکەم/ ڕێنسانسی خانی وزمان ونەتەوە.......................................................٤٤
أ – زمانی نەتەویی و ( مەم و زینی ) خانی :.......................................................٤٥
١– ئەو زمانەی کە خانی ( مەم و زینی ) پێ نووسیوە.......................................................٥٤
٢–خانی سنووری کرمانجی سەروو دەبەزێنێ.......................................................٥٥
٣– خانی و مەسەلەی ڕێنووس لە مەم و زین دا.......................................................٥٧
٤–خانی و کولتووری بەرگری کردن لە نووسین بەزمانی کوردی.......................................................٥٨
ب–ناسیۆنالیزم و کولتووری گرنگیدان بەنەتەوە لای خان :.......................................................٦٨
١. هۆکارەکانی نەبوونی کیانی کوردی سەربەخۆ لە لای (خانی) :.......................................................٧٤
٢. بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە مەم و زیندا:..............٨٠
تەوەری دووەم/کولتوور ورۆشنبیری وجێکەوتەکانی شۆڕشە هزرییەکەی خانی:.......٨٨
ا–کەلتووری و رۆشنبیری و ( مەم و زین ) ی ئەحمەدی خانی :.......................................................٨٨
ب–جێکەوتی مەم وزینی خانی لە رۆشنبیریی کوردیدا.......................................................٩٧
١–جێکەوتی (دەق) لە(مەم و زین)دا:.......................................................٩٧
٢–جێکەوتی (مەم وزین) لە _دەق) دا:.......................................................٩٩
٣ –جێکەوت لە شێواز گەرییدا:.......................................................١٠٢
٤–جێکەوت و هەڵوەشاندنەوە:.......................................................١٠٩

**بەشی سییەم/ کولتوور و کاریگەرییەکانی لە(مەم و زین)دا..........................١١٤**
**تەوەری یەکەم:(ئاین وخۆشەویستی)...........................................١١٤**
**ا-کولتوور و ئاین...................................................١١٤**
**١-نەریت وکولتووری ئیسلامی لە (مە وزین)دا:.................................١١٦**
**٢-رەنگدانەوەی ئاینەکانی دیکە لە (مەم و زین)دا: ................................١٢٨**
**ب-کولتوور وخۆشەویستی  لە مەم و زین دا:.........................................١٣٢**
**١-خۆشەویستی نێوان مەم و زین:..............................................١٣٣**
**٢- خۆشەویستی نێوان ( ستی تاژدین ):...........................................١٣٨**
**تەوەری دووەم:ئەفسانەو کەسێتی وبونیادی (مەم و زین):................................١٤٠**
**ا-لادان لە کولتووری ئەفسانە و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەقی فۆلکلۆری...........١٤٠**
**ب-کولتوور و رەفتاری کەسێیتەکانی (مەم و زین) ی خانی...........................١٤٩**

**بەشی چوارەم/دیاردەکانی  ژیار وشارستانییەت وکۆمەڵگا لە (مەم وزین)دا:....................١٥٨**
**تەوەری یەکەم: شارستاینەت و (مەم ز زین):.......................................١٥٨**
**١-بیناسازیی وشێوازی شار ..................................................١٥٨**
**٢-زانست..........................................................١٦١**
**٣-جل وبەرگ وخشلٚ لە(مەم وزین)دا:...............................................١٦٣**
**٤-مۆسیقا...........................................................١٦٥**
**٥-شەترەنج..........................................................١٦٩**
**٦-خەت و جۆری نووسین لەمەم وزیندا:..............................................١٧١**
**٧-کەل وپەلی نان خواردن وجۆری خواردمەنی:.......................................١٧٢**
**٨-چەك:.............................................................١٧٤**
**تەوەری دووەم: سیستەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە (مەم وزین) دا:..............١٧٦**
**ا-سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگای کوردی لەمەم وزیندا ...............................١٧٦**
**ب-پەیوەندی خزمایەتی لەمەم وزیندا................................................١٨١**
**تەوەری سێیەم/ داب ونەریت وبۆ نەکان لە مەم وزیندا: .............................١٨٤**
**ا-جەژنی نەورۆز: ..................................................١٨٤**
**ب-شایی و شین ..................................................١٨٧**
**ج-ڕاوشکار:.........................................................١٩٨**
**ئەنجام.............................................................٢٠٠**
**بیبلوگرافیا.........................................................٢٠٢**
**کورتەی باس بەزمانی عەرەبی.................................................٢١٤**
**کورتەی باس بە زمانی ئینگلیزی..............................................٢١٥**

# پێشەکی

## ناوونیشانی نامەکە:

(دیاردە کولتوورییەکان لە (مەم وزین) ی (ئەحمەدی خانی)دا)، ناوونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە هەوڵدەدات لە ڕێگای دەقی (مەم وزین)ەوە، وێستگەی بەیەکگەیشتنی کولتوور و ئەدەب و پەیوەندییەکانی نێوانیان شیبکاتەوە. کولتوور ئاوێنەیەکە تەواوی لایەنەکانی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی تیادا ڕەنگدەداتەوە، (مەم و زین)یش زەمینەی کارەو کولتووری تیادا بەرجەستە دەبێت، (خانی)یش ئەو بکەرەیە، کە شیعر لە پێناوی خزمەتکردنی چەند بەهایەکی کولتووری و ئاکاریی دەخاتە کار. لێرەدا شیعر وەکوو تۆمارێکی مێژوویی و ئینسیکلۆپیدیایەکی مەعریفی فۆرم وەردەگرێ. واتە، لەژێر ئەم ناوونیشانەدا پەیوەندی دوو جەمسەری، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش دروست بووە لە نێوان کولتوور و ئەدەب تاوتوێ دەکرێ و جەخت لەسەر دوو تەوەری سەرەکی دەکرێتەوە، یەکەمیان چۆنیەتی خزمەتکردنی کولتوورە لە ڕێگای ئەدەبەوە و دووەمیشیان چۆنیەتی خزمەتکردنی ئەدەبە لە ڕێگای کولتوورەوە، ئەم بابەتانەش لە ڕێگای ڕەنگدانەوەی دیاردە کولتوورییەکان لە گێڕانەوەی (مەم وزین)دا خراوەتە ڕوو.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

مرۆڤناسی و کولتووورناسی دوو بابەتی زۆر گرنگن و لەلای نەتەوە و کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بایەخێکی زۆری پێدراوە و پەیوەندی نێوان ئەم بابەتانە و ئەدەب جێگای بایەخ و گفتوگۆی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکانە، بۆیە لەم باسەدا ئاوڕ لە بابەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کولتوور دراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (مەم وزین)مان هەڵبژاردووە وەکوو زەمینەی کار، چونکە سروشتی (مەم وزین) یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی توخمە کولتوورییە پێویستەکانی لێکۆڵینەوەکەی تیادا بەردەست ببێت، هەروەها بە پێویستمان زانی دووبارە ئاوڕ لە (ئەحمەدی خانی) بدرێتەوە، چونکە هەمیشە کە باسی (مەم وزین) و (ئەحمەدی خانی) دەکرێ، لە هزری تاکی کورددا (خانی) شاعیر و بیرمەند و فەیلەسووف و سوفی و نیشتمانخواز ئامادە دەبێت، بەلاّم دەسەلاّتی (خانی) لە (مەم و زین)دا سنووری ئەو چەمك و بابەتانە دەبەزێنێ و هەر جارێك، کە (مەم وزین) دەخوێندرێتەوە، دەشێ بابەتی نوێی تیادا ببینرێت، لە سۆنگەی باوەڕمان بەوەی، کە خوێندنەوە و نووسین لە بارەی مەم وزین وخانییەوە کۆتایی پێ نەهاتووە و هێشتا شتی نوێ هەیە، لەبارەی (مەم و زین)ەوە بگوترێ. ئەم ناوونیشانەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر (خانی) مرۆڤناس و کولتووورناس، کە توانیویەتی لە ڕێگای (مەم وزین)ەوە شارستانیەت و کولتووری کوردی و بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی ناوچەی بایەزیدی سەدەی حەڤدەمان بۆ بگوازێتەوە.

## گیروگرفتاکانی لێکۆڵینەوەکە:

گیروگرفتی هەرە گەورەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتی بوو لە نەبوونی یەك ڕێنووسی گشتی بۆ دەقی (مەم وزین)، بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەکارهێنانی دەقەکاندا، پشتمان بە دیوانی (مەم وزین) ی شەرحی (هەژار) بەستووەو ئەگەر هەڵەیەك لە ڕێنووسەکەی هەژاردا هەبێت بە بەراورد لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا راستمان کردووەتەوە، هەروەك گرفتێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکە، نەبوونی سەرچاوەبوو لەسەر کولتووری جزیرە و بایەزید، کە پەیوەست بێت بە سەردەمی (مەم وزین) و سەردەمی ژیانی (ئەحمەدی خانی)یەوە. ئەمە سەرەرای کێشەی زارەوە، کە بەرۆکی هەموو لێکۆڵینەوەیەکی کوردی گرتووە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەڵسەنگاندن و راڤەکردنی دەقەکاندا، پشت بە ڕێبازی رەخنەیی انترۆپۆلۆجی بەستراوە.

## پرۆگرامی نامەکە:

ئەم نامەیە دابەشی سەر چوار بەش کراوە، بەشێکی تیۆری و سیّ بەشی پراکتیکی لەگەڵ ئەنجامدا:

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بە چەمك و پێناسە و پەیوەندییەکانی کولتوور و دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە، یەکەمیان چەمك و پێناسەی کولتوورو ماف و تایبەتمەندییەکانی و پەیوەندی لەگەڵ ژیاردا تاوتویّ کراوە، هەرچی تەوەری دووەمە تیشك دەخاتە سەر پەیوەندی کولتوور و ئەدەب بەگشتی و کولتوور و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە تایبەتکراوە بەو هەوڵانەی، کە خانی لە پێناوی بوژانەوەی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی ئەنجامیداوە و دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی دەبێت، تەوەری یەکەم باس لە ڕێنسانسی خانی و زمان و نەتەوە دەکات و تیایدا تیشك خراوەتە سەر بابەتی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی. لە تەوەری دووەمداو لەژێر دوو ناونیشاندا کولتوور و رۆشنبیری و جێکەوتی (مەم وزین)ی (خانی) لە رۆشنبیری کوردیدا باسکراوە.

**بەشی سێیەم:** کاریگەری کولتوور لە (مەم و زین)دا، بابەتی سەرەکی ئەم بەشەیەو لە تەوەری یەکەمی بەشەکەدا (ئاین و خۆشەویستی) لە (مەم و زین)دا راڤەکراوە، لە تەوەری دووەمدا لادان لە کولتووری ئەفسانە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی فۆلکلۆری و کولتوورو رەفتاری کەسێتییەکانی نێو (مەم وزین)ی (خانی) خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

**بەشی چوارەم**: ئەم بەشە تایبەتە بە دیاردەکانی ژیار و شارستانیەت و کۆمەڵگا لە (مەم وزین)داو دابەشی سەر سێ تەوەر کراوە، لە یەکەمیاندا رەنگدانەوەی دیاردەکانی شارستانیەت وەکوو (بیناسازی، زانست، جلوبەرگ، چەك، مۆسیقا، جۆری نووسین و شەترەنج) لە (مەم و زین)دا باسکراوە. لە تەوەری دووەمدا سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگای باسکردنی سیستەمی چینایەتی و خزمایەتی لە نێو (مەم و زین)دا روونکراوەتەوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە، داب ونەریت و بۆنەکانی نێو مەم وزین، بەتایبەتی بۆنەی جەژنی نەورۆز و شایی و شین و راوشکاری گرتۆتەخۆ.

لە کۆتاییشدا کورتەی ئەو ئەنجامانەی، کە لێکۆڵینەوەکە پێی گەیشتووە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا خراوەتە روو.

## بەشی یەکەم

## چەمك و پەیوەندییەکانی کولتوور

### تەوەی یەکەم/

### أ-کولتوور چەمك و پێناسە:

یەکێك لەو چەمکانەی پەیوەستە بە مرۆڤ و کۆمەڵگاوە چەمکی کولتوورە،چونکە کولتوور وەکو گەنجینەیەکە، یان تۆمارێکە بۆ مێژووی تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی لە مێژووی کۆمەڵگا بگەین، ئەوا بێگومان رووبەرووی کۆمەڵێك زاراوە دەبینەوە، لەوانە: (کولتوور و کەلەپوور، فۆلکلۆر، شارستانیەت، رۆشەنبیر، مێژوو،...هتد) مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لەم چەمکانە تا رادەیەك ئالۆزە، تێکەڵاوی و تێکچرژانێك لە نێوان پیناسەکانیان دەبیندرێت. زۆرجار بە یەك دەچن، یان کەرستەکانیان هەمان کەرەسەیە و سنووری کارکردنیان بە وردی دیارینەکراوە. لێرەدا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە چەمکی (کولتوور - کەلەپوور)ە،*

(کولتوور یان کەلەپور)** گەنجینەی مێژووی میللەتە کە (داب و نەریت و ئاین و ئایدۆلۆژیا و زمان و ئەدەب و هونەر و جل و بەرگ و کەرسەی ناومالّ و کەرسە و بابەتەکانی بواری بیناسازی.....هتد) دەگرێتەوە، لە نوسراوە کوردییەکاندا، زاراوەکانی (کولتوور و کەلەپور) هەمان ماناو پێناسەیان هەیە، بەلاّم بەپێی جیاوازی رۆشنبیری نوسەرەکان گۆرانیان بەسەردا هاتووە.

جا ئەگەر کولتوور پاشماوەی ماددی و مەعنەوی باب و باپیرانمان بێت و لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازرێتەوە، ئەوا کەلەپور ((ئەو پاشماوە و میرات و خیبرە و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤی رابردوون کە بۆمان ماوەتەوە لە دەستکەوتەکانی ئەدەبی و زانستی و هونەری و رامیاری و ...))[١]، واتە: ئەو زاراوانە لە هەمان سنوردا کاردەکەن ئەگەرچی هەندێك جار (کەلەپور) تەنها بۆ شتومەکی ماددی یان کەرسە میللیەکان بەکار هاتووە، بەلاّم ئەگەر واش بێت، ئەوا کەلەپور بریتی ئەبێت لە بەشە ماددیەکەی کولتوور، وەك فۆلکلۆر کە ئەویش بە بەشێك یان جۆرێك لە جۆرەکانی کولتوور دادەندرێت و لە بابەتی داهاتوودا بەوردی پۆلێنی دەکەین. بەگشتی لە زمانی کوردیدا وشەکانی (کولتوور- کەلەپوور-کەلتور- کلتوور) بوونیان هەیە، لە زۆربەی فەرهەنگەکانیشدا بەرامبەر وشەی (تراث) ی عەرەبی وشەی (کەلەپور)ی کوردی بەکار هاتووە***، بەلاّم ئاشنا بوونی

* . لە فەرهەنگی کوردیدا (کلتوور) بە مانای ((تورەکەیەکی بچکۆلاّنەیە، کە کلی هاراوەی تێ ئەکرێ و کەلەپوریش ئەو شتانەیە، کە لە مردوو بەجێ ئەمێنێ بۆ کەس و ك ١ ارى مردوو)) لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە شدا وشەی (کلتوور) بەمانای (سورمەدان) هاتووە، کەلەپووریش بە شتی (جێ ماگ لە مردگ) یان کەلوپەلی ناو مالّ ...بروانە، هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی - فارسی) چاپخانەی سروش، تاران، ١٣٨٦، ل٦١٩، ٦٦٥.

** . لای هەندێك نوسەر بەتایبەتی ئەوانەی کە رۆشەنبیری فارسیان هەیە لە بری وشەی کولتوور یان کەلەپور وشەی فەرهەنگ بەکارهاتووە.

١ .نافع ئاکرەیی، کەلەپور لە شیعری کوردی هاوچەرخدا، نوسەری کورد، ژ٢، خولی سێیەم، ئابی ١٩٨٥، ل.٥.

*** . لە فەرهەنگی (شیرینی نوێ) دا لەبری (تراث) (پاشماوەی دێرین و کەلەپور) بەکار هاتووە و لە فەرهەنگی (دەریا)یش (کەلەپور و سامانی کۆنینە)و لە فەرهەنگی (زاراوە)ی (بدران حبیب) دا (کەلەپور) و لە (ئەستێرە گەشە) دا بەهەمان شێوە (کەلەپور) بە کارهاتووە.

نووسەری کورد لەگەڵ زمانە ئۆروپییەکاندا وایکرد، کە بەدوای رەگ و رەچەڵەکی وشە و چەمکەکاندا بگەرێن، لە ب٠ ارەی چەمکی (کولتوور)یش ((وشەی کولتوور) لە زمانی ئەلمانی و فەرنسی و (کەڵچەر) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بنەرەدا لە وشەی لاتینی (Cultura) ەوە وەرگیراوە))[1] [*]، بۆیە دەبینین نوسەرانی نوێی کورد هەوڵیانداوە وشەی (Culture) ((لەرووی دەنگەوە تا رادەیەك وەکو خۆی، بەڵام بەپیتی عەرەبی و لە شێوازی نوسینەکەشدا هێشتا رێك نەکەوتوون و وشەکانی (کولتور – کلتور–کەلتور....))) [2] بەکار بهێنین.

سەبارەت بە کۆری زانیاری کوردستانیش چەمکی ((کولتور – رۆشنبیری – چاندی بەرامبەر بە (Culture)ی ئنگلیزی))[3] بەکارهاتووە، ئەگەرچی لە هەندێك سەرچاوەی ئنگلیزی و عەرەبی دا لە نێوان وشەی (Culture) و (Heritage)تێکەڵاوی هەیە و زۆرجار لەبری (Heritage) (تراث) زاراوەی (culture)بەکارهاتووە، بەڵام لە فەرهەنگەکاندا (بەرامبەر وشەی (تراث – کولتوور) لە ئنگلیزی (Heritage) و لە فەرەنسی (Heritage) یان (Tradition و Legacy) بۆ بەکارهاتووە و لە بەرامبەر وشەی (ثقافة)ش لە ئنگلیزی و فەرنسیدا (Culture یان - education Education) بەکارهاتوە و لە بری (حضارة)ش بە هەمان شێوە،(Culture) یان (Civilisation) بەکارهاتوە)[4]، بەڵام لە کوردیدا زاراوەی (culture) ی بۆ هەر سێ واتاکە (رۆشنبیریی – شارستانیی– کولتوور) بەکاردێت و زیاتریش چەمکەکە پەیوەستە بە کولتوورەوە و تایبەت بووە بەم مانایەوە. ئێمەش دەربرینی (کولتوور)مان لە رووی دەنگ و دەلالەتەوەش پێ باشتر و گشتگیر ترە، بۆیە ئەم چەمکەمان بەکارهێناوە.

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (تراث) بەکاردێت بۆ دەلالەت کردن لە گەنجینەی مێژوویی میللەت ئەم وشەیە (تراث) (لە چاوگی کاری (ورث)ەوە وەرگیراوە، واتە: ئەو شتانەی کە مردوو بۆ کەس و کارەکەی بەجێ دێڵی و دواتر لە (ورث – وارث – میراث) ەوە وشەی (تراث)یش هاتۆتە کایەوە )[5] ولە قورئانی پیرۆزیشدا لە ئایەتێکدا بەمجۆرە هاتووە: (وتأکلون التراث اکلا لما) (الفجر – ١٩) واتە: ((میراتی دەخۆن و هەمووی دماشنەوە (حەقی خزمان و نەدارانی لێ نادەن)))[6]، لێرەدا (تراث) بە هەمان مانای (میراث) هاتووە، بەڵام لە فەرهەنگی نویی عەرەبیدا وشەی (تراث) بە (داب

---

١ .داریوش ئاشوری، کولتوور چەمك و پێناسە، و:د.کوسار فەتاحی، وەزارەتی رۆشەنبیری،؟، ل٩٨

* .عزالدین مصطفی رسول(کەڵەرچەر یان کولتوور) بە واتای (ثقافة)ی داناوە، بروانە...(د.عزالدین مصطفی رسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،چ٢، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل٩)، لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد و مەورید)یشدا لەبەرامبەر وشەی (culture) شارستانیەت و رۆشەنبیری و چاندی.... بەکارهاتووە.

٢ . محمد شوانی، دەربارەی چەمکی کولتوور، گ. گزنگ، ژ ٨٦، کانوونی یەکەم، ٢٠١٠، ل٥٤.

٣ . زاراوەی ئەدەبی (کوردی – عەرەبی – انگلیزی)، ئامادەکردنی لێژنەی ئەدەب لە کۆری زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٧.

٤ . روحی البعلبکی، المورد الثلاثي (عربی – انگلیزی – فرنسی)، گ١، دار العلم للملایین، بیروت،٢٠٠٤،ص٤٤١ – ٧٠٦،٦٠٠.

٥ . ابي الفضل جمال الدین ابن منظور، لسان العرب، المجلد ١٥، مکتبة (هلال)، بیروت،؟، ص١٨٩.

٦ . تەفسیری ئاسان، ل ٥٩٣

**و نەریت و دەسکەوتی نەتەوایەتی و جێکەوتی شارستانی و رۆشەنبیرییە کە بۆماوەیی باب و باپیرانە)[1] پێناسە کراوە.**

**لە زمانی فارسیشدا وشەی (فەرهەنگ) [*] لەبری (کولتوور) بەکاردێت، وشەی فەرهەنگ ((لە زمانی فارسی ((دەری)) دا مێژوویەکی کۆنی هەیە وە لە زۆرێك لە دەقە شیعری و نوسراوە فارسییە کۆنەکاندا بەتایبەتی تا سەدەی حەوتەمی کۆچی دەبیندرێت، دوای ئەو سەدەیە وشەی ((فەرهەنگ)) لە دەقە ئەدەبەیەکاندا بەکار نابرێ یان کەمتر بەرچاو دەکەوێ، چونکە سەدان وشەی دیکە هاوتای عەرەبی جێیان دەگرنەوە ))[2] دواتر وشەی (( فەرهەنگ لە رێگای هیندستانەوە [**] دێتە نێو زمانی فارسی و مانایەکی نوێ بەخۆوە دەگرێ، واتە کتێبی وشەکان یان قاموس...،(بەڵام بە کردنەوەی ((فەرهەنگستانی ئێران)) لەساڵی ١٣١٤ کۆچی هەتاویدا بەسەرهاتێکی نوێ بۆ واژەی کولتوور دیاری کرد وشەی (فەرهەنگستان) لەم بەکارهێنانە نوێیەدا بوو بە هاوتای "ئەکادیمی" لە زمانی "فەرەنسیدا" .. فەرهەنگستان بە گۆرینی (وەزارەتی مەعاریف) بۆ وەزارەتی فەرهەنگ توانی وشەی فەرهەنگ و فەرهەنگی بگەرێنێتەوە سەر مانای رەسەنەکەی لە زمانی پەهلەوی و فارسی دەری داو ئەو وشە دێرینە وەك هاوتای وشەی (education) لە زمانی فەرنسیدا سەر لەنوێ رەواجی پەیدا کرد))[3] لە ئێستاشدا لە زمانی فارسیدا لەبری وشەی کەلچەر یان کولتوور وشەی (فەرهەنگ) بەکاردەهێندرێت کە بە وشەیەکی رەسەنی زمانەکەی هەژمار دەکەن.**

**ئەگەر بگەرێینەوە بۆ بنەڕەتی وشەی (Culture)یش ئەوا دەبێ سەرنجی زمانی لاتینی بدەین، چونکە (Culture) لە (( وشەی (Colere)ی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە، لە واتادا پانتایەکی بەرفراوانی هەیە:( نیشتەجێبوون، کشتوکاڵ کردن، پاسەوانیکردن، پەرستن ). بۆ وێنە واتای نیشتەجێبوون لە (Colonus) گیراوە. کە لەگەڵ هەمان وشەی Colony پێوەندی هەیە: یان واتای پەرستن لە Cultus گیراوە کە لەگەڵ زاراوەی Culyt هاوتایی هەیە، ئەوەی دواتر لە زمانە ئەوروپییەکاندا پەرەی سەند، واتایەك بوو کە لە زاراوەی کشتوکاڵدا بوو، واتە Cultura ))[4]**

**لە زمانی لاتیدنیدا ماناکانی وشەکە نزیکترە لە چەمکی (ئاوەدانی ) یەوە، نەك میراتی کۆمەڵایەتی و لەسەرەتاشدا ((لە زمانی فەرنسی و زمانە لاتینیەکانی دیکەدا، و هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا بەر لەوەی وشەی کولتور یان کەلچەر رەواج پەیدا بکا وشەی (( سیویلیزاسیۆن)) یان**

---

١ . المنجد في اللغة العربية المعاصرة، انطوان نعمة واخرون، دار المشرق، بيروت، ٢٠٠٠،ص،١٥١.

* . (فەرهەنگ) لە فەرهەنگدا بە مانای (زانست – تۆرە – پەروەردە و فێرکردن – فولکلۆر – کولتور – قاموس...) بەکاردێت، بروانە مسعود خالد گولی، فەرهەنگا گولیْ (فارسی – کوردی) دەزگاها سپیرێز یا چاپ و وەشانیْ،٢٠٠٠، ل ٢٩٣.

٢ . داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە؟، ل٩٦.

** . ئەنجومەنی شیرازی لە ساڵی ١٠١٧ کۆچی مانگی لە هیندستاندا قاموسێکی بەناوی (( جیهانگیر گورگانی)) پاشای هیندەوە دەنوسرێ و ناوی " فەرهەنگی جیهانگیری" لەسەر دادەنێ، وشەی فەرهەنگ لەم رێگایەوە دێتەوە نێو زمانی فارسی بروانە، داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە، ل ٩٧.

٣ . سەرچاوەی پێوو، ل ٩٧ – ٩٨.

٤ . فەخرەدیین ئامیدیان، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، شەمسی سنە، ٢٠١٣، ل٤٣٠.

**((سیویلیزیشن)) هەر بەومانایە بەکاردەبرا، .... وشەی ((سیویلیزیشن))یش لەبنەرەتدا بەمانای پەیرەوکردنی رەوشت و داب و نەریت و زانست و رەفتاری شارستانیە))[١].**

**لە فەرەنسا لە ساڵی ((١٧٦٥ (فۆلتێر))[*] زاراوەی (فەلسەفەی مێژوو)ی هێنایە کایەوە و بەر لەوەش لە ساڵی ١٧٥٦ نوسینێکی بەناوی ((نامەیەك دەربارەی داب و نەریت و رێ و رسم و رۆحیات)ی نەتەوەکانی بڵاوکردەوە و لەناو نامەکە بە روونی ئەوە دەردەکەوێ، کە مەیلێك بۆ خوێندنەوەی زانستیانە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لە ئاراد هەیە، کە بە فۆڵتێر دەستپێدەکا))[٢] پاشان چەمکی کولتوور لە فەرنسادا گەشەدەکات و (( نوسەرانی فەرەنسی و بە تایبەتی روناکبیرانی سەردەمی شۆرشی ١٧٨٩ ئەم چەمکیان بۆ گەشەکردنی ئەقڵ و ژیری بەکارهێناوە و کولتوور وەکو هێمای بیری نوێی و هاوچەرخ دژی دەرەبەگایەتی بەکاردەهات))[٣] . پاشان بەپێی تێپەربوونی کات چەمکی (کولتوور) لە زمانی فەرەنسیدا رەهندێکی فراوانتری وەرگرت و لە ئێستاشدا (Culture) بە مانای رۆشنبیری و شارستانیەت بەکاردەهێنن.**

**لە زمانی ئەڵمانیشدا ((ئادلۆنگ و هێردێر))[**] ((پێشەنگی بەکارهێنەرانی چەمکی کولتوور لە جیاتی داب و نەریت بوون، هێردێر کولتووری بە پەروەردەکردنی هەرچی زیاتری تواناکانی مرۆڤ پێناسە دەکات و ئادلۆنگ (ئەم چەمکە) بە فێرکردنی رەوشت و جوانکاری پێناسە دەکات، سەرباری ئەمە، کاتێ ئەم دوو کەسە واژەی کولتوور بەکاردەهێنن واژەکە لە گەلێك شوێن واتایەکی نوێ لەخۆ دەگرێ و ئەم دوو کەسە لە واتای نوێ و گشتگیر و زانستیانەی کولتوور نزیك بوونەتەوە))[٤].**

**لەلای ئینگلیزەکانیش و بەتایبەتی لەلای (ماتیۆ ئارنۆڵد) (١٨٢٢ – ١٨٨٨) شاعیر و نووسەر، کە بە بناغەدانەری روانگەی تایبەتی کولتوورناسی هەژمار دەکرێ چەمکی (کولتوور) ((بەکشتی کۆمەڵێك زانین یان باشترین بیر و کردەوەی مرۆڤە، کە دەبێتە هۆی زاڵ بوونی ئەقڵ و ئیرادەی**

---

١ . داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسەیە، لا ٩٨.

* . فۆلتێر((١٦٩٤ – ١٧٧٨)) گەورە بیرمەند و فەیلەسوفی فەرەنسی لە ١٦٩٤ لە (شانتیە) لە نزیك پاریس هاتۆتە دنیاوە قۆناغی خوێندنی زانکۆیی لە کۆلێژی ئاییینی (لویس لۆغران) لە ١٧١٣ تەواو کردووە و لەوێ فێری ئەدەبی کلاسیکی و مێژووی و زانستی و فەلسەفە و ماف دەبێت، فۆلتێر خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە، کە تا ئەمرۆ بایەخیان هەیە، لەوانە کۆمەلێك وتار و نامە وەك (بنەماکانی فەلسەفەی نیوتن) و (وتار دەربارەی داب و نەریتەکان) و ... هتد هەروەها خاوەن کۆمەلێك بەرهەمی شانۆییە، کە هەڵگری فەلسەفەی (فۆلتێر)ن لە ژیاندا لەوانە (میروب) (کوڕی ونبوو) (ایرین)...هتد. بروانە:؟ اندریە کریسۆن، فۆلتێر حیاتة اثارە فلسفتە، ت.د. صباح محي الدين،ط٢، منشورات عويدان، بيروت– باريس، ١٩٨٤.

٢ . داریوش ئاشووری، کولتور چەمك و پێناسەیە، ل١٦.

٣ . محمد شوانی، دەربارەی چەمکی کولتور، گ. گەزەنگ، لقی نوسەرانی کەرکوك، ژ ٨ی کانونی یەکەم،٢٠١٠،ل٥٤.

** . Joan/Christoph/Adeiung (١٧٢٣ – ١٨٥٦) زماناسی گەورەی ئەڵمانیە، Johann Gottfrid Merder (١٧٤٤ – ١٨٥٣) رەنخنەگری ئەدەبی و فەیلەسوف و خواناسی ئەلمانیە کە گەلێك تازەگەری لە بواری فەلسەفەی مێژوو و کولتووردا ئەنجامداوە، بروانە: داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە، ل ١٧.

٤ . داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە، ل ١٧.

خوایی له جیهاندا))[1] ، واته شاعیر چەمکی کەلتووری بەستۆتەوە بە چەمکی (کەمال) چونکە بە ئیرادەیی خواییەوە بەندکراوە، بەڵام کۆنترین* پێناسەی تارادەیك ئەکادیمی کە بۆ چەمکی (کوولتور) کرابێت لە لایەن مرۆڤناسی بریتانی (تایلۆر – E.B.Taylor)** لە ساڵی ١٨٧١ زاینیدا بووە، ئەو پێی وایە: ((کەلتوور بریتیە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر، هزر و بیر و باوەر و یاسا و دیسپلین و دابونەریت و ترادیسیۆنەکان، بەکورتی گشت ئەو فێربوون و عادەتانەن کە مرۆڤێك وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت))[2]. لەلای تایلۆر کولتوور پەیوەستە بە تاکی مرۆڤەوە واتە، ئەو گشتە ئاڵۆزەی، کە باسی دەکات مرۆڤ وەریدەگرێت هەر ئەویش دەیبەخشێتەوە.

بە گشتی چەمکی کولتوور ((تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لە داب ونەریت و شێوە جیاوازیەکانی ژیان نییە، بەڵکوو سیستەمێکی رێکخراوە لە رەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێکە لە خەڵك، رەگەزەکانی کولتوور وەکوو داب و نەریت و بیر وبارەرەکان هەرەوها بەها و بیر و باروەرە هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتیان پێ دەبەخشێت))[3] واتە: ((کولتوور بەشێکە لە کەسایەتی و پێناسەیەك کە کۆمەڵ بەگشتی مرۆڤەکان بە تایبەتی خۆیان لە ئەویدی پێ جیا دەکەنەوە، کەواتە کولتوور چەند هۆکاری خۆ ناسینە دشێت هێندەش هۆکاری خۆ جیاکردنەوە بێت))[4].

بەم جۆرە کولتوور دەبێتە ئۆرگانێکی سەرەکی بۆ دیاریکردن و ناسینی کەسایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگا، بۆیە لە بواری کۆمەڵناسیشدا زاناکان پێیان وایە کە کولتوور (سیستەمی رۆشنبیری و داب و نەریتەکان دەگرێتەوە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و لە کۆمەڵگادا جێگیر دەبێت). [5] یاخود (کولتوور فۆرمێکی رۆشنبیریە لە رێگای کۆمەڵەوە دەگوازرێتەوە و جێگیر دەبێت و خۆراگرە بەرامبەر بە تەوژمی کات (زمن))[6]. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پێناسەی

١ . حسین بەشیری، تیۆری کولتووری لەسەدەی بیستەمدا، و. مەنسور تەیفوری، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٦، ل ٤٩–٥٠.

* . بەرای رەشاد میران کۆنترین و راشکاوترین پێناسە کە بۆ (کولتوور) کرابیت، پێناسەکەی زانای سۆڤێتی (Artanovaski.A.S) کە دەڵێ: ((کولتوور وەڵامی کۆمەڵگایە بەرامبەر بە پێویستی و مەترسیەکانی سروشت و دەوروبەر)) بروانە: د. رەشاد میران، ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئیتنیکی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٩.

** (ادوارد تایلۆر) (١٨٣٢ – ١٩١٧) یەکێکە لە زانا ئەنترۆپۆلۆژیەکانی ئنگلیز، کە بایەخی بە دیراسەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی داوە و خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە لەم بوارەدا، لەوانە: شارستانیەتی سەرتایی، مرۆڤناسی، لێکۆڵینەوە لە مێژووی زووی مرۆڤایەتی بروانە: د. احسان محمد ئەلحەسەن، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و. دانا مەلا حەسەن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢،ل٥١.

٢ . مەنوچیهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. رێبوار سیوەیلی و کەسانی تر، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢،ل١٠٣.

٣ . سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە.

٤. رفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چ٣، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٧.

٥. ابراهیم مدکور، معجم العلوم الاجتماعیة، اعداد نخبة من الاساتذة الصریین والعرب، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر،؟، ص١٣٩.

٦. ایکة هو لتکرانس، قاموس مصطلحات الاثنولوجیا والفلکلور، ت محمد جواهري و د. حسن الشامي، ط١، دار المعارف، مصر، ١٩٧٢، ص٨٩.

**کۆمەڵناسەکاندا ئەوەیە، کە لەلای کۆمەڵناسەکان کولتوور پەیوەستە بە چەمکی رۆشنبیرییەوە و کۆمەڵگا دەبێتە ناوەندی کار، یان زەمینەی جوڵاو، کە تێیدا بەها کولتوورییەکان جموجوڵی خۆیان ئەنجام دەدەن: دەگوازرێنەوە و جێگیردەبن، و دەبەخشرێن، واتە: لێرەدا کولتوور (کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیە ئامانجی پاراستنی هەندێك پێوەر و رەهندی رەفتاریە لە هزرری تاکەکاندا، ئەم پێوەر و بەهایانەش واتای بەردەوامی رابردوویەکی راستەقینە یان وێناکراو دەگەیەنێ)[1] بە مانایەکی دیکە کەلتوور پردی نێوان ێستا و رابردووە جا ئەو رابردووە راستەقینە بێت یان لە نێو خەیاڵی خۆماندا وێناکرابێت. هەروەها کولتوور کۆکەرەوەی رەفتارەکانی رابردوو و ئێستایە، (مالینوفسکی)[*] دەڵێ ((کولتوور بەواتایەکی سادە بریتییە لە مۆزاییکێکی پێکهاتوو لە ئامرازەکانو کاڵا مسرەفییەکان، تایبەتمەندییە بنەرەتییەکانی گرووپە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان و پیشە و باوەر و بۆنە مرۆییەکان))[2] لێرەدا کولتوور تایبەتمەندیە، کۆمەڵێك خەسڵەتە، بەهای جۆراوجۆرە، کە لە چوارچێوەیەکدا وێنەی کۆمەڵگامان بۆ دەکێشی و لەنێو ئەو وێنەیەشدا سیما و رەنگە جیاوازەکانی گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان کێشراوە و لە گشتێکی گەوەرەدا شوێن و ئەرك و مافەکانیان دستنیشانکراوە. کولتوور تەنها رەنگرێژی رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان ناکات بەڵکوو دەچێتە ئەودیوی هەڵسوکەوتەکانەوە و لەناخی کەسەکاندا کاری خۆی ئەنجام دەدات، لەبواری سایکۆلۆژیدا (فرۆید)[**] کە باسی خەون دەکات دەڵێت (خەون دەربڕی هەندێك ناوەرۆکە، کە ناکرێت سەرچاوەکەی ژیانی پێگەیشتوو بێت بەڵکو دەبێت ئەو ناوەرۆکانە بەشێك بن لە کولتووری کۆن کە دەگوزارێنەوە لە رێگای باب و باپیرانمانەوە یاخوود لە رێگای پێشینانەوە، ئەو مندالانەش بەر لەهەر ئەزموونێکی دیکە هەڵگری ئەو ئەزموونانە دەبێت)[3] واتە: بەر لە هەر ئەزموونێك کەلە رێگای وەرگرتن و فێربوونەوە بەدەستی دێنێت بە پێی ئەو گوتەیەی (فرۆید) بێت کولتوور وەکوو سیفەتێکی بۆماوەییە، واتە: تەنها لەرێگای فێربوون و**

---

١. جوردن مارشال، موسوعة علم الجتماع، ت: احمد عبدالله زايد واخرون، مجلس الاعلى للثقافة، مصر، ٢٠٠٠، ص٣٩٦.

* . ((برۆنسلاَ مالینۆفسکی Bronislaw Malinawski)) (١٨٨٤ – ١٩٤٢) زانایکی بەرەچەڵەك پۆڵەندیە و بە رەگەزنامە بەریتانیە، یەکێکە لە مرۆڤناسەکانی سەردەمی خۆی، لەسەردەمی لاوێتیدا بە پەرتوکی (چلی ئاڵتوونی، مرۆڤناسی بەناوبانگ " جەیمس فرێزەر" کاریگەر بووە، مالینۆفسکی لەگەڵ " رادکلیف براون" رۆڵێکی کاریگەریان لە پەرەدان بەزانستی مرۆڤناسیدا گێڕا، گرنگترین بەرهەمەکانی مالینۆفسکی بریتین لە: (تاوان و نەریت لە کۆمەڵگەی کێویدا) و (سێکس و چەپاندن) و (جادوو زانست و ئاین) بروانە: ئیحسان محمد، ئیناسایکلۆ پیدیای کۆمەڵناسی، ل٨٨.

٢. داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە، ل ٢٨.

** سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦) لە چیکۆسلۆفاکیا ها تۆتە دنیاوە و دایك و باوکی جوو بوونە، یەکێکە لە ناودارترین زانایانی بواری سایکۆلۆژی لە ١٨٨١ بروانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی هێنا دواتر لە ١٨٨٥ دەچێتە پاریس و خوێندن تەواو دەکات لە ١٨٣٩ لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (هۆکارە دەروونیەکانی هستیریا ) بڵاو کردۆتەوە لە ١٨٥٩ کتێبی (لێکۆڵینەوە لە الهستیریا)ی بڵاو کردەوە، فرۆید کۆمەڵێك کاری لە بواری سایکۆلۆژی کردووە و لە کۆمەلێك زانکۆ سمیناری پێشکەش کردووە. فرۆید کەسایەتی مرۆڤی دابەش کردە سەر سێ تەوەر (من و منی باڵا و ئەو) و خاوەن تیۆرە لە شیکردنەوەی خەونەکان، دواهەمین کاری تەواوو نەکراوەی بریتیە لە (الموجز فى التحليل النفسى – ١٩٣٨.) بروانە: سيجموند فرويد، الموجز فى التحليل النفسى، ت سامى محمود و عبدالسلام القفاشى، مكتبه الاسره، قاهره، مهرجان القراءة للجميع ٢٠٠٠،ص٩-١٩.

٣ . سيجموند فرويد، الموجز فى التحليل النفسى،ص٥٥.

فێرکردن و ڕاهێنانەوە وەرناگیری بەڵکوو کولتوور لێرەدا ئەزموونێکە بەر لەهەر ئەزمونێکی دیکە بوونی هەیە و کاریگەری ناراستەوخۆی لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە، دیارە مەبەستی (فرۆید)یش
کولتوور بە مانا فراوانەکەی و بەگشتی نەبوو، بەڵکو هەندێك ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کە دەشێ لەو ڕێگایەوە بگوازرێتەوە.
لەلای (کارل یونگ)* یش، کەلتوور بووە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی تیۆرەکەی، چونکە (یۆنگ) بایەخی بە نائاگای کۆدا و هەروەها گرنگیدا بە دیراسەکردنی (ئەفسانە و ئاین و داب و نەریتەکان و فۆلکلۆری میللی میللەتە سەرتاییەکان و لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوەی کە کەسایەتی مرۆڤ دەفرێکە مێژووی باب و باپیرانی تێدایە)[1] لە لای یۆنگ ((کولتوور تێکەڵاوێکە لە گومانەکان، هەڵوێستەکان (Attitudes) ئەو خووخدە هاوبەش و کەم و زۆر یەکسانانەی کە دەخرێتە خزمەت دابینکردنی پێداویستیە لەمێژینە و هەمیشەییەکانی مرۆڤ ))[2] ئەو بەشەی کە یۆنگ پێی دەڵێ (نائاگایی کۆ) لە شرۆڤەکانی کەسایەتی مرۆڤەکاندا ئێمە پێی دەڵێین بەشی پارێزەر لەبەر ئەوەی ئەرکی پاراستن و گواستنەوەی هەندێك دیاردەیە کە بەشێکە لە کولتوور وەك بیروباوەری ئەفسانەیی و داب و نەریتی سەرەتای مرۆڤەکان و هێماکانیان بیرکردنەوەکانیان...هتد. واتە: کولتوور خەسڵەتێکی بۆماوەیی هەیە (نا ئاگایی کۆ)ش ناوەندی گواستنەوەکەیەتی دواتریش دەبێتە پاڵنەر بۆ هەندێك لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان.
لە هاوکێشەی ئابووری و سیستەمی ژیانی کۆمەڵگادا کولتوور جێگا و ئەرکی خۆی هەبووە و لە لای مارکسیەکانیش چەمکی کولتوور گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە و بەستراوەتەوە بە هاوکێشەیی سەرخان و ژێرخانەوە، بەرای ئەوان ((کولتوور بەری ئایدۆلۆژیایە و کولتوور بەرامبەر بە ژێرخانی ئابووری، بەسەرخان دادەندرێت، کەوابوو تێگەیشتنی کولتوور پێویستی بە تێگەیشتنی بەرژەوەندی چینی زاڵە و لە دواییدا تێگەیشتنی پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ژێرخانی ئابووریە))[3] . مەبەست لەهەردوو چەمکی سەرخان و ژێرخانیش ئەوەیە، کە ((ژێرخان لە وزەکانی بەرهەمهێنان پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێك دێت. پلەی کۆمەڵایەتی کەسانیش لە هەرکۆمەڵگایەکدا بەپێی پەیوەندیان بە شێوەی بەرهەمهێناوە دیاری دەکرێت. سەرخانیش بریتییە

* کارل گوستاف یونگ: لەگەڵ (فرۆید و ئەدلەر)دا سێکوچکەی سایکۆلۆژیا پێك دێنن لە ١٨٦٥ لە سویسرا لەدایك بووە، پزیشکی جەستەی و پزیشکی دەروونی هەر لەوێدا خوێندووە، دواتر بووە یەکێك لە لایەنگرانی فرۆید، پاشان بە هۆی جیاوازی تیۆر و بۆچوونەکانیانەوە بەتایبەت لە بارەی ئاینەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، یەکێك لەو چەمکانەی کە یۆنگ دایهێناوە چەمکی (نائاگای کۆ – اللاشعورالجمعي)یە مەبەست لە (نائاگای کۆ) (ئەو پاشماوە دێرینانەیە کە لە دەروونی مرۆڤەکانا ماوەتەوە و لە بۆچوونە ئەفسانەیی و سەرتاییەکانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە). لە کتێبە بەناوبانگەکانی یۆنگ: الاسس الوثنية للمسيحية، علم النفس التحليلي..هتد. بڕوانە: كارل غوستاف يونغ، التنقيب في اغوار النفس،ص، ت نهاد خياطة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت، ١١٩٦،ص٦ و مصطفى سويف الاساس النفسية للابداع الفني، ط٢، دار المعارف، مصر، ١١٩٥،ل٢٠١.

١. قاسم حسين صالح، الابداع في الفن، بيروت، ١٩٨١،ص١٩.

٢ .داریوش ئاشوری، کولتور چەمك و پێناسە، ل ٣٩.

٣ . حسەین بەشیری، تیۆری کولتووری، ل١٥.

**لە ڕێکخراوی کولتوور، فێرکاری، مافناسانە و سیاسی و، هەر ئەم ڕێکخراوانەش هەندێ شێوەی تایبەتی وشیاری ئاینی، ئەخلاقی، فەلسەفی و کولتووری بەدیدەهێنێ))[1] لێرەدا کولتووری ڕێکخراوە، سیستەمی ژیان و کۆمەڵگا ڕێك دەخات و ڕۆشنبیری کولتووری دەبەخشێتە تاکەکانی کۆمەڵگا بە پێی جیاوازی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتیان و پەوەندیان بە چینەکانی نێو کۆمەڵگاوە و ڕۆڵیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، لای (مارکس)* ((بەرهەمهێنەرانی کالآ بەرهەمهێنەرانی کولتووریشن، کولتوور لەلایەن ئەو سەرمایەدارانەوە بەرهەم دەهێندرێ کە دەسەڵاتی پانتایی پیشەسازی و دراو و بازرگانییان بەدەستە و تەنیا ئەو بەرهەمە کولتووریانە سەقامگیر و باودەبن کە لەگەڵ بەرژەوەندی و وسیتەکانی ئەو چینەدا یەکبگرنەوە، کەوابوو کولتوور پێرەوی بازارە))[2]**
**ئەم بۆچوونە لەو ڕوانگەیەوە ڕاستە، کە بوونی هەر دیاردەیەکی ژیان و مانەوەی ئەو دیاردەیە بێگومان پەیوەستە بە بەرژەوەندییەوە، هەتاکوو پێویستی هەبێت بە دیاردەکە دەمێنێتەوە و ئەگەر پێویستی نەما دیاردەکە بەرەو نەمان دەچێت جا ئەگەر پێویستیەکە پێویستی چینی سەرمایەداربێت یان کرێکار بێت هیچ جیاوازیەکی نییە.**
**پەیوەستکردنی دیاردە کولتوورییەکان بە چینی سەرمایەدار یا هەرچینێکی دیکەی کۆمەڵگاوە، کولتووری ڕووبەڕووی کێشە کردۆتەوە، ئەوەتا لە سەردەمی (لینین)** دا، داواکاری سڕینەوەی کولتووری ڕابردوو لە ئارادابوو، چونکە ئەو کولتورە پەیوەست کرابوو بە چینایەتییەوە، دیارە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) لایەنە چەپەکان و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری هونەری پرۆلیتاری هێرشێکی تەواویان کردبووە سەر کولتووری ڕابردوو بە هەموو بوارەکانی (فەلسەفە و ڕۆشنبیری و هونەر)ـەوە داوای دابڕانیان دەکرد لە هەموو پاشماوەکانی بورژوازی و سەرمایەدارەکان و تەنانەت کارەکانی شکسپیر و پۆشکین و چایکۆڤسکی و هتد.... یشیان ڕەتدەکردەوە، بەڵام لە بۆچوونەکانی (لینین)دا وا دەردەکەوێت، کە ئەو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سڕینەوەی کولتووردا نەبووە، ئەمەش لە (وتاری (اي میراث نجحد)ی (١٨٩٧)دا دووپات کردۆتەوە لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە دروشمی (ئێمە پارێزەری کولتوورین و دەستپاکین بۆی) هاتە مەیدان و بەرەنگاری**

---

**١ .سەرچاوەی پێشو، ل١٦.**

*** مارکس (کارل هینریش مارکس– K.Marx) (١٨١٨ – ١٨٨٣) فەیلەسوف و خاوەنی تیۆری مارکسیزم و سۆشیالیستی جیهانی، لە شاری (تریف) لە ئەڵمانیا دێتە دنیاوە. سەرەتا دایك وباوکی جوو(یهودی) دەبن پاشان لە ساڵی ١٨٢٤ خانەوادەکەی دەبێتە مەسیحی برۆتستانتی. مارکس کاریگەری هیگڵلی لەسەر بووە و لە زانکۆی بۆن وبرلین و ڤینا خوێندویەتی لەگەڵ هاورێی تەمەنیدا ئانگلس لە ساڵی(١٨٤٨) (مانفیستۆ)ی حزبی شیوعیان بلآوکردەوە، لەبەرهەمەکانی مارکس، (بؤس الفلسفة) و (راس مال).. بروانە: عبدالوهاب الکیالي و کامل زهیري، الموسوعة السیاسة، ط١ المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٧٤،ص٤٧٥.**

**٢ .سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.**

**** ڤلادمیر الیتش لینین: V..l،Lenin (١٨٧٠ – ١٩٢٤) سەرۆکی شۆرشی سۆڤیەتی (لینین) لە روسیا لە دایك بووە دواتر لە زانکۆی بطرس بیرك یاسای خوێندووە، لینین سەرۆکی چینی بەلشەفیەکان (البولشفیك) زۆرینە بووە، کۆمەلێك بیری نوێیی بۆ تیۆرەکەی (مارکس) زیاد کردووە لە بوارەکانی (استعمار). لە بەرهەمەکانی (لینین) "تەکتیکات" و کتێیبی "هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دوواوە" و "المادیە النقدیە التجریبیە". بروانە: عبدالوهاب الکیالی و کامل زهیری، ص٤٦١.**

**ئەو لایەن و ڕەوتانە بووەوە، کە هەوڵی سڕینەوەی کولتووریان دەدا (لینین دژی ڕەتکردنەوەی تەواوی کولتووری ڕابردوو بووە لایەنگری ئەو بەشەی ئەرێنییەی (کولتوور)ـە کە سود بە داهاتوو دەگەیێنێ)[1] بە گشتی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا (کولتوور خاسیەتێکی چینایەتیانەیە، و دوو جۆر کولتووری مەعنەوەی هەیە:**

**یەکەمیان: کولتووری بورجوازی: کە تیشکدانەوەی قازانجی چینە چەوسێنەرەوەکانە و بایەخ بە هەمیشەی مانەوەی ڕژێمی سەرمایەداری ئەدات.**

**دووەمیش: کولتووری سوسیالیستانە لەسەر تیۆری شۆڕشگێڕانە پێکهاتووە)[2] بێگومان دیاردەی چینایەتی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی دروستبوونی وردە کەلتوری جیاواز و دواتریش ئەم وردە کولتوورانە دەکەونە ململانێ و شەڕی مانەوە دەکەن و لە هەوڵی خۆ چەسپاندن دەبن و هەمیشە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بۆیە دەبینین لەگەڵ دروستبوونی شۆڕشی پیشەسازی و گۆڕانی بارودخۆخی ژیان چەمکی (کولتووری جەماوەری) هاتە کایەوە.**

**کولتووری جەماوەری ((ئەو کەلتوورەیە کە دەربڕی بەهای جوانیناسانە، ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیکی زۆربەی خەڵکە))[3] و ((دەرکەوتەو و ئاسۆی ویستە ڕۆمانسییەکانی جەماوەرە بۆ ڕزگاری لە بەندی قورسی سوننەی و لاقرتێیەکە بەرامبەر ئەو کولتوورە))[4] لێرەدا کولتوور توخمێکە بەکاردەهێندرێت بۆ دەستنیشانکردنی سنووری نێوانی چینەکان (باڵا و خواروو) و مێژوو (کۆن و نوێ)، بەڵام کولتووری جەماوەری یان سوننەتی یاخود هەر وردە کولتوورێکی نێو کۆمەڵگا بێت، لە کۆتایدا ئەم کولتوورانە ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگا و نەتەوەن و دەبنە بەشێك لە مێژوو لە شارستانییەتی ئەو مرۆڤانە کە دواتر وەکو میرات و سامان بۆ نەوەکانی پاش خۆیانی جێی دەهێڵین.**

**لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و میدیاکانیدا کولتوور لە فۆڕمێکی تردا بەکاردەبرێت، چونکە ((میدیا و کولتوور (بە وتەیەکی دیکە گوتار) فۆڕم دەری هەموو شێوەکانی پێوەندی و کرداری کۆمەڵایەتین، تێگەیشتنی ئێمە بۆ خۆمان و جیهان کۆمەڵگە و (واقیع) بە گشی بەری چوارچێوە کولتوورییەکانە... زمان گوتار و کولتوور کە لەسەردەمی نوێدا لە نێو میدیاکاندا ڕەنگ دەدەنەوە، پێناسەکەر و ڕۆنەری واقیع و چۆنییەتی ژیانن))[5].**

**واتە، کولتوور لە نێو میدیادا تەوزیف دەکرێ و هەندێك جار دیاردە و بەها کولتوورییەکان لە فۆڕمی گوتاردا ئاڕاستەی خەڵك دەکرێت و کاریگەری باشی و خراپی خۆی لەسەر کۆمەڵگادا دروست دەکات.**

---

**١. سعيد الوجاني، الماركسية والتراث والموقف من الدين، الحوار الممتمدن، العدد ٢٠١٢/٣٨٨٦ لة (لينين المؤلفات الكاملة). وةركيراوة، برِوانة سايتي** WWW.alhewar.orr/de6at/show.asp?aid:329028

**٢. بورهان قانیع، فەرهەنگی نوێ، چ١، چاپخانەی الحوادث، بغداد ١٩٨٧، ل ١٣٩.**

**٣. حسین بشیری، تیۆری کولتووری، لا ١١.**

**٤. سەرجاوەی پێشوو لا ٩.**

**٥. حسین بەشیری، تیۆری کولتووری، لا ٩٩-١٠٠**

به گشتی چەمکی کولتوور و راڤەکردنی ناکریٚ سنوردار و بەرتەسك بکریٚ، چونکە ئەم چەمکە جیوە ئاسا هەمیشە شیٚوەی دەگۆڕیٚ، بە پیٚی باری سیاسی، یا ئابووری و کۆمەلاّیەتی کۆمەلّگاکانەوە ئەرك و راڤەی جیاواز وەردەگریٚ و پەلوپۆی جیاوازی لیٚ دەبیٚتەوە.بۆیە ئیٚمە لە چەند دیٚرِیٚکدا پیٚناسەی کولتوور چرِ دەکەینەوە ودەلّیٚن کولتوور ئاویٚنەیەکە  هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی تیادا بە رجەستە دەبیٚت ، یاخود کولتوور گشتیٚکە لە هەموو کات وشویٚنیٚکدا لە دووبەش پیٚك دیٚت بەشیٚکی بینراوو وبەرجەستە وبەشیٚکی شاراوە نابەرجەستە کە لە هزریی مرۆڤاکاندا دەمینیٚتەوە ئەم بەشانەش پیٚکهیٚنەر و رەنگدانەوەی ژیان وژیاری مرۆڤایەتین.

## ب–جۆر و کەرەستەکانی کولتوور:

چەمکی کولتوور چەمکێکی فراوانە، ئەمەش وادەکات، کە لە چەندین دیدگای جیاوازەوە پۆلێنی بۆ بکرێت و جۆرەکانی دەستنیشان بکرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین چەند دابەش کردنێکی جۆر و کەرەسەکانی کولتوور بخەینە بەر باس و روونکردنەوە.

یەکێك لەو پۆلێنانەی کە بۆ جۆرەکانی کولتوور کراوە، لەسەر بنەمای سوود و ئاکتیڤیەتی کەرەسە کولتووریەکانە و کولتووری دابەشی سێ بەش کردووە[1]:

١– کولتووری چالاك (التراث الفاعل): ئەم بەشە رێگە خۆشکەرە بۆ کارکردن وسودی هەیە بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو، بۆ نمونە: فەرهەنگە کۆنەکان، ئینسایکلۆپیدیاکان، (توێژینەوە گەردوونییەکان) دراساتە فەلەکیەکان... لە خانەی ئەم جۆرەی کولتوورە پۆلین کراوە، چونکە ئەم بابەتانە سود بەخشە و هەمیشە لەسەر بنەمای ئەوان شتی نوێ بەرهەم دێت.

٢– کولتوووری سست (التراث الخامل): مەبەست لەو کولتوورەیە، کە بەپێی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی باری شارستانی و ژیان گرنگی خۆی لە دەست ئەدات، واتە، ئەو کولتوورەیە، کە لە سەردەمی خۆیدا بایەخێکی ئەوتۆی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم ناگونجێ بۆیە پێی دەڵێن نوستوو، بۆ نمونە: گفتوگۆکانی زانستی کەلام (علم الکلام)، کە لەبارەی زاتی خودا و سیفاتەکانیەتی و ئەو ململانێ زمانییەی کە لە نێوان زاناکاندا روویداوە، هەروەها داشۆرینی نێوان شاعیرەکان بە کولتووری نوستوو لە قەڵەم دراوە، چونکە هیچ شتێکی نوێ زیاد ناکات لە بواری پێشکەوتنی میللەت، تەنها سودی بۆ مێژووناس و ئەدەب ناسەکان هەیە.

٣– کولتووری زیانبەخش یان بکوژ (التراث القاتل)، مەبەست لێی، ئەو کولتوورەیە، کە زیان بە لایەنی فیکری و زانستی و شارستانیەتی مرۆڤەکان دەبەخشێ، بۆ نمونە، هونەرەکانی سیحربازی، فاڵگرتنەوە، جادوو لەم جۆرە کولتوورەن کە لە توانایاندایە مێشکی مرۆڤەکان سڕ و گرفتاریان بکەن.

ئەم دابەشکردنەی سەرەوە بە پێی سوودی کەرەسەکانی کولتوور بوو، بەڵام زانای سویدی (ئیرکسۆن – ERIXON)* دابەشکردنێکی تر بۆ جۆرەکانی کولتوور دەکات، ئەم بە شێوەیەکی گشتی چوار جۆر کولتوور دەستنیشان دەکات[2]:

---

١. یوسف زیدان، التراث العربي من التثقیف الی المثاقفة، عن موقع یوسف زیدان للتراث والمخطوطات، بروانە سایتی: http: //www.Zeidan.com/indexo.asp

* سیگرد ئیرکسۆن Siguard Erixon (1888-1968) زانایەکی بواری ئەثنوگرافیایە بە رەچەڵەك سویدیە، ئیرکسۆن کار و بەرهەمی زۆرە، کۆمەڵێك گۆڤاری فۆلکلۆری دەکردووە، بۆ ماوەیەك سەرۆکی کۆمەڵەی ئەسنوگرافیای ئەوروپی بووە، هەروەها سەرۆکایەتی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئەثنولوجیا و فۆلکلۆری کردووە... هتد بڕوانە:

(الموسوعە السوفیتیە الکبری (١٩٧٠–١٩٧٩) و بەرگی یەکەم و دووەم، لە سایتی

http//encyclopedia2.hte free dicitonard/siguard+Erixon Ethnologia Europea

٢. ایکە هولتکرانس، قاموس مصطلحات الاثنولوجیا و الفولکور، ص ٩١

**١.كولتووری كۆمەڵایەتی**

**٢.كولتووری پێكهاتەیی، ئەمیان تەواوكەری كولتووری كۆمەڵایەتییە، كرداری گواستنەوە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دی، یان لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی دی دەگرێتەوە.**

**٣.كولتووری ماددی، كە بەرهەمی روشنبیری پارێزراو دەگرێتەوە.**

**٤.كولتووری ئەدەبی كە پەیوەستە بە پەیدابوونی نووسینەوە.**

**لەم دابەشكردنەی (ئیركسۆن)دا سنوری نێوان كەرەسەكان بە وردی دیاری نەكراوە، جگە لەم جیاكارییەی (ئیركسۆن)، كولتوور لە چەندین روانگەی ترەوە دابەش كراوە، بۆ نموونە لە روانگەی رەفتارگەرایانەوە دابەشی سەر دوو جۆر كراوە (فەلسەڤ و پاڵەوانی)* لە روانگەی چینایەتیەوە بۆ (كولتووری رەسەن و كولتووری لاوەكی)** ، بەڵام بە گشتی ئەوەی تێبینی ئەكرێ لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی، كە باسی كولتووری تێداكراوە، كولتوور دابەشی سەر دوو جۆری سەرەكی كراوە، ئەویش كولتووری (ماددی و مەعنەوی)یە، مەبەست لە كولتووری ماددی ((خۆراك، جل و بەرگ، خانوو، كەلوپەلی ناوماڵ، ئامێرەكانی كارپێكردن، ئامێرەكانی گواستنەوە و هاتۆچۆپێكردن، ئامێرەكانی مۆسیقا، خشڵ، چەك، ئامێر و كەرەسەكانی راوكردن))[١]ە.**

**كولتووری مەعنەویش بریتییە لە ((هەموو پێداویستییە روحی و نامادییەكانی ئەندامانی ئیتنۆس (كۆمەڵ) كە رۆژانە بە كاری دێنن و وەكو: زمان داب و نەریت، ئاین، فولكلور،.. پێویستە ئەوەش دووپات بكەینەوە كە ((زمان)) خۆی توخمێكی كولتووری مەعنەوییە، بەڵام لەبەر كاریگەری و دەوری گرنگی وەكوو مەرج و ماكێكی ئیتنیكی سەربەخۆ دادەنرێ، ئەوەش دەبێ بگوترێ كە توخمێكی گرنگی وەكوو ئاین لای ئیتنۆسێك، با بنەما و سەرچاوەی سەرەكییەكەشی نەتەوەیی نەبن كە چی ئاوێتەی توخم و رەگەز كولتوورییەكانی تر دەبێ و شەقڵی نەتەوەیی ئیتنۆسەكە وەردەگرێ))[٢].**

**ئەگەر چی لە جۆر ناسی كولتووریدا بێجگە لەو دابەشككردنانەی كە باسمان كرد، دابەشكردنێكی دیكە هەیە كولتوور و وردە كولتوور لە یەك جیا دەكاتەوە. لێرەد كولتوور ئاوێنە گەورەكەی**

---

* بندكت رث R. Bendict (1948-1887) زانایەكی بواری ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمریكاییە، كولتوور بۆ فەلسەڤ و پاڵەوانی دابەش دەكات، مەبەست لە كولتووری فەلسەڤ حاڵەتەكانی وەكوو (قەناعەت ئاشتیخوازی، میانڕەوی، یەكسانی، ئارەزوو بۆ ژیانی هاوبەش)ـە و كولتووری پاڵەوانیش مەبەست لێی (ئەو رەفتارانەی كە پشت بەشەڕخوازی، ناكۆكی، بەربەركانێ، ململانێ، سەربەخۆیی و پلە و پایەخوازی دەبەستن) ئەم دابەشكردنە پشت بە رەفتار و ئاكاری مرۆڤەكان دەبەستێت بەدەر لە شت و مەكی بەرجەستەكراوی كلتوری. بڕوانە: د. مەنوچیهر موحسنی، دەروازەكانی كۆمەڵناسی، ل١١١

** مەبەست لە كولتووری رەسەن كۆمەڵێك تایبەتمەندی ماددی و كۆمەڵایەتی و رۆحییە كە ئەندامانی كۆمەڵگەی گەورە پێ دەناسرێتەوە و وای لێدەكات جیاوازبن لە ئەندامانی كەمایەتییە رەگەزی و ئەتنۆلۆژی و نەتەوەییانەی لە هەمان كۆمەڵگەدا دەژین. و مەبەست لە كولتووری لاوەكی شێوازی ژیان و رێگای گوزەران، بیركردنەوەی كەمە نەتەوەیەتیەكان یاخود نەژادییە، د ئاینییەكان و ئەتنۆلۆژییەكانە، كە لەناو كۆمەڵگایەكی گەورەدا دەژین، لەوانەیە ئەم كولتوورە لاوەكییە پەیوەست بێت بە چینێك. یاخود توێژێك یاخود دەستە و تاقمێكی كۆمەڵایەتیە. بڕوانە:د. ئیحسان محمد ئەلحەسن، ئینسایكلۆپیدیای كۆمەڵناسی، ل ٤١١–٤١٢

١. رەشاد میران ئێتنۆگرافیا و یەكێتی ئیتنیكی كورد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٩.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

کۆمەڵگایە بەڵام وردە کولتوور ئاوێنەی بچووك بچووکن، کە تەنها لایەنێك لە کولتوور باس دەکەن و دەشێ وردە کولتووری ناوچەیەك یان لادێیەك یاخود وردە کولتووری چینێکی تایبەتی یان پیشەیەکی تایبەتی، یان گروپێك، یان ئاینێك و ... هتد. بێت، کە هەریەك لە مانە خاوەن زمانی تایبەت و ڕێورەسم و داب و نەریتی تایبەتن بە خۆیانەوە، بەڵام ئێمە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین هەموو وردە کولتوورەکان لە چوارچێوەی گشتێکدا کە (کولتوور)ـە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

بە گشتی دەکرێت لە دابەشکردنێکی هەمەلایانەدا، کە هەموو لایەنەکانی کولتوور بگرێتە خۆی، کولتوور دابەشی سەر چوار جۆری سەرەکی بکەین:

١–کولتووری کۆمەڵایەتی (ئەم چەمکە دەلالەتە لە کۆی داب و نەریت و شێوازەکانی ژیان، جگە لەوەش ئەو دام و دەزگا و ڕێکخراوانە دەگرێتەوە، کە بنەمای دروستبوونی شارستانیەت و ڕۆشنبیرین لەلای کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان)[١]، بەڕای ئێمە کولتووری کۆمەڵایەتی دوو بەشە، بەشێکی مەعنەوی کە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی خزمایەتی و بەها کۆمەڵایەتیەکان و ئەزمونی تاکەکان دەگرێتەوە، هەروەها داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگا وەك داب و نەریتی ژن خوازی و ئاهەنگ گێڕان و سەما و گۆرانی وتن و مردن و منداڵ بوون، چۆنیەتی سحر کردن و فاڵ گرتنەوە و... هتد، دەگرێتەوە. بەشە ماددیەکەشی بێگومان هەموو ئەو کەرەسانەیە کە پەیوەستن بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و جۆری داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵگاوە وەك: جل و بەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەسەی چێشت لێ نان و پێداویستیەکانی جادووگەریی... هتد، ئەم جۆرەی کولتوور زیاتر لە زانستی ((ئەتنۆگرافیا))*ـەوە نزیك دەبێتەوە.

٢–کولتووری ڕۆشنبیری: (بریتیە لە کۆی نموونە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگا، کە نەوەکان لە نەوەی پێشی خۆیان وەریدەگرن، ئەم جۆرە کولتوورە لە گرنگترین جۆرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیە، چونکە ئەم کولتوورەیان پاڵنەری کۆمەڵگایە بۆ هەنگاونان بەرەوپێشکەوتن، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی پاراستنی ئەم کولتوورە، زاناکان دەگەنە شتی نوێ و داهێنانی نوێ)[٢]، بە هەمان شێوەی پێشوو ئەم کولتوورەش دابەشی دوو جۆری دەکەین، بەشی مەعنەوی، ئەو زانیاری و زانستە (ئاینی و زمانی و کۆمەڵایەتی و زانستە سروشتیە جۆراوجۆرەکان و..هتد.) دەگرێتەوە، کە لە باب و باپیرانەوە فێری دەبین و وەریدەگرین، هەوەها هونەرە ئەدەبییەکان و هونەرەکانی وێنەکێشان و نەخشە دروستکردن و نەخش کردن و هونەری مۆزیك ... هتد. دەگرێتەوە و بەشە

---

١. عدنان أبو مصلح، معجم علم الاجتماع، ط ١، المشرق الثقافي، عمان (الاردن)، ٢٠٠٦، ص ١٢٩

* ئەتنوگرافیا، زانستی وەسفی گەلانە، (دیاس) پێناسە ئەتنوگرافیا دەکات و پێی وایە ئەتنوگرافیا لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیە بۆ ڕۆشنبیری گەلانی جیاواز یاخود لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیە بۆ هەندێك بەش لە ڕۆشەنبیریەکی دیاریکراو. بڕوانە: احسان محمد الحسن، ئینسایکلوپیدیا کۆمەڵناسی، ل٢١، هەروەها د. ابراهیم مدکور، معجم العلوم الاجتماعیة، ص ١٩

٢. ابراهیم مدکور، معجم العلوم الاجتماعیة، ص ١٣٩

**مادییەکەشی هەموو ئەو کتێب و نوسراو بڵاوکراوە و نەخشە و دەستنووسانە دەگرێتەوە کە بۆ ماوەی نەوەکانی پێشووترن.**

**٣-کولتووری شوێنەواری (أثري):**

**(ئەم جۆرە کولتوورە هەموو چالاکیە بەرجەستەبووەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، هەروەها شوێنە کۆنەکان و شوێنەوارەکانی سەر زەوی و ژێر ئاو و هەموو کەرەسە شوێنەواریەکانی ئەو جێگا شوێنەواریانە دەگرێتەخۆی، ئەم جۆرە لە کولتوور سەرچاوەیەکی رۆشنبیری وەستاوە و تازە نابێتەوە و پێویستی بە پاراستنە لە فەوتان و موڵکی هەموو مرۆڤایەتیە)[1] ئەم جۆرە کولتوورە تەنها بابەتە هەستپێکراوەکان یاخود بەرجەستەکان دەگرێتەوە وەك:**

**ا-شوێنەوارە کۆنەکانی وەك خانوو، کارگە، باڵەخانە، تاوەر، شوێنەواری ئایینی، شوێنەواری هونەری، گۆڕستان، کۆشك،... هتد.**

**ب-کەرستە شوێنەواری و کولتووریەکانی وەك: کەرەسەکانی بینا، پەیکەرەکان، وێنەکان، کەلوپەلەکانی جوانکاری و نەخشە کردن، پێداویستی و ئامێرەکانی هەموو هونەرە دەستیەکان و صەنعەتکاریەکان و ئامێری موزیکی کۆن، فەرش و مافور و کارە دەستیەکان بە گشتی، کەل و پەلی جەنگی و پارەی کۆن و ئامێرەکان و ... هتد. دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەم بەشەی کولتوور دەشێ هەردوو بەشی ماددیی کولتووری کۆمەڵایەتی و کولتووری رۆشنبیریش لە خۆ بگرێت.**

**٤-کولتووری میللی - فۆلکۆر- (التراث الشعبي) ئەم بەشەی کولتوور فراوانە و زانایان کاری زۆریان بۆ کردووە و فۆلکۆرناسی وەکوو بوارێکی سەربەخۆ بوونی خۆی سەلماندووە، (فۆلکلۆر) وەکوو زاراوە بەرامبەر بە کولتووری میللی بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیە (فۆلکلۆر) لە (دوو بەشی پێکدێت، کە لە بنەڕەتدا رەچەڵەکێکی سەکسونیان هەیە، ئەویش (فۆلك)ـە کە بە مانای میللەت و (لۆر) کە بەمانای لێکۆلینەوەیان زانست هاتووە. بۆ یەکەم جاریش ئەم زاراوەیە لەلایەن (وەلیم جۆن تۆماس)* ـەوە لە ساڵی ١٨٤٦ ز دا بە کارهاتووە، مەبەستیش لێی ئەدەبی نە نوسراو یان ئەدەبی سەر زارەکی بووە)[2] چەمکی فۆلکۆریش پێناسە زۆری بۆ کراوە و سنوری لێکۆلینەوە فۆلکلۆریەکان لای هەندێك زانا وبیرمەند بەرتەسك کراوەتەوە و لای هەندێکی دیکەش فراوان کراوە.**

---

١. جمال عليان، الحفاظ على التراث الثاني، عالم المعرفة الكويت، ٢٠٠٥، ص ٢٤٠-٢٤١

* ولیم جۆن تۆماس Willim John،Thoms (1803-1885)، بیرمەندێکی ئینگلیزیە، ئاسەواری کۆکردۆتەوە و ژیاننامەی نووسیوە، و سەرۆکایەتی دوو گۆڤاری کردوە و لە ساڵی ١٨٤٦ دا چەمکی فۆلکلۆری هێنایە بەرباس، تۆماس کۆمەڵێك نوسراوو بەرهەمی هەیە لەوانە:

(The book of court)و (Lays and Legends of various Nat) بڕوانە د. شاكر سليم، قاموس الانتربولوجيا انكليزي-عربي، گ١، جامعه الكويتن ١٩٨١، ص ٥٤٣

٢. إبراهيم مدكور، معجم العلوم الاجتماعيه، ص ٢٤

بەشێکی کەم لە زاناکان (پێیان وایە کە بابەتی فۆلکلۆر تەنها کولتووری سەر زارەکی ( ORL TRADITION) یاخود ئەوەی پێی دەگوترێ (ئەدەبی میللی) دەگرێتەوە، بەڵام زۆرینەی زاناکان مەیدانی لیکۆلینەوە فۆلکلۆریەکان فراوان دەکەنەوە بە شێوەیەك کە ئەدەبی میللی و ئاین و بیروباوەڕ و موزیك و سەما و داب و نەریتە مللیەکان بگرێتەوە جگە لە رۆشنبیری مادی و بەشی تەکنەلۆژیا)[1] واتە، بابەتەکانی فۆلکلۆریش فراوانە و سنورەکەی بە تەواوەتی دیارنییە، بەڵام ئەوەی جیایدەکاتەوە لە بەشەکانی دیکەی کولتوور ئەوەیە فۆلکلۆر زیاتر پەیوەستی لایەنی میللیە لە هەموو کەرەسە و بە بابەتێکدا.

بە گشتی کولتووری میللی (فۆلکلۆر) هەموو جۆرەکانی (دەربڕینە سەرزارەکی و جەستەییەکان و هەموو چیرۆك و گۆرانی و سەمایی میللی و پەندی پێشینان و مەتەڵ و چالاکیە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و هونەر دەگرێتەوە، کە میللەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە لە ڕێگای لەبەر کردن نەك تۆمار کردن دەیگوازێتەوە، هەندێکیش پێیان وایە کە کەل و پەلی هونەری و پیشەسازی و جوانکاری و پەیکەر و هەڵکۆڵینەکانی سەر بەرد و دار و وێنەکان.. هتد. بەشێکن لە کولتووری میلللی)[2]، لێرەدا فۆلکلۆر زۆربەی بوارەکانی میراتی نەتەوایەتی دەگرێتەوە لە سنوور فراوانی دا دەگاتە ئاستی چەمکی کولتوور بەگشتی، بەڵام مەیدانی کاری فۆلکلۆر گشتی نییە و پێویستە تەنها لە بواری میللی دا کار بکات، چونکە هەرچەندە ((فۆلکلۆر زۆر مەیدانی کەلەپووری نەتەوەیی ئەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جل و بەرگی میللی کۆن و ئێستاوە تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی و تیاخواردن و قاپ و قاچاغ و کاسە و کەوچك تا نەقش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەڵیك شتی تر کە شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێك لە بەرهەمێکی دەست کرد یان بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە، بەڵام لە کۆڕی ئەدەب دا فۆلکلۆر پڕ بە پڕ بۆ ئەوە بەکار ئەهێنرێ کە ئەدەبیاتناسانی هەندێ وڵات بە بەرهەمی سەرزاری خولقێنەرانی گەلی ناو دەبەن))[3] بێگومان ((فۆلکلۆر ئاوێنەیەکی پرشنداری رابردوو و ئێستای میللەتە))[4]، وەك(مەکسیم گورگی) دەلێ: ((مێژووی میللەت نازانرێت هەتاکو و فۆلکلۆرەکەی نەزانرێت))[5]، لەبەر ئەوە دراسە کردنی فۆلکلۆر گرنگی خۆی هەیە و زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ((بابەتەکانی کولتووری میللی و ژیانی میللی بەکار دەهێنن بۆ دووبارە دروست کردنەوەیان و دۆزینەوەی سەردەمە مێژووییە بەسەرچووەکان، ئەو سەردەمانەی کە بە بەڵگە و نیشانە بوونیان زۆر کەمە، ئەم میتۆدەش پێی دەگوترێ میتۆدی دروستکردنەوەی مێژوو – HISTORICAL RECONSTRUCTION))[6] واتە، فۆلکلۆر سودی هەیە بۆ دۆزینەوە و دووبارە دروستکردنەوەی مێژوو و خولقاندنی کەش و سەردەمێکی باشتر.

---

١. محمد الجوهري، عالم الولفكور (دراسة في الانثربولوجيا الثقافية) ط٣، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٧، ص ٣٧

٢. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثربولوجيا (انكليزي – عربي) ص ٣٦

٣.عزالدین مستەفا رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ل ٨

٤. هیمدا حوسێن، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، سەنتەری روناکبیری هەتاو، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١١

٥. شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ١٧٥

٦. محمد الجوهري، عالم الفولكلور، ص ١٩

**دیاره ئەو پۆلینانەی کە بۆ کەرەستەکانی فۆلکلۆر کراوە زۆرن، یەکێك لەو دابەشکردنانە، دابەشکردنە گشتییەکەی ((دۆرسۆن – DORSON))[*]ە، ئەو پێی وایە کە کولتووری میللی – فۆلکلۆر– دابەش ئەبێتە ئەم بەشانە خوارەوە[1]:**

**١.بیر و باوەڕ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی میللی، کە سیحر و فاڵ گرتنەوە و خەون و جادو.. هتد دەگرێتەوە.**

**٢.مەیدانی ئەدەبی سەرزارەکی، یان ئەدەبی میللی، کە حەکایەت، مەتەڵ، سەربوردە، پەندن قسەی نەستەق، داستان، ئەفسانە ).. هتد. دەگرێتەوە.**

**٣.هونەرەکانی چالاکیە میللیەکان وەك هونەری موزیك و سەمای میللی ڕێوڕەسمی ئاهەنگ گێڕان و گۆرانی و... هتد.**

**٤.ژیانی میللی مادی، یان رۆشنبیری مادی، وەك باڵەخانە کەل و پەلی دەستکردی ناوماڵ.... هتد.**

**واتە کولتووری میللی بەشێکی فراوانی کولتوورە و لەگەڵ سێ جۆرەکەی دیکەی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، و شوێنەواری تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ پێکدێنن.**

---

* Dorson Richaid (1916) **زانایەکی ئەمریکی پسپۆرە لە مێژووی شارستانیەت و فۆلکلۆری ئەمریکی، ناسراوە بە لێکۆلینەوەکانی لە بارەی زنجیەکان (رەش پێستەکانی ئەمریکا) و فۆلکلۆری یابانیش، دوسون سەرۆکایەتی کۆمەڵێك گۆڤاری فۆلکلۆری کردووە، بڕوانە. ایکە هولتکرانس، قاموس مصطلحات الاثنولوجیا و الفولکلور، ص ٣٨٤**

**١. محمد جوهری، عالم الفولکلور، ج١ ن ص ٥٤–٥٨**

## ج-کولتوور و ژیار

کولتوور و ژیار دوو چەمکی پەیوەستن بە بوونی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە، مرۆڤەکان کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کۆ دەبنەوە و پێکەوە دەژین، کۆمەڵێك یاسا و بەهای ماددی و مەعنەویی پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

مرۆڤەکان بیردەکەنەوە و شتی نوێ دەدۆزنەوە و داهێنان دەکەن و هەڵسوکەوتی جۆراوجۆر دووبارە دەکەنەوە و دەبنە خاوەن کولتوور، ئەم کۆمەڵە مرۆڤە پێشدەکەون و بونیاد دەنێن (ژیار) دروست دەکەن، واتە، ئەم دوو چەمکە هۆگری یەکترن و پێکەوە دێن و دوو بازنەن لەیەك زنجیرەدا. (ژیار وەکوو چەمکێکی گشتی بەرهەمی هەموو تواناکانی مرۆڤە کە لە پێناوی باشکردنی بارودۆخی ژیانیدا بە کاری دێنێت)[1] ئەو توخمانەش کە ژیار پێك دێنن دوو بەشن، بە شێکیان کولتوور وەك چەمکێکی ژیاری (ماددییە وەکوو بەرهەمەکانی پێشکەوتنی زانستی و بەشێکیان مەعنەوییە وەکوو لایەنی مێژوویی و ئایینی،.. هتد. و ناکرێ ئەم دو بەشە لە کاتی دەسنیشان کردنی کەسایەتی رۆشنبیری و ژیاری کۆمەڵگایەکدا لێك جیا بکرێنەوە، چونکە ژیانی ئەو کۆمەڵگایە بە هەردوو لایەنی ماددیی و مەعنەوییەکەی، ژیارەکەیان پێك دێنێت)[2]، واتە ژیار پەیوەستە بە (ژیان)ـەوە کولتوور و رۆشنبیری مرۆڤەکانیش بە شێکە لە ژیانی کۆمەڵگا، بەومانایە ژیار پەیوەست دەبێت بە کولتوور و رۆشنبیریەوە.

ژیار تایبەتمەندیەکی مرۆڤایەتیە و (ئەوە (ژیارە)ـە، کە مرۆڤەکان لە ئاژەڵەکان جیا دەکاتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات کە ببێتە تاکە بوونەوەر، کە لە توانای دابێت کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی سەر زەوی بکات)[3]، (رۆبرت ریدفیلد)* ژیار بەو (گشتە ئاڵۆزە پێناسە دەکات کە تێگەیشتنی هاوبەش دروستی دەکات، بەڵام (مالینوفسکی) وەکوو کاردانەوەیەك بەرامبەر بە پێداویستییەکانی مرۆڤایەتی پێناسەی دەکات)[4]، وەك لە سەرچاوە جۆراو جۆرەکاندا دەبینرێت پێناسە گەلێکی یەکجار زۆر بۆ چەمکی (ژیار کراوە لە پاڵ ئەوەشدا چەمکێکی دیکە هاتۆتە پێشەوە، ئەویش چەمکی (شێوازی جیهانی ژیار)ـە**،

---

١. جمال عليان، الحفاظ على التراث الثقافي، ص ٧٥

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

٣. دينكن ميشيل ل، معجم علم الاجتماع، ت: د. احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة، بغداد، ص ٩٣

* رۆبرت ریدفیلد – Robert redfield (١٨٩٧-١٩٥٨) یەکێکە لە بە ناوبانگترین مرۆڤناسەکانی ئەمریکا، لە زانکۆی شیکاغۆ خوێندویەتی و هەر لەوێش وەکو پرۆفیسۆری مرۆڤناسی دامەرزاوە هەوڵیداوە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتردا کۆبکاتەوە، بەناوبانگترین پەرتوکەکانی بریتین لە: پەرتوکی (شارستانی بەکتان) (١٩٤١)، پەرتوکی (کۆمەڵگای بچووك) (١٩٥٥)، پەرتووکی کۆمەڵگای جوتیاری و شارستانیەت) (١٩٥٦)، بڕوانە، د. ئیحسان، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ل. ٢٧.

٤. جمال عليان،الحفاظ على التراث الثقافي، ل ٩٤

** شێوازی جیهانی ژیار یاخود النمط العالمي للحضارة – Universla Palttern ofCulture بریتیە لە کۆی سیماکانی ژیار و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و ئاکاری مرۆڤایەتی کە دەشێ لە هەموو ژیارەکانی جیهاندا بوونیان هەبێت، بڕوانە، د. شاكر مصطفى سليم، قاموس الانتربولوجيا (انكليزي – عربي)، ص ١٠٠٨.

(ویسلەر)* لە ساڵی (١٩٢٣)دا ئەم چەمکە پێناسە دەکات و هەوڵ دەدات فۆڕمێکی گشتی بۆ (ژیار) دەستنیشان بکات و ئەو کەرەستانە پۆلین دەکات، کە لە هە هەموو ژیارێکدا بوونیان هەیە، کەرەستەکانیش بریتین لە[١]:

١.ئاخاوتن: زمان و نوسین.

٢.توخمە مادییەکان وەکوو خانوو و جل و بەرگ و ئامێرەکانی (جەنگ و پیشەسازی و گواستنەوە).

٣.هونەر وەکوو وێنەکێشان، پەیکەرتاشین، نەخش و نیگار و هەڵکۆڵین لەسەر بەرد و دار و عاج (کەڵپەی فیل).

٤.ئەفسانە کۆنەکان و هەروەها زانیاریە زانستیەکان.

٥.بابەتە ئایینی و جادووییەکان، وەکوو (ڕێورەسمی مردن و مردووناشتن و چارەسەری نەخۆشیەکان.

٦.خێزان و یاساکۆمەڵایەتییەکان وەکوو: هاوسەرگیری و خێزان و میرات و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی.

٧.سامانی گشتی و تاکەکەسی و بازرگانی.

٨.حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی و قەزائی.

٩.جەنگ.

(ویسلەر) پێی وایە ئەم خاڵانەی سەرەوە پێکهێنەری هەموو ژیارەکانی جیهانن یاخود دەبێت لە هەموو ژیارێکدا هەبێت، بەو پێیە بێت (ژیار) لە ناوەرۆکدا هەڵگری (مێژوو و کولتوور و رۆشنبیری) میللەتە، هەر لەبەر ئەوە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان ژیار و کولتووردا هەیە و ((لە لای زۆرێك لە زانستخوازە بەریتانیەکان ئەم دوو واژەیە کەموو زۆر هاو واتابوون و هەردووکیان لە رووی واتاییەوە ئەوەندە لێك نزیك بوون، کە هەڵبژاردنی یەکێکیان و وەلانانی ئەوی دی تاڕادیەکی زۆر پێوەندی بەسەلیقەی کەسەکەوە هەبووە))[٢]، بەڵام لە لای زانستی کۆمەڵناسی و ئەنترپۆلۆژیادا کولتوور و ژیار تاڕادەیەك لێك جیا دەکرێنەوە، لای ئەوان کولتوور ((بەرهەمی روحی دەگەیێنێت، واتە، ستایلە جۆراوجۆرەکانی داهێنان و هزری یاسایی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و بەها و ئاکار و کۆداهێنانە روحیەکان لە ئەدەب و هونەر و فیکر و کەلەپوور و مۆزیك و هەموو جۆرەکانی تری داهێنانە کولتووریە روحیەکان، کە کەسێتی گەلێك لە گەلەکان پێکدێنن لە کاتێکدا (ژیار) کۆ بەرهەم و ئاسەواری نەتەوەیەك لە نەتەوەکان دەگەیێنێت وەك ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و تەکنەلۆژیا و بیناسازی و جلوبەرگ و جوانکار و ... هتد. وەك هەندێك پێیان وایە

---

* (Wissler) ویسلەر کلار (١٨٧٠-١٩٩٧) زانایەکی ئەنترپۆلۆژی ئەمریکییە، داهێنەری چەمکی (شێوازی جهیانی ژیارە)ـە، وەکوو ئەمینی مۆزەخانەی مێژووی سروشتی ئەمریکا لە (١٩٠٦-١٩٤١) دا کاری کردووە، مامۆستا بووە لە زانکۆی (بێل) و ناسراوە بە لێکۆڵینەوەکانی دەرباری شیکردنەوەی ژیار، ویسلەر کۆمەڵێك کتێبی هەیە، لەوانە مرۆڤ و کولتوور (Man and Culture) (١٩٢٢) بڕوانە، د.شاکر مصطفی سلیم، قاموس، الانثربولوجیا، ص ١٠٤١ .

١. شاکر مصطفی سلیم، قاموس، الانثربولوجیا، ص ١٠٠٨.

٢. داریوش ئاشوری، کولتوور چەمك و پێناسە، ل ٢٢

چەمکی ژیار لە چەمکی کولتوور گشتگیر تر و فراوانترە))[1]، واتە، لێرەدا (کولتوور) بە بەشە مەعنەوییەکەی ژیان و (ژیار) بە بەشە مادیەکەی ژیان ئەژمار کراوە، ئەمەش بە پێچەوانەی زۆربەی پێناسەکانی (کولتوور و ژیار)ـە، چونکە ژیار و کولتوور بەشی ماددی و مەعنەویشیان هەیە و تەنها لە دیدگەی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپولۆژیادا بە مەبەستی جیاکردنەوەی سنوری نێوان دوو چەمکەکە ئەم دابەش کردنەی سەروە کراوە.

لە میانی پێناسەی ئەکادیمیای فەرەنسی بۆ کولتوور لە (٢٩ حوزەیرانی ١٩٧٢) دا هاتووە: ((وشەی کولتوور لە مرۆدا کۆی رواڵەتە فیکری و مەعنەوەی و ماددییەکان و جۆرەها سیستەمی بەها و شێوازەکانی ژیان دەگەیێنێت، کە ژیارێکی دیاریکراو یان پیٚ دەناسرێتەوە))[2] واتا لە رێگای کولتوورەوە (ژیار) دەناسرێتەوە و کولتوور سیمایەکە لە سیماکانی (ژیار).

بە ڕای ئێمە کولتوور و ژیار لەوە دا لێك نزیکن، کە هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن و ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵگان، لەوەشدا لەیەك جیا دەبنەوە، کە (ژیار) هاوتەریبە لەگەڵ پێشکەوتن، بەڵام (کولتوور) هاوتەریبنییە لەگەڵ پێشکەوتن، چونکە، لەو کۆمەڵگا سەرەتاییانەی کە هێشتا تروسکایی پێشکەوتن و شارستانیەتیان نەبینوە (کولتوور) بوونی هەیە، واتە کولتوور زیاتر پەیوەستی کۆمەڵگایە پاشان پێشکەوتن.

وەکوو ئاماژەمان پێدا کولتوور پەیوەستی کۆمەڵگایە و ژیانی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان کولتوور پێك دێنن، بەڵام (ژیار) وانییە، چونکە دروستبوونی ژیار تەنها کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی ناوێت، بەڵکو پێویستی بە کۆمەڵێك هەلومەرجی دیاری کراو هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو کۆمەڵگایەك بە ئاسانی ناتوانیٚ ببێتە خاوەن ژیار.

(ئیبن خەلدون)* لە موقەدیمەکەیدا ئاماژە بە (ژیار) و چۆنیەتی دروستبوونی ژیار دەکات و ئەو پێی وایە کە (دەوڵەت پارە و باج لە هاونیشتمانیان کۆ دەکاتەوە و پاشان لە کاروباری دەوڵەتداریدا خەرجی دەکات و دابەشی دەکات، لەبەرئەوە بارودۆخی ژیان باش دەبێت و سەروەت و سامانی مرۆڤەکان زۆر دەبێت و خۆشگوزەرانی و رابواردن و بایەخدان بە زانست و هونەرەکان لە نێو کۆمەڵگادا بەربڵاو دەبێت و ئەمەش پێی دەڵێن (ژیار))[3] بەم پێیە بێت یەکێك لە هەلومەرجەکانی ژیار دەوڵەت و ئابوورییەکی باش و تۆکمەیە پاشان بایەخدانە بە زانست و هونەر ئەمەش خۆشگوزەرانی لێدەکەوێتەوە.

---

١. سەمیر ئیبراهیم، کولتوور و کۆمەڵگا ل ٢٠.

٢. سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە.

* ئیبن خەلدون کۆمەڵناس و فەیلەسوف و مێژوونوس و نووسەرێکی (عەرەب)ـە، گرنگی بە کۆمەڵێك بابەت داوە لەوانە ویژە، فەلسەفە، مێژوو، سیاسەت و کۆمەڵناسی کە لە پەرتوکەکەیدا (المقدمە) ناوی ناوە (زانستی ئاوەدانکاری مرۆیی – علم العمران البشری) ئەم زانستە لە تەواوی ئەو شتانە دەکۆڵێتەوە، کە مرۆڤ لە ژینگە شارستانیەکەی خۆیدا بە دەستی هێناون بڕوانە، د. ئیحسان محمد، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ل ٥٦–٥٧

٣. عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، تحقيق عبدالله درويش، ج٢، ط١، دمشق، ٢٠٠٤، ص٤٣

**خاڵێکی دیکەی هەلومەرجی دروستبوونی (ژیار) ڕۆڵی پاشا و سەرۆکی باشە، چونکە (ئەگەر دەوڵەت سەقامگیری بەخۆوە بینی و (پاشا)کانی یەك لە دوای یەك بێ کێشە دەسەڵاتیان گرتە دەست، ژیار تۆکمەتر دەبێت و خۆ دەچەسپێنێ)[1]، واتە، بوونی سەرۆك و سەقامیگری ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستبوونی ژیار، (شاعیر)ی مەزنی کورد ئەحمەدی خانی دەڵێت:**

**رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەك**
**پەیدا ببتن مە پادشاهەك**
**شیریٚ هونەرا مە بێتە دانین**
**قەدریٚ قەلەما مە بێتە زانین**
**دەردی مە ببێتن علاجی**
**علمیٚ مە ببێتن رەواجیٚ**
**گەردیٚ هەبووا مە سەرفرازەك**
**صاحیبب کەرەمەك سوخەن نەوازەك**
**نەقدیٚ * مە دەبوو ب سککەمە سکووك**
**نەدەما وەهابیٚ رەواج مەشکووك[2]**

**(هونەر و ئەدەب و زانست و لە سکەدانی دراو) ئەمانە خەسڵەتی ژیارن (خانی) بە هەبوونی پاشاوە بەندیانی کردووە. یاخود زۆربەی ئەم بابەتانە بونیان هەیە لە نێو کورد دا بەڵام نەبوونی پاشا هەموو بیٚ رەواج کردووە، دیارە کە پادشا بوونی هەبێت، دەوڵەتیش دەبێت و سەقامگیری سیاسی و ئابووری ئەم دەوڵەتە زەمینەن بۆ دروستبوونی ژیار.**

**بە پێی ئەم دێڕانەی (خانی) بێت کورد هونەر و زانست و قەڵەمی نووسینی هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی پادشا ئەم بەهرانە نەناسراون و پێشنەکەوتوون، (خانی) لە (مەم وزین) دا ئاماژەی بە چەندین دیاردەی شارستانی دیکە دەدات وەك: بیناسازی و موسیقا و هونەر و جل و بەرگ...هتد. واتە کورد پرنسیپەکانی شارستانیەتی تیادا هەبووە، بەڵام ئەم شارستانیەتە نەناسراوە چونکە زەمینەی لەباری نەبووە و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کوردیدا کیانی پیٚ نەبەخشراوە، بێگومان ئەمانەش هەمووی ڕێگرن لە بەردەم دروست بوونی (ژیار)، بۆیە ئەم دیاردە شارستانیەتانە لە ئاست ویستی خانیدا نەبووە و خواستی (خانی) دروست بوونی ئەو هەلومەرجەیە کە ئەم بارودۆخەی پیٚ چارەسەر دەبێت کە لە پادشایەکی دانا و دەوڵەتێکی سەربەخۆدا کۆ دەبێتەوە. واتە، دەشیٚ بڵێین لەسەردەم و شوێنی (خانی)دا کورد خاوەن ژیار بووە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ دەوروبەردا ژیاری کوردیی بنەماکانی تۆکمەو ڕاستەقینەی نەبووە، چونکە بیٚ خاوەن بووە.**

---

[1]. سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

* لەم دێڕەدا دالی (نەقد) دەشیٚ بە پارە لیکبدرێتەوە یان نەقد ڕەمزێك بێت مەبەست لێی بەرهەمی مەم وزین بێت،واتا بەرهەمەکانی خانی.

[2]. ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئا: هەژار، دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٢

دیاره ئەو پێشکەوتنانەی کە لە چوارچێوەی میرنشینە* کوردیەکانیش روویاندەدا لە ئاستی خواست و ویستی رۆشنبیرانی کورد نەبووە. نەبوونی زەمینەی لەبار لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەت و ژیاری کوردی وا لە خانی دەکات هەموو خواستەکانی بە (گەر) دەست پیٚ بکات. واتە، ئەو خواستەی خانی بەندی ئاوات و هیوا و ئومێدن، بەلاّم نالەباری بارودۆخی ناوخۆیی ژیانی سیاسی کورد هیواکان زەحمەتتر دەکات.

خانی دەڵیٚ:

گەردیٚ هەبووا مە ئیتحادەك

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك

روم و عەرەب و عەجەم تەمامیٚ

هەمیان ژمەرا دکر غولامیٚ

تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت

تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت.[1]

لێرەدا خانی هۆکاری سەرەکی لە نەبوونی دەوڵەت و ژیاری کوردیمان بۆ باس دەکات ئەویش نەبوونی یەکریزییە، واتە، کورد خۆی تۆمەتبارە لە نەبوونی هەلومەرجی پێشکەوتنی.

ئەو بابەتانەی سەرەوە هەندێك لەو خەسڵەتانە بوون کە بۆ دروستبوونی ژیار گرنگن و دەکرێت هەموو ئەو خەسڵەتانە لە چەمکێکدا کۆبکرێنەوە ئەویش (زەمینە خۆشکردنە بۆ ئاوەدانی (عمران))ە، چونکە (ئامانجی ئاوەدانی (عمران) دروستبوونی ژیار و خۆشگوزەرانییە و گەیشتن بەو ئامانجەش رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ بلاّوبوونەوەی گەندەڵی و وردەوردە بەرەو لەناوچوون دەچێت، واتە ژیار و ئاوەدانی تەمەنێکی دیاری کراوی هەیە وەك چۆن مرۆڤەکان تەمەنیان دیاری کراوە)[2].

واتە، ئاوەدانی و شارستانیەت، (ژیار) دروست دەکات، بەلاّم (ژیار)یش کۆتایی هەیە و لەناو دەچێت، بۆ نموونە (ژیار)ی بابلی و سۆمەری و میسریەکان و... هتد. لەناوچوون و ئێستا جێگای لێکۆڵینەوەی مێژووناس و شوێنەوارناس و مرۆڤناسەکانە بە ئامانجی سود وەرگرتن لەو تاقیکردنەوانەی مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕ بووە.

لە ئێستادا دروست بوونی (ژیار) و شارستانیەتە جیاوازەکان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێشڕەویان دەکات، بیٚ گومان تەکننەلۆژیا سودی گەیاندوە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێی نێوان کۆن و نویٚ و هەروەها کاریگەری نەرێنی بۆ سەر

---

* بەپێی سرەچاوەکان لە سەدەکانی (١٦-١٧)دا بری میرنشین لە کوردستان توانیویانە سەرپەرشتی خۆیان بپارێزن و ئازاد بژین، بروانە، د. شەمسی محمد ئیسکەندەر، مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، و.شوکر موستەفا، چ١، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨، ل١٠٨

١. ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئا: هەژار، ل ٤٥

٢. عبدالرحمن ابن خلدون، مقدمه ابن خلدون، چ٢، ص ٥٠

(کولتوور) هەیە، چونکە (هێزی نوێگەری کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگا ناوخۆییەکان و دابو ونەریت و رێورەسمە لە مێژنەکانیان... هەیە و دەشیٚ ئەم کاریگەرییە تەنها لەسەر کالاٚ و بەرهەمە کولتوورییەکان نەبێت، بەڵکو بەرفراوان دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی ئەو شوێن و ژینگەیەش کە کولتوورەکەی تێدا دەژی دەگرێتەوە)[1] لەبەر ئەم هۆکارانەو لە ترسی لەناوچوونی کولتوور چەمکی ((بەرهەم هێنانی کولتووری Cultural Repaducition بایەخی پیٚ دراوە و کرۆکی ئەم چەمکەش لەوەدایە کە، ئەرکی پەروەردە راگواستنی میراتی کولتووری کۆمەڵگایە))[2].

واتە، بەکارهێنانی ناوەندەکانی فێرکردن بۆ ئاشناکردنی هاونیشتمانیان و نەوەی نویٚ بە کولتووری خۆیان، بە مەبەستی پاراستنی کولتوور لە تەوژمی جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیا، چونکە یەکێك لەو سیمایانەی کە ژیارێکی دیارکراوی پیٚ دەناسرێتەوە خەسڵەتە کولتووریەکانە، واتە پاراستنی کولتوور پاراستنی سنوری ژیارەکانە و پاراستنی ئەو سنورانەیە کە جیهانگەرایی لە هەوڵی نەهێشتنی دایە، بێگومان پاراستنی کولتووره جیاوازەکانیش پاراستنی سروشتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتییە، بوونی ئەم جیاوازیانەش پێویستە بۆ مانەوەی رەگەزی مرۆڤ.

---

١.سماح احمد فريد، التقاليد المبتدعه وإعاده التشكيل، عالم الفكر، المجلد ٣٧، مارس، ٢٠٠٩، ص ٢٥٦

٢. فەخرەدین ئامێدیان، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، ل ١٠٩

## د–ماف و تایبمەتدنیەکانی کولتوور

أ– تێڕوانینێکی گشتی:

هەموو بابەتێك و بوونێك لە ژیاندا ئەرك و تایبەتمەندی و ماڤ تایبەتی خۆی هەیە، کولتووریش وەك هەر دیاردە و بابەتێکی تر خاوەن ئەرك و تایبەتمەندیە، چونکە (کولتوور) ((بەشێکی گرنگی رۆشنبیریی گەلە و یەکێکە لەو پایە و کۆڵەگانەی کە رۆشنبیری نەتەوایەتییان لەسەر بنیاد دەنرێت))[١]، بۆیە پاراستنی کولتوور و تایبەتمەندیەکانی لە رێگەی دیاریکردنی سنووری مافەکانیەوە ئەرکی مرۆڤایەتیە (رەچەڵەکەکانی بایەخدان بە کولتووری رۆشنبیری بۆ ئەورووپا و بەتایبەتی ئیتاڵیا و فەرەنسا و بریتانیا دەگەڕێتەوە، لە سەرەتادا لەلایەن چینی رۆشنبیری ئەو میللەتانەوە بایەخ بە کولتووری شوێنەواری، پاشان کولتووری رۆشنبیری بیناسازی و کولتووری مەعنەوەی وەك ئایین و زمان و داب و نەریت و ... هتد دراوە)[٢] بایەخدان بە کولتوور واتە بایەخدان بە نەتەوە و بە شارستاینەت و بە پێشکەوتن لەبەر ئەوە ((بایەخدان بە کۆکردنەوەی و پاراستنی و زیندوکردنەوەی (کولتوور) نیشانەی رادەی پێشکەوتووی میللەتە))[٣].

بێگومان هەر پرۆسەیەك کە ئەنجام دەدرێ پێویستی بە یاسایە بۆ رێکخستنی و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشیاری بایەخدان بە کولتووریی روشنبیری کۆمەڵێك یاسا لەبارەی چۆنیەتی پاراستنی بە شێوەیەکی گشتی دانراوە* چۆنیەتی نووسینەوەی یاسا و شێوازی بایەخدان بە پاراستنی کولتووریش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز بووە، تا ئەو کاتەی، کە ماڤ کولتوور وەکوو ماددەیەك لە جارنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەساڵی ١٩٤٨ لە ماددەی (٢٧ بڕگەی أ) دا باس کراوە و تێیدا هاتووە ((هەموو کەسێك ماڤ بەشداریکردنی ئازادانەی هەیە لە ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگە و چێژ وەرگرتن لە هونەر و هاوکاری و بەشداربوونی لە پێشکەوتنی زانستی و ئەو سوودانەی لێیان دەکەوێتەوە))[٤] لەم بڕگەیەدا زیاتر جەخت لەسەر مرۆڤەکان کراوە کە ژیانی کولتووری یەکێکە لە مافەکانیان وماڤ بەشداریکردنیشان هەیە لە پێشکەوتنی. بەڵام لە پەیماننامەی (ئەسینا)ی (١٩٣١)، کە ئینیستیتۆی هاریکاری بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی (معهد التعاون للجمعية الدولية) دەریکردووە لە ماددەی یەکەمیدا هاتووە:

(پاراستنی کولتووری هونەری و شوێنەواری و رەمزە کولتووریە گرنگەکان وەکو و کلتوورێکی جیهانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی کار و ئەرکی ئەو وڵاتانەیە کە گرنگی بە شارستانیەت دەدەن)[٥] لەم

---

١. عبدالرقیب یوسف، ئامانجەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکۆری کورد، گ. کەلەپوری کوردی، ژ١، سلێمانی، ١٩٩٢، ل٣

٢. جمال عليان، الحفاظ على التراث الثقافي، عالم المعرفة، الكويت، ٢٠٠٥، ص ٨٧–٨٨

٣. عبدالرقیب یوسف، ئامانجەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکۆری کورد، ل٣

* پێشەنگی گرنگیدان بە کولتوور لەلایەن گەلانی ئیتاڵیاوە بووە، ئنجا ئەمە بە هۆی پەیوەندی پتەوی ئەم گەلانە بە کولتوورەوە بێت یاخود بە هۆی بوونی فاتیکان و دەسەڵاتی پاپا و زۆری بابەتە کولتووریەکانی ئەو وڵاتەوە بێت، گرنگ ئەوەیە کە ئیتاڵیا تاکوو ئێستاش پارێزەری یەکەمی کولتوورە. بڕوانە، د.جمال عليان، الحفاظ على التراث الثقافي، ص٨٧–٨٨

٤. سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کولتوور و کۆمەڵگا، و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ازاد هەورامی، کەرکوك، ٢٠١١، ل ٧

٥. جمال عليان، الحفاظ على التراث الثقافي، ص ٥٧

پەیماننامەیدا خودی کولتوور چەقی بابەتەکەیە و پاراستنی ئەرکە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی، چونکە کولتوور موڵکی تاکەکەسی نییە بەڵکو بابەتێکی کۆمەڵایەتیە، پاشان جیهانیە، واتە:
لەگەڵ پێشکەوتی ژیان و شارستانیەتە جۆرا و جۆرەکان و بڵاوبوونەوەی بیری جیهانگەرایی وردە وردە سنورەکان کاڵ دەبنەوە و پەیوەندیەکان زیاتر دەبن و دیاردەکان بەرەو جیهانیبوون دەچن ئەمەش وا دەکات، کە ((بوونی کولتووری پاك و رەسەن ئیتر نەلواوە، چونکە فەزا داخراوە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان تێك رووخاوە))[1] و بەهۆی میدیا و جیهانگەراییەوە، کولتوورە جیاوازەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتردا پەیدا کردووە و ئاڵوگۆڕیان بە هەندێك لە توخمەکانیان کردووە، بەڵام هێشتا کولتوورەکان شوناس و تایبەتمەندی خۆیانیان بە تەواوەتی لە دەست نەداوە و پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کولتوور بە (( تێڕوانینێکی رەخنەیی زانستی تەماشا بکرێت، بە وێنەیەکی فراوانەوە، چونکە کەلەپوور (کولتوور) شتێك نییە بخوێنینەوە و لەبەری کەین و هەڵی گرین، بەڵکوو دەبێ تێیدا بژین و موماڕەسەی بکەین، هەر لەبەر ئەوە ئەبێ کەلەپوور بێژینگ بکرێت و هەزم بکرێت و هەوڵی ئەوە بدرێت کەلەپوورەکە بڵند بکرێت تا بگاتە ئاستی مەسەلەکانی مرۆڤایەتی هاوچەرخمان))[2] بەو مانایە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کولتوور ئەوەیە، کە دیاردەیەکە توانای مومارەسەکردن و هەزم کردن و پێشخستنی هەیە، هەروەها تایبەتمەندیەکی دیکەی کولتوور ئەوەیە توانای دەستنیشانکردنی قەوارە و شوناس و بوونی سیاسی نەتەوەیی هەیە، چونکە ((نەتەوە وەك بوونێکی سیاسی دەشێت سنوورەکەی تا ئەو جێگایە بڕوات کە سنووری کولتوور))[3] ەکەیەتی بە گشتی تایبەتمەندییە کولتووریەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ کراوەتەوە[4]:

١.کولتوور ئەو وێناکردن و بیرکردنەوە و هەستکردنانە بۆ تاك دەستەبەر دەکات، کە دەبێ پەیڕەویان بکات... واتە (کولتوور وانەیە مرۆڤ فێری دەبێت و کاری تێ ئەکات).

٢.کولتوور راڤە گەلێکی ئامادە بۆ تاکەکان دەستەبەر ئەکات لە بارەی سروشت و گەردوون و بنەچەی مرۆڤ و خولی ژیان دەستەبەر دەکات.

٣. کولتوور ئەو مانا و پێوەرانە بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکات کە دەتوانن لە کلاورۆژنەیانەوە راست و هەڵەی شتەکان لەیەك جیا بکەنەوە و واتە (کولتوور یاسایە).

٤.کولتوور هاوبەش هەستی ئینتیما و لایەنگیری لای تاکەکان گەشەپێدەدات... و لە کۆمەڵگای تریان جیا دەکاتەوە.

٥.کولتوور ویژدانی زیندوو لای تاکەکان گەشە پێدەدات. (واتا ئاکار پەروەردەی کولتوورە).

---

١. ئەحمەد گوڵمحەممەدی، بە جیهانیبوون، کولتوور، شوناس، و.عەبدوڵا بەهرامی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ص٢٦١

٢. نافع ئاکرەیی، کەلەپوور لە شیعری هاوچەرخدا، نووسەری کورد، ژ ٢ خولی سیهەمی ئابی ١٩٨٥، ل ٥١

٣. رەفیق سابیر، کولتوور و ناسیونالیزم، ل ١٧

٤. سەمیر ئیبراهیم حەسەن، کولتوور و کۆمەڵگا، ل ٨

**٦.لە چوارچێوەی ئەو هەڵسوکەتانەی کە کۆمەڵگا قەبوڵیکردوون، کولتوور ئاڕاستە و ڕەفتارە ڕاست و دروستە گشتییەکانی تاك دەستەبەر دەکات.**

**دەکرێت چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە زیاد بکرێت، کە پەیوەستە بە خودی کولتوورەوە، بۆ نموونە: کولتوور سروشتێکی داخراوی نییە، کولتوور فرە هاوڕێیە و هاوڕێیەتی لەگەڵ زانستە سروشتیەکانی دیکە وەك مێژوو، کۆمەڵناسی، ئەدەب و ئەنترپۆلۆژیادا هەیە، چونکە (کولتوور) مێژوو تۆماری دەکات و کۆمەڵگا بەرهەمی دێنێت و دەشێ ببێتە هەوێنی ئەدەب و بەشێکی گرنگە لە ئەنترپۆلۆژیا هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە، کە کولتوور ((هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕاندایە، تەنانەت لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەش کە وەستاوە و کەم جووڵە دێنە بەرچاو))[١] بەو مانایە کولتوور سروشتێکی جیویی هەیە و بە پێی قاڵبەکانی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت و فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرێت،**

**ب– لەلای نەتەوەی کورد**

**کولتوور لەلای نەتەوەی کورد یەکێك لەو هێڵە سوورانەی کە نەخشەی ژیانی کوردەواری پێ دروست بووە و دروست دەبێت، بەڵام بە هۆی مێژوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی میللەتەکە بابەتە کولتووریەکان لە دۆخێکی ناسەقامگیردا بوونە و ڕووبەرووی لێکدابڕان و لەناچوون و گۆڕان بوونەتەوە، چونکە ((گەلی کورد لە مەیدانی خەبات و تێپەڕکردنی ژیانی دا تووشی ڕۆژە ڕەشی وماڵ وێرانی و قەتل و بڕ، سوتمان، دوورخستنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵ بووە و فەرهەنگ (کولتوور) و شوێنەوارەکانی فەرهەنگی ماددیی بە تالان چووە و کاول کراوە، شوێنەوارەکانی فەرهەنگی مەعنەویش کەوتووەتە بەرهێرش و پێشێل کردن. زۆرجار و لە زۆر باردا، بۆ ماوەیەکی دەیان ساڵە لە ئاخاوتن بە زمانی خۆیان و نووسینی ئەو زمانە پێشیان پێگرتوون..))[٢]هەروەها پارچە پارچەکردنی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی جیاوازدا، گەورەترین پێشێل کردن بوو بۆ مافە کولتووریەکانی میللەتی کورد، ((کورد بە هۆی کولتوورەکەیەوە توانیویەتی بوونی خۆی وەك گرووپێکی ئیتنیکی جیاواز لە تورك و عەرەب و فارس بپارێزێت، بەم مانایە بوونی کورد پێش هەر شتێك بوونێکی کولتوورییە بۆیە دابەشبوونی کوردستان و لێکدابڕانی کورد تەنیا دابەشبوون و لێکدابڕانی سیاسی و جوگرافیای نییە بەڵکوو کولتووریشە))[٣] ئەم دابەش بوون و داگیرکردن و ڕەش کردنەوەیەی کە بۆ کولتووری کوردی کراوە، نەتەوەی کوردی لە (مافی کولتوور)ی خۆی، کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە بێ بەش کردووە و ڕێگر بووە لە مومارەسەکردنی تایبەتمەندییە کولتووریەکان بە شێوەیەکی ئازاد و ڕەها.**

---

١. مەنوچیهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل ١٢٢

٢. حسێن خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، ب١، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٢، ل ٢٥٦

٣. ڕەفیق سابیر، کولتوور و ناسیونالیزم، ل ٣٨

جگە لەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و هەڵبەز و دابەزەیی کە لە مێژووی کولتووری کوریدا هەیە، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەدواوە، لەلایەن هەندێك لە رۆشنبیرانی کوردەوە هێرش کراوەتە سەر کولتوور جارێك بە ناوی یاخیبوون لە شتی کۆن و جارێك بە ناوی گۆڕانکاری و ...هتد، جیاوازی ئایدیۆلۆژیا و روانین بۆ ژیان بووەتە هۆی مامەڵەکردنی جۆراوجۆر لەگەڵ کولتووردا و ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە هەڵوێستی ئەدیبان و شاعیرانە لە سەرە ئەم بابەتە و بەگشتی هەڵوێستی شاعیران بەرامبەر بە کەلەپور (کولتوور) دابەشی سێ جۆر کراوە:[1]

یەکەم: پاراستنی کەلەپوور و ناسینی کەلەپوور بەشتێکی پیرۆز کە نابێت هیچ کەس دەستی بۆ درێژ کات بە وێنەیەکی گەلێك کۆنەپەرستانە.

دووەم: رەفزی هەموو لایەکی کەلەپوور و یاخیبوون لێی بە چاوێکی کەم و بێ بەها تەماشای دەکات..

سێیەم: هەڵوێستی بژارتن و لێ کۆڵینەوە و ناسین و پشکنین و هەڵگرتنی جۆری چاك و پڕ سوود و پاشان سوود لێ ی وەرگرتن و لادانی بەشی تر.

رەتکردنەوە تەواوی کولتوور کارێکی راست نییە، ناکرێ مرۆڤ تەواوی مێژووی خۆی بسڕێتەوە، چونکە هەرکەس مێژووی نەبێت بوونی پارێزراو نابێت، کولتووریش هەمیشە سەربازی ون بووە لە پشت داهێنانەکان، و لەهەمان کاتدا پەرستنی کولتووریش کارێکی راست نییە، چونکە ئاستی بیرکردنەوەی ئەمڕۆ جیاوازە لە بیرکردنەوەی دوێنێ، بۆیە هەڵویستی سێیەم بەلای ئێمەوە باشترین هەڵوێستە*، واتە، دەبێت کولتوور سەرچاوەی ژیانەوەی بێت و سەرچاوەی پارێزگاری لە بوونی تاك و نەتەوە بێ و یەکێك لە هەر تایبەتمەندی و ئەرکە پیرۆزەکانی کولتووری کوردی پاراستنی شوناسی نەتەوایەتیە، کە لە هەموو ئەرکەکانی دیکە کولتوور گرنگترە بۆ میللەتی کورد. لەبەر ئەوە دەبینین لە (١٩٩١/١١/١٠) کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دامەزراوە و ((ئامانجی کۆکردنەوەی ئەو بەشەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردییە کە ماوەتەوە و قوتارکردنی لە فەوتان))[2] هەندێك لەو خاڵە گرنگانەی کە بوونەتە پاڵنەر بۆ دروستبوونی کۆمەڵەکە بریتین لە:[3]

١-دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان رێییان نەداوە کەلەپووری کورد بپارێزرێت و کۆبکرێتەوە و زیندوبکرێتەوە.

---

١. نافع ئاکرەیی، کەلەپوور لە شعیری کوردی هاوچەخدا، ل ٥١

* گروپی روانگە و گروپی گەرمیان دروشمی نوێگەری و یاخیبوونیان هەڵگرتبوو، تۆمەتی پێشیلکردنی کولتوور و رەتکردنەوەیان خراوەتە پاڵ، لە نێوان گروپی لەتیف هەڵمەت و گروپی روانگە کامیان زیاتر یاخی بوون گرنگ نییە بەلای ئێمەوە، ئەوەی گرنگە لەم بابەتەدا بوونی هەڵوێستی رەتکردنەوەی کولتووره بەتایبەتی کولتووری ئەدەبی ئەگەرچی لە بەیاننامەکەی روانگەدا هاتووە ((کۆن بەلای ئێمەوە – لە پێناوی بابەتەکانی ئەدەبدا، هەر ئەوە نییە کە کوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکەین، ئێمە بڕوامان وایە کە تاقی کردنەوەی کۆنە سەرکەوتووەکان هەمیشە پاڵپشتێك بوون بۆ رێ رەوەتازەکانی پاش خۆیان..) بڕوانەی (بانگەوازەکەی روانگە، گۆڤاری روانگە، ژ ١، ل ١٠) واتە، لەلای ئەوانیش هێڵێك هەبووە بۆ گەڕانەوە کە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکان بووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە هەرگیز هیچ گروپ و تاقمێك ناتوانی کولتوور رەشبکاتەوە.

٢. عبدالرقیب یوسف، ئامانجەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد، ل ٦

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ و ٤

٢-رۆشنبیرانی کورد بە گشتی هۆشیاری بایەخدان بە کەلەپووری پەرش و بڵاوی کوردییان تێدا لاوازە.

٣-سەرهەڵدانی تاقمێك رۆشنبیری کورد کە دژایەتی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی دەکات.

دروستبوونی کۆمەڵە و گروپ بۆ پارێزگاری لە کولتووری کوردی کارێکی پێویستە و لە ئێستاشدا لەلایەن رۆشنبیرانەوە کۆمەڵێك گۆڤار و بەرنامە هەن کە لە هەوڵی پاراستنی کولتووری کوردیدان، بەڵام پێویستە مافی کولتووری کورد بە یاسا رێکبخرێت و داکۆکی لیّ بکرێت.

## تەوەری دووەم/ کولتوور و ئەدەب

### أ- پەیوەندییەکانی کولتوور و ئەدەب:

کولتوور و ئەدەب لە رواڵەتدا دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام لە ناوەرۆکدا پەیوەندیی و تێکەڵاویان هەیە، سەرچاوەی پەیوەندییەکانیش ئەو کەرەسە و بابەتە هاوبەشانەی نێوانیانە.

کولتوور و ئەدەب لە لایەك هەڵقوڵاو و بەرهەمی کۆمەڵگان، واتە سەرەکیترین وێستگەی هاوبەشی نێوانیان کۆمەڵگایە. لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوانیان ئەم پەیوەندییانەش لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە بابەتە کولتووریەکان هەمیشە کەرەستەی خاوی بەردەستی ئەدەب بوونە و ئەدەبیش پارێزەری ئەو کەرەستانە بووە و کولتوور بەها مرۆڤایەتیەکان بەرجەستەی دەکات، ئەدەبیش یەکێك لە ئامانجەکانی جوانکردنی بەها مرۆڤایەتیەکانە. بەشێوەیەکی گشتی لە بابەتە کولتووریەکاندا ئیستاتیکا بەدی دەکرێ، ئەدەبیش پەروەردەی ئیستاتیکایە، واتە: ئاساییە ئەگەر کولتوور و ئەدەب پەیوەستی یەکتربن یاخود کار لەگەڵ یەکتریدا بکەن، چونکە زەمینەی هاوبەشی کاریان تێدا هەیە.

هەماهەنگی کاری نێوان ئەدەب و کولتوور و تێکەڵاوی نێوانیان لەژێر چەتری زانستی (ئەنتۆرپۆلۆژیا)* دا زیاتر چڕ دەبێتەوە و رووندەبێتەوە.

ئەنترۆپۆلۆژیا (زانستی لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی سروشتی و کۆمەلایەتی و ژیانی مرۆڤ و ئەم چەمکە لە دوو وشەی یۆنانیەوە داتاشراوە، کە بریتین لە: (Anthropos – مرۆڤ) و (Logas – زانست) و پێکەوە مانای زانستی مرۆڤ دەبەخشن)[1]، ئەو بابەتانەش کە ئەنترپۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکات بریتین لە [2]:

١. ئەنترپۆلۆژی سروشتی کە تۆماری بایەلۆژی مرۆڤە.

٢. زانستی ئارکیۆلۆژی کە پۆلینی پاشماوە مادديەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات.

٣.ئەنترپۆلۆژیای کۆمەلایەتی بریتیە لە دراسەکردنی کۆمەلایەتی بۆ بەها و یاسا و ئاکاری تایبەت بە مرۆڤ.

---

* ئەنتەرپۆلۆژیا بە پێی پێناسەی (کروپەر) ((بریتیە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە گروپە مرۆییەکان و رەفتار و بەرهەمەکانیان، کە لە بنچینەدا زانستێکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی مێژووی سرۆشتی چالاکی مرۆیی لە گشت رووەکانیەوە)) بۆیە ئەم زانستە فراوانە و دوو لقی سەرەکی لێدەبێتەوە ئەویش: ئەنترپۆلۆژیای سروشتی (Physical Anthropology) زانستی لێکۆڵینەوە لە رەچەڵەك و بایۆلۆژیای مرۆڤ و ئەنتروپۆلۆژیای کولتووریە، کە ئەمیش دەکرێت بە چەند کایەیەك لەوانە: ئیتنۆگرافیا (Ethnography ) مرۆڤناسی وەسفیە و تۆمارکردنی بابەتی کولتووری لە مەیدانی کاردا ئەرکی ئیتنۆگرافیایە، ئیتنۆلۆژیا (Ethnography) ش مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات وەك بوونەوەرێکی کولتووری و ئەنترپۆلۆژیایی کۆمەلایەتی دیراسەی دامەزراوە کۆمەلایەتیەکان دەکات و ئەنترۆپۆلۆژیای رۆشنبیری بەشێکی دیکەی ئەنترپۆلۆژیایە، کە پەیوەستە بە ئیپستمۆلۆژیاوە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و رۆشنبیری تاوتوێ دەکات و ئەنترۆپۆلۆژیای رەمزیش پەیوەستە بە زانستی هیرمۆنیتیکا و ئەدەبەوە بروانە: (د. ئیحسان محمد الحسن، ئینسکلۆپیدیای کۆمەلایەتی، ل ٦٠، ٥١١ هەروەها (عیادا بلال، انتروبولوجیا الادب – دراسە انتربولوجیە للسرد العربی، الروافد للنشر، القاهرە، ٢٠١١، ص٣٧ – ٤٢.))

١ . شاكر مصطفى سليم، قاموس الانتربولوجيا، ص٥٦.

٢ . دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ص٢٧.

به پێی ئەو بابەتانە بێت کە ئەنترۆپۆلۆژیا کاری لەسەر دەکات، ئەوا کولتوور سەرەکیترین کەرەسەی ئەنتریۆلۆژیایە و ((گەورەترین و فراوانترین لقی ئەنتروپۆلۆژیای تایبەت بە تۆژینەوەی کولتوور، ئەنتروپۆلۆژیای کولتووریە کەوا راستەوخۆ تویژینەوەی کولتوور و پێکهاتەکانی دەکات بەپێی بەکار هێنانی میتۆدێکی زانستیانە لەسەر بنەمای چەندان تیۆر و بۆچوونی جیاجیا ئەمەش لە چوارچێوە و ناوەوەی کۆمەڵگادا واتە لێکۆڵینەوە لە شێوازی ژیان و مرۆڤ و ئاکارەکانی بەو پێیەی ئەندامێکی کۆمەڵگەیەو خودی ئاکارەکانی رەنگدانەوەی ئەو کولتوورەیە کە لێوەی هاتووە))[1]هەوەها ئەدەبیش بەرهەمی مرۆڤ و کۆمەڵگایە، بۆیە ئاساییە وەکو بەهایەکی مرۆڤایەتی ئەنتریۆلۆژیا لێی بروانێ. هاوبەشی کاری ئەنترۆپۆلۆژیا و کولتوور و ئەدەب وەنەبێ بە پەرش و بڵاوی مابێتەوە بەڵکوو زاناکان هەوڵیان داوە لە نێوبازنەیەکدا گەمارۆیان بدەن و ئەویش بازنەی ئەنتریۆلۆژیای تەئویلی رەمزیییە. ئەنتریۆلۆژیای رەمزیی (بەشێکە یان جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەنتریۆلۆژیا و ئەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ بابەتە رۆشنبیریەکان دەکات وەکوو دیارەدەیەکی رەمزی)[2] یاخوود دەرکەوتێکە کە لەبنەرەتدا رەمز ئاسان.

ئەنتریۆلۆژیایی رەمزی توانی پێشکەوتن بەدەست بێنێ لە (دوورکەوتنەوە لەو بابەتە تەقلیدیە دووبارە بووانەی کە جۆرەکانی دیکەی ئەنتریۆلۆژیا خۆیان پێوە خەریك کردبوو، ئەم تیشکی خستە سەر هەندێك بابەتی گرنگی تایبەت بە کۆمەڵگا وەك زانستە میللیەکان و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگاکان و بۆچوونی خەڵك لە بارەی ژیان و شتەکانی دەوروبەریان و ئەو دەلالەتە رەمزیانەی کە لە پشت گۆڕانی باری روشنبیری خەڵك و گۆڕانی کەسایەتی تاکەکاندا هەیە و نائاگایی کۆ و ناسنامەی رۆشنبیری خەڵکی، هەروەها سەرکەوتوو بوو لەدانانی هەندێك بنەمای ئەدەبی بۆ نوسینە ئەنتریۆلۆژیەکان)[3].

زاناکان هەوڵیاندا کاری مرۆڤناسەکان لەکاری ئەدەبیەکان نزیك بکەنەوە دیارە ئەمەش بەهۆی هاوبەشی زەمینەی کارەکەیانە هەر بۆیە (ئیڤانس بیریتشارد)* مرۆڤناسی ئینگلیزی ئاماژە بە (پێویستی هەبوونی بەهرەی ئەدەبی لە لای مرۆڤناسەکان دەدات، دواتر (کلود لیڤی شتراوس)** لە

---

١. دیار عزیز شریف، ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، گ. رامان، ژ.٤٤، ٥ی شوبتی ٢٠٠٠، ل ٣٢.

٢ . عیاد ابلال، انثروبولوجیا الادب، ص ٤٧.

٣ . عیاد ابلال، انثروبولوجیا الادب، ص٥٥.

* سێر ئیدوارد ئیڤان بریشارد (Evan - Pritchard) یەکێکە لە مرۆڤناسە بریتانیە بەناوبانگەکان خاوەنی کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی وەسفیە دەربارەی کۆمەڵگاکانی افریقیا لەم بارەوە بەرهەمی زۆری هەیە لەوانە (وتار دەربارەی ئەنتریۆلۆژیای کۆمەلایەتی) (١٩٦٤) و (سیستەمی سیاسی ئەفریقی) (١٩٤٠) کە هاوبەش لەگەڵ نوسەرێکی دیکە نووسیویەتی. بروانە: جوردن مارشال، موسوعە علم الاجتماع، ت: احمد عبدالله الزاید واخرون، المجلس الاعلی للثقافة، مصر، ٢٠٠٠، ص ٢٥٦..

** کلود لیڤی شتراوس لە ساڵی ١٩٠٨ لە بەلجیکا هاتۆتە دنیاوە و لەساڵی ١٩٢٧ – ١٩٣٢ لە زانکۆی باریس بڕوانامەی لە یاسا و فەلسەفە هێناوە، دواتر شتراوس بایەخ بە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی دەدات و لە چەندین زانکۆ ئەم بابەتانەی گوتۆتەوە. خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی جۆراوجۆرە لە بواری ئەنتریۆلۆژیا و ئەفسانە و زانستی کۆمەڵناسیدا لەوانە: (نەژاد و مێژوو) ١٩٥٢ (لێکۆڵینەوەی بونیادگەری بۆ ئەفسانە) و (بازنە خەمناکەکان)١٩٥٥ و (ئەنتریۆلۆژیایای بونیاد گەری ) ١٩٥٨ و چەندین بەرگ لە کتێبی (ئەفسانەکان – اسطۆریات) و ... هتد. بروانە: ادموند لیش، کلودلیڤی شتراوس دراسە فکریە، ت: د. ثائر دیب، دار الفرقد للطباعة، دمشق، ٢٠١٠، ص١٢-١٥.

**کتێبی (المدارات الحزینه)* دا جەخت لەسەر گرنگی هەبوونی مەوهەبەی ئەدەبی لە لایەن مرۆڤناسەکان دەکات)[1]**

**نوسینەکانی ئەنترپۆلۆژیا لە بنەڕەتدا (نوسینێکە متوربەی خەیاڵە وەك چۆن ئەدەب نوسینێکە متوربەی خەیاڵە)[2] هەر لەبەر ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤناسیش هەڵگری بەهرەی ئەدەبی بێت، تاوەکوو بتوانێت کردەی وێناکردن بخاتە کار. بە گشتی ئەنترپۆلۆژیای رەمزی پشتی بەکۆمەڵێك تیۆر و میتۆدی ئەدەبی بەستووە لەوانە (بونیاتگەری و هیرمۆنتیکای و فینۆمینۆلۆژیایی و سیمۆلۆژیای و سیماتیکای )[3] لە رێگای ئەم تیۆرانەوە پەیامە ئەنترۆپۆلۆژیایی و پەیامە ئەدەبیەکەی دەق شیدەکاتەوە.**

**ئەوەی تێبینی دەکرێ لە نوسینەکانی مرۆڤناسەکان و کۆمەڵناسەکان بەتایبەتی گەر باسی مەیدانی کارکردن و وەسفی کۆمەڵگا دەکەن ئەوەیە کە نەفەسی رۆماننوسی تیا بە کار هاتووە . رۆمان و هەندێك جار چیرۆکیش پانتاییەکی فراوانە لەبەردەمی نوسەردا تاوەکوو کولتووری مرۆڤایەتی تیا وێنە بکات و بەهاکانی مرۆڤی تیادا شیبکاتەوە......هتد. بە هەمان شێوە نوسینەکانی قوتابخانەی ئەنترپۆلۆژیای رەمزیی تەئویلیش ئەو هەلەی زۆر بەفراوانی بۆ رەخساوە تاوەکوو دیاردە کولتووری و مرۆییەکان تۆماربکات. نزیکی نێوان هونەری رۆماننوسی و سروشتی نوسینی ئەنترپۆلۆژیایی وای کرد، کە (رۆمانی ئەنتەرپۆلۆژی ) دروست بێت، بەڵام زۆربەی رۆمانە ئەنترۆپۆلۆژیەکان (فۆرمی بایۆگرافی و یاداشتنامە وەردەگرن یاخوود وەکوو سەردێرێکی یادگاریەکان دێتە پیش چاو، کە بابەتەکانی لە ئەنجامی گەڕانی مەیدانی مرۆڤناسەکەوە بەدەستی هاتووە)[4] .**

**بەگشتی کاری مرۆڤناس مومارەسەکردنی ژیانە لەنێو ئەو کۆمەڵگایەی کە دراسەکەی تێدا ئەنجامدەدات و ئاشنابوونیەتی لەگەڵ کولتوور و رۆشنبیری ژیاری ئەو کۆمەڵگایە تائەو رادەیەی کە دەبێتە تاکێك لە تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایە و کۆکردنەوەی کەرستەکانی نێو کۆمەڵگاکەیە و پاشان ئەو کەرستانەی کۆکراونەتەوە رێکی دەخا و جا دەشێ باسی ئەزموونی خۆی بکات لەنێو کۆمەڵگاکە یاخود باسی خودی کۆمەڵگاکە بکات بەدەر لە تێکەڵکردنی خودی خۆیی لەنێو**

---

*** المدارات الحزینه یاخود المداران الحزینان Tristes Tropiques (بازنە خەمناکەکاان) ١٩٥٥ یەکێکە لە کتێبە گرنگ و بەناوبانگەکانی کلودلیڤی شتراوس، ئەم کتێبە وەکوو کتێبەکانی بایۆگرافی دێتە بەرچاو بەڵام بۆ مرۆڤناسەکان کەرەسەیەکی یەکجار زۆر بەسوودی تێدا بەدی دەکرێت خوێنەری ئاسایش هونەر و خەسڵەتە مرۆڤایەتیەکانی تێدا بەدی دەکات و هەوادارانی ئەدەب و رۆمان و شیعریش لایەنێکی پرشنگداری ئەم هونەرانەی تێدا دەبینن، واتە ئەم کتێبە فرە لایەنە و هەرئەمەش وای کردووە کە ببێتە جێگای بایەخی نووسەرە جۆراوجۆرەکان و خودی ئەم کتێبە و ئەو کەرەسە و بەسەرهاتانەی تێدا باس کراوە بریتیە لە پوختەی گەشتەکانی شتراوس لە نێوان ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٣٩ و سەرەتاکانی گەشتەکەی بۆ هند لە ١٩٥٠ بەدواوە . بروانە: کلودلیڤی شتراوس، المداریات الحزینە، ت: محمد صبح، دار کنعان للنشر، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٥ و ١٧.**

**١. عیاد ابلال، انثروبولوجیا الادب، ل ٥٦**

**٢. عیاد ابلال، انثروبولوجیا الادب، ل ٦٥٤**

**٣. عیاد ابلال، انثروبولوجیا الادب، ل ٤٧**

**٤. احمد ابوزید، الروایة الانثروبولوجیة بین الواقع الانتروبولوجي و الخیال الابداعي، عالم الفکر، ع ٣ و ٤، ١٩٩٥، ص ١٤١.**

بابەتەکە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پێویستی بە گێڕانەوە هەیە، بۆیە (نوسینی ئەنترۆپۆلۆژی بە فۆرمێك لە فۆرمەکانی چیرۆك دادەنرێت و دەبێت دەسپێکی رۆمانی تێدا بێت)[1] بەڵام مەرجنییە هەموو نوسینێکی ئەنترۆپۆلۆژی توانای ئەوەی هەبێت بەرز ببێتەوە بۆ ئاستی رۆمانێکی ئەدەبی، چونکە ئەدەب خاوەن خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی و گرنگترینیانی (خەیاڵی بەرهەمهێنە – الخيال الابداعی) و ناکرێ لەبەرهەمێکدا ئەم خەسڵەتانە نەبێ و ناوی ئەدەبی لێ بنرێت (شتراوس) لە کاتی نوسینی کتێبی (المدارات الحزينه) دا، (سەرەتا ویستوویەتی وەکو رۆمان بینوسێت، بەڵام پاش ئەوەی سی لاپەری لێ نوسیوە بەتەواوەتی قەناعەتی بە شیعریەت و ئەدەبیتەی نووسینەکەی خۆی نەهاتووە، بۆیە کتێبەکەی کردووە بە کتێبێکی ئەنترۆپۆلۆژی)[2] واتە: نوسینی ئەدەبی پێویستی بە خەسڵەتە شیعری و ئەدەبیەکانی خۆی هەیە بۆ ئەوەی فۆرمی خۆی جیابکاتەوە لە نوسینەکانی دیکە هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار جیاوازی لە نێوان نوسینی ئەنترۆپۆلۆژیی و رۆمان دەکرێت بەوەی کە (ئەنترۆپۆلۆژیا زانستی وردە و کۆمەڵێك پێوەر و بەها و میتۆد و یاسای تایبەتی خۆی هەیە بەڵام رۆمان فۆرمێکە لە فۆرمەکانی داهێنانی هوونەری کە خەیاڵ و سۆز و هەڵچوونە تاکە کەسەکانی تیادا بەشدار دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەم دوو بوارەدا ئەویش گرنگی دانی هەردووکیانە بە دووبارە درووستکردنەوەی جیهانی مرۆڤایەتی)[3].

ئەگەر بێینە سەر باسی خوودی کاری ئەدەبی کە کرۆکی باسەکەی ئێمەیە ئەوە کاری ئەدەبیش (لە بنچینەدا کردارێکی ئەنترۆپۆلۆژیی ئاڵۆزە وە ئەم کردارە ئاڵۆزە پێویستی بە هەنگاوێکی ئاڵۆز هەیە بۆ تێگەیشتن لێی، ئەم هانگاوەش هەنگاوی خوێندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی یە بۆ دەقی ئەدەبی کە پشت بە جۆراوجۆری هێما و رەمزەکان دەبەستێت بەوپێیەی کە هەر رەمزێك لەسەر بنەمای یەکێك لە کێڵگەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان بونیاد نراوە و هەریەکێکیان تەوزیف دەکرێت لە پێناو وەسف کردنی یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دەق و لەو رێگایەوە رەهندێکی مرۆڤایەتی شرۆڤە دەکرێت)[4] مەبەستمان لە خوێندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیایی بۆ ئەدەب ئەوەیە کە خوێندنەوەی دەق (لە نەسەقی ناوەوەی دەق دەست پێ بکات و بەرەو نەسەقی دەرەوەی دەق ئاراستە بکرێت و بە هەموو ئاستەکانی دروستبوونی دەقەکەدا تێپەر ببێت)[5] بێگومان ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەگەڵ هەموو دەقێکدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە بۆ ئەوەی باسی چۆنیەتی تەوزیفکردنی بەهاکانی مرۆڤ و کولتووریی مرۆڤایەتی بکەی لەنێو دەقێکدا ئەوا پێویستە خودی ئەو دەقە هەڵگری ئەو توخمانە بێت، کە خوێندنەوەکە پێویستی پێیەتی، جا زۆرجار لە داستان یاخود رۆمانە مێژوویەکان و

١. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩

٢. عياد ابلال، انثروبولوجيا الادب، ص٧٧، وەرگیراوە لە: كلودليفي ستراوس، من قريب و بعيد (الدوائر الباردة) حوارت مع ديديية اريبون، ت: مازن حمدان، دار الكنعان،دمشق، ٢٠٠٠، ص٥٣.

٣. احمد ابوزيد، الرواية الانثروبولوجية بين الواقع الاتروبولوجي و الخيال الابداعي، ص ١٣٥..

٤. عياد ابلال، انثروبولوجيا الادب،ص ١٢٢.

٥. عياد ابلال، انثروبولوجيا الادب،ص ١١٨.

**رۆمانە واقیعیەکاندا زیاتر باس لە کولتوور و داب و نەریت و وردەکاری ژیانی کۆمەڵگای تێدا دەکرێت وە دەشێ خوێندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ بکرێت، بەڵام لەم باسەدا کار لەسەر رۆمان ناکەین بەڵکو خوێندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیی بۆ چۆنیەتی تەوزیفکردنی دیاردە کولتووریەکان لە مەم و زینی خانی دا دەکەین بەو پێیەی داستانی مەم و زین ئەو هەڵومەرجەی تێدا داین دەبێت کە وەکوو تۆمارێکی کولتووریی تەماشابکرێت و هەروەها کولتوور بەشداری لە دروستبوونی بونیادی شیعری داستانەکە دەکات واتە: وەزیفەیەکی ئیستاتیکی دەبینێت لەنێو پێکهاتەی داستانەکەدا.**

**شیکردنەوەی کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژیانە بۆ دەقێکی ئەدەبی کۆمەلێك ئەرك و ئامانجی تێدایە، مەبەست لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا بە پلەی یەکەم (گەرانەوەی بەهای مرۆڤایەتی و مەعریفیە (انتربوثقافی)ی بۆ دەق)[1] هەروەها (هەڵسەنگاندنی دەق و رەخنەگرتنە، توێژەر پاش خوێندنەوەی دەقەکە و خاوەنەکەی بەهای ئەدەبی دەق دەستنیشان دەکات لە رووی هوونەری و تەکنیکی و کۆمەڵایەتیەوە)[2]، خوێندنەوەی کولتووری بۆ دەق بوار فەراهەم دەکات تاوەکوو چۆنیەتی تەوزیفکردنی دیاردە کولتووریەکان وەك کردیەکی هونەری لەنێو دەقدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و ئەو رەهندەی کە بەخشیویەتی بە دەقەکە شرۆڤە بکرێت.**

**بێگومان دیاردە کولتووریەکان پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە و زۆرجاریش ئەم دیاردانە لەدەقی ئەدەبیدا کەم تا زۆر بەرجەستە دەبن و نووسەری ئەدەبی جا نووسەری داستان بێت یا رۆمان بێت یا شیعر لە توانای داهەیە ئەو کولتوورەی تێیدا دەژیت لێی تێبگات و شیبکاتەوە و زۆرجاریش لە خودی مرۆڤناس و کۆمەڵناسەکانیش زیاتر و باشتر لە واقیعی کۆمەڵگاکەیان دەگەن[*]، دواتر ئەو دیاردانەی نێو کۆمەڵگا و بەهاکانی مرۆڤ لەنێو خەیاڵی ابداعی نووسەری ئەدەبیدا بەکار دەخرێت و لە نێو دەقەکەیدا رەنگدەداتەوە. بەکورتی کولتوور سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی نوسینی ئەدەبی هەروەك چۆن کە نەفەسی نوسینی ئەدەبیش پانتاییەکە کە کولتووریی پێ تۆمار دەکرێت واتە پەیوەندیەکی گرێدراو هەیە لە نێوانیاندا.**

---

1. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.
2. عزالدین دیاب، التحلیل الانتروبولوجي للادب العربي، الروایة السوریة نموذجا، ط١، اتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠١٠، ص٦٩.

* رۆمانی (رۆژ لەسەدەیەك درێژتر دەبێتەوە)ی رۆماننوسی روسی (جەنگیز ئیتماتۆف) باسی جیاوازی و ناکۆکی دژایەتیە کۆمەلایەتیەکانی روسیای بەر لە رووخانی یەکێتی سۆڤیەتمان بۆدەکات بە شێوەیك کە هیچ توێژەرێکی کەمەلایەتی سیاسی ژیر و دانایش ناتوانێت بەو جۆرە بینوسێت و باسی بکات بروانە: د سەمیر ابراهیم، کولتور و کۆمەڵگا، ل ١٥٩ .

## ب–کولتوور و ئەدەبی کوردی

ئەدەب پەیامی مرۆڤایەتی نەتەوەیە و کولتووریش ناسنامەی نەتەوەیە و زۆرجار لە ڕێگای ئەدەبیاتی میللەتانەوە کولتووری نەتەوایەتی پیشاندراوە و ناسێندراوە و پارێزراوە. بەشێکی زۆری نەتەوە جیاوازەکان ((یەکەمین جار لەڕێگای شیعرەوە خۆیان وەك بوونێکی جیاوازی ئیتنیکی و کولتووری دەرخستوە، بۆنموونە دوای ئەوەی عەرەبەکان لەسەدەی حەوتەمدا ئیمپراتۆریەتی ساسانیان روخاند زمانی کۆنی ئێرانی بەتەواوەتی جێگەی بۆ زمانی عەرەبی چۆڵ کردو نزیکەی (دوو سەدەیەك) دواتر ئێرانیەکان بوونی بەجیا هەڵکەوتووی کولتووریی خۆیان لەڕێگەی شیعرەوە دەرخستووە، لە ئەوروپادا زمانی لاتینی تا چەند سەد ساڵ دوای سەدەکانی ناوەراست زمانی نوسینی بابەتی فەلسەفی و ئاینی و فەلەکناسی و زانست بوو، سەرەتا گەلانی ئەوروپا لەڕێگەی شیعرەوە زمانی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، تایبەتمەندی کولتووری خۆیان دەرخستەوە و ئەمەش دواتر زەمینەی بۆ خۆناسین و هۆشیاری نەتەوە رەخساند))[1] زمان و ئەدەبی کوردیش ئەرکی پاراستن و ژیانەوەی کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتیان گرتۆتە ئەستۆ، هەمیشە زمانی شیعری کوردی لە ململانێ دابووە بەرامبەر بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەمەبەستی خۆ پاراستن و مانەوە و هەمیشە زمانی شیعری کوردی لە سەردەمە جیاوازەکاندا توانیویەتی تاڕادەیەك ناسنامە و مۆرکی کوردایەتی خۆی بپارێزی ئەگەرچی زۆر جاریش ووشەی بێگانە زمانەکەیان تەنیوە بەلاّم تامە کوردیەکەی خۆی هەر پێوە ماوە.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە، ئەوا دەبینین، کە ((مێژووی ئەدەبی کوردی بریتی یە لە مێژووی قسەی جوانی کوردی، ئەو قسە جوانە بەشێك لە کولتوور و شارستانیەت و مەدەنیەتی نەتەوایەتی دروست دەکات))[2]، لە کۆنەوە زمانی شیعر و پەخشانی کوردی پارێزەری بیر و باوەڕی کوردی بووە تەنانەت لەنێو ئاینیشدا شیعر رەنگی داوەتەوە، گاتاکانی زەردەشت[*] یان سرودە ئاینیەکانی زەردەشت تۆماری بیر و بۆچوونەکانی ئەو سەردەمەی مرۆڤ دەکات، ((گاتاکان و هەندێ لەبەشەکانی ( یەشت ) بە شیعر نووسراوەتەوە، شیعری ئاڤێستا لەسەر کێشی ( پەنجە، کەرەت، بڕگە، سیلاب ) دامەزراوە و ئەم کێشانە کێشی فۆلکلۆری خۆماڵین و لەشیعری نووسراوی کوردی کۆن و تازەش دادەبینرێت))[3][**] بەو پێیە بێ، گاتاکان توانیویەتی کەلتوور و

---

١ . رەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالین، ل٤٠.

٢ . مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠١١، ل ١٥٦

* . بەشی یەکەمی کتێبی (ئاڤێستا)ی زەردەشت (یەسنایە) ئەم بەشە لە ٧٢ فەسڵ پێك هاتووە، ١٧ فەسڵی بەگاتا ناسراوە، گاتاکان بە شیعر دانراوون و ناوە ناوە پەخشانیان تێدا تێك هەڵکێش کراوە، زەردەشتیەکان دەڵێن ئەمە قسەی زەردەشت خۆیەتی. ئەم گاتایانە لە پێنج بەش پێك دێن و بریتین لە ٢٣٨ پارچە شیعر. بڕوانە د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی،ب١، ل١٤٩.

٣ مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی،ب١، ل ١٥٠ .

** شایەنی ئاماژە پێکردنە کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان زمانی ئاڤێستایی بەزمانی کۆنی کوردی دەژمێرن، بەلاّم هەندێکیشیان گومانیان لەو بابەتە هەیە.

موسیقای شیعری کوردی کۆن بپارێزێت، کتێبی ئاینی یارسانەکان (( سەرنجام )) [*] یش لەرێگای شیعرەوە رێورەسم و داب و نەریتی ئاینی یاراسانەکان دەپارێزێ، ئەمە جگە لە پاراستنی شێوەزاری گۆرانی، ئەگەر چاو بە شیعرەکانی شاعێرانی یارسانیش بخشێنین دەبینین زۆربەی شیعرەکانیان لەبابەت سۆفیزم و بوون و یەکێتی بوون و چیرۆکی پیر و پیاو چاکانی خۆیانەوەیە، واتا کەم تا زۆر لە رێگای ئەو شیعرانەوە کولتووری بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەمان بۆ تۆمارکراوە، بەهەمان شێوە (بابا تاهیر) یش لەرێگای شیعرەکانیەوە توانیویەتی زمان وەك دیاردەیەکی ناوچەیی و نەتەوەیی بپارێزێت و هونەرمەنادانە لە لایەکەوە توانیویەتی کێشەیەك بۆ میللەتی فارس و کورد دروست بکات تاکوو لەهەوڵی یەکلاکردنەوەی سنوری زمانەکانیان بن و لەلایەکی دیکەوەش تایبەتمەندی شێوەزاری لوڕی زمانی کوردی پاراستوە.

ئەدەبی سەرزارەکی و ئەدەبی میللیش بێگومان سەرچاوەیەکی بەپیتی دیکەن بۆ لێکۆلینەوە کولتوریەکان هەروەها (( ئەدەبی نەنووسراو بوو بەسەرچاوەیێکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەم ئەدەبە لەناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقولاوە، گەلێ لە بەرهەمە گەورەو مەزنەکانی گێتی ئەدەبی نەنوسراوبوون لە پاشانا بوون بە ئەدەبی نووسراوو))[1] بەکورتی شیعر و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی پارێزەری کولتووری رۆشنبیری و ئەدەبی میللەتی کوردن، (( چیرۆکی کوردی ئاوێنەیە کە بۆ پلە و پایەی بەرزی نەتەوەکەمان لەبارەی کۆمەڵایەتی وخووخدوەو رەوشتەوە))[2] لەپاڵ چیرۆکیشدا شیعری فۆڵکلۆری و داستان و بەیت و حکایەت و ئەفسانەش رۆڵی ئەو ئاوێنەیە دەبینن، کە کەلتوویی گەلمان بۆ دەگوازێتەوە و سەرچاوەی هەڵقولاٌنی ئیلهامی شیعری شاعیرانی کورد پێك دێنن .

لەمێژووی سیاسی کوردستاندا کۆمەڵێك هەڵبەز و دابەز هەیە و لەگەڵ دروستبوونی هەر میرنشینێکی کوردیشدا، ئەوا ناوچەی ئەو میرنشینیە تاڕادەیەك بوژاوەتەوە چ لەرووی کولتووری یان ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیانەوە بێت، ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەش، کە لەو سەردەمانەوە پێمان گەیشتوون بەڵگەن لەسەر ڕۆڵی ئەدەب لە پاراستنی کولتوودا، ( بۆتان، ئەردەلان، سۆران، بابان ) و هەموو ناوچە دەسەلاٌتدارییەکانی کورد، کە لە مێژوودا پەیدابوون و ئەگەرچی لەناویش چوون، بەلاٌم بەرهەمەکانیان تائێستا سود دەگەیەنێت بە مێژووی نەتەوەیی و کولتووری میللەتی کورد و گرنگترین ئەو سوودانەش، کە لەمیرنشینەکانەوە پێمان گەیشتووە و تائەمرۆ سوودی لێ دەبینین (( ئەوەیە کە ئەم زمانە ئەدەبی یە یەکگرتووەی ئەمرۆی کورد پێ ی دەنووسێ، میراتی

* سەرەنجام ناوی دەفتەرێکی بەناوبانگە لە دەفتەرەکانی یارسانان، ئەم دەفتەرە بە پەخشان دەست پێدەکات و بە شیعر دوایی دێ، بە دیالیکتی گۆرانی ی زمانی کوردی نووسراوەتەوە و یارسانەکان سەرەنجام بە بەرهەمی سوڵتان سەهاك ناودەبەن و ماشەللاٌ سووری ناوی سەرەنجامی ناوە (سرروودی ئاینی یارسان ). بڕوانە، د. مارف خەزنەدار، مێژوویی ئەدەبی کوردی، ب ١، ل، ٢٢٨ – ٢٢٩

١. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی،ب١، ل ١٥٨ .

٢. سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٣.

میرنشینی بابانە ))[1] بێگومان لەم بوارەشدا ناکرێ ڕۆڵی ( نالی ) و شاعێرانی هاوچەرخی ( نالی) لەبیربکرێت، چونکە خامەی ئەوان زمان و کەلتووریان پاراستووە .

کەلتوور و ئەدەبی کوردی پەیوەندیەکی دوو جەمسەریان لەنێواندا هەیە، چونکە ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی بەهەموو بەشەکانیەوە توانیبێتی کولتووری کوردی بپارێزێت، ئەوا کولتووریش سەرچاوەیەکی بەپیت بووە بۆ ئەدەبیاتی کورد و درێغی نەکردووە لە ئیلهام بەخشین بەشاعێرانمان و بوون بە کەرەستەی شیعرەکانیان. بۆ نموونە (( بەشێك لەو ڕۆشنبیرییەی شاعێرانی کورد لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لەسامانی کولتووری و فۆلکلۆر و بەتایبەتیش ئەدەبیاتی گۆرانی ))[2] * واتا سامانی کولتووری و ڕۆشنبیری میللەت هەمیشە ژێرخانێکی بەسوود بوونە بۆ شاعێرانی نوێی گەل بەتایبەتی بۆ شاعیرانی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم ودووەمی جیهانی، بۆ نموونە (شێخ نوری شێخ صالح) نموونەی ئەو شاعیرانەیە کە لەو سەردەمەدا سوودی لە کولتوور وفۆلکلۆری کوردی بینیوە بەتایبەتی لە بە کارهێنانی کێشی بڕگەیی وسەروایی مەسنەویی و...هتد.

بەگشتی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر جار سامانی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆری بوونە بەسەرچاوەی بەپیتی ئەدەبیات و شاعیران، جا بەرهەمە فۆلکلۆیەکە بەرهەمێکی هاوبەش بێت لەنێو گەلانی ڕۆژهەلاتدا یاخود بەرهەمێکی ڕەسەن و تایبەت بێت بە میللەتی کوردەوە، بۆ نموونە لای ( ئەڵماس خانی گەندووڵەیی ) ( ١٧٠٢ – ١٧٧٦ ) حەکایەتی فۆلکلۆری خورشید و خاوەر و شیرین و فەرهاد یان شیرین و خوسرەو سەرچاوەن بۆ خامەی شاعیر، لەلای ( خانای قوبادی ) ( ١٧٠٤ – ١٧٧٨ ) ( شیرن و خوسرەو ) کە (( لەبنج و بناواندا ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە لەحکایەتی میللی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات وەرگیراوە ))[3]دەبێتە بابەتی شیعری شاعیر، ( فەقێ تەیران )، ( ١٥٦٣ – ١٦٤١ )، ( شێخی سەنعان ) و (زەمبیل فرۆش )، دەبنە سەرچاوەی شیعری ئەو و... هتد .، بەڵام گەنجینەی بەپیتی ئەو جۆرە بەرهەمانە ( مەم و زینی )، ( ئەحمەدی خانی ) یە، کە تام وچێژی فۆلکلۆر لەگەڵ جوانی و توانای ئەدەبییەت و شیعریەتی شاعیر بەیەکەوە بەرجەستە دەکات و ئێمە لەم باسەدا کار لەسەر ئەم بەرهەمە دەکەین و لە کورتکراوەیەکدا ژیانی (ئەحمەدی خانی) دەخینە ڕوو.

---

١. کاوس قەفتان، ( بابان، سۆران، بۆتان )، چاپخانەی حوادث، بغداد،١٩٥٨،ل٢١

٢. یادگار ڕەسول باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣، ل ٣٣ .

* شاعێرانی نوێ ی کورد لەروانگەی جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ کولتووری کوردیدا دەکەن، بۆ نموونە دەشێ شاعیر بەرهەمە میللیەکان وەك خۆی لەنێو شیعردا تەوزیف بکات یاخود بەکارهێنانی کولتوور وەك دەمامك کە شاعیر لێرەدا کەسایەتیەکی مێژوویی و کولتووری هەڵدەبژێریت و خۆی لەپشت ئەو دەمامکەوە دەشاریتەوە، یان شاعیر کولتوور بەکاردێنێت وەك ئاوێنەیەك کە خۆی و مەسەلەیەکی هەنووکەیی تیادا ببینێتەوە بڕوانە، د . نافع ئاکرەیی، کەلەپور لە شیعری کوردی هاوچەرخ دا، نووسەری کورد، ژ . ٢، ئابی، ١٩٨٥.، ل٥٤ –٥٥

٣ . مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٢، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٨١ .

**-لەبارەی (خانی یە) وە:**

**( ئەحمەدی خانی )، یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی کورد کە لەساڵی ( ١٠٦١ ك (١٦٥٠ – ١٦٥١ ز ) هاتۆتە دنیاوە وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە .**

**لەورا کو دەما ژ غەیب فەك بوو**

**تەئریخ هەزار و شێست و یەك بوو ل ٢٥٧.**

**خانی هێشتا نەگەیشتووەتە تەمەنی (٦) ساڵی، باوکی کۆچی دوایی دەکات و براکەی سەرپەرشتی دەخاتە ئەستۆی، ئەحمەد ( کوری ئیلیاسی کوری رۆستەم ) ە، گولنیار دایکیتی و مەلا قاسم و پەری و گولیزەر و کەتان براو خوشکی شاعیرن، ئەم خانەوادەیە سەر بە عەشیرەتی (خانی)ین ولە ناوچەی (چەلی) کە ناوچەیەکی سنووریە لەنێوان تورکیا و عێراق و سەر بە شاری جۆلەمێرگە ژیاون، گوایە خانەوادەکەی خانی یەکێك بووە لە خانەوادە زانستی و دەسەڵاتدار و خانەدانەکان، کە جێگای رێزی ئەو ناوچەیە بوونە، ئەگەر چی خانی خۆی دەڵێت:**

**ئەز پیلە وەرم نە گەوهەریمە***

**خود رستەمە ئەز نەپەروەریمە**

**کورمانجمییە و کوهی و کەناری**

**ڤان چەند خەبەرێ د کوردەواری... ل ٥٤**

**بەپێی لێکدانەوەی د. عزالدین مستەفا رەسول بێت ئەم گوتەیەو چەندین گوتەی دیکەی خانی، نیشانەن بۆ (( بنەچەی کۆمەلأیەتی شاعیر زیاد لەوەی سۆزێك بێت لەبەرەو ژوورەوە لەگەڵ هەژاراندا))[1]. بەڕای ئێمە مەبەستی خانی زیاتر لەوەدایە، کە بڵێ من ئەرستۆکراتی نیم و بەو شێوەیە پەروەردە نەبوومە، بەڵام ئاساییە ئەگەر لەبنەچە و لە رەچەڵەکدا خانەوادەکەشی دەسەڵاتدار بووبن و بەپێی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی بارودۆخ لە سەردەمی خانی دا ئەو دەستەڵاتدارییەیان نەمابێت، چونکە وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە خانەوادەکەی خانی لە قەڵای (زێرپناك) نیشتەجێبوون و سەرکردایەتیان دەکرد بەڵام پاش لەشکرکێشی سەفەویەکان بە سەرۆکایەتی ( شاه تەهماسب ) قەڵاکە و سەرکردایەتیەکەیان لە دەست دەچێت و دوور دەخرێنەوە وە بۆ ناوچەی بایەزید و لەقەڵای ( دۆزە سور) نیشتەجێ دەبن و پاشان لەوێش جێگیر نابن و دەچنە شاری بایەزید و لێرەدا ئێمە دێینە سەر باسی ( خانی ) لەبایەزید، دەگوترێ ( خانی ) لەبایەزید پەیوەندیەکی پتەوی دەبێت لەگەڵ میری ئەوێ (( محمد بەگ )) و بۆ ماوەیەك کە**

---

* لەلای هژار (گەوهەویمە ) نوسراوە بەلأم پێ دەچێ هەڵەی چاپ بێت، چونکە لە هەموو سەرچاوەکانی دیکەی مەم وزیندا (گەوهەریمە) یە, بەم شێوەیەش مانا دەبەخشێ.هەروەها لە نوسخەکەی هەژار نوسراوە (خەبەرێد کوردەواری)، بەلام راستەکەی (خەبەرێ د کوردەواری)یە بڕوانە:عەزیزێ کوڕی شیرباریێ مامزێدی، مەم وزینا ئەحمەدێ خانی ، بەرهەڤکرنا تەحسین ابراهیم دۆسکی،سپیرێز،دهۆك،٢٠٠٨،ل٦٧، لەتەواوی ئەو دەقانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا بەکارهاتوون ئەو وشانەی کە لەنێوان کەوانە دانراوە لە نوسخەکەی (عەزیزێ شیرباریێ) و(جان دۆست)ەوە وەرگیراوە ولەبەر ئەوەی پێمان دروستترە دەقەکەی هەژارمان پێ ڕاست کردوەتەوە.

١. عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٦.

نەزانراوە چەندی خایاندووە* ، خانی وەکوو کاتب لەدیوانی میر کار دەکات، ناوبراو شارەزایی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی بووە و خوێندنی حوجرەی تەواوکردووە و مزگەوت و قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ دەرس گوتنەوە بە قوتابیان لە بایەزید دروست دەکات و هەر لەنزیکی مزگەوتەکەیدا دەنێژرێت، لەبارەی کۆچی خانیشەوە زۆربەی سەچاوەکان پشت بە لێکدانەوەی رستەی ( طار خانی الی ربه ) دەبەستن و بەپێی ئەمەش (عەلائەددین سەجادی) ساڵی ( ١٧٠٦ – ١٧٠٧ ) بۆ کۆچی خانی دادەنێت، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکەی ( عبدالله ڤارلی ) بێت ( ١٧٠٩ – ١٧١٠ ) دەکات و نووسەر ( محمد انور علی ) ساڵی ( ١٧٣٦ – ١٧٣٧ ) بۆ کۆچی دوایی خانی ئەژمار دەکات ... هتد . **ئەحمەدی خانی خاوەنی بەرهەمەکانی ( نەوبەهارا (بچووکان یان زارۆکان) ) و ( عەقیدە ئیمانی ) و ( داستانی مەم و زین ) و ( دیوانی شیعر)ە ***کرۆکی باسەکەی ئێمە لێرەدا داستان یان تراژیدیای ( مەم و زین ) ە، ئێمە دەڵێین داستان چونکە لەمەم و زین دا خەسڵەتەکانی داستان بەدی دەکرێت بەهەمان شێوەش یاساکانی نووسینی تراژیدییایەکی ئەرستویش بەدی دەکرێت، بۆیە هەردوو ناوی بۆ بەکاردێنین، ئەگەر چی (د . کمال میراودەلی ) پێی وایە، (( خانی شارەزای هونەری تراژیدی یونانیش بووە و بەئاشکرا دیارە چیرۆکی مەم و زین وەك درامایەکی تراژیدی نووسیوە نەك وەك داستان یان ئیپیك ))[١] **** ، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەحمەدی خانی لە ( مەم و زین ) دا تەنها بەلاسایکردنەوەی درامایی تراژیدی یۆنانی رانەوەستاوە، بەڵکو یاساکانی تراژیدیای یۆنانی لەنێو ململانێکانی داستانێکی رۆژهەڵاتی تواندوەتەوە و خواستە فیکری و دەروونیەکانی ( خانی ) تیایدا بەرجەستە کردووە، هەر لەبارەی ژانری(مەم وزین)ەوە بەرای (د.عزیزگەردی)، ((خانی ژانری (مەسنەوی) هەڵبژاردووە، ئەویش چونکە مەسنەوییەکی زۆری رۆژهەڵاتی(فارسی) لەبەردەستابوو و بە وردی ئاگاداری هونەرەکە

---

* بەپێی هەندێك بیر ورا (میر(محمد) لە ساڵی (١٦٧١) (خانی)وەکوو کاتب لەدیواندا دادەمەزرێنیٚ وخانی لەم پیشەیەدا تا ساڵی (١٦٨١)بەردەوام دەبیت). بروانە: فاضل کریم احمد(ماموستا جعفر)، تأريخ الفكرالكردي، ت.د.بندرعلي مندلاوي، اكاديمية التوعية وتاهيل الكرد(ي ن ك)، سليمانية،٢٠١١،ص١٧٥

** بەمەبەستی ساغ کردنەوە و وردبوونەوە لەو زانیاریانەی کە لەبارەی ژیانی خانیەوە لەسەرەوە باس کراون دەکرێت بگەرێینەوە بۆ سەرچاوەکانی، د . عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی، هەروەها تحسين ابراهيم دۆسکی، جواهير المعاني في شرح ديوان احمد خاني، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٥، محمد انور علي، احمد خاني فلسفه التصوف في ديوانه مەم و زین، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٧

*** لە هەندێك سەرچاوە دا زۆر جار بەرهەمەکانی یوسف و زولیخا و لیلی و مەجنوون، بەیتی سەیسبان دەدرێنە پاڵ خانی، لە راستیدا یوسف و زولیخا بەرهەمی ( سەلیم بن سلیمانی هیزانی ) یەو لیلی و مجنوون بەرهەمی ( حارث بەدلیسی ) یەو بەهەڵە دراوەتە پاڵ خانی و بەیتی ( سەیسبان ) ش هەندێك ( خالید زێباری ) و هەندێك ( فەقی تەیران ) بەخاوەنی دەزانن، بروانە، تحسين ابراهيم دوسكي، جواهر المعاني في شرح ديوان احمد خاني، ل ٣٦، ٣٧ .

١. کمال میراودەلی، خانی وپرۆژەی دامەزراندنی نەتەوەیی ' لەسایتی:-
http:/www.dengekan.info/dengakan/literature/12581.html?

**** دکتۆر کەمال میراودەلی لەسەر بنەرەتی مەم و زینی ئەحمەدی خانی ( شۆرشی عیشق ) ی بەرهەم هێناوە، کەبریتیە لەسیناریۆیەکی شانۆیی یا درامی بۆ چیرۆکی مەم و زین، لەساڵی ( ٢٠١٢ ) بڵاوبووەتەوە.

بووه))[١].(مەم وزین) داستانێکە لەقالبدا مەسنەوییە وبەدیمەن وگرتەکاندا تراژیدیایە، واتە هەرسێ ژانەر لە یەك بابەتدا کۆبوونەتەوە.

بێگومان دانەری ( مەم و زین ) شاعیرێکی بەتوانا ولێهاتووە و(مەم وزین)ی تەنها لەبەر چێژی ئەدەبی نەنووسیوە، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا کاریگەری ژیاننامەی شاعیر و زەمینە و مێژووی میللەتەکەی پاڵنەری هەڵقووڵانی سەلیقەی شیعری ( خانی ) ین، ( محمد ئەمین زەکی بەگ ) دەڵێ (( ئەحمەدی خانی لەمفاخیری ئودەبای عەصری یانزەمینی هیجرییە، داستانی مەم و زین و لوغاتی نەوبەهاری کەدوو ئەسەری لایمووتن بۆ ئەحفادی بەجێ هێشتووە لەهەموو ئەشعاریدا زەوقی ئەدەبی و میللی خۆی ئیظهار کردووە داستانەکەی لە ١٢٣٨ رۆمیدا لە ئەستاموول تەبع کراوە و بە لەهجەی حەکاری نووسیویەتی ))[٢] ، خانی و مەم وزین جێگای شانازی میللەت بوونە و توانیویانە سنووری نەتەوەکەیان ببەزین، پەل بهاوێژن بو نێو زمانەکانی نەتەوەکانی دیکەو ئەدەبی کوردی بناسێنن.

ئەحمەدی خانی ئاگاداری میللەتەکەی بووە و شارەزایی رووداوەکانی پێش سەردەمەکەی خۆشی بووە، چونکە کاتێك کە خانی گەورە دەبێت و دەگاتە ئاستی تێگەیشتن لە ژیان، هێشتا زامی (قەلآی دم دم ) و شەڕی ( چالدێران) و (ئیتفاقیەتی قەسری شیرین) و روخانی ئیماراتی ( بەتلیس)[*] لەنێو دەروونی کوردەکاندا سارێژ نەبوو بوو، خانی ئازاری ئەم بەسەرهاتانە لەرێگای پیشینەکانی خۆیەوە دەبیستێت، بویە بیر لەدانانی پرۆژەیەکی نەتەوایەتی دەکاتەوە کە لەهەمان کاتدا هەڵەکانی میللەتەکەی تیایدا دەستنیشان بکات و چارەسەریشیان بۆ بدۆزێتەوە، جگە لەو بارودۆخە مێژووی و سیاسییەی خانی تیایدا ژیاوە و درکی پێ کردووە، شاعیر بەدەرنەبووە لە کاریگەری ئەو بەرهەمانەی، کە پێش خۆی نووسراون و ئەو لەسەر پلیکانەکانی ئەو بەرهەمانەوە سەرکەوتووە و گەیشتووە بە لووتکە. جا ئەگەر بەرهەمەکە بەرهەمی زمانی کوردی بێت یان بەرهەمەی نەتەوەکانی هاوسنوری کوردی بن، خانی (مەلای جزیری و علی حەریری و فەقێ تەیران ) بەپێشەوای شاعیرانی میللەتیان دەزانێ و بەدەر لە کاریگەری ئەم شاعیرانەش لەسەر خانی، خانی ئامانجی نەتەوەیی و کولتووری هەبووە لەپشت نووسینەوەی ( مەم و زین ) دا لەم کارەشدا کەم و زۆر کاریگەری ( شەرەفنامە) ی شەرەفخانی بەدلیسی لەسەر بووە ( ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان هەردوو کتێبی ( شەرەفنامە و مەم و زین ) ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو نووسەر یەك ئامانجیان هەبووە لەنووسینی بابەتەکانیان ئەویش ژیانەوەی مێژوو و کولتووری کوردە، کە لەژێر هێرشی لەناوچووندایە، بەڵام لەگەڵ ئەو پێکچوونەی کە لە نێوان هەردوو بەرهەمەکەدا هەیە،

---

١. عەزیز گەردی،Romeo and Juliet and Mam and Zin(a comparative study)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٩،ل١٦٠

٢ . سدیق سالح، سەرجەمی بەرهەمی محمد ئەمین زەکی بەگ، ب ١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥ .١٩٨

* کاتێك والی بەغدا ( احمد پاشا ) هێرش دەکاتە سەر ئیماراتی بەتلیس و لەناوی دەبات و تالآنی دەکات، ئەحمەدی خانی ٤ سالآن دەبێت بڕوانە، جان دوست، احمد خانی مەم و زین، دارالزمان، دمشق، ٢٠٠٨،ل١٩

جیاوازیەکی بنەڕەتی گەورەش لەنێوانیان هەیە، جیاوازییەکە لەوەدایە کە شەرەفنامە مێژووی دەسەڵاتداران و خانەدانانی کوردی پاراستووە و تۆمارکردووە، بەڵام مەبەستی خانی پیرۆزتر بووە، چونکە ماندووبوونەکەی وەك خۆی دەڵێ ( ژ بو عامی ) بووە )[1] واتا بۆ تەواویی خەڵکی رەش و رووتی میللەت بووە هەر لەبەر ئەوەشە کە، د. میراودەلی دەڵێ (( ئێمە بەچل ملیۆن کورد تاقە خانی یەکمان هەیە و تاقە مەم و زینێکمان هەیە کە بناغەی زمان و ئەدەب و کولتوور و دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ داناوین ))[2].

هەر لەبارەی سەرچاوە ئەدەبیەکانی ( خانی ) یەوە (( باسیلی نیکیتین ))[*] (خانی) بە(فیردۆسی) کورد داناوە و باسی کاریگەری ( مەولانە جەلالەدین رۆمی ) دەکا لەسەر ئەحمەدی خانی و ئەو پێی وایە کە (( ئەحمەدی خانی شیعرەکانی مەولانایی بە نموونە و پێشڕەوی شیعرەکانی خۆی دانانەوە))[3]. بێگومان شاعیرێکی گەورەی وەك خانی ناکرێ ( مەولانا ) ی نەناسیبێت، بۆیە ئەگەر کاریگەریشی هەبێت ئاساییە، هەروەها کاریگەری لە نێوان ( یوسف و زولیخا ) ی ( سەلیمی سلیمان ) و ( مەم و زینی خانی ) یش هەیە، بەڵام جێگای سەرنجە چونکە بەپێی بیرو بۆچوونەکانی رۆژهەڵاتناسان و زانای کوردۆلۆژی ( م . ب رودینکۆ) بێت ( یوسف و زولێخا ) ی ( سەلیمی سلیمان ) کە لە سەدەی شانزەیەمدا ژیاوە کاریگەری لەمەم و زینی ئەحمەدی خانی کردووە، ئەو پێی وایە (( ئەم بەرهەمە ( یوسف و زولێخا ) و هی تر کەش و هەوای هەڵکەوتنی رابەری شیعری کوردیی سەدەکانی ناوەراست، ئەحمەدی خانیان رەخساندوە ))[4] بەڵام ( جان دوست ) لەکتێبەکەیدا ( احمد خانی ) باسی کاریگەری ( مەم و زین ) دەکات لەسەر ( یوسف و زولێخا ) هەروەها (تحسین دۆسکی ) لە ( جواهیر المعانی ) دا ساڵی نووسینی ( یوسف و زولێخا ) ( سلیم بن سلیمان الهیزانی ) بە ساڵی ( ١٧٥٤ - ١٧٥٥ ز ) لە قەڵەم داوە، بە رای (تحسین دۆسکی) ((ڤەکۆلەرین ئەدەبیاتا کوردی هەمی ل وێ باوەڕێنە کو سەلیمێ هیزانی د ناڤبەرا ساڵێن (٩٩٥-١٠٢٠) مەشەختی دا ژیایە، و من ب خۆ بۆ چونەکا جودا ژیا وان هەیە و ئەز د بیژم ب چی حالێ هەی سەلیمێ هیزانی بەری ئەحمەدی خانی نەهاتیە و یوسف و زولەیخا بەری مەم و زینێ نەهاتیە ڤەهاندن))[5] چەند بەڵگەیەکیشی بۆ پشت راستکردنەوەی رایەکەی هێناوەتەوە، ئەم رایانەش هەمووی پێچەوانەی گوتەکانی ( رودینکۆ ) یە[**] .

---

[1]. جان دوست، احمد خانی مەم و زین، دارالزمان، دمشق، ٢٠٠٨،ل٢٨

[2]. کەمال میراودەلی، پرۆژەی نەتەوە سازی کوردی، سەرچاوەی پێشوو .

[*] باسیلی نیکیتین رۆژهەڵاتناس و شارەزا لە کاروباری کورد و قونسولی پێشووی روسیا لە ئێران .

[3]. باسیلی نیکیتین، الکرد دراسە سوسیلوجیە وتاریخیە، ت، د. نوری طالبانی، ئاراس، هەولێر، ت ٣، ٢٠٠٤، ل ٣٤٥ .

٤. چەند وتارێکی کورد ناسی، ڤێرشوونە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکانی پۆیەمای ( یوسف و زولێخا ) ی کوردی، م. رۆدینکۆ، د. انور قادر، دەزگای ژین، سلێمانی، ل٣٦٥

٥. سەلیمێ هیزانی، یوسف و زولەیخا، ڤە وەژارتن و بەرهەڤکرنا د. تحسین ابراهیم دوسکی، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٤، ل١٣-١٤.

[**] چیرۆکی یوسف و زولەیخا چیرۆکێکی ئاینیە و لە نێو کتێبی قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، ئەم چیرۆکە بەر لە چیرۆکی مەم و زین بوونی هەبووە بەڵام بۆ یەکلاکردنەوەی یوسف و زولێخایی هیزانیی و مەم و زینی خانی و کامیان پێش کامیانە دەبێت لێکۆڵینەوە بۆ دەقەکان و دەسنوسەکانیان بکرێت کە هیچ دەسنوسێکیش لە ئێستادا لەبەر دەستی ئێمەنییە.

بەهەر حاڵ خانی کاریگەری گەنجینەی ئەدەبی پێش خۆی لەسەر بووە و خودی خانی و بەرهەمەکانیشی کاریگەرییەکی زۆریان خستە سەر نەوەکانی دوای ( خانی ) و تائێستاش ( مەم و زین ) گەنجینەیەکی مێژوویی و کولتوورییە و دەکرێ وەك تۆمارێکی کولتووری ناوچەی جزیرە و هەموو میللەتی کورد مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لەبەشەکانی داهاتوو دا چۆنیەتی رەنگدانەوەی دیاردە کولتوورییەکان لە مەم و زین دا دەخەینە بەرباس.

## بەشی دووەم

## خانی و هەوڵی بوژانەوەی کولتوور وناسنامەی نەتەوەیی

### تەوەری یەکەم/ ڕێنسانسی خانی وزمان ونەتەوە

**زۆرجار لە کتێب و لێکۆلینەوەکاندا سەرنجی ئەوە دەدەین، کە(خانی) بە ڕابەری ڕێنسانسی کوردی هەژمارکراوە و جا ئەم هەژمارکردنە لە سۆنگەی ئەوەوە بێت، کە کوردیش تەنها ئارەزووی ئەوەی هەیە، کە(دانتی و پۆکاشیو) یی هەبێت، یان بەڕاستی خانی ئەو ڕۆلەی بینیوە، بۆیە بەو شێوەیە حسێبی بۆ دەکرێت، لەم بابەتەدا کار لەسەر ئەم پرسیارانە دەکەین و دەبێت ئەوە یەکلابێتەوە، کە ئایا شۆڕشەکەی خانی ئامانجەکانی خۆی پێکاوە یاخود نا؟ کێن ئەوانەی خانی کاریگەری لەسەریان جێهێشتووە؟(د. عزالدین مستەفا رەسول) ئەم بابەتەی راڤە کردووە و پێی وایە((لەگەلانی رۆژهەلات کە زۆر باسی ڕێنسانسی خۆیان دەکەن گەلی ئۆزبەکە و نموونەی ڕێنسانسی لای ئەوان شەخسیەتی(علی شیرنەوایی) یە، واتە: ئەگەر میللەتی تر هەبێت لە رۆژهەلات دا باسی(ڕێنسانس) ی خۆی بکات بۆ کوردیش هەیە ... لەشەخسیەتی خانیدا یەکێك لە دەورەکانی ڕێنسانسی خۆی ببینێت))[1] واتا دەشێ خانی بە یەکێك لە هەڵسورێنەرانی ڕێنسانسی کوردی لە قەلەم بدەین، دیارە لە نەخشەی(ئەندازیاری کولتووری) دا* چینی((بەرهەمهێنەرانی کولتوور(واتا: نووسەران، هونەرمەندان، شاعیران، دەرهێنەران ... هتد) لە ناوەڕاستی سیستەمی کولتووریدان، چونکە لەرێگای ئەوانەوەیە، کە بەرهەم و مۆدێل و ڕووداوەکان بلاّودەبنەوە و وزەو روحیەت لەوانەوە سەرچاوە دەگرێت))[2](خانی) یش وەك شاعیر و وەك بەرهەمهێنەری کولتوور شۆرشێکی کولتووری لە(مەم و زین) دا بەرپادەکات شتی نوێ لەسەر بنەمای بابەتە کۆنەکان بونیاد دەنێت و شتی لەبیرکراوی نێو کورد دەهێنێتەوە بەرتیشکی چاو و زەینی کوردی، ئێمە لێرەدا باسی هەوڵەکانی خانی لەبوار بووژانەوەی زمانی نەتەوەیی و هەڵگیرسانی هزری ناسیۆلیزمی دەخەینە ڕوو.**

---

١. عزالدین مستەفا رەسول، احمد خانی شاعیر ...، ل ٥٠ – ٥١

* (CULTURAL ENGINREENG) ئەندازیاری کولتووری لەو باسە نوێیانەیە، کە لە دەیەی ئەم دواییە لە ئاستی وڵاتە پیشەسازییەکاندا خراوەتە ڕوو، کە بریتیە لە زانست و هونەر و توانای ولامدانەوەی گونجاو لەرووی چۆنیەتی، گوژمە و کات بەو داخوازیانە، کە لەلایەن پسپۆرەکانی بورای کولتووری بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە کولتوورییەکان، ئەنجامدانی بەرنامەکان، دابینکردنی سەرمایە بۆ بەرنامەکان و بەدەست هێنانی هونەری بەرنامەکان دەکرێت، بڕوانە، د . مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەلناسی، ل ١٢٥ – ١٢٦.

٢. مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکنای کۆمەلناسی، ل ١٢٦

## أ – زمانی نەتەوەیی و(مەم و زینی) خانی:

زمان ئامرازی دەربڕین و لەیەك تێگەیشتنە و توخمێكی سەرەكی بەرهەمی ئەدەبیە، جا ئەگەر(زمان دیاردەی یەكەم بێت لە هەموو بەرهەمێكی هونەری كە وشە دەكات بە ئامێری دەربڕین، ئەوا یەكەم دیاردەشە كە رەنگدانەوەی جێكەوتی كولتوورمان بۆ روونەدەكاتەوە) [1] واتا((زمان پێوەرێكی گەلێ گرنگە بۆ دیاری كردنی رادەی لێك نزیكی ئیتنوسان(كۆمەل)، چونكە زمان دیاردەیەكی كولتووریی كاریگەرە و خزمایەتی ئیتنوسان بەتایبەتی لەرووی زمانەوە دەردەكەوێت و ئەو خزمایەتیە لە زۆربەی حاڵەت دەبێتە بەڵگەی رەچەڵەكی هاوبەشی ئیتنوسان)) [2] كوردیش وەكو نەتەوە خاوەن زمانێكی تایبەتی خۆیەتی، ئەویش زمانی(كورد) ییە، ئەم زمانە لەنەخشەی فراوانی خێزانەكانی زمان سەر بەخێزانی هیند و ئەوروپییە لقی هیندۆ ئێرانیەكان، زمانە ئێرانیەكان((دابەشی سەر سێ بنەچە دەكرێ، زمانە ئێرانیەكانی باكوور و باشوو و رۆژهەلات، زمانی كوردی سەر بە بنەچەی یەكەمیانە واتا باكوور)) [3]، زمانی كوردی دابەشی سە رچوار شێوە زاری سەرەكی دەبێت كە بریتین لە((دیالێكتی كرمانجی باكوور و ناوەڕاست و باشوور و دیالێكتی گۆران)) [4] *، هەروەها(شەرەف خانی بەدلیسی) یش(چین و كۆمەڵە كوردیەكان لە رووی زمان و ئەدەب و باری كۆمەلآیەتیەوە دابەشی سەر چوار بەشی گەورەی كردوون، كەبریتین لە(كرمانج، لوڕ، كەلهوڕ، گۆران) [5]

دابەش بوونی زمانی كوردی بۆ ئەم دیالێكتانە هۆكاری جوگرافی و مێژوویی لە پشتەوەیە، هەروەها دابەش بوونی كوردستان بەسەر هەرسێ نەتەوەی(تورك و فارس و عەرەب) هۆكاری دابڕان دووركەوتنەوەی ئەم دیالێكتانەن، كە هەتا ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو هەولآنەش كە بۆ یەكخستنی زمان دەدرێت نەتوانراوە ئەم دیالێكتانە وەكو پێویست ئاوێتەی یەكتر بكرێن. لەبارەی ئەوەی كام لەم شێوەزارانە ئەسڵە و كامیان لقە و بنەچەی زمانەكە لەكوێوەیە، لێكۆڵەرەكان گفتوگۆیەكی یەكجار زۆریان لەبارەوە كردووە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، كە ئەم شێوەزارانە یەك زمان پێك دێنن كە(زمانی كوردی) یە، ئەم زمانە لەژێر هێرشی دەسەلآتی ئیمپراتۆریەتی صەفەوی و عوسمانی لەلایەك و زمانی عەرەبی لەلایەكی دیكەوە سەردەمانێكی زۆر نالآندویەتی، بەلآم هیچ كام لەم هێزانە

---

[1]. علی الحداد، اثرالتراث في الشعر العراقی الحدیث، ط ١، دارالشؤون الثقافیة، بغداد، ١٩٨٦، ص ٢٢٩ .

[2]. رەشاد میرانی، ئیتنۆگرافیا و یەكێتی ئێتنیكی كورد، ل ٦٧ .

[3]. فوادد حمە خورشید، زمانی كوردی دابەشبونی جوگرافیای دیالێكتەكانی، و . حەمەكەریم هەورامی، چابخانەی افاق عربیە، بەغداد، ل ٢٢ .

[4]. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

* زاراوە كوردیەكان دابەشی سەر چوار بەش دەكرێن، كرمانجی خواروو(دیالێكتی ناوەراست) شێوەكانی: سلێمانی، هەولێری و سۆرانی و ئەردەلانی و موكریانی ... هتد . دەگرێتەوە و كرمانجی ژووروو(دیالێكتی باكوور) كە شێوەكانی بۆتانی و جزیری و هەكاری و بادینی و بایەزیدی ... هتد، دەگرێتەوە، زاری هەورامی(دیالێكتی گۆران) شێوەكانی هەورامی و باجەلانی و زازایی دەگرێتەوە، زاری لوڕی(دیالێكتی باشوور) شێوەكانی كەڵهوریی و بەختیاری و خانەقینی دەگرێتەوە . بروانە: د. حەسەن بەصیر واخرون، زاراوە كوردیەكان، و.حەمە ئەمین هەورامی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧، ل ٤ – ٦ .

[5]. شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، ج ١، ت . محمد علی عونی، تقدیم یحیی الخشاب، دارالزمن، دمشق، گ٢، ٢٠٠٦، ل ٥٨

نەیتوانیوە لەکاری بخات، زمانی کوردی وەکو توخمێکی سەرەکی کولتووری نەتەوەیی هەمیشە ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە لەپاراستنی شیرازەی کۆمەڵگا کوردیەکان، ئەوە زمانە کە کولتووری کۆمەڵگا دەپارێزی و تاکەکان بەیەکەوە گرێ دەدات. شاعێرانی کورد کە بەشێکن لە کولتووری رۆشنبیری کوردی رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاراستنی کولتووری نووسین بە کوردی و دووبارە بەخشینەوەی ژیان بەشێوەزارەکان و کەم تا زۆر هەوڵی ئەوەیان داوە کە زمانی کوردی لە چینگی زمانە بیانیەکان بپارێزن .(بابە تاهیری هەمەدانی) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە((زمانی دوو بەیتیکانی سادە و خۆجیێییە(محلی) یە))[1] شێوە زمانەکەش(شێوە زاری لوری) یە، بەڵگەش لەسەر ئەم بابەتە زۆرە یەکێك لەو بەڵگانە:(( لەدەستنووسێکی کۆن کە لە ٨٤٨ کۆچی نووسراوە بەژمارە(٢٥٤٦) لە مۆزەخانەی قونیەیە(١٠) دوو بەیتی بابا تاهیری تیادایە، کە شێوەی زمانەکەی گۆڕانی بەسەر نەهاتووە و زۆر جیاوازە لەدیوانە چاپکراوەکانی ئێستا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا دوو بەیتییەکان بەشێوەی لوری نووسراون و بابەتاهیریش کوردێکی لورییە)) [2]واتا(بابەتاهیر) هەڵگری مەشخەڵی بەکارهێنانی زمانی کوردیە لە باشووری کوردستانداو لە باکووریش دا(علی حەریری) و(مەلا جەزیری) و(فەقێ تەیران) مەشخەڵی بەکارخستنی زمانی(کوردی) یان لەو ناوچەیەدا داگیرساند، کە دواتر(خانی) ئەو مەشخەڵەی هەڵگرت و شۆڕشی پێ بەرپاکرد .

یەکەمین ئاماژەکانی خانی بۆ شۆڕش هەڵگیرسان بێدارکردنەوەی بەختی نووستووی کوردە، کە مەبەست لێی هۆشیار کردنەوەی میللەتی کوردە:

- بەختێ مە ژ بو مەرا ببت یار   جارەك ببێ ژ خواب هوشیار....ل ٤٢

پاش هۆشیار کردنەوەی میللەت، ئێستا شۆڕش پێویستی بەئامرازە بۆ بەرگری کردن، بەپێی مێژوو ئاشکرایە، کە کورد لەگەڵ قارەمانێتی و ئازایەتێدا کێشەی نەبووە واتا شۆڕش پێویستی بەئازایەتی نییە چونکە خۆی بوونی هەیە، بەڵام پێویستی بە ئامرازی دیکەیە لەوانە(قەڵەم):

شیرێ هونەرا مە بێتە دانین     قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین     ل٤٢

هەڵبەت ئەو قەڵەمەی خانی ئەو قەڵەمەیە، کە بەکوردی دەنووسێ، بەڵام چی دەنووسێ؟ تەنها شیعر دەنووسێ، یاخود حیکایەتی میللەت باس دەکات، حیکایەتی میللەتیش بریتیە لە زانست و مێژوو و کولتوور ... هتد .(خانی) لە(مەم و زین) دا ئەسپی قەڵەمەکەی بەکوردی تاوداوە لە هەموو بوارەکانی ژیان، جارێك وەکو کولتوور ناس و جارێك وەکو مێژوو نووس و جارێکیش وەکو کیمیاگەر و فەیلەسووف و ... هتد .(أ .س چیکۆباف) دەڵێ:((هەموو زمانە نەتەوەیی یەکان زمانی ئەدەبین، ......بەڵام هەموو زمانە ئەدەبیەکان زمانی نەتەوەیی نین))[3] پرۆژەکەی خانی لەوە دابووە، کە مەم وزین بکاتە بەرهەمێکی نەتەوەیی، چونکە((ئاشکرایە زمان لە بنەما هەرە سەرەکیەکانی

---

[1]. ابراهیم احمد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، چ ٢، چابخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٢، ل ٢٨ .

[2]. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤ .

[3]. ڤ . ڤ فینۆگردۆڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروست بوونی و گەشەسەندنی، و . د . عزالدین مستەفا رەسول، دار الحریە ، بەغداد، ١٩٩١، ل ٤٥

بوونی نەتەوەیە و ئامرازی سەرەکی دەربڕینی سەرجەم رەگەزەکانی کولتوورە))[1]،بۆیە خانیش زمان دەکاتە ئامراز و کاتێك کە مەیدانی هونەر و ئەدەب و زانستی کوردی بەچۆڵی دەبینێت دەست بەکاردەبێت ودەلیٚ:

خانی ژ کەمالێ بیٚ کەمالی
مەیدانیٚ کەمالێ دیت خالی.....ل ٤٦

واتا ئەگەر چی خانی خۆی بەدانا و زانا و شاعیرێکی کامل دانەناوە، بەلاَم لەسۆنگەی هەست کردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نەتەوەو لەپێناوی میللەتەکەی دەست بەکار دەبێت:

یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلکی ب تەعصصوب و عەشیری ....ل ٤٦

خانی لەواقیعی نەتەوەکەی خۆی تورەیە، هەر بۆیە شۆرش لەناخیدا هەڵگیرساوە، بێگومان شۆرشیش بە ئاسودەیی و ئارامی دروستی نابێت، بەڵکو بە(تەعصصوب) دەمارگیری و تورەبوون و بە(عیناد) سەرسەختی و جەختکردنەوە دروست دەبێت:

حاصل ژ عیناد ئەگەر ژ بێداد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافیٚ موعتاد.....ل٤٦

خانی بە پێچەوانەی شتە باوەکان(خیلافی موعتاد شتی نویٚ دێنێتە ئەفراندن)شتی نویٚ چۆن دروست دەکات؟ ئایە لە هیچەوە دروستی دەکات؟ یان لەسەر بنەمای شتەکۆنەکان؟(گریمان ئەگەر گۆرانکاری رووخاندنی بونیادی کۆن بێت، ئەوا دەبێت ئەو رووخاندنە بە ئامرازێکی ناوەوە بیٚ نەك ئامرازێگی دەرەوەی کولتوور، واتە: رووخاندنی ئەسلێ ئەبیٚ بەهۆی ئەسلێ خۆیەوە بیٚ) [2] ئەو ژیانەوە و نوێگەریەی کە(خانی) ویستویەتی بیکات لەسەر بنەمای کولتووری رەسەنی کوردیەوە بووە:

صافی شەمراند ڤەخوار دوردی
مانەندیٚ دەری* لیسانیٚ کوردی
ئینایە نیظام و ئینتطامیٚ
کێشایە جەفا ژ بۆ ویٚ عامیٚ

---

[1]. عەتا قەرەداغی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوبەرایەتی چاپ وبلاَوکدنەوەی سلێمانی،٢٠٠٧،ل١٤٤

[2]. ادونيس، الثابت والمتحول، ج١(الاصول)، دار العودة، بيروت، ط ١، ١٩٧٤، ص ٣٣ .

* لەلێکدانەوەی هەژار دا(دەری) بەواتای(زمانی فارسی) لێکدراوەتەوە، لەو حاڵەتەشدا دەبێت ئەم دێرە لێکچواندن بێت (صافی) بە(دەری)(دوردی) بە(کوردی) چواندبێت، بەلاَم ئەگەر واش بێت دەبوایە(و) لەنێوان(دەری و لیسانی کوردی) هەبوایە کە کێشی شیعرەکەشی تێك نادا و هیچ کاریگەریەکی نەبوو .بەلاَم(جان دوست) لە(مەم و زین) کەدا ئەم دێرەی بەم شێوەیە هێناوە:

صافی شەمراند ڤە خوار دوردی
مانەندی دری لیسانی کوردی

ئەو لەجێی(دەری)(دری) داناوە کە بەمانای(دور– لولو) دێت لەم حالەتەشدا کێشی شیعرەکە لەنگی تێدەکەوێت ئەگەر(ر) بەقورسی بخوێنرێتەوە.

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن بێ ئەصل و بونیاد.....ل ٤٦

خانی دەیتوانی هزرە نوێیەکانی خۆی بە زمانی(فارسی و عەرەبی) کە ئەوەندە کاریان بۆ کراوە وەکو شەرابی صافی لێ هاتووە دەربڕێت، بەڵام ئەو خڵتی شەرابەکە بەکار دەهێنێت کە زمانی رەسەنی کوردیە مەبەستیش لە خڵتی شەرابەکە بە کەم سەیرکردنی زمانەکە نییە بە بەراورد لەگەڵ فارسی و عەرەبی دا، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە، کە زمانی کوردی چونکە کاری لەسەر ناکرێ، بۆیە ژێری ناوەتەوە وەکو خڵتی شەرابی لێ هاتووە چی خڵتی زمانەکانی دیکەشە تیایدا کۆبۆتەوە، بەڵام خانی دێت لەسەر بنەمای ئەو زمانە کۆنە زمانێکی رێك و پێك دروست دەکات کە شایستەی ئەوە بێت بەرهەمی میللەتی پێ بنووسرێتەوە، واتا خانی ئەو خڵتە شەرابە(تقطیر) دەکات و بەرهەمی کوردی پێ دەنووسێ، ئەگەر چی(مەم وزین)ەکە وشەی بێگانەی زۆری تیادایە بەڵام خۆ کەس ناتوانێ بڵێ کوردی نییە.

خانی شارەزا لە کولتووری میللەتان دەزانێ نەتەوەکان غەیرە کورد خاوەن کتێبن و بەرهەمەکانیان ناسراوە، هەر بۆیە خۆزگە دەخوازێ کوردیش ببێتە خاوەن کتێب وحسێبی بۆ بکرێت:

ئەنواعی میلل خودان کتێبن

کورمانج * تەنی دبێ حسێبن ل ٤٦

مەبەستی خانی لەوەدا نەبووە، کە کتێبی شیعری شاعێرەکانی پێش خۆی وەکوو(بابەتاهیر و مەلا جزیری ... هتد) بە کتێب نەزانێ وەك چۆن هەندێك لێکۆڵەرەوە بۆی دەچن، بەڵکو مەبەستی خانی لێرەدا ئەوەیە، کە کولتووری کوردی کاری لەسەر نەکراوەو کۆنەکراوەتەوە و بەرهەمی شاعیرەکانیش لەدەفتەر و دەستنووسەکاندا ماوەتەوە و کۆنەکراوەتەوە و نەکراوە بەکتێب و بێ خاوەنە. بەپێچەوانەی میللەتانی دیکە، کە دەسەلاّتدارەکانیان بایەخیان بەمێژوو ئەدەب و بەرهەمی زانا و بیرمەندەکانیان داوە، خانی دانی بەو حەقیقەتە داناوە، کە کورد لەو سەردەمەدا خاوەن کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند و رێز لێ گیراو نەبووە و درکی بەوەکردووە، کە(حەقیقەت تەنها لە زەیندا نییە، بەڵکو حەقیقەت لە ئەزموون و کردەوە دایە)[1]، بۆیە دەستەوەستان رانەوەستاوە و هەوڵی داوە ئەو حەقیقەتەی کە ئەو درکی پێ کردووە لە کردار و ئەزموونی خۆیدا بینوێنێ، لەبەر ئەوەیە دەڵێ:

شەرحا غەمی دل بکەم فەسانە

زینێ و مەمێ بکم بە هانە ل٥٢

---

* کورمانج لەکاتی خۆیدا بەواتای ئەو کوردانەی کە بە شێوە زاری کرمانجی باکوور یان سەروو قسەیان کردووە بەکار دەهات، یاخود دەڵێن گوایە مەبەست لە کرمانج ئەو کوردانە بوونە کە بێ عەشیرەت بوونە، لە جزیرەی بۆتانیش(کرمانج) خەڵکی جوتیارن، بڕوانە: جان دوست، احمد خانی(مەم و زین)، ل ١٤٠

[1]. ادونیس، الثابت والمتحول، ج(الاصول)، ص ٣٣.

خانی دەیەویٚ(مەم و زین) ببێتە کتێبێك لە جیهاندا ناسراوبێت و ولە ریزی کتێبی میللەتانی دیکە بێت و کوردی پیٚ بناسرێت، (مەم و زین) لە لای خانی پرۆژەی ناساندنی نەتەوەیە، بۆیە ئەم پرۆژەیە پێویستی بەخاوەنێکە خاوەنداریٚتی لیٚ بکات، چونکە:

کورمانج نە پڕ د بیٚ کەمالن
ئەمما د یە تیم و بیٚ مەجالن
فیلجوملە نە جاهیل و نەزانن
بەلکی د سەفیل و بیٚ خودانن   ل ٤٦

واتا کێشە لە خەڵکی کورد نییە، کە عیلمەکەیان رەواجی نیە،بەڵکو کێشە لە بێکەسیاندایە، ئەوان وەکوو(یەتیم) وان بیٚ سەرپەرشتیار و باوکن، بۆیە یەکەم خاڵی گرنگ بۆ پرۆژەکەی خانی و تەواوی رۆشنبیری کوردی بریتیە لە هەبوونی خاوەن و سەرپەرشت:

گەردیٚ هەبوویا مە ژی خودانەك
عالی کەرمەك لەطیفە دانەك
عیلم وهونەر و کەمال و ئیذعان
شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەڤ جینس ببا ل با وی مەعموول
ئەڤ نەقد ببا ل نك وی مەقبوول
من دیٚ عەلەما کەلامیٚ مەوزوون
عالی بکرا ل بامیٚ گەردوون
بیناڤە (رحا) مەلیٚ جزیری
پیٚ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەك وە بدا فەقیهیٚ طە یران
حەتتا ب ئەبەد بمایێ حەیران ....ل٤٧

ئەگەر میر و پاشاکانی کورد قەدری زانست و ئەدەبی کوردی بزانن بیٚ گومان زاناو شاعیرانمان دەناسرێن و دەچنە ریزی شاعیرانی میللەتانی دیکەوە و لەبەرئەوە کورد پێویستی بە پادشایەکە خاوەنداریٚتی لە هونەرمەندانی کورد بکات و ئەدیبەکانی کورد(مەلای جەزیری و علی حەریری و فەقیٚ تەیران) دووبارە بژێنێتەوە و شۆڕشی ئەدەبی بەرپا بکات و دەست بداتە دەستی شاعیرانی نویٚ، تاکوو بەرهەمی کوردی بگاتە ئاست بەرهەمی نەتەوەکانی دیکە، بەلاٚم ئایا ئەم پرۆژەیەی خانی سەری گرت؟

پرۆژەکەی خانی لە بابەت نووسین بەزمانی کوردی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەدەبی کوردی دەکەین بەدوو هەنگاو:

**١– هەنگاوێکی لەدەرەوەی دەسەلأتی خانیە و پەیوەندی بە دەسەلأتدارانی کوردەوە هەیە.**
**٢– ئەو هەنگاوەی کە پەیوەستە بە کارو توانستی خودی(خانی) یەوە.**

**بۆ بەدەست هێنانی وەلأمی پرسیاری (ئایە پرۆژەکەی خانی لە بابەت نووسین بەزمانی کوردیدا سەری گرت؟) پێویستە ئەو دوو هەنگاوەی پرۆژەکە روونبکەینەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت ئەوە یەکلابکەینەوە، کە ئایا دەسەلأتدارەکانی سەردەمی خانی لەئاست و ویستی خانی دابوون؟ لە هەنگاوی دووەمیشدا پرۆژەی دروستکردنی زمانی نەتەوەیی لای خانی روونبکەینەوە .**

**هەنگاوی یەکەم / ئایە دەسەلأتداران لەئاستی ویستی(خانی) دابوون؟**

**کاتێك کە دەسەلأتدارانی دەربار بایەخ بە زانا و رۆشنبیران دەدەن و بواری ئابووریان بۆ فەراهەم دەکەن ئەوا داهێنانی زۆرتر و باشتر بەرهەم دێت، لە لای ئێراینیەکان هەر لەکۆنەوە گوایە، (پاشاو میرەکانیان ئەو نووسەر و شاعێرانەی کە خزمەتی زمانی فارسیان دەکرد پاداشتیان پیێ دەدان هەر لەبەر ئەوەیە شاعیری فارس (رودکی) باری چوار سەد حوشتر سەروەت و سامانی هەبووە، و شاعرێکی دیکە بەناوی(عونصوری) کە خاوەن بەیتی(وامق و عەزرا) یە، کەل و پەلی چێشتخانەکەی لەزێر دروست کردووە ...)[1] مەبەستمان لە گێرانەوەی ئەو بابەتەی سەرەوە تەنها یەك خاڵە ئەویش گرنگی پالْ پشتی دەسەلأتدارە بۆ نووسەرەکان، چونکە هەبوونی پاڵنەر ئەگەر ماددی بێت و ئەگەر مەعنەویش بێت زۆر گرنگە بۆ شاعیران و نووسەران، چونکە شاعیران هەمیشە پێویستیان بە کەسێکە شیعرەکانیان پەسەند بکات و بیخوێنیتەوە، ئەگەر ئەو کەسە یان ئەو کەسانە نەبوون پرۆژەی شیعر نووسینەکە مایە پوچ دەبێت.**

**پاڵنەرەکانی داهێنان لەلای خانی(دەروونی) و(عەقڵیە) و پێویستی خانی بۆ پشتگیری کردن پێویستیەکی مەعنەوی یە نەك ماددی، چونکە (وەك مامۆستا جعفر) ئاماژەی پیێ دەکات:(خانی شاعیرێکی پارەداربوو بیێ پارە نەبوو، ئەو خاوەن پیشە بوو لە دیوانی میر و توانیویەتی مەدرەسە و مزگەوت بکاتەوە)[2] جگە لەوەش خانی لەچەندێن شوێن دا بەرهەمەکەی خۆی بە(نقد – پارە) چواندووە، ئەو بەرهەمەکەی خۆی بەسەروەت و سامان دادەنیێ واتا پێویستی بە پێوانەکردنی بەرهەمەکەی نیە بەپارە، چونکە خۆی پارەیە، واتا پێویستی بەپارە نەبووە، بەڵکو پێویستی بە پاشایەك بووە کە بازاری عیلم و مەعریفەت دروست بکات لەو بازارەدا خانی سەودا بە(مەم و زین) دەکات بەرامبەر بە بەرز بوونەوەی ناوی کورد و بەرهەمی ئەدەبی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە یەکەم کڕیاری ئەم بازارە خودی پاشا بێت، چونکە ئەگەر ئەو پاڵپشتی لیێ کرد لەناو خەڵکدا بلأودەبێتەوە، کە بالأویش بووەوە پەیامی بەرهەمەکە دەگاتە شوێنی مەبەست،((خانی هەرزوو ئەو حەقیقەتە مێژوویيە گرنگەی دەرك پێکردووە، کە بەبیێ دەزگای نەتەوەیی تەرخانکراو بۆ پیشخستنی زمان ، ئەدەب و فەرهەنگ و میراتی نەتەوەیی کورد لە حاڵەتی کەسادو بێکەسی و**

---

[1]. جان دوست احمد خانی، ص ٣٨

[2]. فاضل کریم احمد(مامۆستا جعفر)، تاریخ الفکر الکردی، ل ١٧٣ – ١٧٨ .

بێبازاری و پەراوێزی و دابڕان لە دنیا دەمێنێتەوە))[1] لەلای خانی ئەم دەزگایە پادشای کوردی عیلم خواز دروستی دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەم ئامانجەی خانی سەرناگرێ چونکە:

چ بکم کو قەوی کەسادە بازاڕ

نینن ژ قوماشێڕا خەریدار ل ٤٧

خانی بازاڕی عیلم و مەعریفەتی کوردی بە نوستوویی دەبینێ و هیچ کڕین و فرۆشتنی تیادا ئەنجام نادرێ، بەڵام کوڵ نادات و لەپێناوی راستگۆییدا دان بەوە دادەنێت، کە ئەو هەوڵی داوە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی، کە بۆ ئەو سەردەمە زمانی ئەدەبی پێگەیشتووبوون و میر و پاشاکانیش پەسەندیان دەکرد شیعر بنووسێ، بەڵام دڵی خانی راستگۆیە و رازی نییە فێڵ لە خۆی بکات و هەست کردن بە بەپرسیارێتی بەرامبەر بە نەتەوەکەی وای لێ دەکات بە کوردی بنووسێ:

نیصفییە مە پێلەکی عەمەل کر

تەصفیەیێ جەوهەرێ دەغەل کر

قەلبێ مە نەکر قەبوولێ حیلە

(قط) بو غەرەضێ نەبوو وەسیلە ل ٤٧

خانی کوردی نووسینی خۆی بە بەرزی دەنرخێنێ و مەبەست لە کوردی نووسینەکە خزمەتکردنی هەموو خەڵکی رەش و رووتە(عەوام) ە، نەك تەنها میر و بەگزادەکان و ئەم بەرهەمەی ئەو لە زێڕی(عەرەبی و فارسی) دروست نەکراو تاکوو جار بە جار لە مەحەك بدرێت و کەم عەیار دەرچێت، بەڵکو بەرهەمەکەی خانی لە مس دروست کراوە و ئەگەری فرتو فێڵ کردنی تیادا نییە و خەڵکی هەموو دەتوانن مامەڵەی پێوە بکەن چونکە لێی تێدەگەن:

ئەڤ پۆل ئەگەر چی بێ بەهانە

یەکرونە و صاف و بێ بەهانە

بێ حیلە و خوردە و تەمامن

مەقبوولێ موعامەلا عەوامن

کورمانجییە صرف بێ گومانە

زێر نینە ببێن سپیتمانە

صفرێ (مەئێ) سۆرە ئاشکارە

زیڤ نینە ببێن (کوکم) عەیارە ل ٤٨

لەگەڵ ئەوەی بەرهەمەکەی خانی صاف و بێگەردیشە، بەڵام عەیبەکەی تەنها ئەوەیە لە سکە نەدراوە و نەخشی میری بەسەروە نییە، جا ئەگەر میری ئەو سەردەمە پاڵ پشتی بکردایە ئەوا بەرهەمی کوردی بێ رەواج و بێ ناونیشان نەدەبوو:

---

[1]. کمال میراودەلی، خانی و پرۆژەی دامەزراندنی نەتەوە.سەرچاوەی پێشوو.

**گەردێ ببوويا ب ضە ربێ مەنقووش**
**نەدما وەهە بێ رەواج  مەغشووش .....ل٤٨**
**پاشان دەڵێ:**
**قيرطاسييەيا مەبێ پەناهان**
**بێ ضە ربێ قەبوولێ پادشاهان**
**مەعلووله(مەعمووله) ل باگەلەك عەليمان**
**مەقبووله ل با گەلەك حەكيمان**
**لێ حاكمێ وقتێ مەعريفەتناك**
**مەسمووع نەكر بسەمعێ ئيدراك          ل٤٨**
**پاشا قبوولی بەرهەمەكەی خانی ناكات ئەگەر چی ئەهلی عيلم و حيكمەت لێی تێگەيشتوون هۆكار و مەبەستەكەيان پێكاوە، بەڵام پادشا يان مير پەسەندی ناكات، ديارە لێرەدا ئاماژەيەكی نائاشكرا هەيە بۆ ئەوەی كە(مير)ی كورد لەو سەردەمەدا ئەهلی عيلم و مەعريفەت و حيكمەت نەبووە، چونكە ئەگەر زانا بوايە ئەويش بەرهەمەكەی پەسەند دەكرد و دەيزانی ئەم مەم و زينە تەنها داستانێك نييە، بەڵكو پرۆژەيەكی نەتەوەييە، مەبەست لە و(مير) ە(مير ميرزای كوڕی عەبدی كوڕی مير محمد)كە ئەو كات ميری بايەزيد بووە:**

**ميرێ كو بناڤێ ميرزايە**
**محظا نظرا وی كيميايە          ل٤٩**

**هەروەها دەڵێ:**
**گەردێ وی نە ظە ر بدا مە جارەك**
**ئيكسيرێ تەوەججوها موبارەك**
**ئەڤ قەول هەمی دكرنە ئەشعار**
**ئەڤ پوول هەمی دبوونە دينار**
**ئەمما نەظە را وی زێدە عامە**
**لەو خاصێ نە ظەر ژ دل نەدا مە          ل٤٩**
**ديارە كاتێك كە (خانی)، (مەم وزين) دەنووسێ، (تەمەنی خانی(٤٤)ساڵە و مرۆڤێكی كامڵە، بەڵام مير گەنجێكی كەم ئەزموونە، خانی چاوەڕێی دەكرد، (ميرزا) وەكووباوكی رێزی لێ بنێت و وەكوو(جامی)و(نيظامي)، تەماشای بكات، كەچی مير قەبووڵی ناكات، ئەم نەگونجانەی نێوان ميرزا وخانی، خانی تووشی بێهوودەی كردووەو دووچاری دوو حاڵتی دژ بەيەك بووەتەوە، لەلايەك خانی لە ناخيدا ويستوويەتی ببێت بە ياخی و لە لايەكی ديكەوە ويستی مانەوە لە بازنەی دەسەڵات**

**ئارەزوویەکی دیکەی خانی بووە)[1][*] لە نائاگایی خانیدا ئارزووی دژایەتی کردنی دەسەڵات هەبووە، بەڵام دەسەڵاتی عەقڵ زاڵبووە بە سەر ویستەکانی خانیدا، بۆیە لە کۆتایدا جۆرێك لە نەرمی دەنوێنێ بەرامبەر بە میرو دوعای بۆ دەکات:**

**–ئەو رەحمەتێ خاصە بۆ عەوامی**
**یارەب تو بدی وی هەر دەوامێ ..ل٤٩**

**خانی بەتوندی رەخنە لە میر دەگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا سارددەبێتەوە، دیارە(میرزا) چاوی لە(عەوام) ی خەڵك بووە، ئاگای لێیان بووە، بۆیە(خانی) یش داوای تەمەن درێژی بۆ دەکات، بەڵام لەناخیشدا بەرەفتاری(میرزا) رازی نەبووە و ئارەزووی هەڵکەوتنی پادشایەکی نموونەیی دەکرد بۆ گەڵی کورد.**

**پرۆژەکەی خانی بۆ دروست کردنی زمانێکی نەتەوەیی، کە بەرهەم و کولتوور و زانستی کوردی پێ بنووسرێتەوە، لەو سەردەمەی(خانی) دا زەمینەی سازاوی نەبووە، بۆیە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئاستی رۆشنبیری و نەتەوەیی دەستەلاَداران لە ئاستی ویستی خانی دا نەبوون، ئەگەر چی بە پێزی بەرهەمەکەی خانی تۆی نەمریی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو و دواتر نەك هەر سنووری نەتەوەکەی خۆی تەنی، بەڵکو پەڕیەوە بۆ نێو چەندین زمان و نەتەوەی دیکە، ئەگەر چی کاتێك کە خانی لەژیاندا بوو ویستەکەی خۆی نەبینی، بەڵام جێکەوتی ئەو بەرهەمە لە نێو چینی رۆشنبیر و زانایاندا ئەم دەست و ئەو دەست دەکات و هەتا ئێستاش لەنێو هزری نەتەوەدا کاریگەری بەجێ هێشتووە .**

**ئەو پرۆژەیەی، کە (خانی) لە شێوە زاری کرمانجی سەروودا دەستی پێ کرد، مەشخەڵەکەی لەلای (طه بعی شەکر باری) (نالی) گیرساوە، لەسەر دەستی (نالی) کوردی نووسین بووە کولتوور بۆ شاعیرانی هاوسەردەمی نالی و پاش (نالی) یش، بەڵام (خانی) نە دەسەڵات و نە سەردەمەکە پیشتگیریان لە پرۆژەکەی نەکرد تاکوو بەچاوی خۆی پرۆژەکەی لەهەرەتی گەورەبووندا ببینێت، بەڵام زمانەکەی بابان تا ئێستاش بەردەوامی بەخۆوە دەبینێ[**] .**

---

١. فاضل كريم احمد،تاريخ الفكر الكردي،ص١٧٨

[*] به سەرهاتی(مەم وزین)ی خانی لەگەڵ(میرزا)یە، وەکو بەسەرهاتی (شانەمەکەی) (فیردوسی) یە لەگەڵ پاشای ئەو سەردەمەی ئێران(محمد غەزنەوی)،کە بەرەچەڵك تورك بووەوگرنگی بە زمانی فارسی نەداوە،بۆیە بە کەم تەرخەمی دەڕوانێتە شاهنامەکە وفەرامۆشی دەکات ئەمەش پێچەوانەی ویستی فیردوسی شاعیر بووە،بروانە: فاضل كريم احمد، تاريخ الفكر الكوردي، ص٢٢٨، بەڵام کەمال میراودەلی دەڵێ: (خانی هەست دەکات کاتێ فیردۆسی ئەوەی بۆ فارس کردووە شای فارسەکان خۆیان(سوڵتان محمدی غەزنی) لە پشت ئەم پرۆژە مەزنەوە بوون، کە دەڵێن سی ساڵی لە ژیانی فیردوسی بردووە، دنیای کورد لەو جۆرە پڕۆژانە وهەرجۆرە بیرو بەرنامەیەکی دیکە خاڵیە) بۆیە خانی دەیەوێ پرۆژەیەکی لەو جۆرە بکات.بڕوانە: .کەمال میراودەلی، خانی و پرۆژەی دامەزراندنی نەتەوە، سەرچاوەی پێشوو.

[**] ئەگەر چی شێوە زاری سۆرانی یان کرمانجی خواروو ماوەیەکی زۆرە کاری پێ دەکرێ و بەرهەمێکی یەکجار زۆری پێ نووسراوەتەوە، بەڵام تا ئێستاش نەبووە بەتاقە زمانی نووسینی هەموو کوردەکان و بەتایبەتی لە ئێستادا بەهۆی زەق کردنەوەی سنوری نێوان شێوە زارەکان و بەهۆی ناوچەگەری و خۆد پەرستیەوە زمانی کوردی دووچاری کێشەیەکی یەکجار زۆر بوەتەوە، کورد

**ئەگەر چی خانی پاڵپشتی دەسەڵاتدارانیشی بەدەست نەهێنا، بەڵام لە ئاستی توانستی خۆیدا توانی پرۆژەیەکی کولتووری زمانەوانی نەتەوەیی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت .**

**–لە هەنگاوی دووەمدا: پرسیار ئەوەیە ئایا خانی زمانی کوردی چۆن بوژاندەوە؟ و لەمەم و زین دا زمانی چۆن بەکار هێنا، لەم رووەوە دەکرێ پرۆژەکەی خانی لەرێگەی چەند خاڵێکەوە روونبکەینەوە .**

**١– ئەو زمانەی کە خانی(مەم و زینی) پێ نووسیوە .**

**زمان بەشێوەیەکی گشتی ئامێرێکی دەربڕینە و مرۆڤ پەنای بۆ دەبات بۆ کردنەوەی دەرگای رازەکان، زمانی شیعریش بەتایبەتی کۆمەڵێك ئەرکی هەیە، (ئەرکی زمانی شیعری تەنها روونکردنەوەی بابەت و شتەکان نییە، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندی نوێییە لە نێوانیاندا، لەبەرئەوە شیعر رێگایەك نییە بۆ وەسف کردنی جیهان، شیعر رێگایەکە بۆ گۆڕینی جیهان)[1] خانی درکی بەم ئەرکانەی زمانی شیعری کردووە بۆیە هەوڵی داوە سنووری کەرەسە زمانیەکانی تا دەتوانی فراوان بکات و بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکەی خۆ پێ بپێکێت، خانی لە ژێر کاریگەری رۆشنبیری ئیسلامی و فارسی دا کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی ئەو زمانە بێگانانەی بەکارهێناوە و پاساو بۆ ئەم کارەی خۆی دێنێتوە کە ئەو لە پێناوی یاریکردن بە زمان و دەرخستنی توانای زمانەوانی خۆی ئەم کارەی کردووە و دەڵێ:**

**کوردی عەرەبی دەری و تازی***

**تەرکیب کرن ب هەزل و بازی ل ٢٤١**

**خانی زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و فارسی) تێکەڵاو دەکات و یاریان پێ دەکات و مەبەستەکانی خۆیی پێ دەردەبڕێت، یاری کردن بەم زمانانە فەرهەنگی وشەیی خانی دەوڵەمەند دەکات و بواری بۆ فراوان دەکات، تاکوو بە ئارەزووی خۆی رازەکانی بدرکێنێ، ئەگەر چی زمانەکانیش بێگانەن، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ روشنبیری عەرەبی و فارسی کاریگەری هەبووە لەسەر رۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمەدا و هەتا ئێستاش ئەو کاریگەریە هەیە، بەڵام بەشێوازێکی دیکە، ئەم بابەتە رەخنەی لێ ناگیرێ، چونکە ئەگەر بمانەوێ رەخنە لەسەر بەکارهێنانی زمانی بێگانە لەو سەردەمەدا بگرین، ئەوا دەبێ رەخنە لە جوگرافیا و مێژوو و سیاسەت .. هتد،ی کوردستان بگرین، بەکارهێنانی (چەند شێوەزارێك و تێکەڵ کردنی لە گەڵ چەند زمانێکی بێگانە دوو دۆخی جیاواز دروست دەکات، لە**

---

– لەبری ئەوەی کە لەزمانێکی یەکگرتوو نزیك بێتەوە، دەیان هەنگاو لێی دوورکەوتۆتەوە، کە ناڵەکان ی راگەیاندن و میدیاکان کیشەکە باشتر بەرجەستە دەکەن و سەرلێ شێواندنێکی یەکجار زۆر یان دروست کردووە .

[1] . ادونیس، النظام والکلام، دار الادب، بیرؤت، ط١، ١٩٩٣، ص ١٩٨

* وشەی(دەری) بەمانای زمانی فارسی دێت و لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا(تازی، بەمانای زمانی عەرەبی دێت) بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە خانی ناوی زمانی (عەرەبی) هێناوە بۆ دووبارەی دەکاتەوە؟ هەندێك لە لێکۆڵەرەکانیش وای بۆ دەچن کە مەبەستی لە(دەری) فارسی کۆن بێت و مەبەست لە (تازی) فارسی نوێ بێت .

لایەك جۆرێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و روشنبیری لە نێوان ئەو شێوە زار و زمانانەدا دروست دەکات ودەوڵەمەندی شاعیر نیشان دەدا، لەلایەکی دیکەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە مەحاڵە بە پشت بە ستن بە یەك شێوە زاری کوردی بەرهەمی(هاو شێوەی مەم وزین)ی پێ بونیاد بنرێت، یاخود مەحاڵە گێڕانەوەکە بەتەواوەتی مەبەستی خۆی بپێکێ )[1]، بێگومان دەشێ شیعرێك بە یەك شێوەزار بنووسرێ ومەحال نییە، بەڵام لە ئاست بەرهەمێکی وەك مەم وزین، کە زیاتر لە ئینسیکلوپیدیایەکی مەعریفی دەچێ ئەم رایەی سەرەوە راستە، چونکە جۆراو جۆری بابەتەکانی نێو مەم و زین وا دەکات شاعیر پێویستی بە فەرهەنگێکی فراوان بێت.

خانی هەنگاوی بەرەو کوردی بەکارهێنان ناو بۆ ئەو سەردەمەی ئەو سەرکەوتووش بوو تیایدا و هەوڵی داوە زمانی کوردی یەکبخات و رێکی بخات و ژیانی پێ ببەخشێتەوە:

بوهتی یو مهەممەدی و سلیڤی

هەن لەعل و هنەك ژ زێڕ و زیڤی      ل ٢٤٢

خانی هەر سێ شێوە زاری (بوهتی و محەممەدی و سلیڤی) کە سێ شێوە زاری کرمانجی سەروون وەکو ماددی خامی ئەم داستانەی بەکار هێناوە، دیارە وەکو دەزانین رووداوەکانی(مەم و زین) لە جزیرەی بۆتان دا روویان داوە، بۆیە شێوەزاری (بۆتانی)* ئاساییە بەکاربێت لە داستانەکەدا، هەروەها گوایە رەچەڵەکی(خانی) بۆ سەر(تیرەی(محمودی) هەکاری، کە دەڵێن بنەچەی ئەو تیرەیەش عەشیرەتی(الحمیدیە) ی کوردیە)[2] دەگەڕێتەوە، بۆیە زۆربەی سەرچاوەکان شێوە زاری(مهەممەدی)بە شێوە زاری(خانی) دادەنێن . شێوە زاری(سلیڤی)یش تایبەتە(بە عەشیرەتی سلیڤا)[3]ەوە، خانی ئەم شێوە زارە کوردیانە لە مەم وزیندا یەك دەخات وبەرهەمەکەی پێ دەنوسێتەوە، تێکەڵکردنی شێوەزارەکان هەنگاوێکە بۆ یەکخستنی زمان ورێکخستنی و گەڕان بە دوای زمانی یەکگرتوودا .

## ٢–خانی سنووری کرمانجی سەروو دەبەزێنێ .

پرۆسەی یەکخستنی زمانی کوردی لەلای خانی لەئاستی یەکخستنی چەند شێوەزارێکی کرمانجی سەرووداا رانەوەستا، بەڵکو((گەلێك وشە دەبینین و دەتوانین نیشانیان بدەین، بەوشەی لقە جیاوەزەکانی دیالێکتی خوارووی بزانین، تەنانەت گۆران و لوڕیشی لا دەبینین، کەشارەزایانە

---

١. عقیل سعید محفوض،الاکراد واللغة والسیاسة، المرکز العربي للابحاث و دراسة السیاسات،ط١،بیروت،٢٠١٣،ص١٠٥

*(رشید فندی، کاتێك بەرپەرچی بۆ چوونەکانی(د . عزالدین مستەفا رەسول) دەداتەوە دەڵێ: ئەحمەدی خانی(مەم و زین) ەکەی بە(بۆتانی) نەنووسیوە و ئەو لە مەم و زین دا جەختی لەسەر شێوەزاری(هەکاری) کردۆتەوە، بۆتانیش تەنها سوودی لێ بینراوە وەکو چۆن شاعیر سوودی لە هەموو شێوە زارەکانی دیکەی کوردی بینیوە، هەروەها دەڵێ: شێوەزاری بۆتانی شێوە زارێکی بەهێزبووە لەکۆن دا و لەسەردەمی مەلا(جەزیری) یشدا و هەتا ئێستاش، بەلام نەیتوانیوە بگاتە ئاستی بەهێزی شێوە زاری هەکاری، هەر لەم بابەتەشدا هاتوو کە(مەلا مەحمودی بایەزیدی) دەڵێ (شێوەزاری هەکاری ئەسڵە و ئەوانی دیکە لقەکانن) بڕوانە . رشید فندی، مناقشات حول خاني، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٦، ١٧ – ١٨

٢. تحسین ابراهیم دوسکی، جواهیر المعاني في شرح دیوان احمد خاني، ل ١٤

٣. جان دوست، احمدي خاني(مە م وزین)، ص٤٧٥

دایمەزراندووە، جێگەی گونجاوی لەناو ڕەگەزەکانیتری زماندا بۆ دۆزیوەتەوە))[1]، واتا دەتوانین بڵێین ڕوانینی خانی بەرەو دوور بووە و ئەو ویستویەتی یەکەم پایە دابنێت لەپایەکانی دروست بوونی زمانێکی ئەدەبی نەتەوەیی، خانی((هەندێك وشەی بەکارهێناوە کە تا ئێستا لەکرمانجی خواروو(موکریانی، سلێمانی، کەرکوك، هەولێر و دەوبووبەری) بەکاردێت بۆ نموونە: ئەم چەند وشەیەی خوارەوە لەیەك لاپەرەدا بەرچاو دەکەون(باڵا، پابەند، بولبول، شەیدا، نەوا، شەماڵ، پەروانە))[2] * لەبارەی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی شێوەزاری(لوری) یش،( عزالدین مستەفا ڕەسول) ئەم نموونەی هێناوەتەوە:

ئەی واقیفی واقیعاتی دێرین

ئەم غەیری تەمەحرەمان نەدێرین .

فەرمانی(نەدیری) فەرمانێکە بەواتای(نیمانە) بەکاردێت و زیاتر کوردەکانی خانەقین یان ئەوانە کە پیان دەڵێن(فەیلی) بەکاری دێنن .

کەسایەتیەك لە ئاستی فیکر و بیرکدنەوەی(خانی)دا ئاساییە ئەگەر شارەزایی لە شێوەکانی دیکەی زمانەکەی بووبێت و ئەگەر بڵێین((خانی ئاگای لە کرمانجی خواروو نییە پێم وایە بەهەڵەدا دەچین، چونکە ئەحمەدی خانی سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و بێ گومان ئاگای لە زارەکانی زمانی کوردی هەبووە))[3]، ئەگەرچی هەندێك پێیان وایە، کە خانی شێوەزارەکانی باشور وڕۆژهەڵاتی نەزانیوە و(ئەگەر بیزانیبایە بە کاری دەهێنا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خانی لە پێشەنگەکانی تێکەڵکردنی شێوەزارە کوردیەکانە لە نووسیندا ئەم هەنگاوەشی بوو بە ڕێرەوێك، کە شاعیرانی پاش خۆی بەکاریان هێناوە و توانیویانە شێوەزارەکانی کوردی وەکو مۆزاییکێکی زمانی لە بەرهەمدا بەکاری بهێنن و وەرگری ناوچە جیاوازەکانیش لێی تێبگەن هەروەها ئەم کارەی خانی ڕوشنبیری کورد ڕزگار دەکات لە دەمارگیری بۆ تاکە شێوەزارێك)[4] وشێوەزارەکانی کوردی لێك نزیك دەکاتەوە و فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندو یەکدەخات.

یەکێکی وەك(خانی)، کە شارەزایی مێژووی نەتەوە بێت و لە هەوڵی دامەزراندنی سیاسەت وستراتیجییەتی نەتەوایەتی بێت، ئەوا زمان و ڕۆڵی زمان فەرامۆش ناکات، ئەو هەستی بە دابەشبوونی میللەتەکەی کردووە لە هەمان کاتدا ئاساییە هەستی بە دابڕاندنی شێوەزارەکانی نەتەوەکەی کردبێت، بۆیە هەوڵی داوە بەرگێکی نوێ بۆ زمانی کوردی دروست بکات لە شێوەیی مۆزایك، کە هەرپارچەیەکی لە شێوەزارێکەوە وەرگرتبێت

---

[1]. عزالدین مستەفا ڕەسول، احمد خانی شاعیر ...، ل ٢١١

[2]. فەهمی شوکری عەبدوولڵا، نەتەوە و دەولەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی دا، نامەی دکتورا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیجی زمان، ٢٠٠٩، ل ١٤٢

* لەنامەکەی(فەهمی شوکری) دا کۆمەڵێك وشە وفرێزی دەستنیشان کردووە، کە خانی لە مەم وزیندا بەکاری هێناوە و تایبەتن بە شێوەزارەکانی دیکەی کوردی بڕوانە نامەکە،ل١٤٢-١٤٤

[3]. فەهمی شوکری، نەتەو و دەولەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی، ل ١٤٥

[4]. عقیل سعید محفوض،الاکراد واللغة والسیاسة،ص١٠١

**٣- خانی و مەسەلەی ڕێنووس لە مەم و زین دا .**

یەکێك لەو کێشانەی کە تاکوو ئێستا زمانی کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێ، مەسەلەی ڕێنووسی کوردییە، کۆڕی زانیاری کوردی و شارەزایانی بواری زمانی کوردی هەمیشە لەهەوڵ و ململانێ ڕێکخستنی ڕێنووسی کوردین، بەڵام تاکو ئێستا پێیان نەکراوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ئەرکەکەیانی قورستر کردووە، چونکە پابەندی یەك ڕێنووس نین جا ئەگەر نووسینەکە بە ئەلف و بێی عەرەبی بێت یان لاتینی لە هەردوو حاڵەتدا کێشە زۆرە، فەرهاد شاکەلی: دەڵێ:((دەمێکە ئەوە دەزانم کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان ئەوەی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی بێت سەریان لێ دەرناچێ، بارودۆخی زمان بە جۆرێك داتەپیوە کە نەنیازی پاکان و نەنزای چاکان نایێت بەهانایەوە))[١] بێگومان ڕێکخستن ویەکخستنی زمان کارێکی گرنگە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دەبێت ڕێنووسیش ڕێکبخرێت، کە لە ئێستاداو بەهۆی تێکەڵاوکردنی شێوەزارەکان و پەیدابوونی نووسین بە ئەلف و بیێ ی لاتینی و ... هتد، گرفتی یەکجار زۆر بۆ زمان و ڕێنووسەکەی پەیدابووە .

لەسەر دەمی(خانی) دا کێشەی چۆنیەتی بەکار هێنانی وشە عەرەبییەکانی نێو زمانی کوردی هەبووە، بەڵام خانی((لەگەلێك شوێندا یەکێ لەو تیپە عەرەبیانەی هێناوە کە لە کوردیدا نین و کردوونی بەهاوقافیە یا هەو(ڕەوی) ی تیپێك کە لەکوردیدا هەیە و(مخرج) ی لەگەڵ ئەو تیپە عەرەبییەدا یەکە))[٢] وەك:

زین ڕابوو و چوویە خەلوەتا خاص تاجدینی نەما نە جل نە پالاس ل ١٧٠

هەردوو پیتی(س) و(ص) بەرامبەر بە یەکتر بەکار هێناوە بۆی هەیە یەکێك بپرسێت ئایا سوودی ئەم کارە لەچی دایە؟، لەوڵامدا دەڵێن سوودی لەوەدابووە، کە خانی درکی بەوە کردووە کە دەشێ لە شوێن پیتە عەرەبیەکان پیتی کوردی دابنێن، چونکە شێوەی گۆکردنیان لەیەکەوەنزیکە .

هەندێك جار لەبری پیتە عەرەبیەکە پیتی هاو(مخرج) ی کوردی داناوە بۆ نموونە (پیتی(س) کوردی بەرامبەر بە(ث) عەرەبی داناوە، کە لە ((دەست نووسەکەشدا هەردووکیان کراون بە(س) وشەی(عبث) ی عەرەبی لە بەرامبەر(بە س) ی کوردی داناوە))[٣]:

گو بیدلیا ممی مەبەس کر

ازردە من لوی عبس کر *

---

[١]. فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا،مەڵبەندی کوردۆ لۆژی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٩٩

[٢]. عزالدین مستەفا ڕەسول: احمد خانی شاعیر و ...، ل ٦٧

[٣]. عزالدین مستەفا ڕەسول: احمد خانی شاعیر و ...، ل ٦٨

* ئەم دێرە لەلای هەژار بەم شێوەیەیە:

گو بیدلیا مەمێ مەبەس کر

ئازوردەنی من ل وی عبث کر

بەڵام هەر لە دیوانەکەی(هەژار) دا لە دێرێکدا لەبەری(صاف) عەرەبی(ساف) نووسراوە کاتێك دەڵێ:

خەلقی کو ژ سینە و ژ دل ساف

پاکیزە سروشت و اهل انصاف

لەبەرامبەر(ص) عەرەبی(س) کوردی دانراوە بڕوانە(مەم و زین)، هەژار، ل ٢٠١ – ٥٣

ئەم هەولآنەی کە خانی داویەتی سەرچاوەکەی شارەزایی خانیە لە فۆنە تیکی کوردی و عەرەبی و درك کردنێتی بە کێشەی ئیملای کوردی، چونکە کۆمەڵێك دەنگی بێگانە لە نووسینی کوردیدا بەکاردێت و خانی هەوڵی داوە چارەسەر بۆ ئەو دەنگە ناکوردیانە بکات هەر لە نێو دەنگە کوردییەکاندا بەرامبەریان بۆ دابینێت و بیانخاتە ژێر باری ئیملای کوردیەوە .

## ٤- خانی و کولتووری بەرگری کردن لە نووسین بەزمانی کوردی .

لە داستانی(مەم و زین) دا(خانی) لەهیچ دێڕێك بە راستەوخۆیی باسی شان و شکۆی خودی خۆی ناکات و هیچ پیاهەڵدانێکی بەرچاو نییە سەبارەت بە خانەوادەو رەچەڵەکی خانیەوە، ئەگەر پیا هەڵدانێك هەبێت ئەوا بە زمانی کوردی و بە بەرهەمەکەی(مەم و زین) نەوەیە، یان پیا هەڵدانە بە کورد و ئازایەتی و قارەمانێتی تاکی کورد و ... هتد .

کولتووری بەرگری کردن لە نووسین بە زمانی کوردی لەسەردەمی(خانی) دا بەهۆی بەراورد کردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبیات و رۆشنبیری و زمانەکانی دەوڵەتانی دراوسێوە هاتۆتەکایەوە، ئەگەر چی(ناشێ و بەتایبەتی پاش لێکۆلینەوەکانی کلود لیفی شتراوس بلێن رۆشنبیری میللەتێك باشترە لە رۆشنبیری میللەتێکی دیکە، بەڵکو دەبێت پێوانەکرنی رۆشنبیری میللەت لەنێو خۆدا بکرێت و لەسەر بنەمای چەند پێوەرێکی ناوخۆیی و تایبەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت نەك بەپێی پێوانەکردنی بەپێوەری دەرەکی و بەرهەمی دەرەکی)[1] خانی زمان و رۆشنبیری میللەتەکەی خۆی پێوانە ناکات، بەڵکو زیاتر بەرگری لێ دەکات ئەگەر چی هەندێك جار کاتێك خۆی بەرامبەر(جامی) و(نیضامی) دادەنێت بە پێوەری دەرەکی پێوانە دەکات، یان کاتێك کە زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبی و فارسیدا دەخاتە تەرازووەوە بەمەبەستی بەرگری کردن لە زمانی کوردی، لەم حالەتەشدا دیسان پێوەرەکان دەرەکین کە(زمانی عەرەبی و فارسی) یە، بەلآم لەچەندین دێڕی دیکەی(مەم و زین) دا خانی رۆشنبیری میللەتەکەی خۆی بە پێوەری ناوخویی پێوانە دەکات، بۆ نموونە: کە بەرهەمەکانی(جزیری و علی حەریری و فەقێ تەیران) بەرز دەنرخێنێ، یان شانازی بە ئەفسانە و بەرهەمی میللی نەتەوەکەی دەکات ... هتد. بە گشتی کاتێك خانی بەرگری لە زمانی کوردی، یان خودی بەرهەمی(مەم و زین) دەکات، ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی دەکاتە پێوەر بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتانە، جا بۆ ئەمەش دوو کۆمەڵە خەڵك لێك جیادەکاتەوە:

یەکەمیان ناتوانن لە خانی بگەن یان هاو فیکر و هاو ئاستی رۆشنبیری و دەروونی نین لەگەڵ خانی و دووەمیان ئەو خەڵکەن کە خانی بە هۆشدار و عاقل ناویان دەبات، چونکە لە نێو بازنەکەی خانی دا

---

[1]. ادونیس، النظام والکلام، ص ٧٨

**کۆدەبنەوە هاو ویست و مەبەستن لەگەڵ خانی،(کوفکا))* دوو گروپ خەڵك لێك جیا دەکاتەوە (یەکەمیان ناوی لێ دەنێت (گروپی کۆمەڵایەتی– SOCIOLOGICAL GROUPS دووەمیان گروپی سایکۆلۆژی– PSYCHOLOGICAL GROUPS)[١] ** گروپی یەکەم ئەو کۆمەڵە خەڵکە فراوانەیە، کە(خانی) لەگەڵیان لەچوار چێوەیەی یەك خاك و یەك شوێن و یەك کۆمەڵگادا دەژی و جگە لە پێکەوە ژیان هیچی دیکە نایانبەستێتەوە بە(خانی)، بەڵام گروپی دووەم گروپێکە خانی دەیەوێ دروستی بکات بۆ خۆی و ئەندامانی ئەم گروپە لەنێو تاکەکانی یەکەم گروپەوە هەڵدەبژێرێ*** و گروپێکی سایکۆلۆژیە(ئێمە) یەك، کە هاوبیر و بیرکردنەوە و هاوئارەزوویی خانی بن بەکورتی لە ویستەکانی خانی تێبگەن .**

**ئەو تاکانی کە خانی باسیان دەکات لە مەم و زین دا و تەرازووی پێوانەکردنی بەرهەمەکەی دەدات بە دەستیانەوە بریتین لە: پادشا، خەڵك، ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران، فێر خوازانی سەردەمەکەی خۆی .**

**خانی دەڵێ:**

**گەردێ ببوویا بضەربێ مەنقووش**

**نەدما وەهە بێ ڕەواج و مەغشووش ل ٤٨**

**هەروەها دەڵێت:**

**قیرطاسییەیا مە بێ پەناهان**

**بێ ضەربێ قەبوولێ پادشاهان ل ٤٨**

**لێرەدا پێوانەکردنەکە بە دەستی(پاشای کورد) ە، کە دەشێ ڕەواجی بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە دەستی ئەو دابێت، بەڵام ئەو پاشایەی کە خانی باسی دەکات لەنێو گروپە سایکۆلۆژیەکەی خانی دا**

---

* Kurt Koffka، کورت کوفکا دەروونناسی ئەلمانی لە ١٨٨٦ هاتۆتە دنیاوە و لە ١٩٤٦ کۆچی دوایی کردووە هەندێك سەچاوە دەڵێن بەرەچەڵەك بریتانی بووە، ئەم زانایە یەکێکە لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی(جەشتالت)، گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە مبادیء علم النفس الجشتطالتي و اسس التطوير النفسي بروانة مشاهير علم النفس لە سایتی:
http:/ www.dorar-aliraq.net/threads/102509

[١]. مصطفى سويف، الاسس النفسية للابداع الفنى، دار المعارف، مصر، ١٩٥٩، ص

** ئەگەر تێبینی ڕەفتاری مرۆڤ بکەین، کاتێك لەنێو ترام یان پاسێك دا دەبێت و کەس لەسەر نشینانی ئەو پاسە ناناسێ چۆنە و پاشان بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕەفتاری ئەو کەسە کاتێك کە لەنێو پاسەکەدا توشی کۆمەڵێك هاوڕێی خۆی دەبێت ڕەفتارەکانی چۆن دەگۆڕێت، ئەوا دەتوانین هەست بە جیاوازیەکی زۆر بکەین لە ڕەفتاری ئەو تاکە کەسە لە هەردوو حاڵەتدا (جا لەیەکەم حاڵەتدا(مرۆڤەکە لەنێو گرۆپێکی کۆمەڵایەتی یە)(منە لە ناوئەوان)بەڵام لە دووەم حاڵەتدا(مرۆڤەکە گروپێکی سایکۆلۆژی(ئیمە) یەك) بۆ خۆی دروست دەکات بڕوانە: مصطفى سويف، الاسس النفسية للابداع الفنى، ل ١١٩

*** خانی لەنێو(ئەوان) ی کۆمەڵگاکەی بەشوێن(ئێمە – نحن) دەگەرێ،(النحن – ئێمە) بریتیە لە:((من) ی شاعیر کە دەبێتە بەشێك لە گشت و گشتەکەش بریتیە لە(ئەو) ەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا، کە لەگەڵ(من) ی شاعیر دا هاو ڕەفتار و هاوبیر و هاویستن و بە یەکەوە(ئێمە) یەك دروست دەکەن، دروست بوونی ئێمە بەڵگەی دروست بوونی حاڵەتی تەکامولی کۆمەڵایەتیە، ئەو کۆمەڵگایانەش کەلەسەر بنەمای(ئێمە) دروست بوونە، کۆمەڵگایەکی تاڕادەیەك جێگیرە و هاوسەنگیەکی سایکۆلۆژی لەنێو تاکەکانی دا هەیە، بەڵام دیسان ناکرێ بەڕەهایی ڕێگری لە جیاوازیەکانی نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بکرێت، بۆیە هەمیشە لەنێو کۆمەڵگادا دوو گروپ هەیە،(ئێمە) و(ئەوان) و هەندێك جار(من) ێك لە(ئەوان) جیا دەبێتەوە و بە شوێن(ئێمە) یەکی تازە دا دەگەرێ بڕوانە د. مصطفى سويف، الاسس النفسية للابداع الفنى، ل ١١٩، ١٢٨(من) ی خانی لە(ئەوان) نێو(دەربار) جیا دەبێتەوە وبە شوێن(ئیمە)یەك دەگەرێ کە هاوسەنگی بۆ کۆمەڵگاکەی دروست بکات و هاو ویست بن لەگەڵ خانیدا.

نیه، پادشا له بەرەی(ئەوان) ی دەربارە و(من) ی (خانی)یش لەبەرەی(ئێمە) ی عالیم و حەکیم و زانایە بۆیە دەڵێت:

مەعلوولە ل با گەلەك عەلیمان

مەقبوولە ل با گەلەك حەکیمان ل ٤٨

لەدێرێکی دیکەدا(خانی) پێوانە کردنەکە دەداتە دەستی خەڵکەوە، بەڵام کامە گروپ لە خەڵك؟

خەڵقێ کو ژ سینە و ژ دل ساف پاکیزە سرشت و ئەهلێ ئینصاف

بیلجوملە بکەن ژ بۆ مە تەحسین بێژن کو ب قەنجی هاتە تەدوین ل ٥٣

ئەو گروپە خەڵکەی کە خانی داوای دەکات ئەندامەکانی دەبیت(دادپەروەر و دڵ پاك و سروشت بەرزبن) تاکوو لە بەرهەمەکەی تێبگەن و بە باشی هەلیبسەنگێنن واتا دەبێت هاوسیفاتی(خانی) خۆیبن .

لەدێرێکی دیکەدا(خانی) چینی(خوێنەر)دەکات بە دوو گروپەوە (خوێنەری راستەقینە) و(هەرزە خوێنەوار):

لێ هیڤی دکم ژ موستەعیدان

حەرفان نەگرن لە موستەفیدان ل ٥٣

لێرەدا خانی(هیوا دەخوازێ کە(مستعد) ەکان، ئەوانەی، کە خوێندنیان تەواو کردووە، بێنە لای خودی خانی و گوێ بۆ(مستفید) ەکان نەگرن، کە جارێ تازە دەخوێنن و هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە) [١]، [*] ، ئەوانەی کە خانی دەیەوێ لە گروپە سایکۆلۆژەکەیدا جێگایان بکاتەوە خوێنەرە راستەقینەکانە نەك هەرزە خوێنەرەکان .

خانی ترسی ئەوەی هەیە، کە پێوانەی بەرهەمەکەی بکەوێتە دەستی رەخنەگری کەم ئەزموون و خەڵکی نە شارەزاوە بۆیە ئومێدەوارە ئەوانەی، کە ئەهلی عیرفان و حەکیمەتن بەهانایدا بچن و ئەگەر هەر کەم و کوڕیەکیشی هەیە بۆی چاك بکەنەوە:

یارەب مەدە دەستێ خەڵقێ ناساز

ڤێ شاهیدێ دل روبایێ طەنناز

ئومێد ئەوە ژ ئەهلێ عیرفان

ئەو دێ نەگرن ل من چوو حەرفان

تەشنیع نەکەن وەکی غەیووران

ئیصلاح بکن ل من قوصووران

ئەصحابی کەمالێ پەردەپۆشن

ئەربابێ غە رە ض د پر خرۆشن ل ٥٤

---

[١]. جان دوست، احمد خانی، ل ١٦٤

[*] . دەشێ ئەم دێرەی سەرەوە بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، خانی خۆی بە موستەفید داناوە وداوا لە موستەعیدەکان دەکا رەخنەی لێ نەگرن چونکە تازە خوێندکارە وئاساییە ئەگەر هەڵەش بکات.

خانی لێرەشدا دوو چین لێك جیا دەکاتەوە، ئەوانەی کە خوێنەر و گوێ گر و رەخنەگری باشن کە رەخنەکانیان بونیاد نەرەو ئەوانەی کە خۆیان کەم ئەزمونن و هەر خەریکی وتەوتن و رەخنەکانیان روخێنەرە و لە پێناوی شکاندنەوەی بەرهەمەکەیە .
راستە خانی زۆر جار پێوانەی بەرهەمەکەی داوەتە دەستی وەرگرەکانی بەلأم خۆشی بەرگری لێ کردووە و بە چاوێکی بەرز نرخاندویەتی، کولتووری بەرگری کردن لە شیعر نووسین بەزمانی کوردی بەر لە خانی و پاش(خانی) یش بەردەوامی هەبووە، بۆ نموونە جزیری دەلێ:

گەر لوئلوی مە نثور ژ نە ظمێ تەدخوازێ

وەرە شیعری(مەلێ) ببین تە بە شیرازی چ حاجەت [1]

جزیری شیعرەکانی خۆی بە(لولو) چواندوە لەئاست بەرزی و جوانیدا و ئەو شیعرەکانی خۆی لە شیعرەکانی شاعیرانی(شیراز) پێ باشتر بووە بۆ یە دەڵێ ئەگەر تۆ لەنووسینی باش دەگەڕێی وەرە شیعرەکانی(مەلای جزیری) ببینە ئیتر پێویستیت بە شاعیرانی شیراز(حافظی شیرازی) نابێت .
(نالی) یش کە لەپاش خانیەوە دێت دەڵێت:

کەس بە ئە لفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا [2]

بەرگری کردنی(جزیری) و(نالی) جۆرێك لە بڕوا بەخۆبوون و دڵنیابوونی تەواوی پێوە دیارە،بەلأم (خانی) دەزانێ کە رەخنەگر هەیە رەخنەکانیان روخێنەر و ونامەوزووعین، بۆیە هەندێك جار لە بەرگری کردنەکانی(خانی) دا ترس و گومان لە کۆمەڵگاکەی پێوە دیارە:

ئەصحابێ غەرەض کو گوە بدێرن
عەیبا ب کەرەم ل من ڤەشێرن
ئاڤا رویێ شاعیری نەرێژن
گەر مومکنە ئێکە ڤەنج ببێژن ل ٥٥

یان دەڵێ:

مەئموول ئەو ژ ئەهلێ رازان
ئەوە دێ نەکرن ب من تنازان ل ٥٤

خانی گومانی لە کۆمەڵگاکەی خۆی هەبووە، هەر بۆیە رشتنی ئاوی روی خانی و گاڵتە پێ کردن بەخانی دووبابەتن، کە خانی بەر لە رووادنیان رێگەی لێ گرتوون .

---

[1]. مەلای جزیری(دیوان)، لێکدانەوەی هەژار، انتشارات سروش، تهران، ١٣٦١، ل ١٢٨
[2]. نالی(دیوان)، لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چ ٣، انشاراتی کردستان، ئێران، ١٣٨٣، ل ١٠٧

هەندێك جاری(خانی) سەرچاوەی بەرگری کردن لە شیعرەکانی خۆی بەستوەتەوە بە بەرگری کردن لە نەتەوە:

سەهوو غەلەطان نەکەن تەعەججوب

تەئویل بکن ژ بۆ تەعەصصوب ل ٥٥

واتا لەبەر خاتری خاوەن بەرهەمەکە، کە(خانی) یە و کە سایەتییەکی کوردە و بەرهەمەکەی لەبەرخاتری کورد نووسیوە، دەبیٚ کوردیش بیپارێزی و چاو لە هەڵەکانی بپۆشیٚ و سەرسورماونەبێت، بەڵکو هۆکاری هەر سەهوو و هەڵەیەك بۆ دەمارگیری نەتەوەیی(خانی) بگەڕێنێتەوە .

خانی لە زۆربەی ئەو دێڕانەی سەرەوە، هەوڵی داوە بابەتییانە باس لەبەرهەمەکەی خۆی بکات و دانی بە کەم و کوڕیەکانی خۆی داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەهای بەرهەمەکەی خۆی کەم نەکردۆتەوە و بە چاوێکی بەرز تەماشای کردووە، چونکە بە کوردی نووسراوە:

ئەڤ میوە ئەگەر نە ئابدارە

کورمانجییە ئەو قەدەر ل کارە

ئەڤ طیفلە ئەگەر نە نازەنینە

نوبارە ب من قەوی شیرینە ل ٥٤

کولتووری کوردی نووسین کولتوورێکی نویٚ بووە لەسەردەمی خانی دا، بۆیە خانی بە منداڵی ساوای لە قەڵەم داوە، دیارە منالیش خۆشەویست و ئازیزە و گرنگترین شتیش ئەوەیە ئەم منداڵە هی خانی خۆیەتی و دزراونییە و لە کەسی وەرنەگرتووە، واتا لە شاعیری بێگانەی وەرنەگرتووە:

ئەڤ میوە ئەگەر نەپڕ لەذیذە

ئەڤ طفلە ب من قەوی عزیزە

مەحبووبە لیباس و گوشوارە

ملکیٚ د منن نە موستەعارە ل ٥٤

هەوەرها دەڵیٚ:

لیٚ من ژ رەزان نەکر تەمەتتوع

ما نەندیٚ دزان بکەس تەتەببوع ل ٥٣

واتا خانی لاسایی کەسی نەکردۆتەوە بەڵکو پشتی بە داهێنانی خۆی بەستووە، بێگومان خانی کاریگەری شاعیران و رۆشنبیری غەیرە کوردی لەسەر بووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی بە کوردی نووسیوە و بە هۆی ئینتمای خانی بۆ نەتەوەکەی هەندێك جار بە ڕەهایی بڕیار دەدات و بەرگری لە شیعرە کوردییەکەی خۆی دەکات و خۆی بە لاساییکەرەوە نابینێت بەڵکو بە داهێنەر .

**لەبەر ئەوەی باسی داهێنانمان کرد بە پێویستی دەزانین باسی مەسەلەی سەرچاوەی شیعر بکەین لە لای خانی، ئێمە دەزانین فەیلە سوفەکانی گریگ، بیریان لە مەسەلەی سەرچاوەی شیعر کردۆتەوەو پرسیاری ئەوەیان کردووە، کە ئایا شیعر ئیلهامە(بەهرەیە) یان داهێنانە(فێربوونە)؟ و ... هتد .**
**زۆر جاریش پرسیاری ئەوە دەکرێت(ئایە هونەرمەند لە چ دۆخێکا ممارەسەی کردەی داهێنان دەکات؟ ئەم کردەیە(ارادیە) یان(تلقائیە))[1] واتا بەویستی شاعیر ئەنجام دەدرێت، یان لە ژێر کۆنترۆلی شاعیردا نیە؟ هیگل* دەڵێ: (بەرهەمی هونەری لە دوو جۆرە توخم کە هەندێکیان عەقلین و هەندێکیان(حس) ین(هەستین) پێك هاتووە)[2]، خانی درکی بە حقیقەتی شیعر کردووە، ئەو دەزانی کە کردەی داهێنانی شیعر(ارادیە و تلقائیە) هەروەها(عەقلیە و حسیە) بۆیە کارکردنەکەی لە(مەم و زین) دا هەم لەژێر دەسەڵاتی عەقل و بە پشت بەستن بە تواناو فێربوون بوو، هەم کاریگەری هەست و ئیلهام و بەهرەی شیعریشی بەسەرەوە بووە،خانی دەلێت:**

**مانەندیٚ کیتابیٚ شاعیرانە**
**مەوضووع ب وەضعیَ خانە خانە ل١٠٩**

**خانی لە وەسفی جوانی(ستی و زین) دا ئەم دێرەی گوتووە، بەلاّم وەسفی کیتابی شاعیرەکان دەکات کە بەشێوەی عروزیی و هەنگاو هەنگاو دێر دێر شعرەکانیان رێکخستووە، خانیش(مەم و زین) ی دێر دێر لە سەرکێشی عەروزی دامەزراندووە، کە کێشی هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووفە:**

**هن/دی/ژ/شە/جا/عە/تیٚ/غە/یوو/رن**
**ئەو/ چەن/د/ ژ /مین/نە /تیٚ/ نە/فوو/رن ل ٤٤**
**(مفعول مفاعلن فعولن)**

**بەڕای ئێمە بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشە لەلایەن(خانی) یەوە بیٚ هۆ نەبووە، دەشیٚ مەبەستی بووبێت ریتمێکی خێرا ببەخشێت بەشیعرەکە تاکوو لەگەڵ شێوازی گیرانەوەی رووداو و گفتوگۆ**

---

1. مصطفى سويف، الاسس النفسية لابداع الفنى، ص ١٨٢

* جۆرج فیلیهام فردیش هیگڵ(١٧٧٠ – ١٨٣١) لەشاری شتوتگارتی ئەلمانی لە خێزانێکی بۆرژوازی لە دایك بووە (هیگڵ)ی لاهوتی زان و فەلسەفەکار و فەیلەسووف خاوەن کۆمەڵێك بەرهەمی فەلسەفیە لەوانە:(ژیانی مەسیح)(١٧٩٥) و(رەوشی ئایینی مەسیحی) و(جیاوازی لەنێوان مەزهەبی فیختە و مەزهەبی شلینگ)(١٨٠١) و(ئیمان و مەعریفە)(١٨٠٢) و(فینومینۆلۆژیای روح)(١٨٠٧) و(لۆژیکزانی)(١٨١٢ – ١٨١٦) داواکاری هیگڵ(فەلسەفەی ماف) ە لە(١٨٢١) بلاّوبووەوە، بڕوانە: رێبین رەسول ئیسماعیل، هیگل فەلسەفە و مۆدێرینیزم، چ ١، چاپخانەی رێبین، ٢٠٠٣، ل ١٣ – ٦٠ .

2. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

دا بگونجێت، هەروەها ئەم کێشە(١٠) بڕگەییە واتا نزیکە لە کێشی کوردی خۆماڵی(پەنجەیی) و ئەمەش دەشێ هۆکارێکی دیکە بێت لەپشت بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشەوە، هاوکات خانی سەروای(مەسنەوی) لە(مەم و زین) دا لە بری یەکێتی سەروا بەکارهێناوە تاکوو مەودایێکی فراوانتر بۆ باسکردنەکەی خۆی فەراهەم بکات و بەکارهێنانی سەروای مەسنەووی و کێشێکی عەرووزی گۆڕاو لە بەرژەوەندی پرۆسە نوێگەریەکەی خانیدا بوونە .

هەوەها خانی دەڵێ:

ئینایە نیظام و ئینتظامێ

کێشایە جەفا ژ بۆ وێ عامێ    ل ٤٦

یان

ئەڤ نامە ئەگەر خرابە گەر قەنج

کێشایە دگەل وی من دووصەد رەنج    ل ٥٣

نووسینی بە یاساو رێك و پێك و رەنج کێشان و هەوڵدان بۆ باش کردنی نووسینی شیعر، کۆمەڵێك کردارە شاعیر بە ئاگاییەوە ئەنجامی دەدات، هەروەها رێکخستنی پەیوەندی نێوان(لفظ و معنی) و بونیادی شیعر و داڕشتنی تۆکمە و بەکارهێنانی(رەمز) و شێواز ئەمانە کۆمەڵێك چەمکن کە خانی شارەزایی تیادا هەبووە و بە ویست و ئاگاییەوە و لەژێر دەسەڵاتی بیرکردنەوەدا خۆی ئاماژەی بەو جۆرە کارکردنەی خۆی کردووە:

ئەلفاظ و مەعانی و عیبارات

ئینشا و مەبانی یو ئیشارات

مە وضووع و مەقاصید و حیکایەت

مەرمووز و مەناقیب و دیرایەت

ئوسلووب و صیفات و مەعنی یولەفظ

ئەصلا نەکرن مەیەك ژوان قەرض

بیلجوملە نەتایجێ د فکرن

دوشیزە و نەوعەرووس و بیکرن    ل ٥٤

ئەم دێرانەی لەسەرەوە باسمان کرد هەندێکن لەو بەڵگانەی، کە دەیسەلمێنن(خانی) فێربوون و توانستی شیعری بەسەرچاوەی دانانی شیعر داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لەچەندین دێڕی دیکەدا بە ناراستەوخۆیی ئاماژە دەکات، کە شیعر(ئیلهام) یشە:

خانی کو ژ جامێ عیشقێ دین بوو

ئەو شۆرە شەراب پێ شیرین بوو

ئەڤ چەندە ڤەخوار ئەوی نەهشیار

**ئاگاه نەما ئەوی ژ گوفتار**
**مەستانەیە ئەو ب کەیفێ مەئموور**
**دێوانەیە ئەو ب عورفێ مەعذوور        ل ٢٤١**

**هەروەها دەڵێت:**
**هەرچی کو دبێژتن هەوایە**
**گەر گوهـ بدەنێ نەوایێ نایە**
**ئەو نەی نەحەلال و نە حەرامە**
**بێ پەردەیە ، لێ نە بێ مەقامە   ل٢٤١**

**خانی بەراستەوخۆیی ناڵیت من لەژێر باری تەوژمی ئیلهامدا شیعر دەڵێم بەڵکو ئەم مەسەلەیە لەژێر پەردەی مەست بوون بە شرابی عیشق باس دەکات، ئەو دەڵێ: شەرابی عیشق مستی کردووە و هۆشی لەخۆی نیە و نازانێ چی دەڵێ، ئەو بێ ئاگایە ئەمر پێ کراوە کە شیعری خۆش بڵێت و(کەیف) بخاتە نێو دڵانەوە یانیش بەویستی(مأمور _ خودا) خانی سەرخۆشە و بەپێی عروف و عاداتیش بێت ئەو شێتە، و هەرچی کە خانی دەیڵێت باسی عیشقە، خانی وەکوو(نای) وایە و ئەوەی کە دەیڵێ وەکو دەنگی(نای) یە نەحلالە و نەحەرامە .***

**خانی هەر لەبابەتی مەست بووندا دەڵێت:**
**مەخمور ببم بکرمە لافان**
**سەرخوش ببم و بکم گەزافان**
**بێ کەیف نەشێم چو ئەز ببێژم**
**دیوانە ببم دوڕان بڕێژم          ل ٥١**

**واتا بەبێ ئیلهام شاعیر ناتوانێ هیچ بڵێ بەڵام کە مەست بوو(ئیلهامی بۆ هات)، جوانی وەکو لولو دەرێژێ .**

**هەروەها دەڵێ:**
**نەشئا قەدەحا مەیا مورەووەق**
**رەشحا عینەبا رەزێ ب رەونەق**
**ئەو رەنگ بکەت د نەفسێ تەئسیر**
**حاصل ببتن د قەلبێ تەشویر**
**یەعنی بکەڤیتە جانێ شەوقەك**

---

*** وا دیارە دانانی(نای) بەئامێرێکی حەرام سەرچاوەکەی زانستی(شەریعەتە) بەڵام حەلال کردنی ئامێری(نای) نەریتی سۆفییەکانە و سۆفیەکان گوێ گرتن لە نای حەلال دەکەن، چونکە دەنگی نای ناخی دەروون دەجوڵێنی و مرۆڤ تووشی ئاسوودەبوون دەکات و لە دەست ماندووبوونی ژیان رزگاری دەکات. (نای) یش ئەو ئامێرەیە کە جەلالەددین رۆمی مەسنەویەکی پێ دەست پێ کردووە:**
**بشنو از نی چون حکایەت میکند و ز جداییهاشکایت میکند بڕوانە، جان دوست، احمد خانی(مەم و زین)، ل ٤٧٤ .**

حەتتا بگەهیتە قەڵبیٚ ذەوقەك
تەئسیریٚ نەفەس ببت ژ بۆ من*
تشریحیٚ قەفەس ببت ژ بۆ من
تەصفییەییٚ دل ببت مەحاصل
هەڤدەنگ ببم دگەل عەنادل
مورغیٚ دلیٚ موردە بێتە پەرواز
بیٚ پەردە ببت تەرانە پەرداز        ل ٥١

دیسان لێرەدا شەوق و زەوقی روح و دلٚ پابەندی بیٚ هۆشیە، ئەم بێهۆشیە کاریگەری لە سەر دەروون دەبێت و دەرگاکانی زیندانی وشەکان دەکاتەوە و دڵی مردوو دەکەوێتە فڕین بەبیٚ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك و دووبارە جۆرەها ئاواز دەخوێنیٚ. واتا شاعیر دووبارە کاریگەری عەقڵی بەسەروە نابێت دەربڕینەکانی خۆی دەباتە حاڵەتی(لائیرادی) یەوە .

لەکۆتاییدا کولتووری بەرگری کردن لە شیعر نووسین بەزمانی کوردی و مەسەلەی تواناو بەهرەی شیعری کۆمەڵێك بابەتی نویٚ بوون لەسەردەمی خانی و لە(مەم و زین) دا وروژێندران و بە گشتی لەبابەتی نووسین بە زمانی کوردی، خانی لە هەنگاوی بەدەست هێنانی پاڵپشتی دەسەلات بۆ پرۆژەکەی سەرکەوتوو نەبوو، بەلاٚم زۆر بەلێزانی و شارەزاییەوە وەکو چۆن لەو چوار خاڵەی سەروە باسمان کرد، خانی توانی بناغەی ژیانەوە و نوێبوونەوە بۆ ئەدەبیاتی کوردی دابنێت و دەتوانین بلێین((بەکوردی نووسینی خانی و نەنووسین مەم و زین بە فارسی و یان بە تورکی وێنەی چوونە سەرزمانی خەڵکە وەك رێنسانسی ئیتالیا))[1] و هەروەها نووسین بە کوردی لە لای خانی جگە لە ئامانجە ناوخۆییەکە کە رێنسانسی کوردیە ئامانجێکی دەرەکیشی هەیە کە دروست کردنی سەنگی کوردە لە نێو گەلانی دینادا چونکە((زمانی نووسین= زانین = شوناس و هەبوونی نەتەوە = ناسین و سەنگی لای گەلانی دنیا)) [2]ئەم ئامانجەی خانیش هاتۆتەجیٚ چونکە تا ئێستا

* ئەم دێرە خانی راستەوخۆ دێرەکەی(گۆران) مان دێنێتەوە یاد:
ئەمویست دەروون بکرایەوە وە تۆمار
دەرکەوتایە دونیای جوانتر لە بەهار
یان
بەلاٚم ئەفسووس کە ئەو شیعرە جوانانە
باڵدارێکن جیٚ ناهێلن هێلانە
بڕوانە، دیوانی گۆڕان، کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کوری زانیاری عێراقی، بەغداد ، ١٩٨٠، ل ١٢١
خانی دەیەویٚ قەفەصی دەروونی خۆی بکاتەوە دڵی وەکو باڵندە بکەوێتە فڕین و ئاواز خوێندنەوە و بەپێچەوانەی گۆڕان کە نازانیٚ چۆن خەیاڵەکانی خۆی بدرکێنیٚ، خانی دەزانیٚ و پەنادەبات بۆ(مەست بوون).
[1] . عزالدین مستەفا رەسول، احمد خانی شاعیر ...، ل ٥٣
[2] .کمال میراودەلی، خانی و پرۆژەی دامەزراندنی نەتەوەیی، سەچاوەی پێشوو .

هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی هێندەی(مەم و زین) ی خانی وەرگێڕانی بۆ نەکراوە بۆ سەر زمانەکانی دیکەی دنیا و لە بواری ئەدەبیدا مەم و زین شوێنی بۆ ئەدەبیاتی کوردی لەنێو ئەدەبیاتی جیهاندا کردۆتەوە .

## ب–ناسیۆنالیزم و کولتووری گرنگیدان بەنەتەوە لای خانی:

یەکێك لەو کێشانەی کە میللەتی کورد لە کۆنەوە هەوڵی چارەسەر کردنی دەدات، کێشەی ناسنامەی نەتەوە و کیانی کوردی سەربەخۆیە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزیمی کوردی و دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆناڵە، ((سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ناسۆنالیزم لەناو کورددا، تا ئێستا بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر دیاری کردنی کاتی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە))[١]. ناسیۆنالیزم پێناسە گەلێکی یەکجار زۆری بۆ کراوە، یەکێك لەو پێناسانە کە خزمەتی بابەتەکەی ئێمە دەکات، بریتییە لە:((کۆمەڵە خەڵکێکی خەملیو لە نەتەوەیەکدا بە هۆی پرۆسەیەکی مێژووی، تیادا: زمان و مێژوو و کەلتوور و دەروون و خاکێکی هاوبەشیان بۆ دروست بووە))[٢] [*] ، نەتەوەی کوردیش کۆمەڵە خەڵکێکن کە کولتوور و مێژوو و خزمایەتی زمان و خاك کۆیاندەکاتەوە، بەڵام ئەم نەتەوەیە خاوەن دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ نیە،(جەمال نەبەز) دەڵێ:((ڕاستیەکەی نازانرێ لەکەیەوە کورد کەوتونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەوەی گۆمانی تێدا نیە ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە شێوەی میرنشیندا هەر لە کۆنەوە بووە))[٣]، واتا دەتوانین فۆڕمی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردی لە میرنشینە کوردیەکاندا وێنا بکەین، بەڵام خودی بیری نەتەوە خوازی کوردی و پاڵنەرەکانی دروست بوونی، جێگای مشت و مڕ و لێکدانەوەیەکی یەکجار زۆرە.

هەر لە کۆنەوە کوردستان لەژێر کاریگەری نەژادپەرستی تورك و فارس و عەرەب و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا هەر هەوڵێکی دابێتی لە پێناوی جولاندنی هەستی نەتەوەیی پوچەڵ کراوەتەوە، و هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی و سەفەوییەوە هەنگاوەکانی کورد بەرەو یەکبوون و دروست کردنی دەوڵەت پوچەڵ دەکرایەوە، بەڵام هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نەتەوە هەر لە کۆنەوە لەلای بیرمەند و زانا و شاعیرانی کورد هەبووە و هەندێك ئاماژەی ناراستەوخۆ

---

[١]. هیوا عزیز سعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٠.

٢. محەممەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٨.

* چەمکی ناسیۆنالیزم بۆ یەکەم جار لە لایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی(یوهان گۆڵفراید هێردەر) لەگەڵ بیرمەندی فەرەنسی(ئۆکستین دی بادیل) لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بەکار هێنراوە، پێناسەیەکی یەکجار زۆری بۆ کراوە.(هانز کۆهن) پێی وایە((نەتەوایەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بڕیاردانی خود لە ژیانی کۆمەڵکدا هەیە، لەگەڵ هێنانی زانستی نوێ و تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتی نەتەوە و بەرزکردنەوەی زمان و کەلەپوری نەتەوایەتی)) هەروەها دیارترین پێناسەی ناسیۆنالیزم پێناسەکەی(ئیندرسۆن) ی بەرەگەز ئێرلەندییە کە دەڵێ:((نەتەوە کۆمەلێکی سیاسی هێماکراوە یاخود خەیاڵکراوە کە پرنسیپەکانی دیاریکراون و خاوەن سەروەری یە، نەتەوە هێما کراوە، چونکە تەنانەت نەتەوەیەکی زۆر بچوکییش هیچ کات یەکتر ناناسن)) بروانە:(محەممەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، ل ١٧، و هیوا عزیز سعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، ل٥٣) و فەهمی شوکری، نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی دا، ل٢٧.

٣. جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری(قەمیەت)ی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزم ی رۆژاوایی یە، بنکەی کورد نامە، چ٢، لەندن، ٢٠٠٢، ل ٢٦.

**لەلای(بابە تاهیر و جزیری و شەرەفخان....هتد) بەدی دەکرێت، بەڵام بەگشتی قۆناغەکانی دروستبوونی بیری نەتەوایەتی کوردی دابەشی سەر سێ قوناغ دەکرێ:[1]**

**١-هەست پێ کردنی نەتەوەیی یان قوناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد لە نەتەوەکانی تر، ئەم قۆناغەش لە سەدەی(١٦) دەستپێدەکات تا کۆتایی سەدەی(١٩).**

**٢-سەرهەڵدانی رێکخراوی نەتەوەیی کە لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوە دەست پێ دەکات تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخایەنێت.**

**٣-قۆناغی دەست پێکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی.**

**(ئەحمەدی خانی) یەکێکە لە رابەرانی قۆناغی یەکەمی چەکەرەکردنی هەستی نەتەوەیی کوردی، بڵیسەی شۆرشی هەستکردن بە بوونی نەتەوە لەلایەن(خانی)یەوە داگیرساوە *، هەر کتێبێك و هەر نوسەرێك کە باسی ناسیۆنالیزمی کوردی کردبێت نەیتوانیەوە خۆی لە باسکردنی شۆرشە فیکریەکەی خانی بەدوور بگرێت، بۆیە(خانی) لە لای هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان((لە سایەی(مەم و زین)ەکەی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنێن))[2] ئەگەرچی خانی لەژێر کاریگەری روشنبیری فارسی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامدا بووە، بەڵام خانی موسوڵمانێکی عەرەب پەرست نەبووە و خاوەن(ئایدیۆلۆژیایی)[3]** تایبەتی خۆی بووە، دیارە یەکێك لە ئامانجەکانی ئایدۆلۆژیا(گۆڕانکارییە نەك لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، چونکە ئایدۆلۆژیا دانانیشێت تەماشای جیهان بکات و لەئاستی رابوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات نەخشەی ئەندازەی جیهان دووبارە دروستبکاتەوە و کەم و کورپەکانی و ناتەواویەکانی پڕبکاتەوە)[4].**

**ئێمە خانی بەخاوەن ئایدۆلۆژیا لەقەڵەم نادەین، بەڵام خانی یەکەم هەنگاوی دانا بۆ بەئایدۆلۆژی بوونی فیکر ناسیۆنالیستی کوردی، چونکە ئەو لە پاڵ شرۆڤە کردن ولێکدانەوەی دۆخی کورد ئاواتی گۆرانکاری هەبووە، ئەو دەستەوەستان تەماشای نەخشەی جیهانی نەکردووە بەڵکو بە بیری خۆی نەخشەیەکی بۆ باشتر کردنی دۆخی کورد داناوە. خانی دەڵێ:**

---

١. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، نەتەوە و نەتەوایەتی، گۆڤاری(زانکۆ)، هەولێر، ساڵی سی یەم، ژ(٧)ی ١٠ ئەیلولی ١٩٩٩، ل١٢.

* بەڕای نووسەر(ئەبوبەکر علی)((نیمچە کۆدەنگیەك لە نێوەندە رۆشنبیریەکاندا پەیدا بووە کە شۆرشەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە ساڵی(١٨٨١) بە سەرتای چەکەرەکردن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی دادەنرێت)) بڕوانە: ئەبوبەکر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ب٢، چاپخانەی رۆژهەلات؟، هەوایر، ٢٠٠٨، ل٣٠.

٢. نەجاتی عەبدوڵلا، مەم و زین، دەزرگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥.

٣. التراث والعلمانية، عبدالكريم سروش،ت:احمد القبانجي، منشورات الجمل، بيروت، ٢٠٠٩، ص٤٣.

** (ئایدۆلۆژیا ideology) کۆمەڵە بیر و ڕایەکە پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتیەکانی تاکە کەس تاقم، چین یا کولتوورێك ئەنوێنێتەوە، ئایدۆلۆژیا وەکو زاراوەیەکی پیشەی و تایبەت، بەو کۆمەڵە باوەڕ و بیرۆکە دەرهەستانە ئەگوترێت کە لە گوتاری سیاسیدا بەتایبەت بەکارئەبرێ،بڕوانە:بەختیار سەجادی ومحمد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی(ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی)، ب١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٦.

٤. التراث والعلمانية، عبدالكريم سروش،ت:احمد القبانجي، منشورات الجمل، بيروت، ٢٠٠٩، ص٤٣.

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کورمانج د دەولەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجهیٚ مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم   ل ٤٤

(مەحرووم و مەحکوومی) کوردان لەلای خانی پرس بووە و ئەو لە هەوڵی ولاٚمدانەیدا بووە و نەخشەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد داناوە و هەنگاوی ناوە بەرەو دروست بوونی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزم سیستەمە و((سیستەمێکی فیکرییە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی بابەتی(ئوبجەکتیڤی)ی بوونی گروپێکی ئیتنیکی نەتەوە، کە زمان و کولتوور و مێژوو هەستی هاوبەشیان هەیە سەرهەڵدەدات،تا نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکە لەبەرامبەر نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەیەکی دیکە، هاوتا یان بەرزتر و گرنگتر بکرێت))[١]،(خانی)ی مەبەستی بووە، کە کورد بگەیەنێتە ئاست نەتەوەکانی دیکە و دەسەلاٚتی زیاتریان پیٚ ببەخشێت تا ئەو رادەیەی بتوانن سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی خەڵکانی دیکە بکەن و لەژێر دەستی بیگانە رزگاریان ببێت و خەڵکی خزمەتکاریان بۆ بکات نەك ئەوان خزمەتی بیگانە بکەن:

روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژمەڕا دکر غولامی* ... ل ٤٥

لە مێژوویی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوروپیدا دوو جۆر مۆدێل یان ئەزموونی سەرەکی هەیە:((ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی کە بەپێی ئەم مۆدێلە ناسیۆنالیزم وەکو سیستەمێکی فیکری و بزاڤێکی سیاسی نەتەوە لە کۆمەڵە گروپێکی ئیتنیکی و کلتووری جیاواز لەسەر بنەمای هاولاٚتیبوون و یەکسانبوونیان لە بەردەم یاسا دا دروست کردوە وەکو نموونەی فەرەنسا، هەروەها ناسیۆنالیزمی ئیتنۆ کولتووری، کە نەتەوە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئیتنیکی – کولتووریی و پاشخانی مێژووی دروست کراوە... نموونەی ئەڵمانیا))[٢].
ئەو مۆدێلەی کە بۆ دەوڵەتی کوردی لە لایەن خانیەوە دانراوە، لە ناسیۆنالیزمی(ئیتنۆ کولتووری)ەوە نزیك دەبێتەوە ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە کوردستان و کورد لەو سەردەمدا پێیدا تێپەر بووە، واتا خانی هەوڵی داوە یەکمجار یەکێتی زمان و ئینتما بۆ خاك و کولتوور لەلای

---

[١]. رەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، ل١٦.
*(د. عزالدین) پێی وایە((رەنگە مەبەستی(غولامی خزمەتی زمان و کولتوور بێت) چونکە هەر خانی کە باسی کورد دەکات لەوە دەدوێت کە کورد خزمەتی کولتووری هەموو رۆژهەلاٚتیان کردووە:(ب فکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان – کرمانجیە بوویە شوبهی بورجان))) بروانە: د. عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و ......، ل ٥٢.
[٢]. رەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، ل٢٤.

**تاکی کورد دروست بکات، پاشان ئەم پرنسیپانە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا کۆ بکاتەوە، بەڵام بەڕایی(مارتین ڤان بڕاونیسن)*[*] ((ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە، ئەوە پادشایەکی کوردی بەئاوات خواستووە و دەوڵەتەکەی ئەو بەهیچ کلۆجێ دەوڵەتێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرە ئیتنیکی دیکە لەبەرچاو بووە کە تێیدا(روم و عەرەب و عەجەم تەمامی، جەمیان ژمڕا دکر غولامی)))[1] واتا هزری دروستکردنی دەوڵەت لەلای خانی لە مۆدێلی یەکەم(ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی) دەوڵەتی فرە نەتەوە نزیکە، جا ئەگەر ئەم ڕایە راست بێت ئەی بۆچی خانی تەبەعیەتی نەتەوەکانی دیکە بە عەیبە لەقەڵەم دەدات؟:**

**تەبعییەتێ وان ئەگەر چی عارە**
**ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە......ل٤٣**

**خانی مەبەستی بووە کورد لە نەتەوەکانی دراوسێ جیابکاتەوە و کیانی خۆی پێ ببەخشێت ئەگەر نا بۆ چی دەڵێ: (گەر دێ هەبوایە مە ئیتحادەك) و بۆچی داوای(یەکبوونی)ی کورد دەکات و بۆچی داوای پادشایەکی بەتوانا دەکات و بۆ سنووری کورد لەگەڵ دەوروبەردا جیادەکاتەوە:**

**ئەڤ روم و عەجەم ب وان حەصارن**
**کورمانج هەمی ل چار کەنارن......ل٤٤**

**هەندێك لە توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان(خانی) بە پێشەنگی وروژاندنی سۆزی نەتەوەیی و فیکری دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە قەڵەم نادەن،(مارتن براونیسن) دەڵێ:((لەو بڕوایەدا نیم و پێشم وایە ئێمە ناتوانین بە پشت بەستن بەیەك دوو دێری نێوبانگی نێو مەم و زین بگەینە ئەو ئاکامە(ئاکامی ئەوەی کە خانی ناسیۆنالیستە) و بڵێین خانی بیری دەوڵەتێکی کوردی کردۆتەوە))[2] هۆکاری ئەم ڕایەی(براونیسن) ئەوەیە کە((لەسەردەمی خانی دا ناسۆنالیزم تەنانەت لە ئەوروپاشدا لەسەرەتایدا بوو، ئیتر چۆن ئەبێ لە لای خانیەکی کوردی رۆڵەی کۆمەلێکی چەند قۆناغ لەدوای ئەورووپاوە دەرکەوێ))[3].**

**ئەم جۆرە بیر و ڕایەی سەرەوە بە شێوەیەکی دیکە لە لای توێژەری کورد(عەتا قەرەداغی)یش هەیە، ناوبراو لەگەڵ ئەوەدانیە کە(خانی) بە بزوێنەری هەستی نەتەوەیی لەقەڵەم بدرێت و بە**

---

**[*] مارتن ڤان بڕاونیسن توێژەرێکی هۆڵەندیە لە ١٩٩٥/٥/٢٧ دا وتارێکی لەژێر ناونیشانی((مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاری نەتەوەیی کوردیدا)) لە سمینارێکی تایبەت بە بیرەوەریی ٣٠٠ ساڵەی لێبوونەوەی شاعیری نەمری کورد ئەحمەدی خانی یەوە خستۆتە روو بڕوانە: محمدی مەلا کریم، لەپێناوی راستی و کورد و خانیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩،**

**١. محەممەدی مەلا کریم، لەپێناو راستی و کورد و خانیدا، ل٤٨-٤٩.**

**٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.**

**٣. محەممەدی مەلا کریم، لەپێناو راستی و کورد و خانیدا، ل٣٦.**

خاوەن گوتاری نەتەوەیی دابنرێت بە پاساوی ئەوەی((ئەگەر ئەحمەدی خانی(١٦٥٠ – ١٧٠٦) لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ئەوروپیدا بژیایە، دەشیا درکاندنی رایەکی لەو جۆرە بەرامبەر بە جیهانبینی شیعری بێ چەند و چۆن وەربگیرایە، بەڵام هەر ئاوا ئاسان نییە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی سەدەی حەڤدەی وەك کۆمەڵگای کوردیدا کە هیچ بنەمایەکی پیشەسازی دەرنەکەوتووە، پیاوێکی ئایینی و لە هەمان کاتدا پەیوەست بە یاسا و دەستور و پەیامی فیکری ئیسلامییەوە گوتاری نەتەوەی بونیاد بنێت))[1]، بەرای ئێمە هیچ ئاینێك ناتوانێ ببێتە رێگر لە هزری نەتەوەیی ئەگەر بەویستی کەسەکە خۆی نەبێت، چونکە ((نەتەوە شتێکە و ئاین شتێکی ترە، کوردی یەزیدی نە موسڵمان و نە گاور نەبوو، بەڵام تەنانەت لە جل و بەرگیشا کوردە و کورد بووە))[2]،(خانی)یش کوردە ئینجا موسڵمانە و کەسایەتیەکی رۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی بووە، و ئاینی بەکوێرانە وەرنەگرتوە، ئاین لای خانی سەرچاوەی جوڵاندنی فیکر وپرسیارکردنە، خۆی دەڵێ: (ئەز مامە دحیکمەتا خودیدا...) و هەتاکوو کۆتایی مەم و زین خانی بەدوای راستیەوە(حەقیقەت)بووە و داوا لە خودا دەکات بەر لە مردنی وەکو مەم ئاشنایی بکات بە عەشق(عەشقی خودا) و پرسیار لە بارەی ژیانەوە دەکات:

وەقتێ کو جودا دکی ژ جانی

بێ بەهرە نەکی ژ عیشقێ خانی.....ل٢٣٣

یان

ساقی وەرە بێژە من چلەونە

ئەڤ کەونە خەیالە یانە خەونە..... ل٢٤٤

یان

دیسان ژ مە هەرتو مە خەلاص کە

یارەب مەژ بۆ خوەرا خوە ناس کە...... ل ٢٥١

ئێمە نالێین خانی لەژێر کاریگەری ئاین و ئایدیۆلۆژیای ئیسلام نەبووە، بەڵکو دەڵێین لەلای خانی(ئاین) سەرچاوەی بیرکردنەوەیە، لەبەر ئەوە دادپەروەری نییە خانی لە گوتاری نەتەوەیی بە دوور بگرین بەهۆی ئیسلام بوونیەوە، بەڵکوو لەلای (خانی)ئاین و دەوڵت ونەتەوە تەواوکەری یەکن هیچیان بەبێ ئەوی دی تەواو نیە بۆیە دەڵێ:

گەر دێ هەبووا مە ئیتحادەك

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك

روم و عەرەب وعەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەرا دکر غولامێ

١. عەتا قەرەداخی، گەران بەدوای ناسنامەدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١،ل١١.

٢. جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ل٣٤.

**تەكميل دكر مە دين ودەولەت**
**تەحصيل دكر مە عيلم وحيكمەت   ل٤٥**

**واتە، دين ودەوڵەتى كوردى ناتەواوە بە هۆى نەبوونى هەستى ئينتما ويەكريزيى نەتەوەيى وبەبێ ئەو يەكريزيە ئاين ناتەواوە و دەوڵەتيش دروست نابێ.**

**(محەمەدى مەلاى كەريم) لە بەرپەرچدانەوەى (برونيسن)دا، خانى بە باوكى ناسيۆناليزمى كوردى دادەنێت و((بە ڕۆڵەى شەرعى و حەڵالزادەى ئەو دياردەيە دەژمێرێ، كە دايكەكەى بريتيە لە گەشەسەندنى كۆمەلايەتى كۆمەڵگاى كورد كە لەو سەردەمەدا پێى نايە قۆناغێكى پێشكەوتووتريەوە، كە قۆناغى خۆ دۆزينەوە و خۆ ناسينەوەيە))[1] لەسەرەتاى مەم و زينەكەوە هەتاكو كۆتايى خانى پرۆژەى هەبووە، پرۆژەكەى خانى پيشاندانى ڕووى راستەقينەى ژيان بووە لەپاڵ ئەوەشدا پرۆژەى بونيادى دەوڵەت بووە. (د.كمال ميراودەلى) دەڵێ:((بەر لەوەى تيۆرى و پراكتيس و نموونەكانى ئايديۆلۆجى و دەوڵەتى نەتەوەيى خۆراوايى دەركەون خانى ئەو دەوڵەتەى بە شێوەى دامەزراوەيەكى نەتەوەيى هەرە مۆدێرن دامەزراندووە كە بنچينەكەى و فۆرمەكەى زمانە و فەلسەفەكەى عيشقە و پاڵەوانەكەى مرۆڤيى كوردى عاشيقە و ئامرازەكانى بير و زانست و سياسەت و هونەر و ئاينن))[2]، بێگومان كاتێك، كە خانى هزرى ناسيۆناليزمى دەيجوڵێنێ(فيختە)ى [*] ئەڵمانى هەر نەبووە، و شۆرشى(فەرەنسى – ١٧٨٩) ڕووينەداوە و (كارل ماركس)يش پەيدا نەبووە، بۆيە هەندێك لێكۆڵەرەوە باوەڕيان نايە بەوەى خانى خاوەن سۆزيى نەتەوەيى بووبێت و هەنگاويى بەرەو ناسيۆناليزمى كوردى نابێت، بەڵام خانى خاوەن هزرى نەتەوەييە و ئەلقەى گەياندنە، هزرى نەتەوەيى و دەوڵەتى كوردستان لەلاى(شەب چراى شەبى(كوردستان) [**])(جزيرى)يەوە دەگوازێتەوە بۆ بزووتنەوە شيعرەكانى پاش خۆى لەسەر بناغەيەكى پتەو و تۆكمە، كە لە مەم وزينەكەيدا بەرجەستە دەبێت.**

**باشترين گەواهيدەر بۆ سەلماندنى هزرى نەتەوەيى خانى پرۆژەى (مەم و زين)ە، (خانى) نەهاتووە تەنها كێشەى نەتەوەيى كورد شرۆڤەبكات، بەڵكو بە پێى بارودۆخى ئەو سەردەمە هەوڵيداوە چارەسەرەكەشى بۆ دەسنيشان بكات و بەشدار بێت لە دروستكردنى كولتوورێكى نوێ كە بنەماكەى گۆرانكارييە لە كەسێتى تاكى كورد بەگشتى و كاربەدەستانى كورد بەتايبەتى و بێگومان(هەميشە شاعيرى زانا لە شاعيرى نەزان باشترە، چونكە يەكەميان زانياريەكى نوێ زياد**

---

١. محەممەدى مەلا كريم، لەپێناو راستى و كورد و خانيدا، ل١٦.

٢. .كەمال ميراودەلى، خانى و پرۆژەى دامەزراندنى نەتەوەيى، سەرچاوەى پێشوو.

* فيختە(١٧٦٢ – ١٨١٤) فەيلەسوفێكى ئەڵمانيە، گرنگترين رابەرى ناسيۆناليزمى ئەڵمانيە، لە ساڵى ١٨١٠ سەرۆكى زانكۆى برلين بووە،(نامەكانى بۆ نەتەوەى ئەڵمانيا) نموونەيەك بوون بۆ بانگەشەى نەتەوايەتى لەسەرتاى سەدەى نۆزدەمدا، بروانە: محمد فەتاح، ناسيۆناليزم و سياسەت، ل١٣٤-١٣٦.

** (كوردستان) زاراوەيەكى مێژوويى و جوگرافيايى و كولتووريە، بەلايەنى كەمەوە لە سەدەى(١٢)دا لە لايەن سوڵتان سەنجەرى سەلجوقەوە بە رەسمى دانى پێدانراوە. بروانە: جەمال نەبەز، ناسنامە و كێشەى ناسيۆنالى كورد، بنكەى كوردنامە، لەندەن،٢٠٠٢، ل٢٠.

دەکات بۆ خوێنەر بەڵام دووەمیان تەنها زانیاریەکانی خوێنەر دووبارە وێنا دەکاتەوە... بۆ نموونە خەلیلی کوری فەراهیدی زانایەکی شاعیر بوو،(ئەصمعی)یش زانایەکی شاعیربوو)[1] ئەحمەدی خانیش زانا و روشنبیر بوو پاشان شاعیر، واتا لە هەوڵی گواستنەوەی زانیاری نویٚ بووە بۆ خوێنەر نەك دووبارە جوینەوەی شتە کۆنەکان، ئەگەرچی ئەو پشتی بە فولکلۆر بەستووە بەڵام فۆلکلۆریشی نویٚ کردۆتەوە، (ئەحمەدی خانی) (مەم وزین) دەکاتە گوترایکی فرە ئاڕاستە، بە بەڵگەی ئەوەی کەدەڵیٚ:

-شەرحا غەمیٚ دل بکم فەسانە

زینیٚ ومەمیٚ بکم بەهانە ل٥٢

واتا(مەم وزین)بەهانەیەکە بۆ ئەوەی (خانی) خەمەکانی خۆی لەرێگایەوە باس بکات، ئەم خەمانەی (خانی) لە چەند ئاراستەیەکی جیاوازدا بەرجەستە بوون و یەکێك لەو ئاراستانەش بابەتی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی بووە، کە لە دیباجەکەیدا نەخشەی بۆ کێشاوە وپاشان لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویستیەکەی مەم وزیندا مۆدێلێکی حوکمرانی باس دەکات بە هەموو لایەنە باش وخراپەکانیەوە، خانی لە رێگایی ئەو (ئەگەر)انەی کە خواستویەتی بۆ میللەتەکەی توانیویەتی شیعر بکاتە وسیلەیەك بۆ ئەوەی گوتاری نەتەوەیی خۆیی پیٚ بگەێنێتە وەرگرەکانی ، وەرگرە جیاوازەکاکانی (شاعیر وروشنبیر وسیاسەتمەدار) خانی لە سەردەمە جیاوازەکاندا کاریگەری خانیان بە سەرەوە بووە وکاریان لە سەر پرۆژەکەی خانی کردووە ئەمش دەیسەلمێنیٚ کە خانی گوتاریی نەتەوەیی هەبووە وئاراستەی کردووە. بەگشتی پرسی نەتەوە و دەوڵەت وپرۆژەی گوتارە نەتەوەییەکەی (خانی) دەکەین بە دووبەشەوە:

## ١. هۆکارەکانی نەبوونی کیانی کوردی سەربەخۆ لە لای(خانی):

### أ-هۆکاری دەرەکی:

- لە لای(خانی) یەکێك لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر چارەنووسی کورد هەیە و لەدەرەوەی دەسەلاتی کوردەچارەنووس(قەدەر) ە، ئەو چارەنووسە خانی پێی رازی نییە، رازی نەبوونی خانی دژایەتی چارەنووس نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ باشتر کردنی چارەنووس لە ڕێگای تیشك خستنە سەر بابەتی دۆخی کورد لە نێو میللەتانی جیهاندا:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا

کورمانج د دەولەتا دنێدا

ئایا ب چ وجهیٚ مانە مەحرووم

بیلجومله ژ بۆ چ بوونە مەحکووم......ل٤٤

[1] . ادونيس، الثابت والمتحول، ج٢،(تأصيل الاصول)، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩، ص١٨٨.

خانی لە حیکمەتی خودا تێناگا و دەپرسێ ئایە بۆ تەنها میللەتەکەی ئەو لە نێو هەموو میللەتانی دنیادا بێبەش کراون، بێبەشیەکەیان لەوەدایە کە خاوەن دەسەڵات و وڵات و سەربەخۆیی خۆیان نین:

ئەمما ژ ئەزەل خودێ وسا کر
ئەڤ روم و عەجەم ل سەر مە راکر.......ل٤٣
خانی هەندێك جار خۆی دەدات بەدەستی قەدەرەوە و بارودۆخی کورد دەخاتە ئەستۆی قەدەر، بەڵام ئاستی ڕوانینی خانی دووربین، هەمیشە ڕێگایەکی ئومێدبەخش دەهێڵێتەوە:
قەط مومکینە ئەڤ ژ چرخێ لەولەب
طالع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەك ببتن ژ خواب هوشیار.......ل٤٢
بێدارکردنەوەی بەختی نووستووی کورد یەکەم هەنگاوە، کە خانی پشتی پێ دەبەستێت و ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردی بەدواوە دێنێ، خانی(هەندێك جار وەکوو(جبری)* یەك دەردەکەوێ، بەڵام کە بابەتی شیعرەکە دێتە سەر کەیسی کورد دەگوڕی بۆ(قدری) و باوەری بە هەڵبژاردن و ئازادی و ئیرادەیی مرۆڤ هەیە... و داوا لە میللەتەکەی دەکات هۆشیار ببنەوە و دەست بدەنە شیر لەپێناوی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی) [١].
– هۆکارێکی دەرەکی دیکە کە بارودۆخی کوردی ناهەموارکردووە جوگرافیای کوردستانە، چونکە خاکی کوردستان دەکەوێتە نێوان سێ نەتەوەی دیکتاتۆر و زلهێز کە(عەرەب و فارس و تورك)ن، ململانێی ئەم هێزانە و هەوڵدان بۆ فراوانکردنی سنوری ئیمبراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی هەمیشە باجەکەی کورد داویەتی، خانی درکی بە کاریگەری نەرێنی(نێگەتیڤی) سیاسەتی دەوروبەر لەسەر بارودۆخی کوردستان کردووە لە وروژاندنی ئەم بابەتەشدا پێشەنگ بووە، ئەم بابەتەی خانی باسی دەکات لە ئێستادا چەمکی(جیۆپۆلتیك – Geopolitics)** ی بۆ بەکاردێ. (جیوپۆلۆتیك چەمکێکە لە دووبەش پێکدێت یەکەمیان پەیوەستە بە جوگرافیاوە و دووەمیان بە

* (جەبری و قەدری) دوو کۆمەڵی ئاینی ئیسلامیین.(جەبری)یەکان – پێیان وایە کردەوەکانی مرۆڤ سەپێندراوەتە سەریان وهەموو شتێك چارەنووس(قەدەر)ی مرۆڤ دیاری دەکات و مرۆڤ لە توانایدا نیە کردەوەکانی خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام(قەدری)ەکان باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤ کردەوەکانی بەویستی خۆی ئەنجام دەدات و بەشدار دەبێت لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی. بروانە: د. محمد التونجي، المعجم المفصل في الادب، ج١ و ج٢، دار الكتب العالمية، بيروت، ١٩٩٩، ص ٣١٠ و ص٧٠٢.
١. جان دوست، مەم و زین(احمد خانی)، ص ٤٢.
** یەکەم کەس کە پێناسەی جیۆپۆلتیکسی کردبێت (رودولف کلینی –١٨٦٤ – ١٩٢٢)، جوگرافی ناسی سویدیە و لە کتێبی(دەوڵەت ژینداریکە)دا بلاوی کردۆتەوە، دەڵێ:((بابەتێکە بریتیە لە تیۆری دەوڵەت وەك ژینداریکی جوگرافی یان وەك دیاردەیەك کە بۆشاییەك لە زەوی داگیردەکات هەر بۆیە لێکۆڵینەوەکان بریتین لە پراکتیکی سیاسەت لە جوگرافیەدا یان پراکتیکی جۆگرافیە لە سیاسەتدا))
بروانە: فەهمی شوکری، نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی، ل ١٤٥.

سیاسەتەوە، بەڵام(جوگرافیای سیاسی)نیە، چونکە جوگرافیای سیاسی باسی کاریگەری دیاردە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر سیاسەتی دەوڵەت دەکات، هەرچی(جیوپۆلۆتیك)ە باسی کاریگەری هەلسوکەوت و ڕەفتاری سیاسی لەسەر هەڵکشان و داکشانی سنوری جوگرافی دەوڵەتەکان دەکات)[1]. خانی لە لایەکەوە هۆکاری نەبوونی دەوڵەت و کیانی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرژەوەندیە سیاسییەکانی وڵاتانی دراوسێ لەناوچەکەدا و لە لایەکی دیکەوە کورد وەکو ئامێرێکی شەڕکردن وێنا دەکات، کە هەمیشە تورك و فارس ئاگریی جەنگی نێوان خۆیانیان پێ جۆشداوە:

بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان
کورمانجییە بویە، شوبهێ بورجان
ئەڤ رۆم و عەجەم ب وان حەصارن
کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەردوو طەرفان قەبیلێ کورمانج
بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەر حەدان کلیدن
هەر طایفە سەددەکن سەدیدن
ئەڤ قولزومێ روم و بەحرێ تاجیك
هەندی کو بکن خروج و تەحریك
کورمانج دبن ب خون مولەططەخ
وان ژێك ڤە دکن میثالێ بەرزەخ....ل٤٤.

ئەم دۆخەی کورد کاریگەری تەنها لەسەر بزربوونی سنووری جوگرافیی کوردستان نەبووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر پەیوەندی ناوخۆیی کوردەکانیش هەبووە:

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دایم ب تەمەڕود و شیقاقن.....ل٤٥

خانی ئەم بابەتەی درکاندوە تاکوو کورد رزگاری بێت لەژێر دەستی سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێ و چیتر نەبنە کارەکتەر و نمایشی سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانی دراوسێیان پێ بکرێت، بەلام نەعیبرەت لە گوتەکانی خانی و نە دەرس لە(ئیتفاقیەتی سایکسبیکۆ و – جزائیر) وەرنەگیراوە و هەتاکوو ئێستا کورد نەیتوانیوە خۆی خاوەن سیاسەتێکی کوردی سەربەخۆ بێت، تاکوو بتوانێ سنووری دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دەستنیشان بکات.

---

١. عبدالحکیم وادي، الاطار المفاهیمي والنظري لعلم الجیوبولتیك، جریدة الصباح، ١٧دیسمبەر، ٢٠١٢ لە سایتی: http:/www.alsbah.net

**ب–هۆكاری ناوخۆیی:**

**– نەبوونی هەستی نەتەوەیی و یەكڕیزی كوردەكان یەكێكە لەو هۆكارانەی كە ڕێگرن لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەتی كوردی و ئەم هۆكارەش لە نێو كوردا وەكوو كولتووری لێهاتووە چونكە لە سەردەمە جیاوازەكاندا خۆی دووبارە دەكاتەوە، جگەلەوەش بێ خاوەنی هۆكارێكی دیكەیە.**
**خانی دەڵێ:**
**لەو پێكڤە هەمیشە بێ تفاقن**
**دایم ب تەمەڕود و شیقاقن.........ل٤٥**

**هەروەها دەڵێ:**
**كورمانج نە پڕ د بێ كەمالن**
**ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن**
**فیلجوملە نە جاهیل و نەزانن**
**بەلكی د سەفیل و بێ خودانن......ل٤٦**

**– هۆكارێكی دیكە سەر شۆڕكردن و ڕازیی بوونە بە پاشكۆیی، كە میرانی كورد لێیی بەرپرسیارن:**
**ئەمما ژ ئەزەل خودێ وسا كر**
**ئەڤ روم و عەجەم ل سەر مە راكر**
**تەبعییەتی وان ئەگەرچی عارە**
**ئەوعارە ل خەلقێ نامدارە**
**ناموسە ل حاكم و ئەمیران**
**تاوان چییە شاعیر و فەقیران.....ل٤٣**
**خانی خۆی و چینی ڕۆشنبیر و خەڵكی هەژار لەم تاوانە دەپارێزێ و ئەستۆیی تاوانەكە دەخاتە سەر میرەكان، چونكە كە میر یا پادشا سەری شۆڕكرد بۆ بێگانە و قەبوڵی پاشكۆیی كرد ئەوا هەموو میللەت سەرشۆڕ دەكات، بەڵام حەیاچوونەكە تەنها بۆ میر و حاكمەكانە نەك بۆ گشت میللەتەكە.**
**(خانی) لەئاستی وشیاری و ڕۆشنبیری سەركردەكانی كورد ڕازی نییە و بەتایبەتی میرەكانی سەردەمەكەی خۆی(میر میرزا)، كە پشتگیری لە مەعریفەت و زانست ناكەن، هەروەها لە چەندین دێری دستانەكەدا كەسایەتی میری كورد، بە ڕا ڕا و ناجێگیر وەسف دەكات كە زوو هەڵدەخەڵەتێنرێن و تەنانەت گوێ بۆ قسەی دەرگەوانێك ڕادەگرێ لەبری پیاوچاكان و ڕۆشنبیران، ئەگەرچی(خانی) لە زۆر شوێنی(مەم و زین) دا ستایشی میر(زەینەدین)ی برای(زین) دەكات و**

پییای هەڵدەڵێ، بەڵام دیسان میر کەساییەتیەکی کەم ئەزموونە و نموونەی ئەو میرانەیە کە بە باشی لەپێگەی میرێتی و دەسەڵاتی خۆیان تێنەگەیشتوون، بۆیە میر(زەینەدین) دەرگەوانێکی خراپ کە (بەکری مەرگەوەڕ)ە، کاروبارەکانی دەبات بەڕێوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ناوشیاری و نابینایی میر، بۆیە(تاژدین) پەیامێك بۆ میر دەنێرێ و دەڵێ:

گۆتی هەڕە بێژە میر و ئاغان
بیننده ڤەناکوژن چراغان
میرێ مە ئەگەرچی دووربینە
ئیرۆ وی د چاڤێ نوور نینە.....ل١٩٣

میرەکان ئەگەرچی دووربینن بەڵام هەندێك جار بینایی لەدەست دەدەن دڵسۆز و خراپکاران لێك جیا ناکەنەوە. بۆیە باشترە باوەڕ بەو میرە نەکرێ، کە کاروباری خۆی دەداتە دەستی خراپەکاران و گوێیان بۆ رادەگرێ:

حوککام ب باطن و ب ظاهر
بێ شبهە موشابهن ب ئاگر
ظاهر د سپاهی و ب نوورن
باطن ژ مودارەیێ د دوورن......ل١٢٨

هەروەها:
زینهار ب وان نەکی تو باوەر
گەر باب و پسی وەگەر برادەر
خاصما کو موقەڕەبێد بەد خواه
نێزکێ بن نەعووذ و بیللاه......ل١٢٨

– نەبوونی ئینتمایی نەتەوەی لە لای میرەکانی کورد سەرچاوەیەکی دیکەیە بۆ نەبوونی کیانی کوردی، میرەکانی(جزیرە) رەچەڵەکی خۆیان ((دەبردەوە سەر ئەمەوییەکان و خالیدی کوڕی وەلیدیان بە باپیری خۆیان دەزانی، ئەم سەرانە لە سەرتادا یەزیدی بوون پاشان بوونە بە موسڵمانی سوننی مەزهەب پاش مەرگی سلێمانی کوڕی خالید، سێ کوڕەکەی قەڵەمەرەوەکەیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد:(جزیرە) بەر میر عبدالعزیز کەوت و ناوچەی(گورگیل) بەر میر حاجی کەوت و ناوچەی(فینیك) بەر میر(عبدال) کەوت))[١].

١. و.حمە کریم عارف، کورد لە ئیساکلۆپیدیای ئیسلامدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٣٣.

میرەکان ئینتیمایان بۆ رەچەڵەکە عەرەبییەکەیان زیاتر بووە وەك لە بایەخدان بە میللەتی کورد بۆیە نەیانتوانیوە ببنە رێپیشاندەر بۆ هەستی نەتەوایەتی کوردی، میر(زین الدین) ئەوەندەی رەچەڵەککەکەی بەلاوە گرنگە هیچ شتێکی دیکەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بۆیە هەر کە(بەکر) پێی دەڵێ(تاژدین) نیازی ئەوەی هەیە خۆی بداتە پاڵ رەچەڵەکی تۆ و پاشان داوای دەسەڵات بکات، بەرچاوی تاریك دەبێت:

طرسا من ئەوە ب کیبر و کینێ

طوغیان بکەتن ژ پاشی زینێ

دەعوا نەسەبێ بکەت ب خالید[*]

قەصدا حەسەبێ بکەت زەواید......ل١٢٧

میر بەهۆی رەچەڵەکەوە خۆی لە خەڵکەکەی جیادەکاتەوە و شانازی بەو رەچەڵەکەوە دەکات:

میر گۆ مە ژدل هەبوو ب داخواز

زینێ ب مەمێ بکم سەر ئەفراز

صوندێ دخۆم ئەز ب روحێ والید

حەتتا بگەهیتە جەددێ خالید

مە حضا بذکورێ نەسلێ ئادەم

زینێ بژ نێتی ئەز قە نادەم......ل ١٢٧

واتا لەنێوان میر و میللەتدا دابڕان هەیە، دابڕانەکەش زیاتر هۆکارەکەی ئینتما نەبوونە، چونکە میر ئینتمای بۆ نەتەوەکەی نیە، بەڵکو زیاتر ئینتمای بۆ رەچەڵەك و ئاین هەیە، ئەگەر ئاگاداری عوامی خەڵکەکشی بێت پاڵنەرەکەی نەتەوەیی نەبووە، هەروەها دەشێ بڵێین کورسی میرێتی لە لای(خانی) ئاماژەیە بۆ سەرلێشێواویی و دۆڕان، چونکە کاتێك میر(زین الدین) و(مەم) یاری شەترەنج دەکەن(مەم) دەیباتەوە پاشان، کە شوێن دەگۆڕن(مەم) دەچێتە جێگای میر(مەم)دەدۆڕێ، ئەگەرچی گوایە زین دەبینێ بۆیە ئاگای لە یاری نامێنێ، بەڵام بەڕای ئێمە خودی جێگۆڕینەکە هێمایی دۆڕانە:

گۆ بەند و لەییز و جێه ب دورن

هوون هەردوو جییان ب هەڤ بگۆڕن

مەم دێ ببتن ڤێ جاری مەغلووب

حاصل ببتن ژ بۆتە مطلووب

---

[*] بەپێی هەندێك را و بۆچوونی لێکۆڵەرەوەکان دەشێ مەبەست لە (خالید) یەکێك بێت لە رەچەڵەکەکانی کورد کە (خالدی – کالدی)یە،چونکە خالیدی کوڕی وەلید مندالی نەبووە.بەڵام لە پێشکی گێڕانەوەکەدا خانی نەسلی میر (زەینەدین) دەگەڕینپتەوە بۆ عەرەب و دەڵێ☹نەسلا وی عرب ئەمیری ئەکراد) واتە دەشێ مەبەست لە(خالید) ئەگەر خالیدی کوری وەلیدیش نەبێت ناودارێکی عەرب بووبێت.

میر رابوو چو جیهێ مەمێ ژار
مەم هاتە جیهێ ل پێشڤە دلدار......ل١٧٧
بەکورتی لە لای(خانی) نەبوونی یەکڕیزی کورد و نەبوونی سەرکردەیی دانا و هەستی نیشتمانی لای تاکەکان هۆکارە ناوخۆییەکانی نەبوونی دەوڵەتی کوردین.

## ٢. بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی لە مەم و زیندا:

– یەکەم خاڵ بریتیە لە هۆشیاربوونەوەی خەڵك وگرنگیدان بە نەتەوە و دروستبوونی دەمارگیری کوردی(تعصب قومی):
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەك ببتن ژ خواب هوشیار......ل٤٢

لێرەدا مەبەست لە بێدارکردنەوەی(بەخت) بە ئاگاهێنانی نەتەوەیە و وشیارکردنەوەیانە، واتا پەیدابوونی جموجۆڵی فیکر و رۆشنبیرییە لەناو کورد دا.
یەعنی نە ژ قابیلی و خەبیری
بەلکی ب تەعصوب و عەشیری.....ل٤٦
یان:
سەهوو غەلەطان نەکەن تەعججوب
تەئویل بکن ژ بۆ بۆ تەعصوب....ل٥٥
((عصبیە – دەمارگیری یان خود لایەنگیری) لە پابەند بوون بەرەچەڵەك، یا لە پابەندبوون بە هاوپەیمانێتی و لە گوێرایەڵی و دڵسۆزیەوە پەیدادەبێت)[١] خانیش بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەمارگیر و دلسۆز بووە و لە رێگای خانیەوە دەمارگیری نەتەوەیی و دڵسۆزی بەرامبەر بە رەچەڵەکی کوردی، بووە بە کولتوور لەنێو رۆشنبیران وشاعیرانی کوردستاندا.
– بایەخدان بەنەتەوە و یەکڕیزی میللەت و ژیان لەژێر سایەی دەسەڵاتدارێکی مەزن و بەئەزموون و پەیدابوونی عیلم و مەعریفەت چەند بنەمایەکی دیکەی دەوڵەتی کوردین، کە خانی ئاماژەی پێداون، ((نەتەوە Nation پێشکەوتووترین شێوەی ئیتنۆسە، چونکە مەعریفەت و هوشیاری لەسەر بنچینەی کولتوورێکی هاوبەش و ئاست بەرزدا یەکێتیەکی پتەو دروست دەکات))[٢*] خانی لە مەم و زین دا ئاماژە بۆ پرنسیپە هاوبەشەکانی کورد دەکات تاکوو لەسەر بنەمای ئەو

١. عبدالرحمان ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، ج١، تحقيق عبدالله محمد الدرويش، ط١، دار يعرب، دمشق،٢٠٠٤،ص٢٥٦.
٢. رەشاد میران، ئیتنۆگرافیا و یەکێتی ئیتنیکی کورد، ل ٩٨.
* هەردوو زاراوەی نەتەوایەتی(Nationalism) و نەتەوە(Nation) جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا، نەتەوە ئینتمایەکی کۆمەڵایەتیە بەڵام نەتەوایەتی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە: بڕوانە: محەممەد فەتاح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، ل ٢٠.

**پرەنسیپانەوە کورد لە کولتووری چینایەتی و عشیرەت گەرایی رزگاری بێت و هەموو چین و عەشیرەتە کوردیەکان لە سایەی یەك ناو دا کۆببنەوە کە(کورد)ە وەك نەتەوە:**

**جوامێری و هیممەت و سەخاوەت**
**مێرێنی و غیرەت و جەلادەت**
**ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد**
**وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد......ل٤٤**

**ئەوەی عەشیرەتە کوردییەکان دەکات بەنەتەوە، سیفاتە هاوبەشەکانیانە، خانی جوامێری وبوێری و نانبدەیی ..هتد، دەکاتە چەتر و عەشیرەتە کوردیەکانی لە سایەیدا کۆدەکاتەوە. هەروەها خانی ئەو ئەرکەی کە لە مەم وزینەکدا کێشاوێتی لە پێناوی سەربڵندی کورد بووە لە نێو میللەتانی دیکەدا ودەڵێ:**

**ئینایە نظام وئینتظامێ**
**کێشایە جەفا ژبۆ وی عامێ**
**دا خلق نەبێژن کو ئەکراد**
**بێ مەعریفەتن بێ ئەصل و بونیاد ل٤٦**

**(خانی) مەم و زینەکەی بە سەرچاوەیەکی مەعریفی و کولتوورێکی هاوبەش داناوە، کە موڵکی نەتەوەیە بۆیە کورد پێی سەربڵند دەبێ، ئەگەرچی((لە بارەی فەرهەنگی یەوە هەندێ جیاوازی لەنێوان کوردان هەیە کە زیاتر بەکارتێکردنی بیر و باوەڕی ئایینییەوە پەیدابووە. کوردیش وەکو گەلانی دیکەی ئاسایی ژیانی دەرونیان تێکەڵاوێکە لە فەرهەنگێکی غەیبی و سروشتی، زۆربەی کوردان سونە مەزهەبن، کەمێکیشیان شیعەن، هەروەها نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی یەزیدی هەن..هتد))[١]، بەڵام(خانی) هەوڵی داوە بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ هەموو کولتوور و ئاینەکانی ناوچەکە بکات. بۆنموونە خانی باوەڕی (بە ئەزەلیەتی رووناکی یان نوری موحەممەدی هێناوە، کە ئەم باوەڕە باوەڕێکە لە لایەن شیعەکانەوە سەری هەڵداوە پاشان سۆفیەکان وەریانگرتووە)[٢]، خانی دەڵێ:**

**ئەووەل بەرقی ژ حوسنێ سەرمەد**
**نوورەك بویە مەعنی یا موحەممەد**
**ئەو نوور بئەمرێ عالەمولغەیب**
**بومە نشەئێ فەیضێَ عالەما غەیب.....ل٣٣**

**هەروەها ئاماژەی بۆ هەندێ بیر و باوەڕی زەردەشتی کردووە:**

**مالاخوە ژ رەنگێ قەومێ زەردەشت**

---

**١. لازاریف، ئەوهۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە سعد عبدللە،؟،؟، ل١٥.**
**٢. انور محمد علی،(احمد خانی)، فلسفە التصوف فی دیوانە مم و زین، سپیرێز، دۆك، ٢٠٠٧، ل١٥٨.**

دا ئاگر و گزيبا خوه راهه‌شت......ل١٧٠

خانی له‌چه‌ندين شوێنی ديكه‌ی(مه‌م و زين) دا ئاماژه‌يی بۆ بير و باوه‌ڕه ئاينييه جياوازه‌كان كردووه، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌يه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی خانی ويستوويه‌تی هه‌موو كولتووری ئاينی ناوچه‌كه فه‌رامۆش نه‌كات، چونكه ئه‌ندامانی يه‌ك نه‌ته‌وه باوه‌ڕيان پیێ هه‌يه، به‌ڵام خۆی موسلمانێكی سوننه مه‌زهه‌ب بوو و كولتووری ئيسلامی سوونی باڵاده‌سته له نێو داستانه‌كه‌دا.

يه‌كريزی كورد له‌سه‌ر بنه‌مای مه‌عريفه و كولتووری هاوبه‌شه‌وه دروست ده‌بێت، ئه‌گه‌ر يه‌ك ريزی ميلله‌ت و ته‌بايی له‌نێوانيان دروست بێت، ئه‌وا كۆڵه‌كه‌يه‌كی ديكه‌ی ده‌وڵه‌ت په‌يدا ده‌بێت، بۆيه خانی ده‌ڵیێ:

گه‌ر دیێ هه‌بووا مه ئيتيحاده‌ك

ڤێكڕا بكرا مه ئينقياده‌ك

روم و عه‌ره‌ب و عه‌جه‌م ته‌مامی

هه‌ميان ژ مه‌ڕا دكر غولامی

ته‌كميل دكر مه دين وده‌وڵه‌ت

ته‌حصيل دكر مه عيلم و حيكمه‌ت

ته‌مييز دبوون ژ هه‌ڤ مه‌قالات

مومتاز دبوون خودان كه‌مالات.....ل٤٥

((ده‌وڵه‌ت به‌رزترين نوێنه‌ری كۆمه‌ڵگای مرۆڤايه‌تی يه، له‌هه‌مان كاتيشدا بابه‌تێكی سه‌ره‌كی زانستی و سياسی يه، كه‌واته ده‌وڵه‌ت كۆمه‌ڵه مرۆڤێكن كه شوێنێكی دياريكراو و ناسراويان هه‌يه و سه‌ربه‌خۆن له‌هه‌موو ده‌سه‌ڵاتێكی ده‌ره‌كی، هه‌روه‌ها سيسته‌مێكی سياسی هه‌يه، كه‌وا مافی ئه‌وه‌ی هه‌يه رێزی لیێ بگيریێ و پابه‌ندی بڕياره‌كانی بن له لايه‌ن زۆربه‌ی خه‌ڵكه‌وه ئه‌گه‌ر هه‌موو شی نه‌بێت))[1]

ئه‌م كۆمه‌ڵه مرۆڤه‌ی كه پێكه‌وه له‌چوارچێوی ده‌وڵه‌تدا ده‌ژين، جگه له خاك و كولتووری هاوبه‌ش پێويستيان به سه‌روه‌ری هه‌يه و پێويسته سه‌ربه‌خۆبن له هه‌موو ده‌سه‌ڵاتێكی ده‌ره‌كی، رزگاربوونی كورديش له ده‌ستی هێزی ده‌ره‌كی(عه‌ره‌ب و عه‌جه‌م و روم) له‌رێگای هه‌بوونی سه‌ركرده‌يه‌كی مه‌زنه‌وه ده‌بێت، كه هه‌موو ميلله‌ت به‌و سه‌رۆكايه‌تيه رازی بن و هه‌موو به‌شه‌كانی كورد له‌سايه‌يدا بژين:

گه‌ردیێ هه‌بوويا مه پادشاهه‌ك

لايق بدييا خودیێ كولاهه‌ك

ته‌عيين ببوويا ژ بۆ وی ته‌خته‌ك

ظاهير ڤه‌دبوو ژ بۆ مه به‌خته‌ك

١. رێبين ره‌سول ئيسماعيل، فه‌لسه‌فه‌ی ده‌وڵه‌ت، ئۆفيستی كريستال، ١٩٩٧، ل٧.

حاصل ببوویا ژ بۆ وی تاجەك
ئەلبەتتە دبوو مەژی رەواجەك
غەمخواری دکر ل مە یەتیمان
ئینانە دەریٚ ژ دەست لە ئیمان....ل٤٣

خانی باوەڕی بە مەرکەزییەتی دەسەڵات هەبووە و زۆری سەرکردە لە لای پەسند نەبووە، بۆیە هیوا بۆ پادشایەك دەخوازێت، کە پارێزەری میللەت بیٚ و دەسەڵاتێکی رەهایی هەبێت کە بتوانیٚ کورد لەژێر دەستی رزگار بکات، جا ئەگەر ئەو پادشا زانا و بە ئەزموونە پەیدابوو، دەوڵەت دروست دەبێت، کە دەوڵەتیش دروست بوو، زانست و مەعریفەتی کورد بواری بۆ فەراهەم دەبێت لە تەواوی دنیادا دەناسرێت:
رابت ژ مەژی جیهان پەناهەك
پەیدا ببتن مە پادشاهەك
شیریٚ هونەرا مە بێتە دانین
قەدریٚ قەلەما مە بێتە زانین
دەردیٚ مە ببینیتن عیلاجیٚ
عیلمیٚ مە ببینیتن رەواجیٚ......ل٤٢
هونەر و زانست دوو پێناسەن کە نەتەوەکان پێی دەناسرێنەوە، خانیش ئاواتی ناساندنی کوردە لەرێگای هونەر و زانستەوە، بەلام بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە پادشایەك هەبووە کە رێزی لەناو خەڵکدا هەبێت و شوێنی لە نەخشەی جیهاندا دیاریکراو بێت تاکو لە رێگای ئەوەوە شوێن بۆ هونەر و زانستی کوردیش خۆش بکرێت.
– ئابووری بابەتێکی دیکەیە کە زۆر پێویستە بۆ بناغەی دەوڵەت، خانی ئەم لایەنەشی فەرامۆش نەکردووە وئاماژەی بۆ بنەما ئابوورییەکانی وەك(گرنگی دراو و سەروەت و سامان، بەرهەمی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازی)[1] کردووە، لەسکەدانی پارە وەکو دیاردەیەکی شارستانی و پێداویستییەکی دەوڵەتخوازی بابەتێکی زۆر گرینگە خانی ئاماژەی بۆ کردووە:
نەقدیٚ مە دبوو ب سککە مسکووك
نەدەما وەهە بیٚ رەواج و مەشکووك.....ل٤٢

یان
نەقدیٚ مە مەبێژە کەم بەهایە
بیٚ سککەییٚ شاهە شەهرەوایە

١. فەهمی شوکری، نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزرینەحمەدی خانیدا، ل١٨٦–ل١٩١.

**گەردێ ببوویا ب ضە ربێ مەنقووش**

**نەدما وەهە بێ رەواج و مەغشووش....ل٤٨**

**سەرەڕای گرنگی لەسکەدانی پارە و هەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ، خانی لەمیانەی گێرانەوەی رووداوەکانی مەم و زین دا ئاماژەی بۆ باری ئابووری(جزیرە)[*]ی ئەو سەردەمە کردووە کە تارادەیەکی باش بووژاندنەوەی تیادا بووە و لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی(جزیرە) دەکەن بە ناوچەیەکی ستراتیژی و بازرگانی و کشتوکاڵی ناوزەندی دەکەن، جزیرە((خاکەکەی زۆر بەپیت و بەروبوومە. لەکاتێکدا کە وەك پێویست نەچێنراوە بەروبوومی وەك بڕێکی زۆری دانەوێڵەی هەمەچەشنە و میوە و لۆکە و تووتن–ی هەیە. بەرهەمی پیشەسازی لە دراو(دەزوو) و کڵاو و هەندێك چنراوی رەنگاورەنگی تر و عەبا و پیستەی مەڕ وقاپ و قاچاخی لە مس و لە زیو و هی تر پێك دێ، ئاژەڵیشان زۆرە و رۆنێکی زۆر و خوری و پیستەی لێ دەردەچێ، لەو ناوەدا چ لە کۆن و چ لە یەکەم سەردەمی ئیسلامدا زۆر ئاوەدان بووە و دانیشتوانی هەبووە))[١] دیاردە کشتوکاڵیەکانی نێو مەم و زین زیاتر لەکاتی وەسف کردنی باخچەکەی میر(زین الدین)ەوە دەردەکەوێت:**

**باغەك وە هەبوو ئەمیر زێندین**

**باغێ ئێرمێ دچوو ب مز گین......ل١٥٤**

**لەم باغەدا باسی چەندین جۆری دار دەکرێت وەك نارنج و ترنج و سیڤ و روطب و ئەنار و شمشاد و چنار...هتد. هەروەها ناوی کۆمەڵێك گوڵی ناوچەی جزیرەش لە مەم و زیندا باس کراوە لەپاڵ باس کردنی ئەمانەشدا ئاماژە بۆ زۆری بەرهەمی(سەوزەوات)یش کراوە:**

**زەڕین قەدەحێ دمەست لەبریز**

**رەیحان و بنەفشە جوملە نەوخیز**

**مەجموعەیێ خوضرەوات و ئەزهار**

**شیرازەیێ سەلسەبیل و ئەنهار.........ل١٥٤**

**هەروەها(خانی) لەکاتی باس کردنی ئاهەنگی (ستی و تاژدین) و باس کردنی توانای ئابووری خانەوادەکەی (تاژدین) پەردە لەسەر باری ئابووری جزیرە بە ئاشکرا والادەکات کە خانەدانەکانی ئەو سەردەمەی جزیرە دەوڵەمەند بوونە و ئاماژە بۆ بوژاندنەوەی پیشەسازی ئەو ناوچەیە دەکات:**

---

*** جزیرە وەکو چەمکێکی گشتی ناوێکی تایبەتە بە ناوچەیەکی فراوانی نێوان شام و عێراق و (تورکیا) هۆی ناوەکەش ئەوەیە کە دەکەوێتە نێوان رووباری دیجلە و فوراتەوە، ئەم جەزیرەییەی لێرەدا ئێمە مەبەستمان(جزیرەتو ئیبنی عومەر)ە کە(جزرە) یشی پێ دەگوترێتو شاروچکەیەکە لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی جەزیرەی پێوەست بە ویلایەتی دیاربکر، شوێنەکە نیمچە دوورگەیەکە لە شێوەی تازە مانگدا بەناو دیجلەدا چووە دوای دامەزراندنی شارۆچکەکە کەندێك هەڵکەنراوە و پەیوەندی بە وشکانیەوە براوە و تاقمێك ئاش لەم کەندەدا دروست کراوە. لەم بارودۆخەی ئێستادا گچکە و تا دوا رادە چڵکنە، کەش و هەواکەشی مەترسیدارە و جاروباریش جەزیرەی عومەریشی پێدەڵێن. بروانە: شەمسەدین سامی، کورد و کوردستان(لەیەکەم ئیسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس) هەولێر، ٢٠١٠، ل١٥١–١٥٩.**

**١. شەمەسەدین سامی، کورد و کوردستان، ل١٦٠.**

ئەڤ لەنگەرییێد زیڤ و زێڕین
شبهەت فەلەکێد ژۆر و ژێرین
هەر صحنێ مەزن میثالێ بورجەك
سەرپۆشێ ل سەر ژەڕنگێ دورجەك
هەر تەبسی یو کاسەێد فەغفوور
یەك ئەختەری پڕ ضیایێ پڕ نور.......ل١٠٤

دیارە جزیرە وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد قاپ و قاچاغی لە مس و لە زیو و زێڕ دروست کراوی زۆر بووە، بۆیە دەبینین لە(مەم و زین)یشدا ئاماژەی بۆ کراوە و جگە لەوەش باسی کۆمەڵێك دیاردەی دیکەی وەك کەلوپەلی ناومالْ و جل و بەرگ...هتد کراوە کە بەرهەمی جزیرە بوونە. واتا خانی بایەخی بە لایەنی ئابووری ناوچەکە داوە و لایەنی ئابووری وەك زەمینەیەك بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئامادە کردووە لە هەمان کاتدا ئەو بابەتانە دەبنە بە شێك لە کولتووری کوردی کە خانی لە رێگایی شیعرەکانەوە پارستوویەتی.

– بابەتێکی دیکەی گرنگی بناغەی دەوڵەت، ئازایەتی و جوامێرییە، کە لەنێو تاکی کورد دا بوونیان هەیە و بووە بە کولتوور وکوردی پێ پێناسە دەکرێ، خانی لە مەم و زین دا وەکو مرۆڤناسێك وەسفی جوامێری و توانایی شەڕکردنی تاکی کورد دەکات:

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
مێرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەو خەتمە ژ بۆ قەبیلێ ئەکراد
وان دانە ب شیر و هیممەتێ داد....ل٤٤

هەروەها میرەکانی کورد سیفەتی نانبدەیی و قارەمانێتیان تیادا بووە، وئەم بابەتەش وەکوودیاردەیەکی کولتووری لکاوە بە میر و کەسێتیە بەناو بانگەکانی کورد(خانی)یش لە چەند دێڕکدا ئاماژەی بۆ کردووە :

هەر میرەکێ وان ببذلێ حاتم
هەر میرەکێ وان بڕەزمێ روستەم......ل٤٤

بەڵام ئەم ئازایەتییە دەبێت لەکاتی پێویستدا بەکاربێت و سوودی لێ ببیندرێت، بۆیە خانی داوادەکات کورد خاوەن هەڵوێست و بڕیار بێت و هەوڵبدات:

هەرچی برە شیرێ دەستێ هیممەت
ضە بط کر ژ خوە ڕا بمێری دەوڵەت......ل٤٣
هەرەها دەڵێ:
پرسی ژ دەنێ من ئەڤ ب حیکمەت

مەهرا تە چ ؟ گۆتە من کو هیممەت
حاصل کو دنیٚ ب شیر و ئیحسان
تەسخیر دبت ژ بۆ یێ ئینسان.......ل٤٣

دەستدانە شیر و هەستانەوە و شۆڕش کردن، یەکێکە لەو چارەسەرانە، کە بەڕای خانی کورد پێویستی پیٚ بووە لەو سەردەمەدا، ئەم ڕایەی خانی تەنها لە دیباجەی مەم و زین دا بەدی ناکریٚ، بەڵکو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو دارستانەکەشدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی کاتێك ماوەی ساڵێك بەسەر دەستگیر کردنی(مەم) لە لایەن میر(زەینەدین)ەوە تێپەڕ دەبێت،( تاژدین) و براکانی(عارف و چەکو) پەنا دەبەنە بەر شیر و شۆڕش کردن تاکو (مەم) کە سیمبۆلی(مەزلومیەتە) رزگاری بکەن:
عارف وەهە گۆتە روستەمیٚ زال
ئەڤ ئەمر ب من محالە بیٚ قال
بیٚ جەنگ و جیدال و بیٚ تەهەوور
قط ڤیٚ شوغولیٚ مەکەن تەصەوور
ئەڤ مەعرەکە نابتن ب دیوان
ئەم مانە و صبحە صەحنیٚ مەیدان
یا قەنج ئەوە ئەم صبە سوار بین
هەر سیٚ بە سیلاح و کار و بار بین......ل١٩١
خانی لەسەر زمانی(عارف)ەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی پێویستی جەنگ کردن لە پێناوی مەسەلە رەواکاندا دەخاتە ڕوو، (خانی) دژایەتی کردنی زولم و زۆرداری و جەنگ کردن لەپێناوی (حەق)، (کە مەسەلەی ی کوردیش یەکێکە لە مەسەلە ڕەواکان و حەق)ە دەچوێنیٚ بە(جیهاد)* کردن، واتا ئەوجەنگەی کە لە پێناوی ڕاستی دا دەکریٚ پیرۆزە و هەر کەسێکیش کە لە پێناویدا سەر بنێتەوە(شهید)ە:
یا دیٚ ب کوتەك مەمیٚ خوە بەردین
یا جوملە ب مەردی سەر ب دەردین
گەر وی ب ڤیٚ رەنگی مەم رەها کر
دەردیٚ د دلیٚ مە وی دەواکر
وەرمایی موصیر ل سەر عینادیٚ
ئەم دیٚ بکرین وەرەنگ جیهادیٚ......ل١٩١

* (جیهاد): لە ئیسلامدا چوار جۆر جیهاد دەستنیشان کراوە (جیهادی نەفس و جیهادی شەیتان وجیهادی کافر و جیهادی مونافیق)، بەڵام لەچەمکە گشتیەکەی جیهادا هەموو بەرگری کردنیك لە بابەتێکی رەوا بە جیهاد دەژمێردریٚ. بڕوانە: محمد عبد العباسی، الجهاد فی الاسلام،لەسایتی:www.alukah.net/sharia/0/801

**تاکی کورد چارەسەری کێشەکانی لەلا هەبووە و درکی بە گرفتەکان کردووە، بەڵام زۆرجار ئاسۆی بینینی کەم خایەن بووە، بۆیە زۆربەی شۆرشەکانی کورد بەهۆی (ناپاکی ناوخۆیی، نا تەبایی، هەڵخەڵەتاندن، پیلانگێڕی دەرەکی)یەوە شکستی هێناوە، هەروەك چۆن شۆرشەکەی (تاژدین) و براکانیشی کپ دەکرێت بەهۆی هەڵخەلەتاندنیان لە لایەن(میر) و پەیمانی درۆوە، ئەگەرچی تاژدین و براکانی لە جەنگەکەدا سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا و میریش بەم راستییەی دەزانی، بەڵام کورد کێشەیەکی گەورەی هەیە و زۆرجار سۆز زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵیدا، بۆیە میر بەئاسانی فریویان دەدات، شۆرشگێرەکانیش ئاڵای سپی بۆ میر بەرزدەکەنەوە:**

**شێرێ د  ل شەر وەبوون مولایم**
**گوتن دەم و دەولەتا وی دایم...... ل ١٩٧**

**پێدەچێت ((خانی بەم دیمەنە هونەری یە بچووکە ئاسۆی ئەو مەسەلەیە نەخشە بکێشێت کە بۆتە رابەری، هەروەك لەم فێڵبازیەدا، ئەو فێڵبازیە گەورەیە ببینێت، کە هەندێك کارەساتی ئەوەی دەبووە. فێڵی ملدانی میرەکانی کورد بۆ ئاشتی لەگەڵ سوڵتاندا، لەسەر دەستی مەلا ئیدریسی بەتلیسدا، کە ساڵی ٩٢٠ی هیجری(١٥١٤م) بوو و دەوڵەتی عوسمانی پاش(١٥) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر مۆرکردنیدا پێشێلیان کردو وردە وردە میرنشینەکانی کوردیان نەهێشت تا لە ساڵی(١٢٦٦ی هیجری – ١٨٥٠م)دا دوا میرنشین لەناوچوو))[١] کورد لەکاتی پێویستدا هەڵوێستی پێویستی هەبووە، بەڵام هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ جێ بەجێ کردنی هەڵوێستەکانی، بۆیە مێژوو  هەمیشە شکستی بە هەوڵەکانی کورد هێناوە، خانی ئەم راستیەی زانیوەو درکی پێ کردووە و ئەو کەموکوڕیەی لە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردیدا بینیوە، بۆیە هەوڵی داوە لە ڕێگای باسکردنی ئەم بابەتانەوە ئەو نەریتە کوردیانە بگۆرێ.**

**خانی مەبەستی بووە هزری نەتەوایەتی کوردی جۆش بدات و ئەو هەستە نەتەوەییەی، کە لە لایەن ئەم و ئەوەوە لە ناخی تاکی کورد دا کپ دەکرێت، لەڕێگای بیرکردنەوە لە کەیان و دەوڵەت و تەبایی کوردیەوە بیژیێنیتەوە، لەم پێناوەدا خانی هەنگاوی سەرکەوتووی ناوە، چونکە ئەم بەرهەمەی خانی کاریگەری لەسەر(من)ی خوێنەری سەدەی بیست و یەکدا بەجێهێشتووە و بە خوێندنەوەی(مەم و زین) پرسیارەکانی (من کێم و چیم و بۆ ئەوهام)* لە لای تاکی کورد دەوروژێنێت.**

١. عزالدی مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و ......، ل ١١٦.

*(من کێم؟ کوردم، عەرەبم، تورکم،...هتد، چیم؟ نەتەوەم، ئاینم، زمانم،...هتد، بۆ ئەوهام؟ بێ دەوڵەتم، بێ کەیانم، بێ سنوورم، ...هتد).

# تەوەری دووەم/کولتوور ورۆشنبیری وجێکەوتەکانی شۆرشە هزرییەکەی خانی:

## ١-کەلتووری و رۆشنبیری و(مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی:

یەکێك لەو دیاردە گرنگ و پڕ بایەخانەی کە لە مەم و زین دا بەرجەستە دەبێت، رەنگدانەوەی دیاردە کولتووریەکانە بەگشتی و بابەتە رۆشنبیریەکانە بەتایبەتی، خانی هەوڵی داوە ئەو بابەتانە لە مەم و زین دا بژێنێتەوە ئەم هەنگاوەشی لە رێگای ژیان بەخشین بوو بە بەرهەمێکی فۆلکلۆری کە(مەم و زین)ە:

نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم

زینێ و مەمێ ژ نو ڤەژینم        ل ٥٢

خانی(مەم و زین) لە لەناوچوون رزگار دەکات و رێگا بۆ بۆچوونەکانی خۆی فەراهەم دەکات و(مەم و زین) یش دەکات بە تۆمارێك یان مۆزەخانەیەکی کوولتوری، کە تیایدا دیاردە کولتووریەکانی سەردەمی(مەم و زین) و سەردەمی(خانی) پارێزراوە، وەك(شوپنهاوەر)* یش دەڵێ (شیعر راستگۆیانەتر وێنەی سروشتی مرۆڤایەتی دەکێشێت وەك لە مێژوو)[١]خانیش نەك وەك(مێژوونووس) بەڵکو جارێك وەك مرۆڤناس و جارێکی وەك شاعیرێك هەوڵی داوە کولتووری رۆشنبیری میللەتمان بۆ بگوازێتەوە، بێگومان هەندێك جار کاری شاعیر کۆپی کردنە، (شاعیر ئەو نووسراوەی لە نێو هزرو زەوقی میللەتدا تۆمارکراوە کۆپی دەکات، بەهای کارەکیشی لە چۆنیەتی کۆپیکردنەکەدا دەردەکەوێ)،[٢](خانی) یش ئەو نووسراوەی لە لاشعوریی جەمعی تاکەکانی کورد دا هەیە کۆپی دەکات و هەرجارە و بەچەشنێك و لە چوار چێوەیی دیاردەیەکدا وێنای دەکات .

ئەودیاردە رۆشنبیری و کولتووریانەی کە لە(مەم و زین) دا باس کراون، دەکرێت بە دوو بەشەوە بەشێکی پەیوەستە بە رۆشنبیری و کولتووری رەسەنی کوردی و ئەوەی دیکە پەیوەست بە رۆشنبیری(گشتی) یەوە، کە هەموو سەرچاوە مەعریفییەکانی کورد دەگرێتەوە.

ئێمە چۆنیەتی بەرجەستەبوونی دیاردە کولتووریەکان لە(مەم و زین)دا لە بەشێکی تایبەتیدا باس دەکەین، بەڵام لەم بابەتدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو شۆڕشە رۆشنبیریەی کە خانی مەبەستی بووە لە رێگای(مەم و زین) ەوە بەرپای بکات، پرۆژەی ژیانەوەی رۆشنبیری و کولتووری کوردی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە کورد یان ئەدیب و نووسەران بە گشتی پرسیار لە بوونی خۆیان دەکەن یان کورد وەك نەتەوەیەك ئەو پرسیارەی لە لا دروست دەبێت و دەڵێ:(ئێمە کێین،

---

* شوپنهاوەر(١٧٨٨ – ١٨٦٠) فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە ناسراوە بەوەی کەسێکی رەشبین بووە، لە زانکۆی بەرلین وانەی گوتۆتەوە خاوەنی کۆمەلێك بەرهەمە لەوانە:(الادارة في الطبيعة) و(اسس الازام الاخلاقی)،(الحواشی و البواقی)، ... هتد. بڕوانە: وفیق عزیز، شوبنهاوەر و فلسفة التشاؤم، الفارابی، لبنان، ٢٠٠٨

١. مصطفی سویف، الاسس النفسیة للابداع الفنی، ل٣٥

٢. ادونیس،الثابت والمتحول، ج١(الاصول)، ل ٦٦

بۆچی تاکوو ئێستا له پەراوێزی مێژوو دا ماوینەتەوە، بۆچی نەمانتوانیوە کەسێتی نەتەوەیی خۆمان دروست بکەینەوە؟ چۆن دەتوانین ئەو کەسێتی یە دروست بکەینەوە)[1] خانی ئەم پرسیارانەی لەلا هەبووە هەوڵی داوە کار بۆ وەڵامدانەوەیان بکات، سەبارەت بە کورد و کەسێتی کورد وەك نەتەوە لەبابەتی پێشوودا جەختمان کردە سەر هەوڵە نەتەوەییەکانی خانی، بەڵام خانی لەو خاڵەدا ڕانەوەستاوە، بەڵکو هەوڵی داوە کەسێتی تێکشکاوی کورد لەرێگای رۆشنبیری و کولتوورەوە دووبارە بونیاد بنێتەوە، خانی وەك ئەدیبێك گرنگی بە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەدات و دەیەوێت سامانە ئەدەبییەکەی کورد بژێنێتەوە وە بیپارێزێ، کە بەشێکە لە رۆشنبیری میللەت و بەشێکە لەناسنامە و کەسێتی کورد بۆیە دەڵێ:

گەردێ هەبوویا مە ژی خودانەك
عالی کەرەمەك لەطیفە دانەك
عیلم و هونەر و کەمال و ئیذعان
شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
ئەڤ جینس ببا ل باوی مەعموول
ئەڤ نەقد ببا ل نك وی مەقبوول
من دێ عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بامێ گەردوون
بیناڤە (رحا) مەلێ جزیری
پێ حەی بکرا علی حریری
کەیفەك وە بدا فەقیهێ طه یران
حەتتا بئەبەد بمایێ حەیران ل٤٧

خانی پاڵپشتی دەوێ تاکوو ئەو کولتوورە ئەدەبییە بە پیتەی کوردی بەتاکی کورد ئاشنا بکاتەوە، بەخشینی روح و دووبارە ژیانەوەی (مەلای جزیری و عەلی حەریری و فەقێ تەیران) دەلالەتە لەسەر بەکارخستنی ئەو سامانە ئەدەبییە بەمەش لایەنێکی تێکشکاویی کەسایەتی کورد کە بەکەم زانین یان بەکەم تەماشاکردنی(خود)ە پڕدەکرێتەوە، هەروەها خانی دەیەوێ (رد الاعتبار) هەستی باوەڕ بەخۆبوون بۆ تاکی کورد بگەرێنێتەوەو بەرهەمی(مەم و زین) ەکەی خۆی دەکاتە بەهانە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
پێ مەعریفەتن بێ ئەصل و بونیاد
ئەنواعێ میللەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن ل٤٦

١. عەتا قەرەداغی، کاریگەری گەلتووری ئەوان لەسەر کورد، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣٤٨

(مەم و زین) ەکەی(خانی) پەرچەکرداره، (خانی) هەندێك لایەنی تێکشاوی کەسێتی خۆیی پێ پڕدەکاتەوە، ئەم کردارەش پێی دەگوترێ(قەرەبوو کردنەوەی دەروونی)* ، خانی کە خۆی بەراورد دەکات لەگەڵ دەوروبەردا هەست بە کەموو کوریەکانی میللەتەکەی دەکات، بۆ نموونە هەموو میللەتان خاوەن کتێبن، بەڵام کورد لەم مافە بێ بەشە واتا کێشە لە رۆشنبیری کوردیدا هەیە ئەم کێشەیەش کێشە لە دەروون و ناخی تاکی کوردا دروست دەکات، بۆیە(خانی) لە(مەم و زین) دا شۆرشێکی هزری رۆشنبیری هونەری بەرپادەکات و لە رێگای داهێنانی مەم وزینەوە خانی بوونی خۆی دەسەلمێنێ و کەسێتی خۆی دووپاتدەکاتەوە و دواتر ئەم بەرهەمەش دەبێتە خۆراکی روحی لەلای ئەو تاکانەی کورد، کەهەمان کێشەی(خانی) یان هەبووە.

((کولتوور پەیکەرێکی بەستوو بێ جووڵە نیە، بەڵکو کیانێکی زیندووە وەك ئەو دەریا بەهێزەیە کە ئاوی هاتووی سەرچاوەکان پاڵی دەنێت))[1] لەلای(خانی) یش بەرفراوانی سەرچاوە مەعریفەیەکانی وای کردووە کە(مەم و زین) وەکو دەریایەکی بەهێز بێ کە سەرچاوە کولتووریە جۆراو جۆرەکان پاڵی پێوەدەنێن و بەزیندوویی دەیهێلنەوە، لەرووی کولتووریەوە((شەخسیەتی خانی و زانیاریی ئیسکلۆپیدی ئەو لە(مەم و زین) دا بەڵگەی پێگەیشتنی خوێندەواری و کلتورە لە کوردستاندا))[2]، ئەگەر چی مەرج نیە ئەم زانیاریانەی خانی بەڵگە بێت بۆ پێگەیشتووی هەمووتاکەکانی کورد بێت لە کوردستاندا، بەڵام بەڵگەیە لەسەر پێگەیشتوویی خودی خانی کە ئەویش تاکێکی کوردەو (خانی ) لە(مەم و زین) دا دەیەوێ بڵێ کورد خاوەن کولتوورە و خاوەن شارستانییەتە و خاوەن رۆشنبیریە لێرەدا ئێمە جەخت لەسەر لایەنی رۆشنبیری دەکەینەوە .

خانی شارەزایی لە فەلسەفەی یۆنانی و ئیسلامی و ئەدەبیاتی گەلان و زانست و زانیاریە جۆراو جۆرەکان هەبووە، هەر بۆیە لە(مەم و زین) دا(خانی) ئاماژەی بۆ بابەتی جۆراو جۆر کردوە و شۆڕشێکی مەعریفی بەرپا کردووە و(مەم و زین) ی کردووە بە تۆمارێك کە ئاستی رۆشنبیری تاکی کوردی تیادا بەرجەستە دەبێت(خانی) دەڵێ:

صەڕاف ئەگەر ببیتە بوقراط
تەخمین بکەتن ب وەزن و قیراط
بازاڕ بکەت ژ بۆ فەلاطوون
مەجەموعێ خەزانەیێ د قاروون ل ٧٩

---

*(inferiority feeling – الشعور بالنقص او الدونية)، لە لای(ئەدلەر) زانایی دەروونناس هۆکارەکانی پێگەیشتن وداهێنان لەئەنجامی هەست کردن بەکەمی و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو هەستە لەرێگای کردەی(compensation) قەرەبوو کردنەوەی دەروونیەوە کە بەرهەمەکەی داهێنانە جا لەهەر چ بوارێك بێت ئەنجام دەدرێت، ئەم کردەیە بەتایبەتی لەلای ئەو کەسانەی کەم و کوڕی جەستیان هەیە دیارترە، بڕوانە: د . حسن احمد عیسی، الابداع في الفن والعلم، عالم المعرفة، کویت، ١٩٧٨، ل٦٩

١. امام عبدالفتاح، مێژووی فەلسەفە(هیگل)، و . عرفان مستەفا، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٨٤

٢. عزالدین مستەفا رەسول، خانی شاعیر و بیرمەند،...، ل ٥١

**ئاماژەکردن بۆ ناوی(بوقراط و فەلاطوون و قاروون) *ئاوڕدانەوەیە لە باگراوندی مەعریفی خانی کە شارەزایی لە مێژوویی رۆشنبیری یۆنان هەیە و شارەزایی لە رۆشنبیری ئیسلامیش هەیە .**
**هەروەها(خانی) شارەزا لە زانستی(مەنتیق) ئاماژە بۆ دوو چەمکی ئەم زانستە، کە (نەتیجە و قەضیة) یە دەکات، کاتێك کە دایەنەکەی (ستی و زین) لە بارەی گرفتاری ئەم دوو خوشکەوە دەکۆلێتەوە دەڵێ:**

**هون بۆچی حەزینن ئەی مەطایا****

**نینن چو نەتیجە بێ قەضایا ل ٨٣**

**زانستی مەنتیق لە لایەن (ئەرستو فەیلەسوفی یۆنانیەوە دانراوە،(مەنتیق) لە(نطق) ەوە هاتووە، یەکێك لەو بابەتانەی کە مەنتیق لەبارەیەوە دەدوێ، بابەتی(قضیة) یە کە ئەم چەمکە لە(قضاء – حکم) ەوە هاتووە، (قەضیة) ئەو دەربڕینەیە کە ئەگەری راستی و ناڕاستی لە خۆ دەگرێ و زانایانی رەوانبێژی پێی دەڵێن (خبر – هەوال)، ئەم زانستە لەلایەن(ئیمامی نەوەوی)*** یەوە رەتکراوەتەوە و(ئیمامی غزالی) ****بە پێویستی دەزانێ)[1]،(خانی) سۆفی وەکو (غەزالی) سۆفی بایەخی بەزانستی مەنتیق داوە بۆیە دەیەوێ لە رێگای مەنتیقەوە(مەسەلە) ەکەی (ستی و زین) چارەسەر بکات،(خانی) کەسێتی(دایەن) ی وەکو تەکنیك بەکار هێناوە، (دایەن) دەمامکە و(خانی) لەپشتی ئەو دەمامکەدایە، چونکە کەسێتی ئەم(دایەن) ەی خانی باسی دەکات کەسێتییەکی شارەزاو زانایە تا ئەو ڕادەیەی هەندێك جار ئاماژە بۆ هەندێك بابەتی زانستی دەکات، کە ناکرێ پیرێژنێك شارەزایی ئەو بابەتانە بێت ئەگەر چی دەشێ تەمەن وئەزموون مرۆڤ شارەزا بکات، بەڵام دیسان زانیارییەکانی خانی لە پشت زانیارییەکانی دایەنەوەیە، واتا ئەوە(خانی) یە شارەزاو زانایە و هەموو شت زانە نەك کەسێتی راستەقینەی دایەن.**

---

***(بوقراط یەکێکە لە پزیشکە بەناو بانگەکانی یۆنان کە لەسەدەی چوارەمی پێش زاین دا ژیاوە، (ئەفلاطوون) قوتابی(سوقراط)ە و فەیلەسووفێکی گریکی بەناو بانگە و (قاروون) یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی بەنی ئیسرائیل ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە)، بڕوانە، جان دوست،(احمد خانی مەم و زین)، ل ٢٠٨**

****(مەطایا)کۆیی(مطیبة) یە، ئەو ئاژەڵەیە کە بۆ سوار بوون دەست دەدا،(جان دۆست)دەڵێ: (دەشێ مەطایا نەبێت قە طایا بێت واتا کۆی قەطا(باڵندەی قەتی))بڕوانە: جان دۆست، مەم و زین، ل٢١٥، بەڵام (پەرویز جیهانی) دەڵێ: مەتایا لێرەدا بەواتای(کەرێ، کەرینە، کەرنۆ)دێت. بڕوانە پەرویز جیهانی،(مەم وزین)ب راڤە وشرۆڤەیەکی نوو،ب١،سپیرێز، دهوك،٢٠٠٧، ل٤٢٧**

***** ئیمامی نەوەوی(٦٣١ ك – ٦٧٦ ك) ناسراو بە(موحیەددین نەوەوی) یەکێکە لە زانا پایە بەرزەکانی ئیسلام، کە لەناوچەی(نەوا) لە(دیمەشق) هاتۆتە دونیاوە و لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەیووبیەکان ژیاوە و خاوەن گوتەی(پایە بەرزترین عیبادەت فێربوونی زانستە) یەو لەبەرهەمکانی ئیمامی نەوەوی:(کتاب شرح صحیح مسلم)و(روضة الطالبین) ... هتد، بڕوانە: عبدالغنی الدقر، الامام النووی، دار القلم، دمشق، ١٩٩٤**

****** ئەبو حامدی غەزالی ناسراو بە(زەینەددین)،(٤٥٠ – ٥٠٥ ك) لەناوچەی(توس) لە(خوراسان) هاتۆتە دونیاوە، یەکێکە لە زاناو سۆفیە گەورەکانی ئیسلام، غەزالی ناسراوە بەوەی کە دژی دەسەڵاتی پاشای ستەمکار و تاکڕەو بووە [(خانی) یش بەهەمان شێوەی غەزالی دژی ستەمکاری پاشاکان بووە ] لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی غەزالی:(احیاء علوم الدین)،(تهافت الفلسفه)،... هتد . بڕوانە: صالح احمد الشامی، الامام الغزالی، دار القلم، دمشق، ٢٠٠٢**

**١. عمر عبدالله کامل، مذکرة في تسیر المنطق، لە سایتی**
http://uqu.edu.sa/files2/tiny-mee/plugins/filemanager/files/4320447/pdf.

**هاوكات لەگەڵ فەلسەفەو مەنتیق دا،(خانی) ئاماژەی بۆ بابەتی گەردوون و ئەستێرەناسی کردووە وشەی(فەلك وتەنجیم)ی لەزۆر شوێنی داستانەکەدا بەکاری هێناون و سودی لێوەرگرتوون بۆ وەسف کردن، بۆ نموونە:**

**لە بابەت ناشتنی مەم و زین لە یەك گۆردا دەڵێ:**

**–ئەو هەردوو گوهەر د دورجەکیدا**

**ئەو شەمس وقەمەر د بورجەکیدا....ل٢٣١**

**لە لای خانی (دورج) و (بورج) زۆر بە کارهاتووە، کە دوو چەمکی فە لەکین، ((بورج لای ئەو شوێنی دەرکەوتنی ئەستێرەکانەو دورج شوێنی ئاوابوون وشاردنەوەیانە))[1]، هەروەها(تنجیم)یش لە وەسفی باغ وباخچەی میر زەیندیندا بەکارهاتووە:**

**گۆیا ب ئەدەب ئەدیبێ تەنجیم[*]**

**سەرصەفحەیێ باغێ شبهێ تەقویم...ل١٥٤**

**بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لە لایەن خانییەوە بەڵگەن لەسەر ئەو زانیاری و ئەو کولتوورە رۆشنبیرییەی، کە خوێنەواری سەدەی حەڤدەهەم پێوەی خەریك بوون.**

**لە(مەم و زین) دا(خانی) ویستویەتی هەمە چەشنە کاربکات و بانکی زانیاری کوردی دەوڵەمەند بکات، بۆیە(مەم و زین) رەنگدانەوەی کۆمەڵێك زانیاری و بابەتی جۆراو جۆرە، سەرچاوەی زانیارییەکانیش (مێژوویی، یان ئایینی، یان هونەری یا، ... هتد) یە. خانی کاتێك کە باسی زیندانی کردنی(مەم) دەکات دەڵێ:**

**رونشتی د وێڤە عابیدانە**

**زیندان ل وی بوویە چللەخانە**

**ئەو جیە ل وی بوویە چاهێ نەخشەب**

**ئەو مەه گەرییا هیلالی یەکشەب ل١٨٢**

**لەم دێرەدا خانی ئاماژە بۆ چیرۆکی(نەخشەب) دەکات، مەبەست لە(نەخشەب موقەنەعی خوراسانییە، کە دەکاتە (حەکیمی کوڕی عەتا) لەساڵی(٧٨٠ ز) لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی(ئەبو جەعفەری مەنسوور) کوژرا لەسەر ئەوەی بانگەشەی خواوەندبوونی دەکردو دەڵێن لە چاڵێکدا زیندانی کراو هەواڵی ئەوە بلأوبووەوە، کە گوایە موقەننەع لەزینداندا مانگێکی دروست کردووە تاکوو خواوەندی خۆی بسەلمێنێ[2] ئاماژەدان بەم بابەتانە ئاسۆی زانیاری تاکی کورد**

---

١. .عزالدین مستەفا رەسول،خانی شاعیرو...،ل٢٤٦

* تنجیم زانستی ئەستێرە ناسییە: ئەم زانستە پشت بە شوێن و دەرکەوتنی ئەستێرەو توخمە گەردوونییەکان دەبەستێت بۆشرۆڤە کردنی رووداوەکانی سەر زەوی و زانینی داهاتوو وغەیب و...هتد، ئەم زانستە لە ئیسلام دا ئەگەر بۆ زانینی داهاتوو و غەیب و سیحر بە کار بهێنرێ حەرامە و ئەگەر تەنها بۆ زانینی کات و وەرزەکان و وەرزی باران و درەو و.....هتد بەکار بێ رێپێدراوە، بروانە: محمد بن صالح العثیمین، ماهو التنجیم وماحکمە، لە سایتی:

http://ar.islamway.net/fatwa/1247

٢. جان دوست،(مەم و زین)، ل٤٨٦

فراوان دەكاتو بەڵگەیە لەسەر رۆشنبیری خانی، هەوەها(خانی) لە دێرێكی دیكەدا ئاماژە بە(ئەرژەنگ) * دەكات، كە كتێبی(مانی) یە:

عارض قەومی ل نەینكیٚ ژەنگ

رەونەق چو نەما ل نەقشیٚ ئەرژەنگ ل ١٥٠

(مانی) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كردووە و بە بەهرەی هونەری وێنەكێشان ناسراوە، بۆیە لەلای شاعیرانی كلاسیك زۆر جار ئاماژە بۆ توانستی وێنەكێشانی(مانی) كراوە(نالی) دەڵیٚ:

مانی نییەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ

ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەكشاوە [1]

نالی خوێنەری كورد ئاشنا دەكات لە گەڵ ناوی مانی، بەلأم خانی ئاماژەی بۆ كتێبی(ئەرژەنگ) كردووە و تاكی كوردی بە(ناوی) ئەم كتێبە ئاشنا كردووە و وەكو كولتوورێكی رۆشنبیری پاراستویەتی .

(خانی)كە داستانی(مەم و زین) دەنووسێت، شارەزای لەزۆربەی داستانە خۆشەویستییەكانی ناوچەكە هەبووە و لەرێگای(مەم و زین) ەوە، خوێنەری كورد ئاشنا دەكات لەگەڵ كۆمەلێك چیرۆكی خۆشەویستی دیكە(خانی) دەڵیٚ:

شیرین تە كرە شەكر ل پەرویز

فەرهاد ژ (رەنگیٚ) ئەشكی خون ریز

لەیلا تە كرە بەلا ل قەیسی

رامین ب تە رام بو ل ویسی

یوسف تەچرا نوما زلەیخا

وامیق تە كوسا گیهاندە عەذرا

شێخی وەكو پێنجە حەج بژاری

دین كر تە ژ بۆ كەچا كوفاری ل ٢٩-٣٠

---

* لەسەرچاوە عەرەبییەكاندا (مانی) بە خاوەن ئاینی(مانەوی) دادەنریٚ كە گوایە لە (بابل) لەدایك بووە، دواتر چووتە ئێران و لەسەردەمی(ئەردشیر) پاشای ساسانیەكان دا ئایینەكەی دامەزراندووە، ئایینیەكەشی لە تێكەڵكردنی ئاینی زەردەشتی و بوزی و مەسیحیەت دروست كردووە، بەلأم لەسەرچاوە كوردیەكاندا (مانی) كوڕی(پاتەك) بووە لە(٢١٥ ز) دا هەندێك دەڵێن لەماردین و هەندێك دەڵێن ئەشكانی بووە و لە هەمەدان هاتۆتە دونیاوە، لە سەردەمی (بەهرام) پاشای ئێران زیندانی دەكریٚ و بەزنجیر دەبەسترێتەوە تامردن، مانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كردووە و دەستی باڵای هەبووە لە وێنەكێشان و كتێبی(ئەرژەنگ یان ئەرتەنگ) ی داناوە كە برێتیە لە وێنەكانی(مانی)، گوایە(مانی) بۆماوەی ساڵێك دەچێتە ئەشكەوتێك و لەلای هەوادارانی دەڵیٚ من دەچم بۆ ئاسمان و پاش ساڵێك دێمەوە، پاش ساڵەكە (مانی) لە ئەشكەوت دێتە دەرو ئەرژەنگی دروست كردووە و دەڵیٚ ئەمەم لە ئاسمانەوە هێناوەتەوە ... هتد . بڕوانە: د . عمار قربی، الديانه اليزيديه، لەسایتی www.nohr.s.org و هۆشەنگ شێخ مەحەمەد،(مانی ژیان و پەیامەكەی)، لەسایتی www.dengekan.info .

[1]. عبدالكریم مدرس و ...، دیوانی نالی، ل ٥٣٥

**هەروەها دەڵێت:**

**ئەڤ بلبلێ جان د مەحبەسا تەن**

**مایە ب تەنێ میثالێ بیژەن ل١٤٦**

**(خانی) ئاماژە بە چیرۆکەکانی (شیرین و خەسرەو، قەیس و لەیلا، رامین و ویس، یوسف و زولەیخا، وامیق و عەزرا، شێخی صەنعان و کچی گاور، بێژەن و مەنیجە)*کردووە لەم ئاماژانەدا بەرفراوانی مەودای زانیارییەکانی خانی ئاشکرا دیارە، بەڕای ئێمە(خانی) ئەم ناوانەی تەنها لەپێناوی پێداویستی شیعری و رازاندنەوەی دێڕەکان و بەڵگە هێنانەوە لەسەر چیرۆکی خۆشەویستی نەهێناوە، بەڵکو دەیەوێ ژێرخانی رۆشنبیری تاکی کورد بنیاد بنێت و ئاشنایی بکات لەگەڵ کولتووری ئەدەبی ناوچەکە.**

**ئاماژەکردن بۆ بابەتە رۆشنبیریە جۆراو جۆرەکان لە(مەم و زین) دا یەکجار زۆر کەناکرێ لێرەدا هەمووی باس بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە، کە بناغە رۆشنبیرییەکی(مەم و زین) وای کردووە، کە(مەم و زین) ببێتە ئەنسکلۆپیدیایەکی مەعریفی و خۆراکی هزری بۆ خوێنەری کورد.**

**سەرەڕایی ئەو بابەتانەی کەلەسەرەوە باسمان کرد بەرفراوانی مەودای زانیاریەکانی(خانی) و توانستی داهێنانی(خانی)، بوەتە هۆی دەوڵەمەندی کولتووری شیعرنووسینی کوردی،(خانی) بەر لەهەبوونی(سوریالیزم)** وەکو قوتابخانەیەکی هونەری و ئەدەبی هەندێك جار وەکو سوریالیستێك بیری کردۆتەوە، سەرچاوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش سامانە رۆشنبیرییەکەی خانی یە، کاتێك خانی بیر لە گفتوگۆ لەگەڵ(قەڵەم) دا دەکاتەوەو قەڵەم وەڵامی دەداتەوە، بیرکردنەوەیەکە لە سەروی واقیعەوەیە، چونکە لە ڕاستی دا قەڵەم گفتوگۆ ناکات، ئەگەر چی زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان ئەم گفتوگۆیە دەبەستنەوە بە ململانێی نێوان(جەبری، قەدری) یەوە، بەڵام لەم گفتوگۆیەدا بیرکردنەوەی شاعیرانەی خانی بەرجەستە دەبێت:**

---

***(شیرین و خەسرە و) ئەو چیرۆکەیە کە((نیظامی گەنجوی)) لە ساڵی(١١٧٥ ز) دا نوسویەتی، کە باس لە چیرۆکی خۆشەویستی شیرین و خەسرەو دەکات و(فەرهاد) یش کەسێکی دیکە بووە کە شیرینی خۆش ویستووە و...هتد، ... هتد،(قەیس و لەیلا) مەبەست لێی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان(قەیسی بن مولەوح و لەیلا) یە کە چیرۆکێکی خۆشەویستی عەرەبی یە،(ویس و رامین) لەلایەن(فەخرەدین ئەسعەد جورجانی) یەوە نووسراوە و چیرۆکێکی خۆشەویستیە کە سەرچاوەکەی لە ئەدەبی ئێرانیەوە وەرگیراوە،(یوسف و زولەیخا) ش لە قورئانی پیرۆز دا چیرۆکی خۆشەویستی زولەیخا بۆ(یوسف) ی پێغەمبەر باس کراوە و(سەلیمی کوڕی سلێمان) وەکو داستان تۆماری کردووە،(وامیق و عەزرا) ش لەلایەن شاعیری ئێرانی(عونسری) یەوە دانراوە،(شێخی صەنعان و کچە گاور) یش لەلای شاعیری کورد(فەقێ تەیران) وەکو داستان تۆمار کراوە،(بێژەن و مەنیجە) ش لە شانامەی فردەوسسیدا باسی چیرۆکی خۆشەویستییەکەیان کراوە، بڕوانە: انور محمد علی، فلسفة التصوف فی دیوان مم و زین، ص ١٢٢-١٢٥ و جان دوست، مەمە و زین، ل ٣٢٠**

**** سوریالیزم surrealism بزوتنەوەیەکی ئەدەبی هونەری بوو، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ – ١٩١٨ واتا لە دوای رێبازی دادابیزم لە فەرەنسا هاتە ئارا: دژ بە هەموو لۆژێك و شێوە و رێکو پێکییەکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و سیاسی باو، وشەی Sur واتا سەر وشەی ریالیزم واتە واقیع و هەردوو پێکەوە دەکاتە(سەرەوەی واقیع) بڕوانە: د. فەرهاد پیربال، رێبازە ئەدەبیەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٢٧**

ئەی (خامەئێ) سەر تەراشێ بەدڕەنگ
بەس (نامەئێ) خوەش قوماشێ خوەش ڕەنگ
روو رەش کە ب ناڤێ خەطط و خالان
بەد نام بکە ب بێ و دالان ل ٢٥٣

وەڵامدانەوەی خامە:
گۆ ئەحمەد ئەگەر تۆ نەی خەبیڤی
هەرچی کو تە گوت من ئەو نڤیسی ل ٢٥٥

هەروەها دەڵێت:
نەی بوم و دعالەما نەییستان
مەی بووم نە ب دەستێ مەی پەرستان
گاڤا کو تە ئەز بریم ژ سازی
نە دەنگ د من هەبوو نە گازی ل ٢٥٥
و دەڵێ:
تە پف کرە جیسمێ من دەما جان
هاتن ژ دڵێ من ئاه و ئەفغان ل ٢٥٥
بێگومان خامە (دڵی) نییە، بەڵام لێرەدا خانی هەست و سۆز و دڵی پێ بەخشیوە واتا وەکو گیاندارێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، هەروەها لە مەنەلۆگی (زین) لەگەڵ خۆیدا و لە گفتوگۆی زین لەگەڵ (مۆم و پەروانە) و(مەم) لەگەڵ (رووبار و با)، (خانی) وەك شاعیرو دەروونناس نەك وەکو (ئایینناس و مێژووناس و مرۆڤناس) دەردەکەوێ، واتا خەسڵەتە شیعرەکانی(خانی) رۆشنبیر و هونەرمەند دەردەکەوێ:
– زین خەمی خۆی بۆ شەم باس دەکات:
دەم شەمعێ دکر ژ بۆ خوە دەمساز
کەی هەمسەر و هەمنشین و هەمڕاز ل ١٣٦
ئەمجارەیان بۆ پەروانە:
گەهگاه ژ دەست دلێ بریندار
ناچار د بو ژ جانێ بێزار
پەروا نەدکر ب ئاگرێ غەم
پەروانە دکر ژ بو خوە هەمدەم ل ١٣٧

– گفتوگۆی(مەم) لەگەڵ چەم:
بیٚ صەبر و قەرار و بیٚ سکونی
یان شبهەتیٚ من تو ژی جنوونی          ل ١٤١
(مەم) و با:
گەھ بەحث دکر دگەل صەبایێ
شەرحا غەمیٚ دل د گوتە با یێ          ل ١٤٣

–(مەم)(با) دەکا بە پەیام بەر* :
شایستە بکە تو ئیحترامیٚ
دەست بەستە ڤەوەست بکە سەلامیٚ     ل ١٤٣

خانی ئەو توخمانەی کە بەکاری هێناون لە گفتوگۆکاندا هەرەمەکی نییە، بەڵکو(خانی) زۆر بە لێزانیەوە هەڵیبژاردوون، خانی رۆمانسیانە یاخود سۆزدارانە هەستە ناسکەکەی (زین) لەگەڵ (مۆم و پەڕوانە) دا دەخاتە گفتوگۆوە، (مۆم و پەڕوانە) لەناسکی و جوانی و بیٚ دەسەڵاتییدا هاوتەریب دەکات لەگەڵ (زین)، هەرچی(مەم) ە لەگەڵ (رووبار و با) کە جارێك مەنگ و هێمنن و جارێك سەرلێشێواو سەرشێتن دەخاتە گفتوگۆوە، (خانی) ناخی(مەم) ی لە رووی بەهێزی و لەڕووی ناجێگیرییەوە بە باو بە رووبار چواندووە، بەڵام خودی خانی لەگەڵ قەڵەم دا گفتوگۆ دەکا، چونکە قەڵەمەکەی خانی باشترین توخمە کە لە هزری خانی بگات و مەگەر قەڵەمەکەی خانی لە ئاستی هوشیاریدا بگاتە خانی.

بەکورتی(خانی) درکی بەوە کردووە کە ((گرنگترین بوار کە رێنسانسی نەتەوەیی لێوە دەست پیٚ بکات بواری کولتوورە))[1] و هەروەها هەتا ((کورد لە رووی کەلتوورییەوە زیندو نەبێتەوەو ڕابوونەوە سەر هەڵنەدات ناشێت بنیادی پرۆژەی رێنساسنی کوردی لەبوارەکانی تردا بگاتە ئەنجام))[2] بۆیە لە پاڵ هەوڵەکانی بۆ ژیانەوەی زمانی کوردی و هەستی نەتەوەیی لەلای کورد هەوڵی داوە ئاوڕ لە تەواوی کولتووری کوردی بداتەوە و کولتووری کوردی لە مەم و زین دا تەوزیف بکات، لە بەشەکانی داهاتوودا چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ئەو دیاردە کولتووریانە دەخەینە روو.

* نالیش پەنا دەباتە بەر(بادی خوش مروور) پەیامی پیٚ دەنێرێتەوە:
قوربانی تۆزیٚ رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
بڕوانە: مەلا عبدالکریم مدرس ... ، دیوانی نالی، ل ١٧٤
١. عەتا قەرەداغی، گاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، ل ٢٥
٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

## ب–جێکەوتی مەم و زینی خانی لە رۆشنبیری کوردیدا:

(مەم وزین) ی (خانی) دەقێکی ئەدەبی سەدەی هەڤدەهەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا دەقێکی چالاکە وبەردەوام دەکەوێتە بەر پرۆسەی خوێندنەوەو بەشێوەیەکی نویٚ ئەزموون دەکریٚ و لە هەر ئەزموونێکدا جێکەوتێك تۆمار دەکات. هۆکاری هەبوونی ئەزموون و پرۆسەی (خوێندنەوەی نویٚ بۆ دەقێکی کۆن بابەتی چێژە)[1]. واتا ئەوە چێژی دەقە ، کە وا دەکات خوێندنەوە نوێیەکان لە (مەم وزین) ێکی سەدەی هەڤدەهەمدا ، تەوزیف بکرێت و لە ئەنجامدا جێکەوت لەلای خوێنەرەکان بەجیٚ بمێنێت، (جێکەوت)* یش چەمکێکی سنوور دارنییە و فرەلایەنە، بۆیە ئێمە لەم تەوەرەدا هەر جارە و مەدلوولێکی جێکەوت لەپرۆسەیەکی دیاری کراودا لەلای خانی پراکتیك دەکەین و لەچوار بواردا چڕی دەکەینەوە:

أ– جێکەوتی (دەق) لە(مەم و زین)دا:

بەو پێیەی ((دەق هەڵگری جێکەوتی دەقەکانی پێشووترە، یان بە دەربڕینێکیتر هەڵگری جۆری رۆشنبیرییە))[2]. ئەوا (مەم و زین) یش سەرەڕایی ئەوەی، کە لە بنەڕەتدا دەقێکی فۆلکلۆری فرە سەرچاوەیە، وەکو دەقێکی نووسراویش، کە ((خانی) تۆماری کردووە جێکەوتی دەقەکانی پێشووتر و رۆشنبیری سەردەمی پێوە دیارە. لەم بابەتەدا مەبەستمان لە(جێکەوت) ئەو توخمانەیە کە کاریگەریی لە بونیادی دەقەکە دەکەن و لە هەمان کاتدا خوێنەر دەیدۆزێتەوە و بە سەرچاوە مەعریفی وئەدەبییە جۆراوجۆرەکانەوە دەیبەستێتەوە. ئێمە پێشتر لە(کولتوور و رۆشنبیری)دا ئاماژەمان بۆ سروشتی ئینسکلۆپیدیایی (مەم وزین)ی (خانی) کردووە، کە چۆن لە هەمانکاتدا، فەلسەفەی ئیسلامی و گریکی و زانستی سەردەم و ئەدەبیاتی ناوچەکە و کولتووری کۆمەڵگا تێیدا رەنگداوەتەوە، بۆیە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە و تەنها ئەوە دەڵێین خانی لە زۆربەی دێڕەکانی (مەم وزین)دا توخمێکی زمانی پێداوین، کە خوێنەر بتوانیٚ بە دوای جێکەوتی ئەم توخمە دا بکەوێت و سەرچاوەکەی بدۆزێتەوەو لەئەنجامیشدا وێنە و جۆری رۆشنبیری ئەحمەدی خانی لە نێو دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەم کردارە پێویستی بە لایەنێکی گرنگترە، ئەویش رۆشنبیری خوێنەرە، (دەق) رۆشنبیری خوێنەر تاقیدەکاتەوە و بەپێی رۆشنبیری خوێنەرەکە مەدلوولی دەقەکە دەستنیشان دەکریٚ، چونکە کە نووسەر (خانی) لە نووسینی دەقەکە لێبووەوە، ئیتر رۆشنبیری ئەو کۆتایی پێدێت وسوودی بۆ دەقەکە نابێت، هێندەی رۆشنبیری (خوێنەر)، واتا دەسەڵاتی راڤەکردنی دەق و دۆزینەوەی جێکەوتەکان لە ئەستۆی رۆشنبیری خوێنەرەو ئەوە خوێنەرە جۆری رۆشنبیری نووسەریش دەدۆزێتەوە، بۆیە کە دەڵێن (دەق هەڵگری جۆری رۆشنبیرییە) واتە، کۆنترۆڵی ئاراستەکانی دەق بە دەستی دەسەڵاتی رۆشنبیری خوێنەرەوەیە پاشان رۆشنبیری نوسەر، هەروەها دەڵێن (دەق جیکەوتی دەقەکانی پێشووترە) بەو مانایە

---

١ . رولان بارت، لذه النص، ت، منذر عیاشي،، دار الانماء الحضاري، دمشق، ١٩٩٢، ص١٥.

* جێکەوت لەعەرەبیدا (الاثر) ە و لەئینگلیزی (Trace) ە.

٢. عبدالقادر حمەامین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، .گ. زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٠) ئایاری ٢٠١٣،ل٤٢.

بێت،(مەم و زین)یش جێکەوتی دەقەکانی پێشووترە، جا ئەو دەقانە دەقی ئاینی (قورئان و فەرمووده) بێت، یان دەقی سۆفییەکانی وەکوو (ئیبنو عەرەبی و حەلاج وئیمامی غەزالی) بێت، یاخود ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وکوردی بێت و هتد...، گرنگ ئەوەیە کە جێکەوتی دەقەکانی پێشووترە، بۆ نموونە:خانی لەمەم وزین دا دەڵێ:

ئەمرێ تە بلەفظی کون دو عالەم

مەوجود کرن غەرە ض چ؟ ئادەم؟

ئادەم بخوە یەك ژ هەر دووانە

یەك حەرف ژ ئەمرێ کون فەکانە.. ل٢٦

ئەم دێرانەی سەرەوە لەلای خوێنەرێکی نامسوڵمان، یاخود لەلای خوێنەرێك، کە شارەزایی لە قورئانی پیرۆزدا نەبێت، دەقێکی ئاساییە و وشەکانی (کن و کن فکانە) ی نێو دێڕەکە بە پێی مانا فەرهەنگییەکەیان وشەی عەرەبین و بەمانای (فەرمانکردن بە بوونی شتێك) دێت، لە نێو دەقەکەدا تەوزیف دەکرێ، بەڵام لەلای خوێنەری شارەزا ئەم وشانە هزری خوێنەر تۆڕ ئاسا دەخاتە کار و وا دەکات خوێنەر بەدوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێت و سەرچاوەکەشی لە نێو دەقەکانی پێشووتردا دەدۆزێتەوە، بۆ نموونە لێرەدا دەقەکە بە دەقێکی قورئانی (انما امره اذا اراد شیئاً ان یقول له کن فیکون) (یس-ایە ٨٢ )دەبەستێتەوە، واتە (کن فکانە) ی ئەحمەدی خانی جێکەوتی دەقێکی قورئانە کە لە پێش دەقەکەی (خانی )دا هەبووە، هەروەها لەنێو قسەی ئاسایی خەڵکیشدا، زۆر جار دەڵێن، (بە کون فەیەکونێك) هەموو شتێك دەبێت، واتا دەقەکانی پێشووتر تەنها جێکەوتیان لە دەقی نوێدا دەرناکەوێ، بەڵکو لە قسە و گفتوگۆی ئاسایشدا جێکەوتیان هەیە.

هەروەها خانی دەڵێ:

شیرین تەکرە شەکر ل (پەرویز)

(فەرهاد) ژ (رەنگێ) ئەشکێ خون ریز .... ل٢٩.

یان دەڵێ:

شێخی وەکو پێنجە حەج بژاری

دین کر تە ژ بۆ کەچا کوفاری .... ل٣٠.

لە دێری یەکەمدا دەق جێکەوتی چیرۆکی (شیرین و خەسرەو)ی (١١٧٥ز)ی (نیزامی گەنجەوی) ی لەسەرە و لە دێڕی دووەمدا چیرۆکی شێخی صەنعان و کچی گاور، کە هەر دوو دەقەکەش بەر لە دەقەکەی خانی هەبوونە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە لای خوێنەری بە ئەزموون و شارەزا، ئەم دەقانە دەبەسترێتەوە بە دەقێکی (جزیری). جزیری دەڵێ:

تنیٚ فەرهاد دزانت لە ذذەتی عیشق
کو وی جان دایە شرینیٚ نە پەرویز[1].

هەروەها دەڵیٚ:
مەی نەنۆشی شێخی صەنعانی غلط
ئەو نەچوو نیڤ ئەرمە نستانیٚغلط[2].
واتا (شرین و فەرهاد یان شیرین و خەسرەو) و (شێخی صەنعان) ئەو (دال)انەن کە لە دەقەکانی پێش (مەم و زین) ی ئەحمەدی خانیدا بوونیان هەبووە و لە لای خانیش هەن لە پاش خانیش لە لای شاعیرانی دوای ئەویش دووبارە دەبنەوە.
ئەگەر چی مەدلوولی ئەم دالانە، لە نێو دەقەکاندا تا ڕادەیەك چوون یەکە، چونکە بەپێی چیرۆکەکانیان لەنێو دەقەکاندا تەوزیف دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە چەقی یەکتربڕی هێڵی دەقە جۆراوجۆرەکان، واتا جێکەوتیان لەنێو دەقەکاندا هەیە و بەڵگەن لەسەر هەبوونی جێکەوتی کولتووریی رۆشنبیری ئەدەبی لەسەر دەقی تازە بەرهەم هاتوودا.
ب- جێکەوتی (مەم وزین) لە _دەق) دا:
لە نێو (مە م و زین)ی ئەحمەدی خانیدا، خانی کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆری ورژاندەوە و وەکوو بابەتی نەتەوەیی و رامیاری و کولتووری ئایینی و .....هتد . ئەم بابەتانەی نێو دەق کاریگەری و جێکەوتیان لەسەر وەرگرەکان هەیە. بۆ نموونە زۆر جار لە پێشەرگەی دێرین ئەوانەی کە خوێندەوارن دەبیستین، کە لە ژێر کاریگەری هزری خانیدا ئەوان تێکوشانیان کردووە و ...هتد ، بەڵام ئەستەمە جێکەوتی هزری خانی لە لای وەرگرەکانی بە ئاسانی بدۆزرێتەوە و پیشان بدرێت، چونکە جێکەوت سەرەتا لە هزر دایە و پاشان لە رەفتاردا دەردەکەویٚ، بەڵام خوێنەری بەرهەمهێن پیشاندانی جێکەوتی (مەم و زین) ئاسانتر دەکات، مەبەستمان لە وەرگری بەرهەمهێن (نووسەر)ە، جا شاعیر بێت، یان رەخنەگر، یان توێژەر، چونکە لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە بە ساناتر جێکەوتەکان دەدۆزرێتەوەو (هەمیشە چاوخشاندن (اعادە نظر)ی بەردەوام بەرابردوو وا دەکات، کە وێنەی هونەری و رۆشنبیری ئەو رابردووە بەردەوام زیندووبێت و ئامادەبوونێکی ئەکتیڤی هەبێت و نوێگەریش دەبێتە روویەکی ئەم ئامادەبوونە)[3]. ئەگەر پرۆسەی خوێندنەوەی دەقی پێشینەکان لە دیوێکیدا چاوخشاندنەوە بێت بەرابردوودا، ئەوا خوێندنەوەی بەردەوامی دەقی (مەم و زین) لە سەردەمە جیاوازەکاندا، زیندوو راگرتنی ئەو رابردووەیە و بنەمای دووبارە بونیاد نانەوەی بەرهەمی نوێییە و ((لە راستیدا ئەو دروشمانەی خانی لە شیعرەکانیا بەرزی کردبوونەوە بو بوو بە مەشخەڵێکی نەکوژاروە بۆ شاعیران و رووناکبیران و نیشتمان پەروەرانی کوردی دوای

[1]. هەژار، دیوانی جزیری ، ل٢٥١.
٢. سەرچاوەی پێشوو.ل٢٩٥.
٣. ادونیس، کلام البدایات، دار الادب،؟، ص١٥٢.

خۆی))[١]، بەتایبەتی لە بواری گرنگی دان بەزمانی کوردی و فیکری ناسیۆنالیزمی کوردی، بۆیە (مە م و زین) ی خانی جێکەوتی لەسەر دەقەکانی پاش خۆی هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر چی نموونەی ئەو جێکەوتانە زۆرن[*]. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك باس دەکەین.

زۆرجار حاجی قادری کۆیی بە تەواوکەری قوتابخانە نەتەوەییەکەی (خانی) دەژمێردرێ و باسی کاریگەر بوونی (حاجی) بە (خانی) لەلایەن چەندین توێژەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە بە هۆی نزیکی نێوان دەقەکانیانەوە، دەشێ بڵێین شیعرەکانی (حاجی) جێکەوتی شیعرەکانی (خانی)یە، بۆ نموونە (حاجی) لە چەند دێرێکدا دەڵێ:

هەموویان شێری بێشەن حاتەمی جوود
لە شەڕدا کێوی جوودی و بە حری مەمدوود
وەلێکن فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بە مەرجن!!

یان دەڵێ :

کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووشن و ئاگر و نەوتن

هەروەها دەڵێ:

بێ ئەگەر دەستی یەکتر بگرن
وەك سکەندەر جیهان هەموو دەگرن
ئیتیحادی بە ئیتفاقی ئەنام
سوپەرە ، بۆ حەوادثي ئەییام[٢].

(خانی)یش لە باسکردنی ئازایتی تاکی کورد و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەڵێ:

جوامێری و هیممەت و سەخاوەت
میرێنی و غیرەت و جەلادەت
ئەوخەتمە ژ بۆ قەبیلی ئەکراد
وان دانە ب شیعر و هیمەتێ داد
هندی ژ شەجاعەتێ غەیوورن
ئەو چەند ژ مینەتێ نەفوورن

---

١. محمد رسول هاوار، کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوەمی جیهان، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوەو وەرگێڕان ، کوردستان، ٢٠٠٦، ل٩٧.

* لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێکەوتی هزری خانی لەلای چەندین نووسەر بە دەردەکەوێ وەك، (عبدالرحمن اق پهی(روحی)، شێخ محمد جان (خاکی)، شێخ محمد عەسکەری، حاجی قادری کۆیی، شێخ مارف نۆدێ، مەلا مەحموودی بایەزیدی، جگەر خوێن و قەدری جان و...هتد) بۆ زیاتر وردەکاری و زانیاری بروانە، جان دروست ، احمدی خانی (مەم وزین) ، ص٦٣.٧٠، و (فەهمی شوکری، نەتەوەو دوەڵەت و ئایین لەهزری ئەحمەد ی خانی، ل١٠٣-١٢٢.

٢. رشید فندی، الفکر القومی الکوردی بین خانی و حاجی قادر الکویی، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٢٠٦.

ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووێ هیممەت

بوومانعێ حەملێ باری میننەت

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن

دایم بە تەمەرود و شیقاقن..... ل٤٥

لەبەرامبەر راگرتنی ئەم دەقانە لەگەڵ یەکتردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە نەفەسی شیعری (حاجی)ی بە ئاشکرا جێکەوتی نەفەسی (خانی)یە و خوێنەر ماندوو نابێت لە دۆزینەوەی ئەو جێکەوتەدا. لەم نموونانەی سەرەوەدا لەلای (حاجی و خانی) (ئازایەتی تاکی کورد و بێ ئیتتیفاقی) بابەتی سەرەکین و یەکەم بەردن لە بناغەی بونیادی دەلالی دەقەکاندا، واتا یەکە زمانییەکانی دیکە، یەکتر دەگرن بۆ دروستکردنی وەسفێکی شیعری، کە لە خزمەتی بناغەکەدا بێت، بناغەکەش بابەتە سەرەکییەکەی دەقە، جا لەبەر ئەوەی کە لەلای (حاجی)یش هەمان بناغەی (خانی) هەیە، بۆیە دەشێ بڵێین دەقەکەی (حاجی) جێکەوتی (خانی) بەسەرەوەیە. جێی ئاماژە بۆ کردنە کە لە بواری ئەدەبیدا، بەرامبەر راگرتنی چەند دەقێك، کە بەهەمان زمان نووسراین و بەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتردا پێی دەگوترێ (هاوتایی=موازنە) واتا هاوتایی کردنیش بنەما سەرەکییەکەی هەبوونی جێکەوتەو بە جێکەوتەوە بەندە، لەنموونەیەکی دیکەدا شاعیری کورد (فانی). دەڵێ:

ئەی مەلائیك ئەی فەلەك ئەی ئاسمان

ئەی خودای بەرزو گەورەو لاسەکان

ئەی بەشەر ئەی دوستدارانی جیهان

ئەی گرۆهی زاڵمان وخائینان

کەی رەوایە هۆزی کوردی بەشکراو

قەد نەبینێ رۆژی ئازادی بە چاو[1].

ئەم دەقەی سەرەوەی (فانی) لە هزری خوێنەری شارەزادا جێکەوتێك بەجێ دەهێڵی، ئەم جێکەوتە هاوتایی ئەو جێکەوتەیە، کە لە خوێندنەوەی دەقێکی (خانی)دا بە جێماوە کە دەڵێ:

ئەز مامە د حیکمەتا خودیدا

کورمانج د دەولەتا دنێدا

ئایا ب چ و جهێ مانە محرووم

بیلجوملە ژبۆ چ بوونە مەحکووم ، ل٤٤.

لە ڕێگای ئەم هاوتاییکردنەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە (مەم وزین) وەکو کولتورێکی ئەدەبی جێکەوتی خۆی لەنێو هزری شاعیر و روناکبیر و وەرگرەکانی پاش خۆی بەجێ هێشتووەو هزری

---

١. کەمال میراوەدلی،، خانی تەواوکەری قوتابخانەی شیعری نەتەوەیی فانی و حاجی قادری کۆیی(١١)
http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/12344/htm.

خانی له مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەردەوام خۆی تازە کردۆتەوە، واتا دیمەنی بێ بەختی کورد لەلای (فانی) هەمان دیمەنی بێ بەختی کوردی (خانی)یە نوێبووەتەوە.

ج- جێکەوت لە شێواز گەرییدا:

پرۆسەوی خوێندنەوەی دەق لەلایەن خوێنەرەوە و بەردەوامی پرۆسەکە پەیوەستە بە چێژو سوودی دەقەکەوە، چۆنیەتی چێژ وەرگرتن و سوودو وەرگرتن لە(دەق)یش، پابەندی شێوازی دەقە، واتا ئەوە (شێواز)ە جێکەوت لەلای خوێنەر بەجێ دەهێڵێ، لە شێوازگەری ئەدەبیدا* لە ناو پرۆسەی (نووسەر، دەق، خوێنەر) دا جێکەوت و جێکەوتی شێوازی هەیە، مەبەست لە جێکەوتی شێوازی ئەو کاریگەرییانەیە، کە (شێواز) بەجێی دەیڵێ و ئەرکی جێکەوتی شێوازیش دابەشی سەر ئەم سێ بەشەی خوارەوە کراوە:[1].

یەکەمیان: جێکەوتی شێوازی پەیوەست بە جوانی دەق.

دووەم: جێکەوتی شێوازی پەیوەست بە وروژاندنی وەرگر.

سێیەم: جێکەوتی شێوازی پەیوەست بە کەسێتی و مەبەستی داهێنەرەوە.

ئێمە لێرەدا بە کورتی ئەم جێکە وتە شێوازیانە لە (مەم و زین)ی خانیدا دەخەینە روو:

یەکەم: جێکەوتی شێوازی پەیوەست بە جوانی دەقەوە:

ئەم جۆرە جێکەوتە پەیوەستە بە رەهەندی جوانی (دەق)ەوە و جوانی دەقیش لە رێگای رازاندنەوەی شێوازی دەربڕینی زمانی دەقەوە دروست دەبێت، لەم بابەتەدا (ابن اثیر)** . دەڵێ (دەربڕینەکان یا گۆکراوەکان، کە دەبیسترێن، وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤێکمان بە بەرچاودا تێپەر ببێت، یاخود خەیاڵی مرۆڤێکمان لەلا دروست دەکات، جا دەربڕینی بەهێز وێنەی مرۆڤێکی بە شان و شەوکەت و بەڕێزمان لە لا دروست دەکات، بەڵام دەبڕینی ناسك وێنەی مرۆڤی رووخۆش و نەرم و نیانمان لە لا دروست دەکات)[2]. لە (مەم و زین)دا دەربڕینەکان جارێك مرۆڤی بەهێز و نەترس و خاوەن گوتاری نەتەوەییمان بۆ وێنە دەکات و جارێکی تر وێنەی خواپەرست و زانا و عاشق و ..هتد، چونکە سروشتی داستان و گێڕانەوە وای لە خانی کردووە، کە هەر جارەو بە شێوازێك دەربڕینەکانی خۆی تۆمار بکات، ئەم دەربڕینانەی (خانی) جێکەوتی لە بەرهەمەکانی

---

* شێوازگەری یا شێواز ناسی (stilistisk) ئەم زانستە لەلایەن (شارل بالی) زانایی سویسری و قوتابی (سوسیر) بۆ یەکەم جار دامەزراوە وتایبەت بووە بە دیراسەکردنی دەربڕینە زمانیەکان ئەو دەربڕینانەی، کە بارگاوی کراون بە سۆز، پاشان وەکو میتۆدێکی ئەدەبی پەرەی سەند و لەلایەن کۆمەڵێك زاناوە پێناسەی بۆ کراوە و دیارترینیان پێناسەکەی (دی بۆفۆن)ە کە دەڵێ:(شێواز مرۆڤ خۆیەتی) بڕوانە، د.صلاح فضل ، مناهج النقد المعاصر ، دار اطلس للنشر ، القاهرە، ٢٠٠٥، ص٧٤-٧٥.

١.سامی محمد عبابنە، التفكیر الاسلوبی ، عالم الكتب الحدیث ، اربد، ٢٠٠٧، ص٢٣٨.

** (ابن اثیر) ئەم نازناوە نازناوی سێ برایە لە جەزیرەی ئیبنوعومەر، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە برای بچووکە کەناوی (ضیاء الدین ابو الفتح نصر الله)یە لە بەغدا لە ساڵی ٦٣٧ك کۆچی دوایی کردووە و زانا و شارەزایەکی زانستی شێواز گەرییە و یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی کتێبی (المثل السائر في ادب الكاتب والشاعر) بڕوانە ، د.محمد التونجی، المعجم المفصل فی الادب، ج ١، دار الكتب العالمیە ، لبنان، ١٩٩٩، ص١٨-١٩.

٢. سامی محمد عبابنە، التفكیر الاسلوبی، ص٢٤٥.

پـاش بەرهەمەکـەی خانیـدا هـەبووە، هـەروەها د.عزالـدین مسـتەفا رسـول دەڵـێ: ((ئـەو وێنـە ئەدەبیانەی خـانی بەکاری هێنـاون و جۆری دەربڕینی ئەو و رووکردنە زمـان و دەسـەڵاتی بەسـەر جوانیی زماندا و توانستی وەرگرتنی ئیلهامی جوانی لە بەکارهێنانی وشە لە ڕووی زمانەوە لە داڕشتنی رستەو دێڕی شیعردا و ئەفراندنی رەوانبێـژی (ئیبـداعی بـەلاغات)ی ئـەو، تائێستا بـە چەشـنێکی تـازە و پـڕ لـە ئیبداعـەوە، دێتـەوە نـاو بەرهـەمی زۆر شـاعیرەوە، بـۆ نموونـە دەتـوانین بـەراوردی وورده وەسـفی تـابلۆی شـایی سـتی و تـاژدین لـە لای خـانی و پارچـە شـیعری رابـەری شیعری نوێی کوردی عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢)، بکەین، بەناوی (یـەکی ئایـار لـە مەیـدانی سـووری مۆسـکۆدا ))[1]. بـەپێی ئـەم گوتەیـەی سـەرەوە بێـت، خوێنـەر دەتـوانێ جێکـەوتی دەربڕینەکانی خانی لە لای گۆران بدۆزێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەنییە، کە گۆران دەقەکەی خـانی لەبـەر چـاو گرتـووە و هـاتووە دەقەکـەی خـۆی نووسـیوە، بـەڵکو ئـەوە خوێنـەری شـارەزایە، کـە دەقەکەی (خـانی و گـۆران)ی خوێندوەتـەوە و هەسـتی بـە جێکـەوتی شـێوازی نێـوان دەربڕینـەکان کردووە، جا ئەگەر سەرەتا تەماشای ئەم دوو دەقە بکەین هێندە لە یەك دوورن، وەك ئەوە وایە، کە یەکێکیان لە رۆژهەڵات و ئەوی تر لە رۆژئاوا بێت. ئاهەنگگێڕانی بووك گواستنەوەیەکی نێو مەم و زین لە کوێ و خۆپیشاندانێکی یەکی ئایاری ساڵی ١٩٦٢ ی مۆسکۆ لە کوێ؟ بەڵام ئەگەر بە وردی لە دەقەکان بڕوانین، سـەرنجی خوێنـەر بۆ لێکنزیکی شـێوازی دەربڕینـەکانی نێـو هـەردوو دەقەکـە دەچێت، بۆ نموونە گۆران دەڵێ:

لە کۆشەکە بەرزەکانی شار
مرۆڤ دایدا وەکو باران
لافاوی ناو شەقامەکان
بە گرمەی وەك هەوری بەهار
بەرەو مەیدانی سوور کشا
دەریای مەیدان تێك خرۆشا
شەپۆڵ ئاڵای سوور بوو، گوڵ بوو
رەنگاورەنگ ئەشەکایەوە
لەگەڵ هەر جوولەو هەر رەنگێك
جۆرە دەنگێك ئەزرِایەوە[2].
هەروەها دەڵێ:
دوایی شەپۆل چوو، شەپۆل هات
لە خەڵکی مۆسکۆی بەهەشتی

---

١.عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و ل٦٣.

٢.محمدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، ل٣٢٤.

ئەو خەڵکەی بەهەشت ئەخوازن
بۆ ژیانی مرۆڤ بەگشتی[1].

لەم دەقەدا، ئێمە پەیوەندیمان بە هەزری مارکسی گۆڕانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیمان بەو دەربڕینانەوە هەیە، کە لە وەسفکردنی ئاپۆرای جەماوەری خۆپیشاندەردا بەکاری هێناوە و دیمەنی خۆپیشاندانەکەیە بەگشتی، کە لەگەڵ دیمەنی ئاهەنگەکەی (خانی) دا لە یەك نزیکن، خانی لە وێناکردنی دیمەنی ئاپۆرای تەمەشاکەری ئاهەنگ و بوکدا دەڵێ:
شەهری ژ موذەککەر و موئەننەث
فیلجوملە موزەییەن و مولەببەس
تەشبیهە ب بەحرێ پر تەمەوج
جونبووش دکرن غەرەض تەفەڕوج..... ل١١٠

هەروەها لە دیمەنی هەڵگرتنی کەژاوەکەی ستی دا دەڵێ:
ئەو تەختێ ڕەوان وەکی گەمی بوو
بەحرا کو ب سەرکەت ئادەمی بوو
بەحرەك ژ هەوا کو بێتە جۆشێ
ناچار ژ دل دکەت خرۆشێ ....... ل١١١

لە جۆراوجۆری خەڵکەکەشدا دەڵێ:
صۆفی یو مەلا فەقیر و پاشا
ڤێکرا ل تەفەڕوج و تەماشا
لە وەسفی دەنگە دەنگی نێو ئاپۆراکەشدا دەڵێ:
سازان مرن حەی کرن وەکی صوور
کووس و دەف کەڕەنا و ناقوور
شاباش و صەدا و گازەگازان
گوهدار غەنی کرن ژ سازان
ڤێکرا کو صەدا ژوان ب دەرکەت
قەصرا فەلەکێ صەدا ب سەرکەت....ل١١١.

---

١.سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥.

ئەوەی ئەم دودەقە دەهێنێتە تای هاوتایی کردن، دیمەنی کۆبوونەوەو ئاپۆرای خەڵکە ، ئەگەر چی مەبەستی کۆبوونەوەکەش جیاوازە، بەڵام دەربڕینەکان لێکیان نزیك دەکاتەوە، بۆ نموونە لە لای گۆران:

خەڵکی لە زۆریدا وەکوو ئاوی باران بوون، زۆری ئاوی باران لافاوی دروست کرد، لافاویش شەپۆل، ئاڵای شەکاوەی سەر شەپۆلەکە ڕەنگی سوورە، کە ڕەنگی ئاڵای شیوعییەکانە، لەگەڵ بەیەکداهاتنی شەپۆلی خەڵکی و دروشم گوتنەوەیان هەر جارەو جۆرە لەرە لەرێکی دەنگی پەیدا دەبوو لە بەرزی دەنگەکەدا شاعیر (ئەزرایەوە)ی بۆ بەکار دێنێت، ئامادەبووانی مەیدانیش خەڵکی مۆسکۆن، کە شاعیر بە چاوی یەکسانی تەماشای کردوون و بە بەهەشتی لە قەلەم داون..

بەڵام بەر لە گۆران، دەبێ(خانی) چۆن وەسفی ئاپۆرای خەڵکی کردبێ؟

لە لای خانی:

هەموو خەڵکی شار نێر و مێ وەکوو دەریا شەپۆلیان دەدا لە پێناوی تەشماکردندا ئەم دەریایە کەشتیەکی هەڵگرتبوو، کەشتییەکە کەژاوەکەی (ستی)یە و کەژاوەی بووکە، واتا دەشێ تارای سووری بەسەردا درابێت، یاخود تارای سوور بەسەر بووکەکەوە بێت، خەڵك خەڵکی جزیرەیە و جۆراوجۆرە، فەقیر و پاشا و صۆفی و مەلا، واتە کۆمەڵگایەکە جیاوازی چینایەتی تێدایە، دەنگە دەنگی نێو ئاپۆرای خەڵکی و دەنگی دەهۆڵ و شەیپور و شاباش و ..هتد، هێندە بەرز بوو صەدایی دەگەیشتە کەشەکەلانی فەلەك. ئەم دوو وێنەیەی (گۆران و خانی) لە شێوازی بەکارهێنانی دەلالەت و وەسفەکاندا لەیەك دەچن . خانی بەر لە گۆران هەمان هزری وەسفی بەکارهێناوە، بۆیە ئەو خوێنەرەی کە مەم و زین دەخوێنێتەوەو پاشان دەقەکەی گۆران دەخوێنێتەوە هەست بەو جێکەوتە شێوازیە دەکات، کە لە نێوان دەقەکاندا هەیە، ئەگەر چی دیمەنەکان دوو دیمەنی کولتوری جیاوازن، بەڵام لە هەردوو تابلۆدا خەڵك ئاون و دەریان و شەپۆڵن، هەڵگری ئاڵای سوورن، سەدای دەنگە دەنگی ئاپۆرای خەڵکەکانیش لە هەردوو تابلۆدا گوێچکەی مرۆڤ دەهەژێنێ، واتا تابلۆیەکی کولتووری کوردی، جێکەوتی لە تابلۆیەکی کولتووری رووسی هەبووە، هۆکارەکەشی سەرچاوەی داهێنانەکەیە، کە لە هەردوو حاڵەتدا داهێنەر (گۆران، خانی) کوردن و وەرگریش کوردە. بۆ نموونە (د.عزالدین مستەفا رەسول) وەرگرەو کوردە و جێکەوتی هەردوو تابلۆکەی لە لا بەرجەستە بووە.

دووەم: جێکەوتی شێوازیی، پەیوەست بە ورووژاندنی وەررگرەوە.

ئەم جۆرە جێکەوتە هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، کە بە هەڵچوونەکانی وەرگرەوە پەیوەستەو چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وەرگر (استجابة المتلقي) بۆ دەق و ئامادەبوونی لە رووی دەروونییەوە بۆ وەرگرتنی دەقەکە، چونکە (دەق لە رێگای ئەو جوانکاری و روونبێژییە شێوازییانەی، کە تێیدا بەکارهاتووە، دەتوانێ ئەرکی سوود بەخشین بە دەروونی وەرگر ببینێ، واتا دەروون دەورژێنێ و پاشان

ئاسوودەی دەکاتەوە و دەیگەنێتە دۆخی ئارامی  و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی  ناواخنی هزری دەقەکە)[1].

(خانی) یش لە (مەم و زین) داو لە ڕێگای تابلۆی (نەورۆز)ەوە مەبەستی بووە، کە کولتوور و ڕێورەسمی ئەو ئاهەنگ گێڕانە کوردەوارییە بگوازێتەوەو بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی بوون و نوێبوونەوەی ژیانەوە باس بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر جوانکاری لە دەربڕیندا تاکو مەبەستەکانی خۆی بپێکێت، جا سەرەتا خوێنەری بۆ ئامادە دەکات، پاشان دیمەنەکەی لەلا وێنا دەکات، لە ئەنجامدا دەروونی وەرگر ئاسوودە دەکات و لەبەرئەوەی کە (نەورۆز)یش لەلای تاکی کوردا خۆی لە خۆیدا بابەتێکی ئامادەیە، بۆیە جێکەوتی دەقەکەی (خانی) یەکەمجار لە ناخی وەرگری کوردا ئەرك  دەبینیێ، پاشان تەواوی وەرگرەکانی دەقەکە بۆ نموونە (خانی) لە تابلۆی نەورۆزدا سەرەتا دەڵێ:

خەللاقێ جیهان ژ فەیضێ فیطرەت

هیئاتێ فەلەك ب وەجهێ قودرەت

بێ قالب وبێ محیط و میقیاس

بێ ئالەت و بێ موشیرو میقراص، ل٦٧

واتا لەسەرەتاوە(خانی) پێشەکییەکمان دەداتێ لەبارەی چۆنیەتی دروستبوونی گەردوونەوە و کۆمەڵێك وەسفی جوان و زانیاریی فەلەکی دەخاتە بەردەستی خوێنەر، بەمانایەکی تر دەروونی وەرگر دەوروژێنێ، ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی ناواخنی هزریی بابەتەکە ، پاش ئەوەی ئامادەبوونی دەروونی لەلای وەرگر دروست کرد، ئینجا دێتە سەر گێڕانەوەی مەبەستەکەی و دەڵێ:

دانایێ موعەممەرێ کوهەن ساڵ

ئەڤڕەنگەهە گۆ  ژ بۆ مە ئەحوال

گو عادەتێ پیشییێ زەمانان

ئەڤ بوو لە هەمی جیهـ و مەکانان..... ل٦٨

واتا پاش ئەوەی وەرگر لە ڕێگای چێژی ئەدەبیەوە لە ڕووی دەروونیەوە ئامادەکرا، ئینجا ڕێگە خۆش دەکرێ بۆ باسکردنی بابەتەکە و (خانی) وەکو فۆتۆگرافەرێك، یان وەکو مونتاژێکی فیدیۆیی دێت، دیمەن بە دیمەن وێنای ئاهەنگ و سەیرانەکە دەکات بۆ نموونە:

ڕۆژا کو دبوویە عیدێ نەورز

تەعظیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز

صەحرا و چەمەن دکرنە مەسکەن

---

١.سامی محمد عبابنە، التفکیر الاسلوبی ، ص٢٥٠.

بەیەدا و دەمەن دکرنە گولشەن
خاصما عەزەب و کەچێ د باکیر
ئەلقەیصصە جەواهیرێ د نادیر
تێکدا د موزەییەن و مولەببەس
ڤێکرا ل تەفەڕوجێ مورەخخەص....ل٦٨.
هەروەها دەڵێ:
مەبنی ل وێ عادەتێ موبارەك
شەهری یو سوپاهی یان ب جارەك
باژێرو کەلات و خانی و بەردان
تەشبیە ب نەژدییان و جەردان
صەف صەف د مەشینە کوه و دەشتان
رەف رەف د خوشینە سەیر و گەشتان .....ل٦٩.

ئەم دیمەنانەو چەندین دیمەنی دیکەی نێو سەیرانەکەی نەورۆزی (مەم و زین)ی (خانی)، جێکەوتی جیاجیا لەناخی وەرگردا دروست دەکەن، ئەو جێکەوتانە لە گشتێکدا کۆدەبنەوە، کە وێنە سەرانسەرییەکەی ئاهەنگی نەورۆزەو رێورەسمێکی کولتوورییەو وەرگر لە بەرامبەریدا کاردانەوەی دەبێت، لە ئەنجامدا دەق بە پێی ئەو جێکەوتانەی کە لە لای وەرگرەکاندا پەیدا بووە مەبەستەکەی خۆی دەپێکێ،

هەر لەبارەی جێکەوتی شێوازییەوە، کە پەیوەستە بە وەرگرەوە، شیعرناسەکان دەڵێن، (شیعر توانایەکی بەهێزی کاریگەری هەیە، وەکوو سیحر و خواردنەوە کحولییەکان وایە، چونکە وەرگر دەهەژێنێ و دەیوروژێنێ و پاڵی پێوە دەنێت، کە هەندێك هەڵوێست وەربگرێ، کە دەشێ ئەو هەڵوێستانە دژی سروشتی رەفتارەکانی ئاگایی بێت، بۆ نموونە شیعر پاڵنەری کەسی رەزیل دەبێ تاکو دەست بڵاوبێت و کەسی ترسنۆك ئازا و چاونەترس دەکات)[1]. دەشێ ئێمە ئەم بابەتە لەگەڵ واقیعی ئێستای کۆمەڵگایی کوردیدا پراکتیك بکەین، کە زۆربەی هەرە زۆری لە ژێر کاریگەری رق و کینەی حیزبایەتیدا دابەش بوونەو دژایەتی یەکتر دەکەن، بەڵام کاتێك کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە، چەند دێرێکی خانی دەبیستن یان دەخوێننەوە بۆ نموونە:
گەردێ هەبووا مە ئیتحادەك
ڤێکرا بکرا مەئینقیادەك
رووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژمرا دکر غولامی...... ل٤٥.

---

١. سامی محمد عبابنە، التفکیر الاسلوبی، ص٢٥٣.

ئەوا هەست و سۆزی وەرگرە دەجولیٚ و دەشیٚ لە ژێر کاریگەری جێکەوتی ئەم دێڕانەوە رق و کینەکەی خۆی بەلاوە بنێت، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم جێکەوتە کاتییە، یان هەتا هەتاییە؟ بەڕای ئێمە جێکەوت بەپێی ئامادەبوونی دەروونی وەرگرەکان لە وەرگرێکەوە بۆ وەرگرێکی دیکە دەگۆڕیٚ، جا ئەگەر وەرگرەکە ئامادەیی دەروونی و هزری تەواوی تیادابوو، ئەوا جێکەوتی کاریگەری شیعرەکەی تێدا دەمێنێتەوە و دەشیٚ لە هەر ساتە وەختێکی ژیانیدا کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارەکانی هەبێت، بەپێچەوانەش ئەگەر وەرگر ئامادەبوونێکی تەواوی تیادا نەبوو ئەوا جێکەوتی کاریگەری شیعرەکە کاتی دەبێت هەر وەکوو کاریگەری سیحرو خواردنەوەی کحولی، چونکە کاریگەری سیحر وخواردنەوە کاتییە، کە ماوەی بەسەر بچیٚ ئیتر کاریگەری بە سەر مرۆڤەکەوە نامێنیٚ، بە هەمان شێوە دەشیٚ شیعریش لە لای ئەو جۆرە وەرگرانە کاریگەرییەکەی کاتی بێت و پابەندی ماوەی خوێندنەوە بێت.

سێیەم: جێکەوتی شێوازیی پەیوەست بە کەسێتی و مەبەستی داهێنەرەوە.

هەموو داهێنەرێك بەرلەوەی کە داهێنەر بێت، مرۆڤە. مرۆڤیش خاوەن کەسێتی وتوانای تایبەتی خۆیەتی، لێرەدا مەبەستمان لە داهێنەر (شاعیر)ە، هەر شاعیرێك خاوەن تایبەتمەندی کەسێتی خۆیەتی، ئەو تایبەتمەندییەش لە بەرهەمە کانیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە دەبینین شاعیرێك لە شیعر نووسیندا توانایەکی ڕەوانبێژی باشی هەیە و گوتاری شیعریی ئەو شاعیرە هێزو توانای یاریکردن بە زمانی پێوە دیارە، بەڵام شاعیرێکی دیکە، مانایەکی قوڵ لە ڕێگای زمانێکی ڕۆمانتیکی و هەستێکی ناسکەوە دەردەبڕیٚ، واتا هەر یە کێك لەم شاعیرانە خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیەتی، کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی و ڕۆشنبیرییەکەیەتی و هەر یەکێك لەم شاعیرانەش جۆرێك لە جێکەوت لەلای وەرگر دروست دەکات، روونتر بڵێین کەسێتی شاعیر جێکەوتی هەیە لەسەر شێوازی بەرهەمەکەی و پاشان ئەو کەسێتییەی شاعیر لە ڕێگای شێوازەکەیەوە جێکەوتی دەبێت لەلای وەرگرو دەق نووسەکانی پاش خۆی.

شێواز (هەڵوێستی ژیاری شاعیر بەرجەستە دەکات)[1]. هەروەها لە ڕەخنەی نوێدا (شێواز دەبێتە ئەو پردەی کە دەمانگەینێتە هەموو لایەنەکانی بنەما کەسێتییەکانی شاعیر)[2]. لە (مەم و زین) دا، (خانی) خاوەن چەندین گوتارە هەر یەکێك لەو گوتارانە دەربڕی لایەنێکە لە کەسێتی (خانی)، کە لە ئەنجامدا جێکەوتی هەیە لەسەر شێوازی شیعری شاعیر، بۆ نموونە کەسێتی (خانی) لە دیباجەکەیدا، وەکوو عارف و خواپەرستێك وێنا دەکریٚ، واتە (خانی ) مەلاو (خانی) حوجرە جێکەوتی هەبووەو لە شێوازی نووسینی دەسپێکی (مەم و زین) دا، پاشان لە باسکردنی کێشەی کورددا (خانی) نێو دەربار و نێو چەقی ململانێکانی ئەو سەر دەمە وا دەکات، کە (خانی) ئەو بابەتە نەتەوەییانە بورووژێنیٚ، کە لە بەشی دووەمدا باسمان کردووە، لێرەدا(خانی) سیاسی

١.سامی محمد عبابنه، التفكير الاسلوبي، ص٢٦٧.

٢.سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

بەرجەستە بووە، پاشان (خانی) عاشق و خانی وێنەکێش و و کولتوورناس و.... هتد، لە تەواوی داستانەکەدا بەرجەستە دەبێت، واتە لە ڕێگەی شێواز و گوتاری شیعرییەوە ئێمە دەتوانین کەسێتی شاعیر دەستنیشان بکەین، بە تایبەتی کەسێتی ئەو شاعیرانەی، کە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەیانەوە نییە، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر جێکەوتی شێوازی پەیوەست بە شاعیرەوە لە دیاریکردنی کەسێتی شاعیردا، کە کەسێتی شاعیریش دەسنیشانکرا، ئەوا دەکرێ شوێنی ئەو شاعیرە لە تەواوی پرۆسەی ڕۆشنبیریدا دیاری بکرێت، واتا جێکەوتی ڕۆشنبیری ، سەردەمی شاعیر لەلای شاعیر و جێکەوتی شاعیر لە ڕۆشنبیری پاش خۆیدا دەسنیشان دەکرێ.

د- جێکەوت و هەڵوەشاندنەوە:

لە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەدا* .جێکەوت(پرەنسیپی بنەڕەتی نوسینەو شوێن و زەمەنی نییە، بەڵام پەیوەستە بە ژیان (بیرەوەری) کە ئەسڵی ڕەهاو مانا پێکدێنێ (...) خودی جێکەوتیش زاراوەیەکی هونەرییە دەچێتە شوێن‌و مەبەست و ئامانجی دەقی ئەدەبی و ئەرکێکی جوانییە لە چێژ و بەیەکداچوونی دەقە ئەدەبییەکانەوە دێت، ئەویش لە ڕێگای فەزای جۆر بەجۆری خوێنەرەوە دەستەبەر دەبێت، جێکەوت لە ئەنجامی پەیوەندییەکانەوە سەرهەڵدەدات، لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا، خوێنەر بەدوای مانای دیاری کراوی وشەکاندا ناگەڕێت، یان ڕاڤەو درکە و خوازەکان شیناکاتەوە، بەڵکو بەدوای ئەرکی پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا دەکەوێت، لە پێناوی سیاقێکی ئازاد کە جێکەوتی بەدواوە دێت و لەو ئەزموونەوە سەر هەڵدەدات کە چالاکی خوێنەرانی ڕەخنەگرە)[1] . جا بۆ ئەوەی لە ڕێگایی ئەم میتۆدەوە باسی جێکەوت بکەین لە (مەم وزین) دا ، دەبێت هەموو داستانەکەی (مەم و زین) بەش بەش بیخەینە بەر ئامێری هەڵوەشاندنەوەوە، ئەم هەویرەش ئاو زۆر دەکێشێ، بۆیە تەنها چەند نمونەیەك، کە پەیوەستە بە کولتووری ڕۆشنبیرییەوە لێرەدا باس دەکەین.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئێمە لەو دەقەی، کە وەریدەگرین ڕەگەز وتوخمە زمانییەکان دەسنیشان بکەین و جۆری پەیوەندی بە یەکداچوویی نێوانیان دیاری بکەین، تاکو جێکەوتەکانی لە نێو سیاقی دەقەکەدا دەرکەوێت، بۆ نموونە: لە یەکێ لەو دیمەنانەی ئاهەنگی نەورۆزی نێوداستانەکەدا (مەم و تاژدین) تووشی کۆبوونەیەکی خەڵك دەبن و ئەوان نازانن هۆی ئەم کۆبونەوەیە چییە، بۆیە پەنا دەبنە بەر پرسیارکردن. خانی دەڵێ:

ئەو هەردوو دەمەك ڤەمان تەحەییور

---

* هەڵوەشاندنەوە=التفكيكيه، (Decons traction) میتۆدێکی ڕەخنەییە لەپاش بونیادگەریی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوەو (دریدا) پێشەنگی ڕابەرانی ئەم میتۆدەیە، ئەم میتۆدە هەوڵدەدا دەق شیبکاتەوە بۆ گەڕان بەدوای مانا شاراوەکاندا، واتا هەڵوەشاندنەوە پرۆسەی لەیەك کردنەوی ڕەگەزەکانی هەموو گوتارێکی ئەدەبی ئامادەیە، بڕوانە، د.وليد القصاب ، مناهج النقد الادبی الحديث، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧، ص١٨٣، ١٨٧.

١.عبدالقادر حمە امین، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٥.

بون غەرقەیێ لوججەیێ تەفەککور
تاجدین سەکنی و پرسار کر
پرسیار خوە بە ئێکە ئیختیار کر
گۆ ئەی خضرێ رەهێ هیدایەت
بێژ، ئەڤ چ بەلایە بێ نهایەت
وی گۆتێ: دوو شەهلەوەندێ شەدداد
ئیرۆ لڤێ خەڵقێ بوونە جەللاد.......... ل٧٣.

ئەگەر لەم دەقە وردبینەوە و رەگەزە دەلالییەکانی دەستنیشان بکەین، ئەوا چەند پەیوەندییەکی پێکداچوومان لەلا روون دەبێتەوە، لەم دەقەدا خوێنەر بەرامبەر بە ئەم رەگەزانەی خوارەوەیە:
(مەم و تاژدین)، (خضر و ئیختیار)، (دووشەهلەوەند)ە کە (ستی و زین)نن، خدر ئەو عەبدەیە، کە (لە نێو قورئانی پیرۆز دا لە سوورەتی کەهفدا باس کراوە، بەڵام ناوی نەهاتووە. لە نێو شیعری فارسی وکوردیشدا، خدر ئاماژیە بۆ ئەو رێپیشاندەرەی، کە رێگای بە ئەسکەندەر پیشان دەدا، لە گەشتی گەڕان بە دوای ئاوی ژیاندا، بەڵام کە دەگەنە جێگای مەبەست تەنها خدر لە ئاوی کانی ژیانی خواردووەو نەمری بە دەست هێنا، چونکە ئەسکەندەرو سوپاکەی لە خۆشی زێڕو کۆکردنەوەی زێڕدا لەبیریان چوو لەئاوی کانیەکە بخۆنەوە)[1]. واتا (خدر) جێکەوتێکە دەمانبەستێتەوە بە کولتووری رۆشنبیری ناوچەکەوە، ئێمە لێرەدا لەرێگای پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی دەق و بەستنەوەیان بە دەرەوەی دەق، جێکەوت دەدۆزینەوە و لە چەند خاڵێکدا ئەم پەیوەندییانە باس دەکەین:

١- پەیوەندی نێوان (خدر و ئیختیار) پەیوەندییەکە، سەرچاوەکەی بە بۆچوونەکانی نێو کۆمەڵگاوە وابەستەیە، چونکە ((خدری زیندە لە نێو خەیاڵی رەشە خەڵکەکە، ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە، هەر ئەو ئامادەیی و باوەڕەیە، کە لە نێو زۆر چیرۆك وئەفسانەکاندا(خدری زیندە)کەسایەتییەکی خێرخوازەو رێ پیشاندەرە، لەسەر زۆر شێوە خۆی پیشانی لێقەوماوان دەدا، جگە لە شێوەکانی مرۆڤ لە شێوەی ئاژەڵ وباڵندەو زیندەوەریش دەر دەکەوێ، نیشانەکانی ئەوەیە کە وەختێك وەکوو پیرەمێردێك دەر دەکەوێ دەستی زۆر نەرم وشلەو...هتد))[2] واتا وەرگر پەیوەندی لە نێوان (پیر و خدر) لە رێگایی چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگاوە دەستەبەر دەکات، کە پەیوەستە بە چیرۆکی (خدری زیندە) و تەنانەت لەنێو هەقایەتەکانیشدا هەیە.

١.جان دوست، احمدی خانی (مەم و زین) ص١٩٦.
٢. مەولود ئیبراهیم حەسەن، گەڕان بە دوای نەمرییدا،دەزگای ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٢،ل١٥٦

٢- پەیوەندی نێون (مەم و تاژدین) و (ستی و زین)، کە وەکو دووشەهلەوەند ناویان لە دێرەکەدا هاتووە، لەگەڵ چیرۆکی (خدری رەهی هیدایەت) دەشێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکرێت:

١-مەم ــــ(زین) کە دەلالەتی خۆشەویستی نەمرە

خدرــــ (کانی ئاوی ژیان) کە بە هۆیەوە نەمری بەدەست دێنێت.

٢-تاژدین ــ (ستی) دەلالەتی چێژی ژیانە، کاتیە.

ئەسکەندەرــــ (زێڕ)، موڵك و ماڵی دونیایی، کاتیە.

لەم دێرانەی خانیدا (خدر) دوو ئەرکی هەیە، یەکەمیان ڕێگای (ستی وزین) بە (تاژدین و مەم) نیشان دەدات، دووەمیان بەخشینی سیفەتی نەمرییە بە (مەم)، کە لە دەقەکەدا باسی نەکراوەو دەشێ (وەرگر) ئەو پەیوەندییە لە نێوان چیرۆکەکان بدۆزێتەوە، چونکە (خدر) کە دەگاتە سەر کانی ئاوی ژیان لە ئاوی ژیان دەخواتەوە و نەمری بەدەست دێنێ، بە هەمان شێوە (مەم)یش، کە دەگاتە سەرکانیی ئاویی خۆشەویستی، (واتا کە دەگاتە دوو شەهلەوەندەکە) لە ئاوی خۆشەویستییەکەی پاکیزەو خوایی، کە ئەزەلییە ونەمرە دەخواتەوە، بۆیە هاوشێوەی خدر ئەویش جۆرێك لە نەمری بەدەست دێنێت، بەڵام (ئەسکەندەر) سەرقاڵی ماڵ و موڵکی دونیایە، کە لە وێنەی (زێڕ) دایە، ئەمەش وای لێدەکات نەمرییەکەی لە دەست بچێت، بە هەمان شێوە (تاژدین) یش سەرقاڵی خۆشەویستییەکەی دونیاییە، کە خۆشەویستی (ستی) ەو بە ئاهەنگی گواستنەوەو کۆتایی پێ دێت، بۆیە خۆشەویستییەکەی کاتییەو فانییە و وەکو تەواوی ماڵ و موڵکی دونیا، کە فانییە و کاتییە.

بە کورتی ئێمە لە ڕێگای پەیوەندییە بەیەکداچووەکانەوە، دەتوانین رەگەزەکانی نێو دەق بە دەرەوەی دەق ببەستین واتا چیرۆکی ناو دەق بە چیرۆکی دەرەوەی دەق گرێ بدەین و لە سیاقێکی گشتیدا جێکەوتەکان لەلای وەرگر روون دەبێتەوە. جێی ئاماژە بۆ کردنە (خدر) لە لای خانی بە شێوەیەکی دیکەش دەردەکەوێ، بەڵام ئەم جارەیان خدر نە مرۆڤە و نە ئاژەڵ و نە بوونەوەر، بەڵکو هەستە و نەبینراوە و بەرجەستە نییە، مەم کە بەرەو باغی میر دەچێ لە خۆڕا ناچێت، بەڵکوو هێزێکی نەبینراو ڕێگای پێ پیشان دەدا:

بو قەلقەلەیەك د قەلبێ غەمگین

ئەصلا نەدەبوو د خانی تەسکین

ناچار ژ خانی ئەو ب دەرکەت

ئەو داعیە خضربوو ب بەرکەت

ئەو خضر چ بوو تەشەووقا دل

ئەو شەوق چ بوو تەعەششوقا دل

قەلبێ وی دگەل وی بوویە باغی

**کێشان وکەشان گیهاندە باغی...ل١٦٠**

**لیرەدا (خدری رێپیشاندەر)، بە شێوەیەکی دیکە جێکەوتەکەی دووبارە بووەوە، بەڵام هونەری (خانی) لە شێوازی مەزراندنی ئەو جێکەوتەیە، چونکە لێرەدا شەوق وعیشق ودڵی بە مرۆڤ کردووە و سیفەتی خدری پێ داون، کە هەموو شتزانەو شارەزای رێگاو جێگاکانە.**

**لە نموونەیەکی دیکەدا (خانی) لە وەسفی گفتوگۆی (زین) لەگەڵ (مۆم) دا دەڵێ:**

**دەم شەمعێ دکر ژ بۆ خوە دەمساز**

**(کای) هەمسەرو هەمنیشین وهەمڕاز**

**هەر چەندی ب صۆتنی وەکی من**

**ئەمما نە ب گۆتنی وەکی من**

**گەر شبهەتێ من تەژی بگۆتا**

**دێ منێ قەوی دل ب خوە نەصۆتا**

**دەردێ من وتە ژ یەك ب فەرقە**

**ئەو فەرقە ژ غەربێ تا ب شەرقە**

**مەشریق توویی و ئاگرێ تە ظاهیر**

**مەغریب ئەز و باطنێ من ئاگر**

**دایم د صۆژت مە رشتەیی جان**

**تە ناصۆژتن ب غەیرێ ئەزمان......ل١٣٦.**

**خانی لەم دێرانەی سەرەوەدا، لە رێگای چەند دووانەیەکی لێك دژەوە، وەك (من و شەمع) و (گوتن و نەگوتن) و(شەرق و غەرب) و (باطن وظاهر) ەوە دوو وێنەی بەیکداچوویی بەرجەستە کردووە، کە وێنەی سووتانی زین و سوووتانی مۆمەو دووری و نزیکی ئەم دوو وێنەیە لە ڕووی واقیعەوە جێکەوت لەلای وەرگر دروست دەکات، بڕوانە دیمەنەکان.**

| **<u>دیمەنی یەکەم</u>** | **<u>دیمەنی دووەم</u>** |
|---|---|
| **زین =مرۆڤ+ ژیان+هەست و سۆز** | **مۆم=تەن+بێگیان+بێ هەست و سۆز** |
| **زبانی هەیە تواناى گوتنی هەیە** | **زبانی نیە توانی گوتنی نیە** |
| **زین = دیمەنی رۆژئاوابوون** | **مۆم= دیمەنی رۆژهەلات** |
| **زین= ئاگرێکی نادیار (باطن)** | **مۆم= ئاگرێکی دیار (ظاهر)** |

**لێرەدا کە (زین) گوتەی خۆی ئاراستەی (مۆم) دەکات، هەندێك سیفەتی مرۆڤایەتی دەگوازێتەوە بۆ (مۆم)، (مۆم) وەکوو (زین) ە لە سووتان و خەم خوردندا، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوەو ئەوەیە، کە (مۆم) جێکەوتی ئەو مرۆڤانە لەلای وەرگر دروست دەکات، کە مرۆڤی ئاسایین، ئەگەرچی قسەش ناکەن، بەڵام خەمەکانیان دیارەو ئاگری ئازارەکانیان هەموو کەس پێی دەزانێ، بۆیە ئەوان بە رواڵەت دەسووتێن، بەڵام ناخیان ئاگراوی نییە، بەڵام (زین) بە پێچەوانەوە مرۆڤێکە دەسووتێ،**

ئەگەرچی توانای گوتنی هەیە، بەڵام ناتوانیٚ لەگەڵ کەس باسی ڕازەکانی خۆی بکات، لەگەڵ (مۆم) نەبێت و خەمەکانی وەکوئاگر لەناخیدایە و دەیسوتێنیٚ، بەڵام بە ڕواڵەت تاریکستانە، واتا رۆژی روونـاکی خۆشەویسـتی بـووەو بـە ئـاگر و لـە مـەغریبی نـاخی زینـدا شـاردراوەتەوە، هـۆی شاردنەوەکەش دەشیٚ ترس بێت، لە قسەو قسەلۆکی کۆمەڵگاو نەریتی کۆمەلایەتی بێت، یاخود دەشیٚ ئاماژە بێت، بۆ قوڵی و پەنهانی رازی خۆشەویستی سۆفییانەی (زین).

# بەشی سێیەم

## کولتوور و کاریگەرییەکانی لە(مەم و زین)دا

### تەوەری یەکەم/ (ئاین وخۆشەویستی)

### أ–کولتوور و ئاین

ئاین یەکێکە لەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە کولتوور وژیارەوە، (مالینۆفیسکی) دەڵی(ئاین توخمێکی ژیاریە و وپێکهینەری هەموو ژیارێکە، وکاردانەوەیەکی سۆزدارییە بەرامبەر بە بەردەوامی پێداویستیە ژیاریەکانی مرۆڤ )[1]، بەڵام لە بنەڕەتدا ئاین بڕوایە و لە ناخ و هزری کەسەکاندا چەسپاوە و ڕێورەسمی ئاینیش ئەو بڕوایە دروستی دەکات، واتا ئاین لەبنەڕەتدا کولتوور نییە، لە لای (ئیدوارد تایلۆر) (ئاین باوەڕهێنانە بە هەبوونی بونەوەری روحی)[2] و لە لای (جیمیس فریزەر)* (ئاین باوەڕهێنانە بە هەبوونی وزەیەکی غەیبی بیٚ ناسنامە یاخود وزەیەکی نامۆ)[3]، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئاین باوەڕە لە هەندێك وێستگەدا لەگەڵ کولتوور تێکەڵ دەبێت، راستە ڕێورەسمە ئاینیەکان لە سۆنگەی بڕوابوونەوە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام دووبارە کردنەوەی ڕێورەسمە ئاینیەکان و گواستنەوەیان لە نێوان نەوەکاندا جۆرێك لە داب و نەریت و کولتوور دروست دەکات، کولتووریش رەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، هەروەها ئاینیش (((رەنگدانەوەی کۆمەڵگایە وەك بۆچوون و هەڵسەکەوتی ئالۆز سەبارەت بە ژیانی رۆژانە))[4]، واتە: کۆمەڵگا ئەو کێڵگەیەیە، کە ئاین و کولتوور بەرجەستە دەکات و ژیانیان پیٚ دەبەخشێت، بۆیە ((کولتوور لە مرۆڤ دەچیٚ، لایەنی روحی و لایەنی مەتریالی هەیە، هەردووك زادەی ئاین و سروشت و دەوروبەر و بیرکردنەوەی تەئویلی مرۆڤن بۆ ئاین و سروشت و ژیان))[5]، لەبەر ئەوە زۆرجار تاکەکانی نێو کۆمەڵگا مامەڵە لەگەڵ ئاینیش وەکوو کولتوور دەکەن و دەشیٚ بڵێین هەر ئاینێك خاوەن کولتووری تایبەتی خۆیەتی، جا ئەم کولتوورە ئاسمانی بێت، واتا لە لایەن خوداوە دانرابێت و مرۆڤەکان پەیڕەوی بکەن و دووبارەی بکەنەوە، یاخوود تێکەڵاو بووبێت لەگەڵ هزر و ئەزموونی مرۆڤەکاندا.

خانی لەبارەی بڕوابوون و ئاینەوە لە عەقیدەنامەکەیدا هەندێك بۆچوونی خۆی وروژاندووە. (لە لای ئەو بڕوا دروستە ئەگەر لەڕێگای لاسایکردنەوەش بێت ئەو دەڵیٚ: مرۆڤی نەزان بیت و نادان و

---

١. مهنا یوسف حداد، الانثربولوجیا الدینیة، دار الیازوري، اردن، ٢٠١٠، ٢٤٨

٢. فضیلة لکبیر، دور الاسطورة الدینیة في بناء النظام الاجتماعي، رسالة ماجستیر، کلیة العلوم الاجتماعیة، قسم علم الاجتماع، جامعة باتنة، جزائیر، ،ص٤٠.

* ((سێر جەیمس جۆرج فریزەر – James George Frazer)) (١٨٥١ – ١٩٤١) یەکێکە لە زانا کلاسیکیەکان و مرۆڤناسە بەریتانیەکان بە پەرتووکی (شارستانێتی سەرەتایی) کاریگەر بووە کە (تایلەر) ساڵی (١٨٧١) بڵاوی کردۆتەوە، گرنگترین پەرتووکی فریزەریش بریتیە لە (چلیٚ ئاڵتونی Golden Bough) کە ساڵی ١٩٠٠ بڵاوی کردۆتەوە. بڕوانە: د.ئیحسان محمد الحسن، ئنسکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، ل ١٧٦.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠.

٤. پیتەر کلوس، ئەنترپۆلۆژی کلتوری، و. خلیل محمد شلماشی، چ١، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٧٥.

٥. سەلام ناوخۆش، زەردەشتیەتی نویٚ لە نێوان کولتور و ئاین و نەتەوەدا، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، ل٣.

سست....دەبیتن ب تەقلیدی ئیمان دروست. واتا مەرج نییە مرۆڤ زانا بێت و خاوەن روانین بێت تاکوو بڕوابهێنێت، بەڵکوو دەشێ مرۆڤەکان لە رێگای لاسایکردنەوە بڕوایان لە لا دروست بێت)[١]، ئەم ڕایەی خانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێك جار (ئاین) وەکوو کولتوور لە ئەنجامی لاسایکردنەوەوە وەردەگیرێ، روونتر بڵێین کولتوور و ئاین پەیوەندی دووقۆڵی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەیە لە نێوانیاندا، کولتوور زادەی تەئویل کردنی ئاینە، ئاینیش لە رێگای ئامێری کولتوورەوە دە پارێزرێ و دەگوازرێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ئاین و کولتووری ئیسلامی لە ئێستادا باڵادەسترین میتۆدە، کە کوردەکان پەیڕەوی دەکەن و باوەڕیان پێی هێناوە، بەڵام ڕەگوریشەی ئاینەکۆنەکانی ناوچەکەش بەتەواوەتی لەناو نەچووە و بە زیندووی ماوەتەوە و پەیڕەوکەرانیان هەیە، لەوانە ئاینی (زەردەشتی و ئێزیدی و مەسیحی و جوولەکە و ...هتد). هەر یەکێك لەم ئاین و ئاینزایانە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، بەڵام زۆرجاریش لەنێو ئاشی کۆمەڵگای کوردیدا دەهاڕدرێن وسنوری وردە کولتووری ئاینەکان تێکەڵاو دەبێت و لە (گشت – کل)ێکی کولتووریی گەورەدا کۆدەبنەوە.

(ئەحمەدی خانی) درکی بە جیاوازی مەزهەبی و ئاینی نێو کۆمەڵگای کوردی  کردووە، بۆیە لە (مەم و زین)دا، ئاوڕی لە بیر و بۆچوون و نەریتە جیاوازەکانی ئاینە باوەکانی کۆمەڵگای کوردی داوەتەوە و لەچەند شوێنێکی داستانەکەدا ئاماژەی بۆ کردوون، بەڵام باوەڕی سەرەکی و کولتووری باڵادەستی نێو (مەم و زین) کولتووری ئیسلامییە بە مەزهەبە جیاوازیەکانیەوە و سۆفیگەریی وکولتووری سۆفیەکانیش بابەتێکی دیکەی ئاشکرایە لە لای (خانی)، کە زۆربەی نوسەران و توێژەرەکان باسیان کردووەو ئاوەڕیان لێداوەتەوە، ئێمە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین جەخت لەسەر هەندێك بابەتی ئاینی لە (مەم و زین)دا بکەینەوە، کە وەکو داب ونەریت و ڕێورەسمی ئاینی دەردەکەون و ئاماژەیان بۆ کراوە و ناچینە نێوباسی وردەکاریەکانی بابەتە ئاینیەکانی وەکوو (باوەڕ بوون و شەریعەت و حاڵ و مەقامی سۆفیانە و ...هتد)، چونکە ئەو بابەتانە لە لایەن چەندین توێژەرەوە پێشتر باسکراوە.

یەکێك لەو بابەتانەی کە کولتووری (ئسلامی) کاریگەری لەسەر هەبووە بابەتی (شیعر) نووسینە، (لەسەردەمی (جاهلیەت)دا پێش ئیسلام شیعر راست و دروستترین زانست بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیسلام چیتر شیعر زانستی راست ودروست نەما و قورئان بوو بە زانستی تەواوو و راست و دروست، پاشان هەر شیعرێك، کە سەرچاوەکەی لەو زانستە راستەوە کە (قورئان)ە بووایە، دەبوو بە شیعری باش و دروست لەوکاتەوە ئیتر زانستی ئیستێتیکا لەگەڵ زانستی رەوشت و ئاکاردا یەکیان گرت)[٢]، خانی لەژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدا، ئیستاتیکای شیعری دەکاتە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێکی ئاکاری باڵا، لەوانە مەسەلەی بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری ئیسلامی و

---

١. نایف میکائیل طاهر، الشاعر الکوردي احمد الخاني و منهجه في العقيدة الاسلامية من خلال منظومته(عقيده نامه)، مجله جامعه نورون، ع١، ٢٠١٣، ص١٤٧.

٢. ادونیس، الثابت والمتحول، الاصول (ج١)، ص٦٥.

**مەسەلەی نەتەوایەتی و کولتووری کوردی و ...هتد. واتا لە لای خانی (شیعر لە پێناوی شیعر)دا نییە، بەڵکو (شیعر) لە پێناوی (ژیان)دایە. (خانی) تەنها لە (مەم و زین)دا شیعر ناخاتە خزمەت ئامانجەکانی دەرەوەی شیعر بەڵکو (لە نەوبەهار)*دا، شیعر خزمەتی زمان دەکات و لە عەقیدە نامەدا شیعر خزمەتی ئاین دەکات، بەڵام لە (مەم و زین) خزمەتی (ئاین و زمان و نەتەوە)ش دەکات.**

**(خانی) لە (مەم و زین)دا ((کەلام** و فەلسەفە تێکەڵ دەکات وایان تێکەڵ دەکات، کە بەرەو تەسەوف بچن))[1] واتا خانی بە شارەزاییەکی زۆرەوە باسی ئاین و فەلسەفە و تەسەوف کردووە و روشنبیری ئیسلامی فرە لایەن لە لای خانیدا بەرجەستە دەبێت. خانی لە رێگای (پەسنی خودا و پەسەنی پێغەمبەر) و چیرۆکی خۆشەویستی (مەم و زین)ەوە کۆمەڵێك بابەتی بنەڕەتی لە ئایندا دەوروژێنیٚ وەك بابەتی قەدەرو چارەنوسی مرۆڤ و بوون و خۆشەویستی حەقیقی و ...هتد و بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە رێبازو مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلام وەرگرتووەو هەندێك جار سوودی لە ئاینەکانی دیکەش وەرگرتووە، واتا کولتووری ئاینی لە مەم و زیندا چەسپاوە و پارێزراوە. لە هەمان کاتدا رادەی پێگەیشتوویی تاکی کورد لە بارەی ئاینەوە تۆمارکراوە، بەمانایەکی دیکە (خانی) پارێزەری ئاینە بەو شێوەیەی کە هەیە و کە خۆی باوەڕی پێی هەیە. ئێمە لەم تەوەرەدا هەندێك لەو ئاماژە ئاینیانەی، کە دەچنە خانەی کولتوور و داب و نەریتی ئاینییەوە لە مەم و زیندا باس دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش دەیکەین بە دووبەشەوە:-**

## A. نەریت وکولتووری ئیسلامی لە (مە وزین)دا:

**١-لە مەم و زیندا خانی زۆر بە وردی لە روانگەی ئاینەوە باسی مەسەلەی (ئیبلیس) ی کردووە و هەر چ بۆچونێك دەربارەی هەڵگەڕانەوەی ئیبلیس هەبێت، ئەو ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە (ئیبلیس)ە و وەکو توخمێکی کولتووری، کە بۆتە ناسنامەی کەسایەتی خراپی نێو کۆمەڵگا، خانی لەباس کردنی کەسایەتی (بەکر) دا ئاماژەی بۆ کولتووری چواندنی کەسی خراپ بە ئیبلیس لەنێو کۆمەڵگادا کردووە، لە وەسفی بەکردا دەڵێت:**

**مەنناع و موذبذە بین و ئیبلیس**
**خەدداع و خەبەربەزین و تەلبیس**
**شاگردیٚ شەئامەتا وی شەیطان**
**شەرمەندە ژ گۆتنا وی بوهتان.....ل١٢٣**

---

* لەلای هەندێك لێکۆڵەرەوە نەوبەهار بە شیعر داناندرێت بەڵکوو بە پەخشانی سەرواداری لەقەڵەم دەدەن.

** زانستی کەلام (علم الکلام) یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ئیسلام، ئەم زانستە بریتیە لە هەوڵدان بۆ  دووپاتکردنەوەی باوەڕە ئاینیەکان لەرێگای بەڵگە هێنانەوە یاخود ئەو زانستەیە کە تایبەتە بە سەلماندنی بنەما ئاینیەکانی ئیسلام لە رێگای بەڵگەی عەقلی راست و دروست کە بتوانیٚ گومانەکانی مرۆڤ بڕەوێنێتەوە و سەلماندنی باروەڕەکانی لە لا دروست ببێت، بنەمای سەرەکی ئەم زانستە گفتوگۆ کردنە دەربارەی بابەتە ئاینیەکان. بروانە: د.عبدالهادي الفضلي، خلاصە علم کلام، ط٢، دار المؤرخ العربی، بیروت، ١٩٩٣، ص٢١-٢٢

١. د. عزالدین مستەفا رسول، خانی شاعیر و ....، ل ٣٥٩.

ئەم دێرانەی سەرەوەی خانی، ئاوێزانی ئاین و کولتووری ئیسلامین و سەرچاوەی ئەو وشانەی، کە بەکاری هێناون قورئانی پیرۆز و کولتووری روشنبیری ئیسلامە. بۆ نموونە، (مەنناع و مذ بذبین) دوو وشەن لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون: ((مناع للخیر معتد اثیم)) (القلم-١٢) و ((مناع للخیر معتد مریب)) (ق-٢٥) و ((مذبذبین بین ذلك لا الی هؤلاء ولا الی هؤلاء و من یضلل الله فلن تجد له سبیلا)) (النساو-١٤٣)، هەردوو سیفەتی (مناع و مذبذبین)* سیفاتی شەیتانین و خانی ئەم سیفاتانەی داوەتە (بکر) واتە (بەکر) رێگری کاری خێرە و پلانگێرە و کەسێکی گومڕایە، هەروەها (خانی) هەردوو (وشەی) (ئیبلیس) و (تەلبیس)ی هێناوە کە دەشێ سەرچاوەکەی لە کولتووری روشنبیری ئیسلامیەوە بێت و ئاماژە بێت بۆ کتێبی (تلبیس ابلیس)ی (ابی الفرج بن الجوزی البغدادی) کە لە ساڵی (٥٩٧ك) کۆچی دوایی کردووە و یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ئیسلام، (تلبیس) یش لە فەرهەنگەکاندا بەمانای (بوختان کردن یا درۆ کردن بەدەم کەسێکەوە یان توڕەکردنی کەسێك) هاتووە، (بەکر) یش بوختان بۆ (مەم و زین) و بۆ (تاژدین) هەڵدەبەستێ و درۆ دەکات و یارمەتی دەرە بۆ توڕەبوونی (میر). واتا خانی لە بونیادی (مەم و زین)دا سوودی لە روشنبیریە ئاینیەکەی خۆی بە باشی وەرگرتووە و بەکاری هێناوە لە خزمەتی دەقەکەدا.

(خانی) لە تەواوی (مەم و زین) دا جیاکارییەك دەکا لە نێوان کەسایەتی (ئیبلیس) کە تووشی هەڵەکردن بووە و سیفاتی (شەیتان) کە دەشێ بەشێکی (جنۆکەو مرۆڤ) بگرێتەوە. لە لێکچواندنی (بەکر)یشدا دوو حاڵەت هەیە:

یەکەمیان: (بەکر)ی مرۆڤ وەکوو (ئیبلیس) تووشی هەڵە دەبێت و سیفەتی خۆپەرستی وئیرەیی رووی لێکچواندنی نێوانیانە. ئیبلیس لەبەر ئەوەی خۆی بە باشتر دەزانێ، ئیرەیی بە ئادەم دەبات، ((قال ما منعك الا تسجد اذا امرتك قال انا خیر منه خلقتني من نار و خلقته من طین)) (الاعراف)-١٢ بەهۆی ئەو ئیرەیی و لەخۆباییبوونەوە (ئیبلیس) رازی نابێت (سوجدە بۆ ئادەم)** ببات،

---

* مناع: واتە رێگر – دژ – نەکردن– بەرهەڵسکاری چاکە، مذبذبین: دوودڵی – ڕاڕا – گومڕا– واقوڕماو –وازوازی.

** لەبارەی سوجدە نەبردنی (ئیبلیس) بۆ (ئادەم) چەندین بیروڕاهەیە، یەکەمیان: قورئانی پیرۆزە کە رەتکردنەوەی سوجدە بردنی ئیبلیس دەگەرێنێتەوە بۆ هۆکاری لەخۆبایی بونی ئیبلیس، چونکە ئاگری پێ باشتر بووە لە قوڕ و (جەلالەددینی رومی) لە (مثنوي)یەکەیدا (ئیبلیس) بە بێ ئەدەب و رەوشت لەقەڵەم دەدا، چونکە بەرهەڵستی فەرمانی خودایی کردووە، لەکاتێکدا ئادەمیش توشی هەڵەبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بەرهەڵستی خودایی نەکردووە، بۆیە ئیبلیس بەر لەعنەتی خودا دەکەوێ و ئادەم نا، دووەمیان: بەڕایی (محیەددین ئیبن عەرەبی) گەورە موتەسەوفی عەرەب، (ئیبلیس) چونکە نەیدەزانی خوا چی لەناخی ئادەم دا داناوە بۆیە پێی وابوو سوجدەبردن بۆ ئادەم سوجدەبردنە بۆ شتێکی کەمتر لە خودا و کەمتر لە خوودی خۆشی، بۆیە رازی نەبوو سوجدە ببا، سێیەمیان: (فرید الدین العطار)ی سۆفی فارسی پێی وایە کە ئیبلیس لەبەرئەوەی تامەزرۆی ئەوە بوو، کە بزانێ خودا چی بە ئادەم دەبەخشێ و ئەو نهێنییە، کە (روح)ە ببینێ، بۆیە کە مەلائیکەتەکان سوجدەیان برد ئەو نەیبرد و راوەستابوو تەماشای دەکرد. چوارەم: (حەلاج)یش دەڵێ (ئیبلیس) باشترین خوا پەرستە لەنێو هەموو بوونەوەرەکانی خودا چونکە رازیی نییە سەر دانوێنێ بۆ غەیری خودا، بروانە: جان دوست، احمد خانی – مەم و زین، ل ١٠٦-١٠٨، خانی کۆی ئەم بیر و بۆچوونانەی زانیوە، بەڵام ئەو هەندێك جار بەهۆی بیروبۆچوونی جەبرییەتیەوە بەرگری لە (ئیبلیس) دەکات، بەڵام بەرگری کردنەکەی (خانی) بەرگری کردنە لە (ئیبلیس) بەر لە هەڵەکردن واتا بەر لە شەیتانبوونی و لە رێگای بەرگریکردن لە (ئیبلیس)ەوە دەیەوێ بەرگری لە تەواوی مرۆڤایەتی بکات.

چونکە خۆی خواپەرستێکی باش بووە و نەیویستووە کەسێکی دیکە لەخۆی بەولاوە لەخوداوە نزیکتر بێت. بۆیە تووشی هەڵە دەبێت و بیٚ ئەمری خودا دەکات و دەکەوێتە بەر لەعنەتی خودا. (بەکر)یش ئیرەیی دەبا، بەڵام ئەم ئیرەیی بە (تاژدین و مەم) دەبا، بەکر لەبنەرەتدا خەڵکی شاری جزیرە نەبووە:

ئەمما ب نەسەب نەمردیٚ بوهتان

بەلکی موتەوەللیدیٚ ژ بوهتان

ئەصلیٚ وی دبێن ژ مەرگەڤەڕ بوو

مەحضا وی بەشەر ب شۆر و شەڕ بوو ....ل١٢٣

(بەکر) لەبەر ئەوەی بە ئەسڵ خەڵکی جزیرە نەبووە و دەرگەوان بووە هەستی بە کەمی کردووە، بۆیە نەیویستووە کەسێکی نزیکتر هەبێت لە (میر) جگە لە خۆی نەبیٚ و ترسی ئەوەی هەبووە، کە (مەم و تاژدین) ببنە هەڕەشە لەسەر ئەو، بۆیە ئەو بەزمە دەنێتەوە و هەموو سیفاتە خراپەکانی دەخاتە کار و لە شێوەی شەیتاندا دەردەکەویٚ.

لەنێو کۆمەلگادا وەکو عورف و نەریتێکی لیٚ هاتووە، هەر مرۆڤێك کە خراپە کارو بەد گوفتار و تەڵەکەبازبێت، بە (شەیتان) دەچوێنریٚ، (ئاین) سیفاتی خراپە دەداتە پاڵ کەسایەتی (ئیبلیس) و (شەیتان بوون) واتا هەڵگری کۆمەڵێك سیفاتی خراپ، لەرێگای ئاینەوە ئەم بابەتە دەبێتە بڕوا لەلای خەڵکی و پاشان دەگوازرێتەوە بۆ ناو ژیانی خەڵك و پەیڕەو دەکرێت و بە پێوەری کۆمەڵگا مرۆڤی خراپ دەبێت هەڵگری ئەم سیفاتە شەیتانیانە بێت.

دووەم: لە لێکچواندنی نێوان (بەکر وئبلیس)دا،(بەکر)لەرەحمەتی خودا بێبەش دەکریٚ (مەلعوون) دەکریٚ، ئەگەر چی (ئیبلیس) و (بەکر) لە دوو توخمی جیان، کە (ئاگر) و (قوڕ) ن، واتە لەبنەڕتدا لەیەك جیاوازن، بەڵام هەندێك جار هەندێك جۆری مرۆڤ ئەم لەعنەتیان دەدرێتە پاڵ:

مەلعونیٚ کودی نەبو چو تەئثیر

ئەو مەسئەلە وەرگەڕاندە تەزویر      ل ١٢٦

بەکر کۆمەڵگا دووری دەخاتەوە و لەعنەتی دەخاتە سەر، چونکە هەڵگری سیفاتی شەیتانییە، وەکو چۆن ئیبلیس بەر لەعنەتی خوای گەورە کەوت، چونکە سیفاتی شەیتانی تێدا دەرکەوت، بەهەمان شێوە (بەکر) یش دەکەوێتە بەر لەعنەتی کۆمەڵگەوە، بەڵام بەپێی کۆتاییەکەی (مەم و زین) بێت خوای گەورە لە (بەکر) خۆش دەبێت و دەیخاتە جەننەتەوە، واتە ڕاستە (بەکر) کەوتە بەر لەعنەتی کۆمەڵگاوە بەڵام لە کۆتایی دا دەکەوێتە بەر رەحمەتی خودا، دەشیٚ لەم بابەتەدا (رەخنە) لە خانی بگیریٚ و بڵێن (خانی) بەم کۆتاییە مرۆڤ هاندەدات، کە خراپەکاربێت چونکە لە کۆتاییدا خوای گەورە هەر لێی خۆش دەبێت! (خانی) ئەم کەم و کوڕییەی لە ژێر چەترێکی فراوانتر و گرنگتردا شاردۆتەوە ئەویش باسکردنی مەسەلەی جەبرییەتەو درك کردنی مرۆڤ بەرەحمەتی بەرفراوانی خوای گەورە، واتا ئەو ئامانجەکەی تەنها شرۆڤەکردنی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکی نێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو ئامانجێکی باڵای هەبووە، کە پەیوەستە بە توانستی

بیرکردنەوە و هزری مرۆڤەوە بۆ لێکدانەوەی بابەت و ئاماژە ئاینیەکان و تەواویی بوون و یاساکانی بوون . واتا لە ڕێگای (بەکر) و خۆشەویستی (مەم و زین) ەوە دەیەوێ بابەتێکی گرنگترمان بۆ روون بکاتەوە ئەویش پەیوەندی (خودا و عەبد) ە .

هەر لە بارەی بەکارهێنانی (ئیبلیس) وەکو یەکەیەکی بونیادی لە دەقی (مەم و زین) دا، خانی تەنها ناوی (ئیبلیس) ی نەهێناوە، بەڵکو لەبری ئیبلیس ناوی (عەزازیل) یشی بەکارهێناوە، خانی دەڵێ:

خەف ژادەمی یان وەکی عەزازیل

مەحضا غەرەضا وی کیذب و تەسویل ل ١٢٥

لەبارەی سەرچاوەی بەکارهێنانی (عەزازیل) لەلایەن خانیەوە مشتومڕێکی زۆر دەکرێ، گوایە خانی وەکوو ((موسلمانەك بەرێ خودایە (عەزازیل) بەڵێ ژلایەکی دیڤە بچاڤێ ئێزدیاتیێ (عەزازیل) هێنایە))[1] ، چونکە خانی ناڵێ ((خەف ژادەمی یان وەکی ئیبلیس، گوت خەف ژادەمی یان وەکی عەزازیل ... ناڤی عەزازیل د قورئانی دا و تەورات و ئینجیلی دا نەهاتیە لێ سەبقێت ئیزدیاندا هاتیە))[2] لەلای ئێزدیەکان ((عەزازیل ئێکە ژوان هەفتا و ئەوییێ شیرە تا خودی تەعالا ژبیر نەکری چاخێ گوتیە وان سیجدێ بۆ ئادەم بن، ئەوی گوتیێ، سجدە بۆ تەبتنێ یاخرە عەزیزی من، ڤیجا خودێ تەعالا کرە سەرۆکی میلکەتا وناڤێ وی ژ هەنگی پێڤە بووە (طاوسی مەلەك))[3] بە پێی ئەم ڕایەی سەرەوبێت، خانی سوودی لە بیرو باوەڕ و بۆچوونی ئاینزاکانی دیکەی وەکوو یەزیدی وەرگرتووە، لەبونیادی وەسف و لێکچواندنەکانی نێو دەقەکەیدا، واتە سوودی لە کولتووری رۆشنبیری و ئاینی ئەوانیش وەرگرتووە، ئەگەرچی (تحسین دۆسکی) ئەم جۆرە بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، ئەو دەڵێ (شرۆڤەکارێ گەورەی ئیسلام (الامام القرطبی) لەسەر زاری (ابن عباس) (ر . ض) دەڵی (ان ابلیس کان حی من احیاء الملائکة یقال لهم: الجن، خلقوا من نار السموم . وخلق الملائکة من نور . وکان اسمه بالسریانیة عزازیل و بالعربیة الحارث و ...) و لەئیسلام دا ئەوە باوە و ئاشکرایە کە (ئیبلیس) و (شەیتان) نازناوی (جن) یەکن کە ناوی (عەزازیل) ەوە (جزیری) یش لەدێڕێکدا ئاماژەی بۆ کردووە ((صنما سر ژ صمد شوقی ژحق دایە و جودێ – گر عەزازیل بدیتا ندبر غیر سجودێ))[4] واتا بەڕای ناوبراو (عەزازیل) سەرچاوەکەی لە رۆشنبیریی ئیسلامیەوەیە نەك باوەڕیی یەزیدی، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی بەکارهێنانی (عەزازیل) لەلایەن خانیەوە (رۆشنبیری ئیسلام یا رۆشنبیری یەزیدی یا کولتووری شیعری پێش خۆیەوە) بووبێت هیچ زیادەڕۆییەکی

---


[1]. حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چ ١، ناڤەندا هاڤیبون، بەرلین، ٢٠٠٢، ل ٦٤

[2]. سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤

[3]. سەرچاوەی پێشوو ل ٦٤

[4]. تحسین ابراهیم دوسکی، ظاهرة التعسف فی تفسیر نصوصنا الادبیة الخانی نموذجا لە سایتی:
http: www.medaratkurd.com?p=5u6

**تێدا نییە، چونکە کەسایەتیەکی زانای وەکو خانی ئاساییە شارەزای بیرو بۆچوونی ئاینزاکانی دیکەش بووبێت و پێویست بووە لەسەری بیزانیٚ، هەروەها گومان لەوەدا نییە، کە خانی جزیری نەخوێندبێتەوە، جا بۆیە هیچ کام لەم ڕایانە هەڵە نییە و ئەمەشە کە پێی دەڵێن (دەقاوێزان) * واتا ئەم دێرەی خانی فرە سەرچاوەیە، ئەم فرە سەرچاوەییە، تەنها لە ڕێگای یەك وشەوە بەدەستی هێناوە کە (عەزازیل)ەو لەبنەڕەتدا دەشیٚ سەرچاوەکەی دەقێکی ئیسلامی، یان یەزیدی، یاخود شیعری بێت، بە مانایەکی دیکە ئەم سەرچاوانە وەکوو هێلی یەکتر بڕ هەرسێك لەیەك خاڵدا یەکتریان بڕیوە و ئەو خاڵەش لەلای (خانی) دا بەرجەستە بووە، بڕوانە ئەم هێلکاریەی خوارەوە:-**




**لە سیستەمی هەڵوەشاندنەوەدا دەڵێن:((ئەو شوێنەی کە فرەیی تیا چڕ دەبێتەوە لە هەر ساتێکی دەقدا ئەوە خوینەرە نەك نووسەر))[1] ، لەم دێرەی سەرەوەی خانیدا، (خانی) تەنها وشەی(عەزازیل)ی بەکارهێناوە، ئەوە خوێنەرە کە هەر جارەو دەلالەتێکی پیٚ دەبەخشیٚ و بەدەقێکی دیکەی دەبەستێتەوە، واتا ئارەزووەکانی خوێنەرە کە پەیوەندی نێوان دەقەکان دروست دەکات.**

**خانی لەوەسفی (بەکر) دا و لە لەوەسفی (شەیتان) دا، زۆر جار پشتی بە بیرو ڕای نێو کۆمەڵگا بەستووە لەلای ئەو (بەکر = شەیتان = عەزازیل = مار) خانی (بەکر) ی بە (مار) چواندووە دەشیٚ سەرچاوەیی لێکچواندنەکە سیفەتی (زیان بەخشی) بێت، (مار) لەرێگای ژەهرەکەیەوە زیان بە مرۆڤ دەگەیەنیٚ و (بەکر)یش لە ڕێگای کردەوەکانیەوە. بەڵام دەشیٚ سەرچاوەی بەکارهێنانی (مار) لە ئەفسانەوەبێت و پەیوەندی بە بیرو بۆچوونی نێو کۆمەڵگاوە هەبێت، یاخود سەرچاوەکەی لە**

---

* (دەقاوێزان) – intertextuality: جولیا کرسیتیڤا رەخنەگر وتیۆرکاری ئەدەبی بولگاری بە رەگەز فەرەنسی بە خاوەنی ئەم چەمکە دادەنرێت، ئەو پێی وایە: دەقی ئەدەبی جۆرێکە لە گوتار کە رووی زانست و ئایدیولوجیا و سیاسەت دەبڕیٚ و پاشان رووبەرویان دەبێتەوە و دەیانکاتەوە و دووبارە دەیانتوێنێتەوە و پاشان بەکاریان دێنێت ... بەواتایەکی دیکە دروستکردنی دەق کرداری دووبارە بەرهەم هێنانەوەیە، چونکە هەر دەقێك لە ئەنجامی کارلێکردنی چەندین دەقی دیکەوە دروست دەبێت، روونتر بڵێین لە چوارچێوەی یەك دەقێکدا کۆمەلێك هێڵی یەکتر بڕ هەیە سەرچاوەی ئەو هێلانە دەقەکانی دیکەیە، کرستیڤا دەڵیٚ: هەموو دەقێك وەکوو پارچەیەکی مۆزاییکە و هەموو دەقێك لەئەنجامی هەڵمژینی دەقێکی دیکەوە یان لادان لەدەقێکی دیکەوە دروست دەبێت، بڕوانە: عزالدین المناصرة، علم التناص المقارن، ط ١، دار مجدلاوی للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠٠٦، ص ١٣٨ – ١٣٩ .

[1]. عبد القادر حمه امین، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە،ل٣٤

ئاینەوە بێت، چونکە لە بیرو باوەڕی خەڵکیدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان (مار) و (شەیتان) هەیە، ئەم پەیوەندی یە سەرچاوەکی زۆر کۆنە و پەیوەندی بە چیرۆکی دەرکردنی (ئادەم و حەوا) لەبەهەشتدا هەیە. کورتەی چیرۆکەکە لەسەر زمانی (وهب بن منبە) * ەوە بریتیە لەوەی کە (شەیتان دەردەکریٚ لە بەهەشت و پاشان دەیەویٚ ئادەم و حوا توشی هەڵە بکات و لەو درەختە بخۆن، کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە، جا بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتە بەر داواکردنی یارمەتی (مار) و لەنێو دەمی (مار) ەوە دەچێتە نێو بەهەشت و ئادەم و حەوا توشی ئەو هەڵەیە دەکات و لەو رۆژەوە (مار) جوانی خۆی لەدەست دەدا و دەست و پێی لیٚ دەسەنرێتەوە وەکو سزایەك و دەبێتە ئەو خشۆکە ناشرینە، چونکە بیٚ ئەمری خوای کردووە و لەگەڵ شەیتان دەستی تێکەڵ کردووە ... هتد)[1] بە هۆی زیانبەخشی ژەهری (مار) و رەگ و ریشاڵی ئەم چیرۆکە لەناو خەڵکیدا (مار) وەکوو دوژمن تەماشادەکرێت و لەپەندی کوردیشدا ئەم بابەتە رەنگی داوەتەوە و لە بادیناندا دەڵێن ((مار دوژمنە چ بچێکە و چ مەزنە))[2] خانیش لەچەند دێرێکی داستانەکەی دا ئاماژەی بۆ ناوی مار کردووە:

خانی لەوەسفی حاکمان دا دەڵیٚ:
حوککام ل جنسیٚ شاه مارن
ئەصحابیٚ سموم و مەهرەدارن
موهران کو ددن بزان کو زەهرە
میهریٚ کو دکن بزان کو قەهرە .
عاقل حەذەریٚ دکن ژ ماران
غافل دبنە موحیب و یاران . ل ١٧٤

هەروەها خانی لەسەر زمانی (زین) ەوە (بەکر) ی چواندووە بە مار:
ئەم صۆر گولین ئەو ژ بۆ مە خارە
ئەم گەنجین و ئەو ژ بۆ مە مارە
گول حیفظ د بن بنووکیٚ خاران
گەنجینە خودان دبن ب ماران. ل ٢٢٦

---

* وهب بن منبە (٣٤ – ١١٠ ك) بەکێکە لە شارەزایانی چیرۆکی ئاینی و مێژوو ناسێکی ئیسلامیە ناوی (ابو عبدالله بن منبة بن كامل اليماني الصنعاني الذماري) یە لە یەمەن ژیاوە و شارەزایی چیرۆکی پێغەمبەران بووە کە پێی دەگوتریٚ (ئیسرائیلیات) و مێژوو نووسێکی ئیسلامی بووە کە بایەخی بە مێژووی فتوحاتی ئیسلامی داوە و کۆمەلێك پەند و قسەی نەستەقی هەیە و ... هتد . بڕوانە: طة جميل احمد، وهب بن منبة و اثره في التدوين التاريخي، مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد ٩٦، ٢١١، ص١ – ٢٠ .

[1]. الكيفية التى وسس بها الشيطان لادم و حواء، لە سایتی: fatwa.islamweb.net .

[2]. حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دور مەم و زینا خانی، ل ٤٢

خانی جارێك (حاكم) ەكان بەهۆی هەڵسوكەوتی خراپەوە دەكات بە دوژمن وەك چۆن مار لەنێو كۆمەڵگادا بەدوژمن دەژمێردرێ و جارێكی دیكەش (بەكر) دەچوێنێ بە (مار) و كرداری پاراستنی گەنجینەیەك دەخاتە ئەستۆی كە (مەم و زینە)، ئەو گەنجینەیەی (بەكر) ی (مار) دەیپارێزێ گەنجینەی خۆشەویستی راستەقینەیە، كە لەنێوان (مەم و زین) دا بەرجەستە بووە . (بەكر) ئەو گەنجینەیە لەسەر زەوی دەپارێزێ و لەبەهەشتدا پاداشتەكەی وەردەگرێتەوە . سەرچاوەی بەكارهێنانی (مار = بەكر) وەكوو پارێزەریی گەنجینە بۆ ئەفسانەو چیرۆكە ئەفسانەییەكانی ناوچەكە دەگەڕێتەوە [*] ، لەزۆر چیرۆكی ئەفسانەیی رۆژهەلایتشدا هاتووە، كە گوایە گەنجینەیەكی گەورەی بەنرخی شاراوە هەبووە و مارێكی مەزن ئەم گەنجینەیەی پاراستووە و كەس بۆیی نەبووە نزیكی بكەوێتەوە و ... هتد، ئەم جۆرە چیرۆكە لەنێو مەتەڵ و چیرۆكی بەرئاگردانی كوردیشدا دووبارە دەبێتەوە (خانی) یش سوود لەم بۆچوونە و بیركردنەوانەی خەڵك وەرگرتووە و بەم شێوەیەش خزمەتی دەقەكەی كردووە و لەهەمان كاتدا خزمەتی كولتووری رۆشنبیری ناوچەكەشی كردووە .

٢-زیكر (ذكر)[**] كردن یەكێكە لە رێوشوێنەكانی خواپەرستی و رێگای خوداناسینە، لەمانا گشتییەكەیدا زیكر كردن بریتیە لە (گوتنەوەی ناوەكانی جەلالەتی خوا و تێڕامان و نوێژ و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و نزاو پارانەوە، هەروەها زیكر كردن یەكێكە لە بنەڕەتەكانی رەوشتی سۆفیەكان و زیكر كردن دەشێ بەئاشكراو یان بە نهێنی ئەنجام بدرێت)[١] خانی ئاماژەی بۆ گرنگی (زیكر) كردن كردووە و دەڵێ:

نینن مە د قەلبی فكر و ذكرەك
ناكن بزەبانێ حەمد و شوكرەك
خانی كو نەهن بقەلبێ ذاكیر
باری بدە وی زەبانێ شاكیر. ل ٢٧

---

* یەكێك لەو چیرۆكانەی، كە باسی پاراستنی گەنجینە لە لایەن (مار) ەوە دەكات، چیرۆكی ئەو گەنجینەیەیە كە لە نێوان شەقی تاشەبەردێكی گەورەدا لە بەرزاییەكانی شاخ و داخەكانی شاریی (تنومە) ی عەرەبستانی سعودیە شاراوەتەوە و یەكێك لەسەركردەكانی (جن) ەكان كە ناوی (بالزین) ە و لەشێوەی مار یاخود حەزیایەكدایە دەیپارێزێ و ئەم مارە كلاوێكی زێرین و پڕدوررو گەوهەر و ومروای لەسەردایە و هەركەسێك كە نزیكی ئەم گەنجینەیە بێتەوە (مار) ەكە فرێدەداتە نێو ئەو شیوەقول و گەورەیەی كە بەتەنیشت شوێنی گەنجینەوەیە و ... هتد، بڕوانە:فهد الریاعی، حكایة الكنز المدفون تحت الصخرة المشقوفة شبكة حضرموت للحوار العربی، لەسایتی:
www.hdrmut.net/vb/showthread.php?t=25173

** گەورە متەسەوفی ئیسلام (ئیبن عەرەبی) لای وایە، كە زیكر كردن لە نوێژ گەورەترە، بڕوانە: د.عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و ...، ل ٤١٩، ئیمامی (ترمذی) یش لە قورئاندا چەند مانایەكی بۆ زیكركردن دەستنیشان كردووە كە بریتین لە: (نوێژ، خوف، ترس، هەواڵ (خبر)، لەبەركردن (حفظ)، رێنمایی (وعظ)، شەرەف، القران، جهاد، ام الكتاب)، بڕوانە:انتصار خلیل حسن علی، الذكر والاذكارعند الصوفیة، واداب الرافدین، العدد ٥٣ ، ٢٠٠٩، ص ٥٢٤ .

[١]. انتصار خلیل حسن علی، الذكر والاذكارعند الصوفیة، مجلة اداب الرافدین،جامعة موصل، العدد ٥٣ ، ٢٠٠٩، ص ٥٢٣ .

هەروەها دەڵێ:

ئەی شوکرێ تە جەوهەرا زەبانێ

وەی ذیکرێ تە صەیقەلا جەنانێ .     ل ٢٨

لەلای خانی (زیکر) کردن وەرزشێکی رووحیی بوە ئامانج لێی پاکبوونەوەی دڵ و دەروون بووە وا دیارە خانی وەکوو متەسەوفەکانی دیکەش لە ژێر کاریگەری ئەم ئایەتەدا (اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ ۖ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ( 45 )) [ سوره العنكبوت: ايه ٤٥ ]، باسی گرنگی(زیکر) کردنی کردووە، هەروەها خانی وەکوو نەریتێکی تایبەت بە متەسەوفەکانیش ئامارژەی بۆ کردووە بۆ نموونە کاتێك کە (مەم) دەخرێتە زیندانەوە و پەیوەندی لە نێوان (مەم) و (زین) نامێنێت (زین) لەتەنهایی دا وەکوو متەسەوفەکان دەست دەکات بە زیکر کردن:

شەب تا ب سەحەر سەحەر حەتا شەب

فاریغ نەدبوو ژ ذکرێ یارەب.     ل ١٨٦

ئەم رەفتارەی (زین) رەفتاری مرۆڤێکە لەرێگای عیرفاندا گوزەر دەکات، (زین) کە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بوو بە مرۆڤێکی وەکوو سۆفی، بێگومان دەبێتە هەڵگر و وەرگری وردە کولتووری توێژی سۆفییەکان، واتا کەسایەتی (زین) لە کەسایەتیەکی نێو بازنەی گشت کە بازنەیی کولتووریی هەموو کۆمەڵگایە گوازرایەوە بۆ نێوە بازنەی (بەش)، کە بازنەیەکی کولتووریی داخراوە و تایبەتە بە موتەسەوفەکانەوە، بەڵام زیکر کردنەکەی (زین) زیکر کردنێکی نهێنی بوو و رەوشتێکی تاکەکەسی بوو تایبەت بوو بە خودی (زین) ەوە، واتا (زین) بەشداری هیچ بازنەی زیکر کردنێکی نەکردبوو وەکوو چۆن لە ئێستادا باوەو سۆفیەکان لە بازنەیەکدا بە سەر لەراندنەوە و بەکۆمەڵ زیکر دەکەن، بە مانایەکی دیکە، (زین) بەبێ هاوکاری تەنها لە ئەنجامی دۆخەکەوە قۆناغەکانی سۆفی بوون دەبڕێ و شێخەکەی زین (مەم) ە و (مەم) یش لە خەڵوەتی زیندان دا دەبێتە شێخێکی تەواو:–

زانی کو نەبوو موراد حاصیل

بێ خەڵوەتێ خاصێ شێخی کامل .     ل ٢١٤

مەبەست لە شێخی تەواو ئەوەیە مرۆڤ دەگاتە پلەیەك (ئەگەر تەمەشا بکات نابینێ، و ئەگەر قسەی لەگەڵ کرا گوێی بیست نابێ تەنها لە خەڵوەتدا دەڕوانێتە خوای گەورە و موناجاتی ئاشکرا و نهێنی تەنها لەگەڵ خوای گەورە دا هەیە)[١] ، (خانی) (مەم) و (زین) دەکات بە سۆفی بەبێ ئەوەی کە ئامارژە بۆ جۆری ئەو تەریقەتە بکات کە ئەم عاشقانە پەیڕەوی دەکەن ئایە (قادریە، نەقشبەندی

[١]. جان دوست، احمد خانی (مەم وزین)، ص٤٢٧

یە، شاذلیە، رفاعیە)؟ واتا (خانی) کە باسی تەسەوف دەکات (تەسەوف) وەکوو چەمکێکی گشتی وەردەگریٚ و ریٚو شویٚنیٚ هەموو تەریقەکان لەنیٚو ئەو چەمکە گشتیەدا دەتویٚتەوە و چیرۆکی سۆفینزمی پیٚ دەنووسیٚتەوە .

٣-خەڵوەت گرتن نەریتێکی دیکەی سۆفیانەیە، کە خانی لەچەند دیٚریٚکدا ئاماژەی بۆ کردووە:-
خانی لەسەرەتایی بەندکردنی (مەم) دا دەڵیٚ:
رونشتی د ویٚڤە عابدانە
زیندان لە وی بوویە چللەخانە . ل ١٨١
هەوەرها:
صۆفی کوگەهیشتە کونجیٚ خەلوەت
شیٚخیٚنی گەها مەقامیٚ وەحدەت. ل ١٨٢
یان دەڵیٚت:
صوفیمە و صەومەعە نشینم
خوەش طالبیٚ نوریٚ رووییٚ زینم . ل ١٨٤
خەڵوەت بە مانای خۆتەنها کردن دیٚت و (دابین کردنی شویٚنیٚکی دیاری کراوە بۆ دەرکەوتنەکان (تجلیات) لە ریٚگای دوورکەوتنەوە و پچڕاندنی پەیوەندیەکانەوە. خەڵوەت گرتن چەند مەرجیٚکی دیاری کراوی هەیە پەیوەستە بە دۆخی خەڵوەتگر و شویٚنی خەڵوەتەکە و دوورەپەریٚزی ئەو شویٚنەوە بەبیٚ ئەوەی کاتیٚکی دیاری کراوی بۆ دەستنیشان کرابیٚت)[1] * ، خەڵوەتەکەی مەم و زین ماوەی ساڵیك دەخایەنیٚت، تا دەکاتە پلەیی (شیٚختی) یا (التشیٚخ) ئەم پلەیە (دۆخیٚکە تیایدا مرۆڤی خەڵوەتگر دەگاتە پلەیەکی بەرزو پیٚشکەوتوو لە تەسەوفدا)[2] ، (خانی) لەریٚگای زیندانی کردنی (مەم) ەوە، ئاماژە بۆ نەریتی خەڵوەتگرتنی سۆفیەکان دەکات و زیندان دەکاتە قوتابخانەیەکی ئاینی کە تیایدا (مەم) دەگاتە لوتکەی ناسینی خوداو خۆشەویستی خوایی .ئەگەر چی لەدیٚڕەکاندا بە چل شەو (مەم)بووەتە سۆڤ بەلاٚم فەنابوونەکەی پاش ساڵیٚك لە خەلوەتگرتنەکە روودەدات.
٤-مرۆڤ کە ریٚگای تەسەوفی گرتەبەر و بڕیاری خەڵوەتگرتنی دا، ئەوا کۆمەڵیٚك ریٚورەسمی دیکەش هەیە کە دەبیٚ ئەنجامی بدات، دوورکەوتنەوە لە تەواویی حەز و ئارەزووە دنیاییەکان

[1] . سعاد الحكيم، المعجم الصوفى، دندرة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١، ص ٤٣٤ .

* یەکیٚك لە مەرجەکانی خەڵوەت گرتن ئەوەیە، کە باشترە کەس نەزانیٚ کە کەسەکە چۆتە خەڵوەتەوە و تایبەتمەندی ئەو شویٚنەی کە خەڵوەتەکار لیٚی دەمیٚنیٚتەوە بریتیە لەوەی، کە باشترە بەرزاییەکەی هیٚندەیی بەژنی خەڵوەتگربیٚت و دریٚژایی شویٚنەکە تەنها بەیشی ئەوە بکات کە مرۆڤ بتوانیٚ تیایدا سوجدە بەریٚت و پانیەکەشی بەشی دانیشتنی خەڵوەتگر بکات و ئەم شویٚنە دەبیٚ بیٚ پەنجەرەبیٚت و دووربیٚ لە رووناکی راستەوخۆ و دەرگایەکی بچووکی باشی هەبیٚت و باشترە کە ئەم شویٚنە لە مالیٚکدابیٚت کە ئاودانی تیادا هەیە بەلاٚم دووریش بیٚت لە دەنگە دەنگی خەڵك و ... هتد . بڕوانە:د . سعاد الحكيم، المعجم الصوفى ١٩٨١، ص ٤٣٤ .

[2] . جان دوست، احمد خانی (مەم وزین)، ص٤٢٧

یەکێك لەو ڕێورەسمانە کە دەبێ سۆفی بیگرێتەبەر، واتا بەشی مانەوەی ژیان نان دەخواو واز لە ئارەزووکانی دیکەی دێنێت، (خانی) لەباس کردنی دۆخی (زین) دا پاش لەزیندانی کردنی (مەم) دا دەڵێ:

هندی وەکو شەربەت و طەعام بوو
گۆیا کو ل وی هەمی حەرام بوو
جانێ نەدکر چو خواب و راحەت
جیسمێ نەددی چو تاب و تاقەت
ئەو ڕەنگە ضەعیف و ژار بوو بوو
گۆیا کو ب جسمێ طایێ مووبوو
ئەو مو گەڕییا ژ زەعفەرانی
تەشبیە ب ڕەنگ و روویێ خانی. ل ١٨٦

لەم دێرانەدا خانی وەکوو مرۆڤناسێك وێنە و ئاکاریی سێ جۆر مرۆڤمان بۆ وێنا دەکات، یەکەمیان وێنەی عاشقێکە کە دوورە لە مەعشوقەکەی، دەردی خۆشەویستی نان و ئاوی لێ حەرام کردووە، دووەمیان وێنەی موتەسەوفێکە کە لە ئەنجامی خەڵوەتگرتن و نان نەخواردنەوە ڕەنگ زەرد بووە و سێیەمیش وێنەی شاعیرێکە کە خودی (خانی) یە و لەپێناوی ئەدەب و زانست دا شەونخوونی کردووە و ڕەنگی زەرد بووە یاخود خودی خانیە کە وەکوو موتەسەوفێك ڕەفتار دەکات یان (خانی) (سۆفی) یە، ئەم سێ کەسێتیە (عاشق و سۆفی و شاعیر) لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە ئەویش ئامانجە رووحیەکەیە کە هەریەك لەم کەسایەتیانە بەتوندی و بەتامەزرۆییەوە بەدوایی ئەو ئامانجەوەن و لەپێناویدا ژیانێکی سەخت دەگوزرێن و تووشی لاوازیی و ڕەنگ زەردیی دەبن .

هەر لەبابەت خۆ دوورگرتن لە حەز و ئارەززەکانی مرۆڤ، سۆفیەکان زۆر جار کە دەگەنە پلەیەکی باڵا لە تەسەوفدا خۆ دوور دەگرن لە پەیوندیی جەستەیی نێوان (نێر و مێ) یاخود بەڕەبەنی دەمێننەوە، واتا ((ژن هێنان و شووکردن بووە بەشێکی لکاو بە ژیانی زۆر لە سۆفیانەوە و زۆریان ڕەبەنی یان پێ باشتر بووە لە ژن هێنان یان شووکردن، لە ژیانی زۆریاندا خۆشەویستیەکی سەرنەکەوتوو هەیە رووی پێ کردوونە خۆشەویستییەکی سۆفی ئاسمانی و دیارتری ئەمانە محییەدینی ئیبن عەرەبی یە، کە لەمەککە حەزی لە کچێك کردوو زۆر لە شیعرەکانی بۆ تەرخان کردوو لەوانە مەلای جزیری شاعیری کورد، کە دەڵێت حەزی لە خوشکی میری بۆتان کردووە ...هتد))[1] خانیش لەرێگای خۆشەویستی بەئەنجام نەگەیشتووی نێوان (مەم و زین) ەوە، ئاماژەی بۆ ئەو جۆرە بیرو ڕایانەی سۆفیەکان کردووە کە ڕەتکردنەوەی پەیوەندی جەستەیی یە:

حاشا کو دڤێ سەرایێ خانی
بێ جەننەتێ عەدەنێ جاویدانی

[1] . عزالدین مستەفا رەسول، احمدی خانی شاعیر و ...، ل ٤١٠

حەیوان صیفەت ئەم بکەین زینایێ
بێهودە دەمەسکەنێ فەنایێ
تەڕ دامەن و سەرنگون و مەردوود
شەرمەندە بچینە پێشی مەعبوود
مەعبوود ژ بۆ مەحوور و غیلمان
تەزیین کرنە د باغێ رِیَضوان. ل ٢٢٠

واتا (سۆفی) ئەم جۆرە پەیوەندییەی سەر دنیا رەتدەکاتەوە لەپێناوی ئەو دنیا، بە پێی ئەو بۆچوونانەش بێت کە لەبارەی ژیانی (خانی) دا لەبەردەستە، گوایە (خانی) خێزانی پێك نەهێناوە و لەبارەی خانی و خۆشەویسیەوەش زانیاری ئەوتۆ لەبەردەست دا نییە، بۆیە پەیوەندی (خانی) لەگەڵ رەگەزی (مێ) دا بە تەواوەتی روون نییە، لە هەندێك شوێنی داستانەکەداو بە تایبەتی کە باسی پەیوەندی نێوان ستی و تاژدین دەکات، وا دەردەکەوێت، کە خانی شارەزایی ئەم جۆرە پەیوەندییە بێت هەیە، بەڵام لەکۆی ئامانجی داستانەکەدا (خانی) ئەو پەیوەندییە رەتدەکاتەوەو دەشێ خودی (خانی) خۆی لەژێرکاریگەی بیرو باوەڕ و کولتووری موتەسەوفەکان دا یاخود بە هۆی سەرقاڵی بە خوێندن و زانستەوە خێزانی پێك نەهێنابێت .

٥-زۆر جار لەوەسف کردندا (خانی) پەنایی بردۆتە بەر وردەکاریی بیر و باوەر و کولتووری ئیسلامی، یەکێك لەو رێورەسمە ئایینیانەی (ئیسلام) بریتیە لە (حەج و عومرە)، (حەج) بنەمایە کە لەبنەماکانی ئیسلام، بەڵام (عومرە) فەرز نییە، رێورەسمێکی ئایینیە هەر موسلمانێك بۆی بکرێت ئەنجامی دەدات، خانی ئاماژەی بۆ ئەم دیاردە ئایینیانە کردووە لەسەر زمانی (مۆم) ەوە بە (تاژدین) دەڵێت:

بەیت و حەجەرو مەقام و حوجرە
سەعی و طەلەب و طەواف و عومرە
باری ژ تەرا کرن موقەددەر
هابونە ژبو تەرا مویەسسەر . ل ١١٧

ئەم ووشانەی، کە لەم دێرە دا خانی بەکاری هێناون سەرچاوەکەی ئاینی ئیسلامە، مەبەست لە (بەیت) ماڵی خودایە و (حجر) بەردی رەشە، (مقام) جێگای (پێغەمبەر ابراهیم)ەو ... (سەعی) راکردن لەنێوان سەفاو مەروا و(طواف) سوڕانەوەیە بە دەوری کەعبەدا و (عومرە) زیارەتی مزگەوتی پیرۆز و سوڕانەوەیە بە دەوری کەعبەدا و ئەم نەریتە لەمانگی حاجیان دا ئەنجام نادرێت، بەڵکوو لەمانگی دیکەدا ئەنجام دەدرێت)[١] ، لە ئێستادا حەج و عومرە لەرێورەسمێکی ئایینیەوە

[١]. جان دوست، احمد خانی (مەم وزین)، ص٤٢٧

بووه به داب و نەریت و زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگا بەدەر لە پێداویستی یە ئایینی و روحیەكە وەكوو چاولێكەری ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەلای (خانی) ئەو بنەمایانە ئاینین ئەگەر چی بۆ وەسف كردنیش بەكاری هاتوون .

٦-بیرو بۆچوونە ئایینیەكان دەبنە هۆی دروست بوونی جۆرێك لە كولتوور، لەلای سۆفییە راستەقینەكان سەردانەنواندن بۆ دەسەلاتی ستەم كارو میرو حاكمان بووە بە نەریت و بنەماكەشی ئایینە و بریتیە لەوەی، كە سۆفی راستەقینە سەردانانوێنێ بۆ غەیری خوای گەورە، (ئیمامی غەزالی) وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد دژی میر و حاكمی ستەمكار بووە و (خانی) یش دژی دەسەڵاتی میر و حاكمی كەم ئەزموون بووە، دژایەتییەكە لەلای (خانی) دوولایەنە، یەكەمیان دنیاییە و دەچێتە خانەی رامیاری و بەرگری كردن لە مافی نەتەوەو ... هتد . دووەمیان پاراستنی ئەو سەربەستییەیە، كە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە و رەتكردنەوەی سەرنواندنە بۆ غەیری خوای گەورە، (مەم) یش تامەزرۆیی دیتنی (میر) یێك نییە، كە دەسەڵاتێكی فانی هەیە و دەڵێ:

ئەزناچمە حەضرەتا چو میران

ئەز نابمە بەندەیێ ئەسیران

ئەڤ میر و وەزیرییا مەجازی

ئەڤ شوعبەدە و خەیالبازی

بیلجوملە بەطال وبێ بەقانە

بێ عاقیبەتن هەمی فەنانە........ل٢١٩

ئەم دێرانەی خانی ڕاستەوخۆ چەند دێرێكی (فەقێی تەیران)مان دێنێتەوە یاد كە دەڵێ:

ئەز ناچم دیوانێ میرا

نابم شالووری كوچك و سەرا

برا من خەن كێرد و خەنجەرا

فەقێ یێ تەیرا تەنگەزارێ دلا

هەروەها دەڵێ:

هەبوونە دەنگ بێژ و شاعیر

ب رووح و دلڤا پر فەقیر

میر و بەگا را سترانە

بێ قیمەت و مەلوول مانە [١]

واتا دەشێ بلێین (شاعیری) كورد هەمیشە سەربەستی و سەرفرازی پێ باشتر بووە لە ژێر دەستەیی و رێزی لە ئازادی دەربڕینەكانی خۆی گرتووە و (ئەحمەدی خانی)یش لە ژێركاریگەری ئەم باوەڕەوە لەپشت پەردەی (مەم)ەوە ناڕەزای خۆی بەرامبەر بە چوونە لای میر دەردەخا،

---

[١]. عزالدین مستەفا رسول، شیعری كوردی (ژیان و بەرهەمی شاعیران: فەقێی تەیران، عەلی بەردەشانی، بەختیار زێوەر)، ب١، چاپخانەی حوادث، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٠-٤١.

ئەگەرچی مەبەستەکانیش جیاوازە لە نێوان (مەم) و (فەقێی تەیران)دا، بەڵام لە (خانی)دا ئەم دوو مەبەستە یەك دەگرێ. (خانی) جارێکیان وەکوو سۆفی نایەوێ بۆ غەیری خودا سەر دانوێنێ و جارێکیان وەکوو (فەقێی تەیران)ی شاعیر نایەوێ بچێتە دیوانی میر و حاکمەکان ئەگەرچی خۆی کاتبی دیوانیش بووە، بەڵام شاعیری میر و دیوان نەبووە و بەدڵی ئەوان شیعری نەگوتووە.

## B. ڕەنگدانەوەی ئاینەکانی دیکە لە (مەم و زین)دا:

گومان لەوادا نییە، کە (ئەحمەدی خانی) موسڵمان بووە و ئاینی ئیسلام کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر نووسینەکانی هەبووە، بەڵام لەهەمان کاتدا روشنبیری خانی و هەندێك لەو چەمکانەی لەنێو داستانەکەدا بەکارهاتووە ڕێگەمان پێ دەدات، کە بڵێین خانی شارەزای ئایینەکانی دیکەش بووە و سوودی لێوەرگرتوون، ئەگەرچی بە ڕای (تحسین دۆسکی) (زۆرجار لێکۆڵەرەوەکانی(مەم وزین)ی (ئەحمەدی خانی) زیادەرۆیی یان زۆرداری لە لێکدانەوەی داستانەکەدا پەیڕەودەکەن و هەندێك شت دەدەنە پاڵ مانای دێڕەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندی و ویستی خۆیاندا دەگونجێ و دوورە لە واقیعی ڕاستەقینەی دەقەکەوە)[1]. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین خۆمان دوور بگرین لە دیاردەی زیادەرۆیی، یان زۆرکردن لە دەق، بەڵکو تەنها هەندێك ئاماژەی ڕاستەوخۆ کە دەشێ سەرچاوەکەی لە ئاینەکانی دیکەوە بێت لە (مەم وزین)دا باسی دەکەین .

١-ئاینی زەردەشتی یەکێکە لە ئاینە کۆنەکانی رۆژ هەڵات و بە تایبەتی وڵاتی فارس و کوردستان و پێغەمبەری ئەم ئاینە (زەردەشت)ە، کە گوایە سەرەتای پەیدابوونی بۆ ((ساڵی٦٦٠ پێش زاین))* دەگەڕێتەوە، رەگەز و ناسنامەی ئەم پێغەمبەرە لەنێوان فارس و کوردا لەململانێدایە، زۆر جار لێکۆڵەرەوەکان بە کوردی دادەنێن، بۆیە ((ئاینی زەردەشتی تاکوو ساتەوەختی ئێستاش لە کۆنەستی مرۆڤی کوردا ئامادەیەو بوونی هەیە، با لە لایەکی ترەوە هەڵگری پەیامی ئاینی ئیسلام بێت. واتە کورد لەرووی نەستەوە وەکوو ناسنامەی نەتەوەیی و مێژووی کورد لە ئاینی زەردەشتی دەڕوانێت))[2] مەرج نییە لە لای (خانی)یش هەمان روانین هەبێت، بەڵام دەشێ زەردەشتیەت یەکێك بێت لەو سەرچاوە روشنبیرییانەی کە خانی هەندێك جار بۆی گەڕابێتەوە بۆ نموونە:

-کاتێك کە میر لە راو دێتەوەو دەگاتە سەر (مەم وزین) لەنێو کۆشکەکەیدا (تاژدین) پەنا دەباتە بەر ئاگر بۆ رزگارکردنی(مەم وزین)، خانی لە سەر زاری (تاژدین)ەوە دەڵێ:

خەلك ڤە دكوژت ئاگر ب ئاڤێ

ئەز دێ ڤەكوژم ب ئاگر ئاڤێ

---

[1]. تحسين ابراهيم دوسكي، ضاهرة التعسف في تفسير نصوصنا الادبية (الخاني نموذجا)، سەرچاوەی پێشوو.

* زەردەشت یان زرتشتر کوڕە جوتیارێك بووە لە رەگ و رەچەڵەکی ئارییایی هاتۆتە کایەوە لەسەرەتای تەمەنیدا بە دلۆڤانی و نەرم و نیانی ناسراوە لە بیستساڵیدا خێزانەکەی بەجێ دەهێڵێ و بەدوای نهێنیە رۆحیەکاندا دەگەڕێ حەوت ساڵ لە ئەشکەوتێکدا ژیان دەباتە سەر و خاوەن کتێبی ئاڤێستایە و سەردەمی زەردەشتیش لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بۆ ٦٠٠ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوەبروانە: عبدللە مبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، و. وریا قانع، چ٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٤-٥٤.

[2]. عەتا قەرەداغی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، ل١٣.

**مالا خوه ژ ڕەنگی قەومیٚ زەردەشت**
**دا ئاگر و گازیا خوه را هەشت.....ل١٧٠**

**بێگومان لە لای زەردەشتیەکان ئاگر پیرۆز بووە و خانی بەمە دەزانیٚ، بۆیە سوود لەم باوەڕە وەردەگرێت بۆ ئەوەی خزمەتی بونیادی گێرانەوەکەی پیٚ بکات و ئاشکرا دەڵیٚ ماڵی خۆی ئاگر تێبەردا وەکوو قەومی زەردەشت، دەشیٚ سەرچاوەی وێنەی ئاگربەردان لە ماڵ (ئاتەشگە دەکان) ی زەردەشتیەکان بێت، کە بریتیبوو لە ((خانوویەکی جوان و شکۆدار بە کۆڵەکەی بەردینی یەك پارچەیی، بە ئەستووری و بەرزی سەرسورهێنەر، لەسەریان چەندین وێنەی عەجایب و غەریبی گیاندارانی وەك و ئەسپی لەسەر کێشرابوو....لەناو ئاتەشگە دەکان دا شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ ئاگر کردنەوە و...هتد))[1] واتا دەشیٚ بلێین (تاژدین) ماڵەکەی خۆی کردە ئاتەشگەدە و ئەگەرچی لە لای موسڵماندا ئاگر ترسناکە و دەشیٚ بتسوتێنیٚ، بەڵام لەم دێرەدا ئاگر ڕەهەندی پیرۆزی زەردەشتییەکانی وەرگرتووە، چونکە بووە هۆی کوژاندنەوەی کێشەیەکی گەورەتر کە ئاشکرا نەبوونی (مەم و زین).**

**جگە لەم نموونەیەی سەرەوە، نموونەی دیکە هەیە، کە لێکۆڵەرەوەکان بە ڕەنگدانەوەی زەردەشتیەتی لەقەڵەم دەدەن وەکوو هەبوونی هێزی چاکە و خراپە لە (مەم و زین)دا، کە لە (ئەهریمەن و ئەهرومەزدا)یی زەردەشتی نزیك دەکەنەوە، یاخود باسکردنی هەر چوار ڕەگەزە سەرەکیەکەی ژیان (خاك و ئاو و ئاگر و با) کە لە مەم و زیندا باسکراوە و لە لای زەردەشتیەکانیش پیرۆزەو...هتد.[*] بەڵام هێزی چاکە و خراپە و گرنگی چوار ڕەگەزە سەرەتاییەکەی ژیان لەنێو ئاینەکانی دیکەش دا بوونی هەیە بۆیە دەشیٚ سەرچاوەی بەکارهێنانی لە لای خانی تەنها ئاینی زەردەشتی نەبێت.**

**٢-کولتووری ئاینی یەزیدیش سەرچاوەیەکی دیکەیە، کە دەشیٚ (خانی) لە مەم وزیندا سوودی لیٚ وەرگرتبیٚ، ئاینی یەزیدی (یەکێکە لە ئایەنە کۆنەکانی ناوچەکە، بە پێی هەندێك بیر و رابێت سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان و یەکێکە لەو ئاینانەی، کە پابەندی سروشتە و (ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و روناکی و ئاگر) و هەرچی پەیوەندی بە رووناکییەوە هەیە لە لایان پیرۆزە، چونکە دەرەکەوتەی پیرۆزن، زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان وای بۆ دەچن، کە بنەماکانی ئەم ئاینە لە ئاینی زەردەشتیەوە سەرچاوەی گرتبیٚ، بەڵام یەزیدی بۆخۆی ئاینێکی سەربەخۆیە، بەڵام هەندێك ئێزیدیەکان بە لایەنگرانی (یەزیدی کوری مەعاویە) دادەنێن و ...هتد)[2] ئەم ئاینە وەکوو هەموو ئاینەکانی دیکە خاوەنی باوەڕ و ڕەوشت و داب و نەریتی خۆیەتی، لە لای (خانی)یش چەند ئاماژەیەکی ناراستەوخۆ بۆ ئەم کولتووری یەزیدیە هەیە بۆ نموونە: برای ئاخیرەت یەکێکە**

---

[1] . عبدللە مبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، ل ١٢٠-١٢١٤.

* بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە سەر، فهمی شوکری، نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانیدا، ل ١٥٣-١٥٧،

[2] . عمار القربی، الدیانه الیزیدیه، ٢٠٠٧/٦/٢٥ لە سایتی www.mohr-s.org

**لەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە ئاینی یەزیدی و زەردەشتیەوە و دەشێ برایەتی نێوان (مەم و تاژدین) لە نەریتی برای ئاخیرەتی یەزیدیەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ، لە لای یەزیدیەکان برای ئاخیرەت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە[1]:**

**١-برای ئاخرەتێ، ئانکو برایێ رۆژا قیامەتێ.**

**٢-برای ئاخرەتی لنگ ئێزیدیان، ئەوەیێ کو مرۆڤ ب دلێ خۆ ژ خۆ را دە هەلبژێرێت. ل دویف دستوورێ ئێزدیان.**

**٣-هەر ئێزدیەك د بێت برای ئاخرەت هەبێت.**

**٤-ئارمانج ژ برایێ ئاخرەتێ ئەوە، کو روژا قیامەتێ هاریکار پیاوی بکەن.**

**٥-ناڤێ برایێ ئاخرەتی ب پیرۆزی د سبقێت ئێزدیان دا هەیە.**

**خانی لەبارەی پەیوەندی نێوان (مەم و تاژدین)ەوە دەڵێ:**

**ئەمما وی ژ جوملە خاص و عامان**

**ژەو چەندە برا و باب و مامان**

**لاوەك کربو برا ژ بۆ خوە**

**نێ ئەز غەلەطم چرا ژ بۆ خوە**

**روژا کو ئەو برا نەدیتا**

**دنیا ل وی تێك دبویە طاري ...ل ٦٦**

**هەوەها دەڵێ:**

**مەم ژی ل وی عاشقەك تەمام بوو**

**نە شبهێ برا و باب و مام بوو**

**هەرچەند برایێ (ئاخیرەت) بوون**

**تە دگۆ کو دنێ و ئاخیرەت بوون....ل٦٦**

**لە لای خانی برایەتی نێوان (مەم و تاژدین) تەنها سوودی بۆ ئاخرەت نەبوو، بەڵکوو برایەتییەکەیان بریتی بوو لە وەفاداری لە ژیاندا و چەندین نموونەی ئەم وەفادارییەی باس کردووە، بۆ نموونە کاتێك کە تاژدین ژن دێنێت، (مەم) حەوت رۆژ ئێشکگری بۆ دەکات و کە (مەم) لە زیندان دەبێت (تاژدین) دەیەوێت شۆرش بەرپا بکات بۆ رزگارکردنی، یان کە ماڵەکەی خۆی دەسووتێنێ لە پێناوی رزگارکردنی (مەم) و ...هتد.**

**نەریتێکی دیکەی یەزیدیەکان، ماچ کردنی دەرازینکی دەرگای ماڵە (عتبە الباب)* چونکە ماچ کردنی دەرازینکی دەرگا بە کارێکی پیرۆز لەقەڵەم دەدەن، لە لای (خانی)یش لەسەر زمانی (مەم)ەوە ئاستانەی ماڵی (زین) بە پیرۆز لەقەڵەم دەدا و (مەم) بە (با) دەڵێ:**

---

[1] . حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دور مەم و زینا خانی، ل٦٧.

* هەتا ئەڤرۆکە ژی دەما ئێزدی دچنە تەوافا مەرقەدێ شێخا دی، پێلاڤێت خۆ دێخن و دەرزینکێ ماچی دکن، پاشی د سەرا دەرباز دبن. نەك هەر دەرازینکا مەرقەدێ شێخا دی یا پیرۆزە، بەلکوو هەموو دەرازینکێت خاسێت ئێزدیان د پیرۆزن، بروانە: حجی جعفر،

**جارەك هەرە سوددەتو سسەعادەت**
**گاڤەك هەرە سیدرەتو ننیهایەت**
**ئەووەل تو ببووسە ئاستانێ**
**پاشێ هەرە پێشێ دلستانێ....ل١٤٣**
**هەروەها دەڵێ:**
**ئەی بادێ صەبا بە حەقی مەعبوود**
**گاڤا وەكو تێی ژ پێشی مەقصوود**
**زینهار هنەك ژ خاكێ دەرگاه**
**بینە ژ مڕا دگەل خوە هەمراه**
**تۆزا كو ژ رەنگێ توتیایە**
**بینە ب خۆڕا كو كیمیایە....ل١٤٥**

**دەشێ سەرچاوەی پیرۆزی دەرازینگی دەرگا لە لای (خانی) لە هەمان پیرۆزی دەرازینگی دەرگای یەزیدیەكانەوە بێت، بەڵام دەشێ پیرۆزی خاكی بەر دەرگای یار لەوەوە هاتبێت كە یار بەسەر ئەو خۆڵە دا تێپەر بووە و پیرۆزی خاكی بەرپێیی (یار)یش لە لای شاعیرانی كلاسیك لە وێنە شیعرییەكاندا ئاماژەی بۆ كراوە، مەلای جزیری دەڵێ:**
**بی گمان خاكا ریا وێ توتیا او دانەیە**
**گر و چهڤێن كور ڤە اینن، خوش دبن پی دیدەیە**[1]
**لە تەواوی داستانی (مەم و زین) چەندین ئامارژە دیكە هەیە، كە دەشێ بە كولتوور و بیر و باوەڕی یەزیدیەوە بلكێندرێت، وەك بابەتی (رۆژ و ئاگر و رووناكی و ئیبلیس و دوعاچی و ...هتد). جا دەشێ خانی ئەم بابەتانەی كە باس كران راستەوخۆ لە ئاینی یەزیدیەوە وەریگرتبێت یاخود ئەم بابەتانە وەكو نەریت و كولتوور لە كۆمەڵگاوە وەریگرتبێت و پاشماوەی كولتووری پێشینانە كە لە گەڵ تێپەر بوونی رۆژگارەكاندا تواوەتەوە و ڕەگ و ریشەكەی بەجێ ماوە.**
**٣-هەندێك بیر و باوەری دیكە لە لای خانی هەیە، كە دەشێ بە بیروباوەرەكانی نێو (تەورات و ئینجیل) ببەسترێتەوە، بەڵام ئەو بابەتانەی، كە خانی ئامارژەی بۆ كردووە یان سوودی لێ بینیوە لە قورئان و لە نێو كولتووری ئیسلامیشدا بوونی هەیە، چونكە (تەورات و ئینجیل) كتێبی ئاسمانین و چیرۆكی موسا و عیساپێغەمبەر لە نێو قورئانیشدا باسكراوە و لەبەرئەوەی، كە ئامارژەكانی (خانی) لەم بابەتەدا زیاتر پەیوەستی بیر و باوەڕ و مێژووە نەك داب و نەریت، بۆیە لێرەدا بە پێویستی نازانین نموونەی بۆ بهێنینەوە.**

---

**چەند ڤەكولین ل دور مەم و زینان خانی، ل ٧٣. ئەم كولتووری ماچكردنی دەرازینكی دەرگا لە لای هیندوس و بوذیەكاننیش هەیە و پیرۆزە.**
[1] **. هەژار دیوانی مەلای جزیری، ل٤٢٤.**

## ب–خۆشەویستی و کولتوور لە مەم و زین دا:

یەکێك لەو بابەتانەی کەلەلای تاکی مرۆڤ و لە نێو کۆمەڵگادا باوە، بابەتی خۆشەویستییە، خۆشەویستی یا عاشق بوون* وەکو بابەتێکی مرۆڤایەتی خاوەن تایبەتمەندی و نەریت و کولتووری خۆیەتی و بەپێی جۆری خۆشەویستی سیستەمە کۆمەڵاتییە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. مرۆڤ بە بێ خۆشەویستی ناژێت و عەشق داینەمۆی ژیانە و هەستی خۆشەویستی ئەو هەستەیە، کە خودا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە تاکوو پێکەوە ژیان و پەیوەندیەکان دروست بێت، جا مرۆڤ سەرپشکە لەوەی ئەو هەستە لە چ بوارێکدا بە چ ئاراستەیەکدا دەخاتەکار، (خانی) درکی بە گرنگی خۆشەویستی کردووە، بۆیە خۆشەویستی دەکاتە بناغە و دەروازە بۆ دەربڕینی هەموو رازەکانی خۆی و دەیەوێ مرۆڤی کورد فێری خۆشەویستی بکات، لەبەر ئەوە لەپاساو هێنانەوەی بۆ نوسینەوی مەم و زین دەڵێ:

هەم ئەهلێ نەظە ر نەبێن کو کورمانج

عیشقێ نەکرن ژ بۆ خوە ئامانج... ل٤٦

واتە هەموو میلەتێکی پێگەیشتووی خاوەن ئەزموون خاڵی نییە لە چیرۆکی خۆشەویستی، بۆیە کوردیش هاوشێوەی میللەتان چیرۆکی خۆشەویستیان هەیە، بەڵام کامە خۆشەویستی و چ جۆرە خۆشەویستییەك؟ خانی لە (مەم و زین) دا سەرەڕای ئەوەی، کە هەستی خۆشەویستی بۆ نەتەوە و نیشتیمان بە ئاشکرا لە بۆچونەکانیدا دەردەکەوێت، باسی دوو جۆر خۆشەویستیمان بۆ دەکات** خۆشەویستی نێوان (ستی و تاژدین)، کە خۆشەویستییەکەی مەجازییە و خۆشەویستی نێوان (مەم و زین) کە دەگۆڕێ لەمەجازییەوە بۆ حەقیقی، خانی ((هەردوو جۆرەکەی خۆشەویستی بەیەك دەزانێت، شەقڵی یەکێتیبوونی داوە بە هەردووکیان و لای وایە ئینسان هەرچییەك بێت، ناتوانێت لە عیشق و لە یەکێك لە جۆرەکانی دوور بکەوێتەوە))[1] بەڵام ئەوەی عەشقەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ((یەکەمیان (عەشقی دنیایی) لەناو دەچێت و دووەمیان (عەشقی نەمری گیانی) دەمێنێ و نەمرە))[2] ، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا (خانی) بۆ باسی هەردوو جۆری

---

* (عەشق) ئەو هەستەیە کە وا لە دڵدار دەکات گوێبیستی هیچ شتێك نەبێت تەنیا وتەی خۆشەویستیەکەی نەبێت، هیچ شتێك نەبینێت تەنها دیمەنی ئەونەبێت، هیچ قسەیەك ناکات تەنها ناوهێنانی ئەو نەبێت دڵی دڵدار دادەخا و کەسی تیادا نامێنێت تەنها خۆشەویستەکەی نەبێت و تەنها خەیاڵێ ئەو دەکات، بە پێچەوانەوەی ئەم دۆخانەی سەرەوە عەشق نییە، بڕوانە: ادونيس، الصوفيه والسورياليه، دار الساقى، بيروت، ٢٠٠٦، ص٩٦

** لەلای (ئیبن عەرەبی) سێ جۆر خۆشەویستی جیاکراوەتەوە: یەکەمیان، خۆشەویستی خوای، خۆشەویستی خودایە بۆ عەبد و عەبد بۆ خودا، دووەمیان: خۆشەویستی روحی هەوڵدانە بۆ رازیکردنی خۆشەویست (دڵخواز) بەشێوەیەك کە دڵدار هیچ مەبەست و ئیرادەیەکی بەرامبەر دڵخوازەکەی نەمێنێت، سێیەمیان: خۆشەویستی سروشتییە کە بریتییە لەو خۆشەویستییەی کە داوای دەستەبەرکردنی هەموو ئامانج و مەبەستەکانی خۆشەویستی ئاسایی دەکات جا ئەگەر ئەو داوا کردانە دڵخوازەکەی دڵی خۆش بکات یا نا.... هتد، بڕوانە: د. سعاد الحكيم، المعجم الصوفى، ص٣٠٤

[1]. عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و...، ل٤٢٩

[2]. سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٧

خۆشەویستیەکە دەکات؟ لە چیرۆکە فۆلکلۆریەکەی (مەم و زین)دا تەنها باسی خۆشەویستی نێوان (مەم و زین) کراوە و (ستی و تاژدین) ژن و مێردن بە بیٚ ئەوەی ئاماژە بۆ خۆشەویستی نێوانیان بکرێت، بێگومان ئەم کردارەی خانی بیٚ ئامانج نییە و دەکریٚ لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەم دوو جۆرە خۆشەویستیە هەندێك ئامانج دەستەبەربکەین بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی نێوان خۆشەویستەکان جیادەکەینەوە:

أ- خۆشەویستی نێوان مەم و زین:

خانی لە ڕێگای، خۆشەویستی نێوان (مەم و زین)ەوە، دەیەوێت باسی خۆشەویستی خوایی بکات، (خۆشەویستی خوایی بریتییە لە خۆشەویستی خودا بۆ ئێمەی مرۆۋ و ئێمە بۆ خودا)[1] ، هەربۆیە خانی دەڵیٚ:

لاکین وی غەرض ژ گوفتوگۆیە
مەقصوود ژهندە جوست و جۆیە
ظاهیر کرنا جەمالیٚ عیشقە
ثابیت کرنا کەمالی عیشقە
عیشق ئایینەییٚ خودا نومایە
خورشید صفیەت خودان ضیایە....ل٢٤٢

هەروەها دەڵیٚ:
وەڵلا ژ سفیدی یو سیاهی
وی قەصد و غەرض تویی ئیلاهی....ل٢٥٧

واتا خانی وەکوو زانا موسڵمانەکان بڕوای بەوە هەبووە کە گەیشتن بەخۆشەویستی حەقیقی لەڕێگایی عیشقی مەجازییەوە دەستی پێکردووە و مەبەستی خانی لە باسکردنی چیرۆکی (مەم و زین)دا پیشاندانی ڕێگای تەسەوف و گەیشتنە بە حەقیقەتی خۆشەویستی خودا، ئێمە لێرەدا باسی قۆناغەکانی سۆفی بوونی (مەم و زین) ناکەین، بەڵکوو لە ڕێگای چیرۆکی ئەم خۆشەویستیەوە لەسەر هەندێك خاڵ ڕادەوەستین کە پەیوەستە بە کولتوور و بۆ چوونەکانی کۆمەڵگاوە:

١.یەکەم ژوانی نێوان مەم و زین و ستی و تاژدین لە جەژنی نەورۆزدا دەبێت، (مەم) خۆیی دەمامك داوەو لە شێوەی ئافرەتێکدا دەردەکەویٚ، (زین)یش لە شێوەی کورێکی جاحێڵدا، یەکەم تیشکی خۆشەویستی کە دەکەوێتە نێوان دڵی ئەم دوو زاتەوە لەم ژوانەدا دەبێت، ئەم یەکەم هەنگاوە لە خۆشیەویستیدا پێی دەڵێن (الهوی- ئارەزوو یاخود حەزلێکردن)، حەزلێکردن بریتیە لە (یەکەم

[1]. سعاد الحکیم، المعجم الصوفي، ص٣٠٤.

دەرکەوتنی تیشکی خۆشەویستی لە نێو دڵی دڵداردا[1] یەکەم هەنگاوی خۆشەویستیە کە لەنێوان کچ  کوڕێکدا دروست دەبێت، هەرچەندە لێرەدا ئەم تیشکە لە نێوان کوڕ و کوڕێك یان لە نێوان کچ و کچێکدا دروست بووە، بەڵام ((عەشق کەرنەڤاڵی موناجاتە، بەرامبەر بە جوانی ئافرەتێك کە هەموو دەزانین بە چی کۆتایی دێت بەو (مودە) یەی، کە لە فەرهەنگی زماندا دوا ترۆپکی خۆشەوستی و عەشق بازییە))[2] بۆ ئافرەتێکیش موناجاتی رەگەزی بەرامبەرە، بەم پێیە بێت ئەو تیشکەی لە نێوان ئەو دوو کچە یان ئەو دوو کوڕەی لە ئاهەنگی نەورۆزدا پەیدا بوو چ جۆرە خۆشەویستیەکە؟ لە سەردەمی عەباسیەکاندا شاعیری ناسراوی عەرەب (حەسەنی کوڕی هانی ئەبونواس) (٧٦٢ز–٨١٤ن) یەکێك بووە لەو شاعیرانەی کە (پێدا هەڵگوتن و شیعری خۆشەویستی بۆ رەگەزی نێر گوتووە و ئەم بابەتە بووەتە نەریتێکی شیعری لەو سەردەمەدا کە نە لەسەردەمی جاهلی و نەلەسەردەمی ئیسلامیشدا بوونی نەبووە، بەڵام ئەبو نەواس پەیڕەوی دەکات و سیفات و وەسفەکانی ئافرەت بەکار دەهێنیٚ لە وەسفی پیاودا) [3] واتا خۆشەویستی هاورەگەزیی لەسەردەمی عەباسیەکاندا  لە نێوەندی شاعیرەکاندا بابەتێکی باو بووە، لێرەدا مرۆڤ هزری بۆ ئەوە دەچیٚ ئایە (خانی) ویستویەتی ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتەبکات؟ یان ئایە ئەم حاڵەتە لەسەردەمی (خانی)دا و لە نێو کولتووری کوردەواریدا بوونی هەبووە؟ ئێمە ناتوانین بڵێین هەبووە، یان نا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین (خانی) ئەم جۆرە کولتوورە رەتدەکاتەوە و بە شتێکی نامۆ و نا مەنتیقی لە قەڵەم دەدات و لە لایەن کۆمەڵگاوەش بە هەموو جۆرێك نەخوازراوە، ئەم ڕایەی خۆی و کۆمەڵگاشمان لە رێگایی (دایەن)ەکەی (ستی و زین)ەوە بۆ دەگوازێتەوە، (دایەن) پاش ئەوەی گوێبیستی چیرۆکەکەی ستی و زین زین دەبێت کە چۆن دوو کچی وەکوو پەری (مەم و تاژدین)یان لە ئاهەنگی نەورۆزدا بینیوە و کەوتونەتە داوی خۆشەویستیانەوە، سەری سوڕ دەمێنیٚ و دەڵیٚ:

داین حەیری ژ ما جەرایە
گۆ ئەی رح و قالبێد دایە
هون چوونە تەفەڕوجا روالان
فاریغ ژ تەعەششوقا غەزالان
شکلیٚ کو وە دیتی بیٚ مەئالە
مەیلا وە بقسمیٚ ژن بەطاڵە
مەیلا بە شەری بەشەر دڤێتن
ئەمما وە کەچان پەسەر دڤێتن...٨٦

[1]. ادونیس، الصوفیه والسوریالیه، دار الساقی، بیروت، ٢٠٠٦،ص١٠٢.
[2]. ئازاد عبدالواحێد، رەخنەی ئەدەبی، ، یەکێتی نووسەرانی کورد–لقی کەرکووك،کەرکووك،٢٠١٣. ل ١٢٦.
[3]. ملکیه فریحی، ابو نواس والتغزل بالذکر، مجله عود الند الشهریة، العدد ٨٧–سبتمبر، ٢٠١٣، لة سایتي www.oudnad.net

هەروەها دەڵێ:
کوڕ ئاینەیێ جەمالێ ذاتن
کە چ مە ظهەرێ پورتەوا صیفاتن
بۆ ذاتێ صیفەت غەرەض میثالە
جەوهەر نەبتن عەرض مەحالە...ل٨٦
خانی لە ڕێگای یەکەم هەنگاوی خۆشەویستی نێوان عاشقەکانەوە بۆچوونی کۆمەڵگای کوردیمان بۆ دەخاتە ڕوو لە هەمبەر خۆشەویستی هاو ڕەگەزییەوە و بە تەواوەتی ڕەتی دەکاتەوە و هەر کردارێکی لەو جۆرە بە بێ عەقڵی لەقەڵەم دەدات، بۆیە لەسەر زمانی (ستی و زین) دەڵێ:
گاڤا کە مە دیتن ئەو پەریزاد
ئەم ژی گەڕییان ژ عەقلێ ئازاد...ل٨٥
واتا ئەو کردارە کە ڕووی داوە لەدەرەوەی دەسەڵاتی عەقڵدا بووە، لەو ساتەدا عەقڵ بڕیاری بەسەر ئەو دڵدارانەدا نەماوە، گوتەیەك هەیە دەڵێ (هەرگیز خۆشەویستی لەگەڵ عەقڵدا بەیەکەوە لە یەك شوێندا کۆنابێتەوە و هەمیشە بڕیاری خۆشەویستی دژی بڕیاری عەقڵە)[1] (ستی و زین) ئەو ڕاستیەیان زانیوە کە عەقڵ و خۆشەویستی لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، بەڵام لە لای خانی و لە زۆر شوێنی داستانەکەدا دەسەڵاتی عەقڵی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆشەویستیدا هاوتا کردووە، یان دەسەڵاتی عەقڵی باڵاتر کردووە، بۆیە دەبینین خۆشەویستی هاوڕەگەزی بە ناعەقڵی لەقەڵەم دەدات و خۆشەویستی نێوان عاشقەکان دەگەڕێنێتەوە باری ئاسای کە خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەزی بەرامبەرە و بۆ یەکتریان ئاشکرا دەکات.
٢.لەچیرۆکی خۆشەویستی (مەم و زین)دا، بابەت ((خۆشەویستی دوولایەنی مەم و زینە، بەڵام لە هەردوو گێڕانەوەی سەرچاوەکان (ئەحمەدی خانی و دەقە فۆلکلۆریەکەی ئۆسکارمان)دا بۆ ئێمە خوازیاری (زین) زەقتر و بەرچاوتر دیارە))[2] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (هیچ کام لە خۆشەویستەکان (مەم و زین) هەوڵیان نەداوە هەنگاوێك بنێن بۆ بەرەوپێش بردنی یان جێ بەجێ کردنی پرۆسەی هاوسەرگیریەکەیان، مەم هاوشێوەی (تاژدین) ناچێتە پێشەوە بۆ خوازبێنی (زین)، هەروەها پیلان بۆ هەڵگرتنی (زین) دانا نێت وەکوو چۆن لە کۆمەڵگای کوردیدا باو بووە(ڕەدوکەوتن))[3]، واتا خانی نەی وەیستووە ئەم دوو خۆشەویستە بە هیچ شێوەیەك بەیەك بگەن، ئەو مەبەستی بووە ئەم خۆشەویستیە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر، کە قۆناغی عەشقی سۆفیانەیە، خانی ئەم عەشقە مەجازیەی نێوان (مەم و زین) دەپارێزێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغی حەقیقی بوون، هەروەها خۆشەویستی نێوان مەم و زین بەر لە سۆڤ بوونیان لە چوارچێوی ئاکار و ئایندا دەهێلێتەوە، گەرچی (مەم و زین) لە ژوانی نێو باخ و کۆشکی (میر) ئەو بوارەیان بۆ ڕەخساوە کە لە

١. ادونیس، الصوفیە والسوریالیە،ص١٠٢.
٢. گوڵاڵە کەمانگەر، مەم و زین، گ .هەنار، ژ ٧٢، یەنایەری -٢٠١٢ ل ٩٥١.
٣. عزیز گەردی، (Romeo and Juliet and Mam and Zin(comparative stuby، 56p.

چوارچێوەی ئاکار لا بدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عەشقی نێوانیان لە لای خوداوە پارێزراوە بۆیە خانی دەڵێ:

هەردەم دکرن قەضا و سوننەت
فەرضا وەکو بوسەنە چ میننەت
هەر چەند کو رەفع بوون تە کەللوف
لاکین ئەفشاندبوون تەصەڕوف
ئەو گەرچی هەبوون ژ هەف بهێڤی
ئەمما نەدچوون قەوی نشێڤی
حوببا د دلان حەدێ دەربوو
سەر حەددێ ظڕافەتان کەمەر بوو
عیشقا کو ژ سەرحەدێ کەمالە
ئاڤا کو ژ مەبنەعێ زەلالە
ئەلبەتتە خودێ بکەت حیراسەت
ناکەت چو قەبولی یا نەجاسەت....ل١٦٤

خانی لەم بەشەدا ((مەم و زینی ئاشق و تینووی یەکتر لە جێیەکی نەرم و چۆڵ دەگەیەنێتە یەك، بەڵام دەربەستی ئاین و ئەخلاق وەك شورەیەك دەبێتە لەمپەر و ناهێڵێ سنوور تێك بشکێ. مەبەستی خانی ئەوەیە زاڵ بوونی لە شەڕ دەگەڵ مەیل و شەهوەتی ئینسانی نیشان بدات))[١] واتا خانی یەکەم جار ئاین و داب و نەریت و ئەقڵ دەکاتە دەسەڵاتدار بەسەر خۆشەویستییەکەی نێوان (مەم و زین) پاشان کولتووری خۆشەویستی حەقیقی، لێرەدا ئەوەی کە جێگای پرسیارە ئەوەیە، کە بۆ (خانی) ئەم خۆشەویستیەی نێوان (مەم و زین)ی بە تەواوەتی نەکردۆتە خۆشەویستیەکی (عذري–پاکیزە) مەبەست لە خۆشەویستی (پاکیزە)ش (ئەو خۆشەویستییەیە کە پاکی دڵ و دەروون و ویژدانی مرۆڤ وێنا دەکات بەرامبەر بە دولبەرەکەی، هەروەها وێنایی ئازارەکانی خۆشەویستی دەکات (ئەو خۆشەویستییەیەی کە بەبێ بەیەك گەیشتنی جەستەیی دروست دەبێت)، دەشێ ئەم جۆرە خۆشەویستییەش رێگە خۆشکەربێت بۆ خۆشەویستی سۆفیانە) [٢] بەڵام خانی لە ژوانێکدا مەم وزین دەگەیەنێتە یەك و تامەزرۆی عاشقەکان بۆ یەکتر وێنا دەکات، بەڵام نایگەیەنێتە رادەی سنوور بەزاندن و لوتکەی تامەزرۆیی، چونکە مەبەستی بووە ئەو تامەزرۆیە تەنها هاندەری خۆشەویستیەکان بێت بۆ رۆچوون لەنێو یەکتردا و رێگا بێت بۆ قۆناغەکانی فەنابوون، یاخود (خانی) ئەم بەیەکگەیشتنە دروست دەکات تاکوو ئازاریی عاشقەکان زیاتر بکات و وەکوو وەرزشێکی رووحی و تاقیکردنەوەیەك بۆ ئیرادەی (مەم و زین) و مرڤایەتی بەکاری

١. ناسری وەحیدی، خوردبونەوە یەك لە تراژیدی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، رامان، ژ ٢٣، ٥ ئایار ١٩٩٨، ل٦.
٢. شوقي ظيف، الحب عفوي عند العرب، دار المصرية اللبنانية، للتوزيع، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٢٣

دێنێت، واتا قەدەر لە ژوانەکەدا تامەزرۆیی و بوار دەدات بە (مەم و زین)، بەڵام (مەم و زین) پاکیزەیی پێ دەبەخشن .

٣- خانی هەر لە ڕێگای خۆشەویستی نێوان (مەم و زین) ەوە ئاماژە بۆ دیاردەیەکی دزێوی نێو کۆمەڵگا دەکات، ئەویش دیاردەیی ناو زڕاندنە، پاش ژوانی (مەم و زین) و ڕزگارکردنیان لەلایەن (تاژدین) ەوە، خەڵکی خراپەکار و بەد گوفتاری نێوکۆمەڵانی خەڵك دەست بە قسەو قسەلۆك و قسە هەڵبەستن دەکەن، خانی دەڵێ:

رازێ د دلێ مەمێ و زینێ
سازێ کو د پەردەیا ئەڤینێ
هندی نە گەیشتبوو زوبانان
نەدبو چو زیان ژ بۆ خودانان
میضرابێ زەبانی خەڵکێ ناساز
بێ پەردە کو بو تەرانە پەرداز
زینیێ نە گونەه مەمی نە سووچەك
ئاگاه کرن بوزورگ و کووچەك
زەنگل ب دەفا گەها ڤە زەنگول
مەفتوولێ ئەنامیلان ژ مەرغوول .....ل ١٧٣

واتا ئەگەر چیرۆکی خۆشەویستی نێوان مەم و زین نەگەیشتبایە سەر زاری خەڵکی ئەو عەشقە هیچ زیانێکی پێ ناگەیشت، بەڵام لەنێو خەڵکدا کەسی زۆر بڵێ و خراپەکار زۆرە، کە ئیرەییان بە مەم و زین بردووە و هەر کەسەو بە ئاوازێك چیرۆکی خۆشەویستی نێوان ئەم دووعاشقەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام کێشەکە لەو کاتەدا دەست پێدەکات کاتێك (بەکر) ی وەکوو ئیبلیس بەم خۆشەویستییە دەزانێ و دەیگەیێنتە (میر) ی برای زین:

حەتتا بەکرێ ژ رەنگێ ئیبلیس
صاحیب غەرەضێ خەبیثی تەلبیس
ئەو ژی ژوی حالێ بوو خەبەردار
رابوو ژ جهێ خوە ئەو غەرەضدار
تەنها خو گەهاندە خەلوەتا میر
ئەلقەیصصە کر ئەو قەضییة تەقدیر
میر هاتە تەهوورا ب غیرەت
بو غەرقیێ بەحرێ فیکر و حیرەت .....ل ١٧٣

(میر) ی برای زین وەکوو هەر تاکێکی کورد غیرەتی قەبوڵ ناکات، ناوی خوشکی ئەو لەسەر زاران بێت و ئەو هیچ هەڵویست و کاردانەوەیەکی نەبێت، بۆیە لە کۆتاییەکەیدا دەبێتە ڕێگر لە خۆشەویستیەکەی نێوان (مەم و زین) و (مەم) دەخاتە زیندانەوە، واتا نەریت و کولتووری کۆمەڵگا باڵادەستترە لە عەقل و بیرکردنەوەی مرۆڤ و زۆر جار لە بری عەقل بڕیار دەدات، خانی سوودی لەم جۆرە بیرکردنەوانەی نێو کۆمەڵگا وەرگرتووە تاکوو زنجیرەی ڕووداوەکانی پێ بونیاد بنێت و لە هەمان کاتدا لایەنی خراپی ئەم نەریتە کۆمەڵایەتیانە نیشان بدات .

ب – خۆشەویستی نێوان (ستی تاژدین):

خۆشەویستی نێوان ستی و تاژدین نموونەی خۆشەویستی دنیاییە و فانیە (خانی) ئەم جۆرە خۆشەویستیە دەکاتە بەهانە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکانی سروشتی مرۆڤایەتی وێنا بکات لە (حەز و ئارەزوو و چێژ و ... هتد)، هەروەها لەڕێگای باسکردنی (ستی و تاژدین) ەوە دەیەوێ نرخێکی باڵاتر بداتە خۆشەویستیەکەی (مەم و زین)، چونکە (مەم و زین) لە بەهەشتدا پاداشتی خۆشەویستیەکەیان وەردەگرن، بەڵام (ستی و تاژدین) خۆشەویستیەکەیان لە ژیاندا ڕەوتی هەموو هاوسەرگیریەکی ئاسایی وەردەگرێ، (خانی) لەڕێگای خۆشەویستی (ستی و تاژدین) ەوە بوارێکی دیکە بۆ خۆی فەراهەم دەکات تاکوو بتوانێ باسی کولتووری خوازبێنی و ئاهەنگ گێرانی چینی ئەرستۆکراتی جزیرەمان بۆ وێنا بکات، هەروەها دەسەڵاتی شیعری و هونەری شیعری خۆیی لەڕێگای ئەم خۆشەویستیەوە لەبابەتێکی تازەدا ئەزموون دەکات، ئەویش بابەتی شیعری پەردە لەسەر لادراوە، واتا خانی لە نەریتی شیعری کوردی ئەوسەردەمە لادەدا و لەباسکردنی شەوی بوکێنی (ستی و تاژدین) دا شێوازی نووسینی پەردە لەسەر لادراو، کە لە ئەدەبدا پێی دەگوترێ شیعری ئیرۆتیکی بەکاردێنێت. شیعری ئیرۆتیکی (Erotic pottery – الشعر المکشوف) ئەو جۆرە شیعرەیە کە (باسی خۆشەویستی سێکسی دەکات و جیاوازە لە شیعری دڵداری و سۆزداری، چونکە جۆری دووەمیان ناچێتە نێو وردەکاری پەیوەندییەکان تەنها لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت، بەڵام شیعری ئیرۆتیکی پێچەوانەی دڵدارییە، کە زیاد بایەخ بە لایەنی فیزیکی دەدات لەکردەی خۆشەویستیدا. بناغەی ئەم جۆرە شیعرە ئەدبیات و ڕۆشنبیری (هندی و عەرەبی یە))[1]، خانی لەڕێگای ئەم شێوازە شیعریەوە و بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك ڕەمز و وەسف باسی پەیوەندیی جەستەیی نێوان (ستی و تاژدین) دەکات. بێگومان خانی (دەتوانی بەسەر ئەم شەوە دا بازبدات و باسی نەکات تەنها باسی خوازبێنی و ئاهەنگ گێڕانەکە بکات، بەڵام ئەو لە میانی گێڕانەوەکەدا ئەو باسەشی فەرامۆش نەکردووە و دەشێ هۆکاری فەرامۆش نەکردنی ئەم بابەتە لەلایەن خانیەوە بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە، یەکەمیان خانی خۆی پیاوێکی ئاینی بووە و ئەم بابەتە لەکتێبە شەرعیەکاندا باس کراوە و ئەویش ویستویەتی مرۆڤی کوردی ئەو سەردەمە لەو لایەنەوە ڕۆشنبیر بکات، دووەمیان ئەوەیە کە خانی خێزان دار نەبووە و ئەم بابەت وەکوو قەرەبوو

[1]– J . A Cuddon، Dictionary of literary terms and literary theory، penguin books، London،?، p284

کردنەوەیەکی دەروونی باس دەکات)[٢] . بەهەرحاڵ خانی لەرێگای خۆشەویستی (ستی و تاژدین) ەوە وێنەیەکی ئەتنۆگرافی کۆمەڵگای کوردەواریی لەبابەتی ژن خوازیی و ئاهەنگ گیرانەوەمان بۆ دەگوازێتەوە وەکوو دەروونناسێکیش هەوڵی داوە بارودۆخی دەروونی و جەستەیی عاشقەکان بەبەکارهێنانی شێوازیی شیعری ئیرۆتیکی وێنا بکات و رادەیی رۆشنبیری (تاژدین) لەم کردارەدا وێنا دەکات و قۆناغ قۆناغ دەربڕینە شیعرییەکانی خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا دەگونجێنیٚ بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ ئەم جۆرە شێوازە شیعرە بگەرێوە بۆ بەشی (بوك و زاڤا) لەگێڕانەوەکەی (مەم و زین) دا. شایەنی ئاماژە بۆکردنە ئەم کولتوورە لەشیعر نووسین لە پاش خانی لەلای چەندین شاعیری دیکەی کورد رەنگی داوەتەوە بۆ نموونە (نالی) لەچامەکەی (مەستوورە) ئەم شێوازە شیعریەیی بەکارهێناوە .

٢ – جان دوست، احمد خانی (مەم و زین)، ص ٥٣ .

## تەوەری دووەم/ئەفسانەو کەسێتی وبونیادی (مەم و زین):

### ا-(لادان لە کولتووری ئەفسانە و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەقی فۆلکلۆری):

فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی بە پیت و تۆمارێکی گرنگی بەرهەم و بەسەرهاتەکانی میللەتە، لە لای (ئەحمەدی خانی) یش فۆلکلۆر ماددەیەکی خامە، کە دەشێ پشتی پێ ببەسترێت و داهێنانی نوێی پێ بونیاد بنرێت و ئێمەی خوێنەر ((پێویستە گەڕانەوە بۆ دواوە بە کەم نەزانین و بەبێ بەها سەیری نەکەین چونکە تامەزرۆیی و سۆزە بۆ ئەوەی سەرەتایەکی نوێمان دەستکەوێت))[1]، (خانی) دەگەڕێتەوە بۆ دواوەو لەسەر بنەمای بەرهەمێکی فۆلکلۆریدا داهێنانێکی نوێ تومار دەکات، واتە: (شاعیر ناسنامەی خۆی بەرجەستە دەکات و دووبارە کولتوورەکەی بەرهەم دێنێتەوە لەرێگای داهێنانی نووسینەکەیەوە)[2]. ڕاستە ئێمە نازانین (خانی) پشتی بە کام دەقی فۆلکلۆری (مەم و زین، یان مەمی ئالان) بەستوە، بەلاّم لەوە دڵنیان، کە چیرۆکەکەی لە بەیت بێژێك، یان حیکایەت خوانێکەوە بیستووە:

نەققاشی صەحیفەیێ حیکایەت<br>
نەققادێ سەبیکەیێ ریوایەت<br>
کێشاب ڤێ طه رحێ رەسم و ئاین<br>
لێ دا ب ڤی طه رزی ضه رب و تەزین   ل ٥٦

خانی چیرۆکی (مەم و زین) لەسەر (بونیادی داستانە فۆلکلۆرییەکەی (مەمی ئالان)دادەنێت، کە گوایە چیرۆکێکی واقیعی بووە، بەلاّم خانی روحی سەردەمەکەی خۆی بەبەردا دەکات و لە قالبێکی نوێدا بەرجەستەی دەکات)[3]. چیرۆکی (مەم و زین) بە پێی گوتەی ((د.محمد سعید رەمزان البوتی) بێت: ئەڤ چیرۆکە یا چێ بووی ل سالاّ ١٣٩٣ز و ئەڤ سالە دەکەڤێتە بەرامبەر سالاّ ٧٩٦ ل وی دەمی میر ئێزدینێ کوڕی میر ئاڤدەلێ ئیکێ فەرمانداری ل جزیرێ دکر))[4] گوایە (( ئەڤ میر ئێزدینە....هزر بۆ هندێ دچیت کو برایێ زینی یە ))[5] ئەوەی بە لای ئیمەوە گرنگە راستی و ناڕاستی خودی چیرۆکی (مەم وزین) نیە، بەڵکو ئەو پەیامەیە، کە لە پشت دەقەکەوەیە.

(مەم و زین) لە دەقە فۆلکلۆرییەکەدا و لە لای ( خانی)یش واقیع نییە، خوێنەر کە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقانەدا دەکات دەکەوێتە بەرامبەر دوو بەرهەم، یەکەمیان بەرهەمێکە زادەی کۆی خەیاڵی میللەتە، ئەویش (دەقە فۆلکلۆرییەکەی مەم و زین)ە و دووەمیان بە هەمان شێوە زادەی خەیاڵە، بەلاّم خەیاڵی تاکە کەسێك، کە (خانی) یە و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆی خەیاڵی میللەتی لە ئەستۆ گرتووە.

---

[1]. امام عبدالفتاح، میژووی فەلسەفە (هیگل)، ل ١٤٧

[2]. ادونیس، کلام البدایات،دار الادب، بیروت،؟،ص١٥٥

[3] . عزالدین مستەفا رسول، الواقعیة في الادب الکردي، المکتبە العصریە، بیروت،؟،ص٦٢.

[4]. تحسین ابراهیم دوسکی، مەم و زین کەنگی ژیابوون، ڤیستڤالا خانی (٢٠-٢٣ حزیران - ١٩٩٥)، چاپخانەی هاوار، ١٩٩٦، ل٢٥.

[5]. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

ئێمە لەم باسەدا، هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو گۆڕانكارییەی كە لەدەقەكەی (خانی)دا هەیە بە بەراورد لەگەڵ (مەم و زین)ە فۆلكلۆرییەكەدا، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە دەقی گێڕانەوەی (مەم وزین)ی نێو (توحفەی موزەفەریە) دەبەستین، كە گوایە (ئۆسكارمان) لەسەر زاری (ڕەحمان بەكری شایەر)ەوە تۆماری كردووە.

دەقی (مەم و زین)ی فۆلكلۆری دوچاری گۆڕانكارییەكی زۆر بووەتەوە، شتی بۆ زیادو كەم كراوە و هەندێك بیروبۆچوونی تێكەڵ بووە، كە دەقەكە لە ئەفسانەوە نزیك دەكاتەوە. (ئەفسانە – Mythos)*ش ڕەنگدانەوەی بیركردنەوە سەرەتاییەكانی مرۆڤە، كە پەیوەستە بە بڕوا و ڕوانینەكانی مرۆڤەوە بۆ جیهان و دەوروبەر، زۆرجار (ئەفسانە تێكەڵ دەبێت لەگەڵ جۆرەكانی دیكەی گێڕانەوەدا وەكو حیكایەتی میللی و حیكایەتی خوراڤ و قارەمانێتی و ...هتد. حیكایەتی میللی پاشماوەی ئەفسانەیە و زۆربەی تایبەتمەندییەكانی ئەفسانە لەخۆ دەگرێ، چیرۆكی (خوراڤ و قارەمانێتی)یش بە هەمان شێوە بۆماوەی ئەفسانەكان)[1]ە، حیكایەتی (مەم و زین، یان مەمی ئالان)یش حیكایەتێكی میللیە و بەشێكە لە فۆلكلۆری كوردی و كۆمەڵێك بیروبۆچوونی ئەفسانەیی تێكەڵ بووە، زۆرجار لێكۆڵەرەكان چیرۆكی مەم و زین، یان مەمی ئالان دەچوێنن و بەراوردی دەكەن لەگەڵ چیرۆكی میللی و ئەفسانەكانی ناوچەكانی دەوروبەر بۆ نموونە: دەڵێن (دەستپێكی چیرۆكی مەمی ئالان لە حیكایەتێكی نێو هەزار و یەك شەوە دەچێت، كە بریتیە لە چیرۆكی پاشا قەمەروزەمانی كوڕی شەهرەمان)[2]، یاخود (مەمی ئالان بەراورد دەكەن لەگەڵ چیرۆكێكی گریكی، كە مێژوونووسی گریكی (شاریس متیلی) نووسیویەتی و پەیوەستە بە منداڵەكانی (ئەدۆنیس و ئەفرۆدیت)ەوە)[3]، یان بەراورد لەنێوان مەم و زین و ئەفسانەی (ئینانا و دیمۆزی) دەكەن و ...هتد، بەڵام خانی ئەم دەقە فۆلكلۆرییە بە هەموو ڕەگەكانیەوە وەردەگرێت و ئەكادیمیانە لە قالبی داستانە شیعردا** ژیانی پێ دەبەخشێتەوە.

---

* (Mythos) ئەفسانە لە وشەی گریكی (Muthos) ەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای چیرۆك و حیكایات دێت، فەیلەسوفی گریكی (ئەفلاتوون)، یەكەم كەس بوو كە (Muthologia) ی بەكارهێناوە، بە مەبەستی هونەری گێڕانەوەی چیرۆك و بەتایبەتی ئەو چیرۆكانەی، كە ئەمڕۆ ئێمە پێی دەڵێین ئەفسانە، هەروەها زۆرجار وشەی (Legend) یش بۆ ئەفسانە بەكاردێت، بەڵام (Legend) لە ڕاستیدا چیرۆكی یەكێكە لە پیاوە ئاینییەكان، هەروەها بە مانای ئەو چیرۆكانە دێت، كە لە نێوان واقیع و ئەفسانە دان بڕوانە: د نضال صالح، النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ل ١٤ . و تيري ايغلتون، نظرية الادب، ت ثائر ديب، المدى، دمشق، ٢٠٠٦، ص ١٥٠.

[1]. نضال صالح، النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة، ص ١٥.

٢. احمد عمر، ملحمة مةم و زين الكردية، الحياة ٢٥/٤/٢٠٠٦ لة سايتي: httpi//www.yek-dem.com/adab%20we%20fan=1-12-5-2006htm

٣. فيصل علوش، (مم الان) بين الملحمة القومية والحكاية الاسطورية، لة سايتي:http://www.aleftoday.infolartick-php?id=250

** داستان (Epic) یان (Epopeia) لە (Epos–ئیپۆس)ی یۆنانیەوە هاتووە كە مانای گۆرانی، چیرۆك... دەدات. داستان بریتیە لە چیرۆكێكی شیعری درێژ كە باسی پاڵەوانیەتی نەتەوایەتی دەكات و ڕووداوەكانی لەڕاستی و خەیاڵەوە ئاوێتەن.... بەگشتی دوو جۆر داستان هەیە داستانی سەرەتایی یا زارەكی و داستانی ئەدەبی یا نوسراو.. بڕوانە: ئەرستۆ، هونەری شیعر، و.عزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١١٢

**یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی رووداوی داستانیش ئەوەیە، كە ((رووداوێكە تاڕادەیك ئامادەیە و شاعیر لە گواستنەوەی رووداوەكەدا بۆ ناو داستان رەنگە ئاستەنگێكی زۆر نەبینێ، بەڵام ئەو زمان و شێوازەی بۆ گواستنەوە كە بەكاری دێنێ، كارەكە قورس دەكات))[1]، خانی رووداوێكی ئامادە دێنێت و هونەرمەندانە دەیگوازێتەوە نێو داستانەكەی و گەوهەری پێ دەبەخشێ، وەكو دانەری ((داستانی شیعری (ئیپیك) جەخت لەسەر ناكۆكی ژیانی كەس و لایەنە كۆمەڵایەتیەكان دەكات و بەهەموو وزە و توانای دەربڕینی هونەری خۆی دەیەوێ كەسایەتی و جەوهەری راستەقینەكەیان دەست نیشان بكات))[2] خانی بۆ ئەوەی بتوانێت مەبەست و پەیامە راستەقینەكانی خۆی لەرێگای مەم و زینەوە بپێكێت، پێویستی بە لادان بووە لە كولتووری ئەفسانە، (لادان لەئەفسانە چەمكێكە رەخنەی ئەفسانەیی (النقد الاسطوري)* دروستی كردووە و ئاماژەیە بۆ ئەو لادانەی كە شاعیر و ئەدیب لەدەقی رەسەنی ئەفسانەكەدا ئەنجامی دەدەن لە پێناوی گونجاندنی بابەتە ئەفسانەیەكە لەگەڵ هزر و روانینی نوێی خۆیاندا و ئەگەر كۆمەڵگای ئەمڕۆ وەكو كۆمەڵگاكانی دوێنی بوایە ئەوە دەسكاری بوونیادی ئەفسانەكان كارێكی پێویست نەدەبوو)[3] دەسكاریكردنی خانی بۆ بیروبۆچوونە ئەفسانەییەكان و هەندێك لە رووداوەكانی نێو دەقە فۆلكلۆرییەكەی (مەم و زین) لە پێناوی رێكوپێككردنی بەرهەمەكەو گونجاندنی لەگەڵ سەردەم و بەرزكردنەوەی پێگەی داستانی كوردی بووە لەنێو داستانەكانی جیهان دا، بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە فانتازیای خۆی وەرگرتووە. فەنتازیا (Phantasia) (چەمكێكە ئاماژە بۆ ئەو توانستە زەیینی و دەروونیەی ناوخۆی مرۆڤ دەكا، كەوا لەمرۆڤ دەكا بتوانێ وێنای هەندێك دیمەن بكات بە بێ هەبوونی سەرچاوەی مادی و واقیعی ئەو دیمەنانە)[4] خانی ماددەی خامی چیرۆكەكە، كە گێرانەوەی حیكایەتخوانەكەیە موتربە دەكات لەگەڵ خەیاڵدا تاكوو ئامانجێكی نوێی لێ دەستەبەر بكات.**

**(خانی) لەسەرەتای داستانەكەوە، وەكو نەریتێكی نووسینی سەردەمەكەی خۆی بە ناوی خودا دەست پێدەكات و خانی ستایشی خودا و پێغەمبەر و كێشە هزری و نەتەوەییەكان لە دیباجەی (مەم و زین)دا چڕدەكاتەوە، پاشان دەست بە گێرانەوەی دەكات، خانی بە پێچەوانەی دەقە فۆلكلۆرییەكەوە بە باسكردنی (میر زەیندین و خوشكەكانی) دەست پێدەكات، بەڵام لە دەقە**

---

١. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی ،بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی ورۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەكانی بەختیار علی،ماستەر، زانكۆیی سەلاحەددین،كۆلیژی زمان،بەشی كوردی،٢٠٠٧.ل٣٤

٢. پیتر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، و. ئەنوەر قادر محمد، كوردۆلۆجی، سلێمانی،٢٠١٠،ل٤٨.

* رەخنەی ئەفسانەیی جۆری رەخنەیەكە پشت بە ئەنترۆپۆلۆژیایی رۆشنبیری دەبەستێت، كارڵ یونگ بە دامەزرێنەری ئەم جۆرە رەخنەیەدادەنرێت، (رینیە ویلیك) دانی بەم جۆرە رەخنەیە داناوە، بەڵام دانەرانی كتێبی (النظرية الادبية الحديثة – تیۆری نوێی ئەدەب) باسی ئەم جۆرە رەخنەیە ناكەن و جێگایان بۆ نەكردۆتەوە بڕوانە: حنا عبود، النظرية الادبية الحديثة و النقد الاسطوري، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، ص٤٢.

٣. حنا عبود، النظرية الادبية الحديثة و النقد الاسطوري، ص١٥٢.

٤. دسعيد جبار، التخيل وبناء الانساق الدلالية نحو مقاربة تداولية، دار رؤية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٣،ص٥٣

فۆلكلۆرییەكەیدا ((ڕیشەی ئوستووره هەر لەسەرتای بەیتەكەوه بە ئاواتی برایم پاشای یەمەن[*] خۆ دەنوێنێ ))[1] و باسی لەدایكبوونی ئەفسووناوی (مەم)ی كوری پاشا و (بەنگین)ی كوڕی وەزیر دەكات، كە لەدایكبوونێكی نائاساییە و لە سێوی بەهشتەوه پەیدابوون، لە لای (خانی) (مەم) بوونێكی ئاساییە و هیچ ئاماژه بۆ لەدایكبوونەكەی نەكراوه و (مەم) ڕۆڵەیەكی كوردە و كوڕی كاتبی دیوانە و لە چینێكی مام ناوەندە و (تاژدین)ی كوڕی (ئەسكەندەر)ی وەزیرە و هەر دوو هاوڕێ بوونێكی واقعین و لە ئەنجامی لەدایكبوونێكی ئاسایی هاتوونەتە دونیاوه و دوورن لە بیرو بۆچوونە ئەفسانەییەكان:

تاجدین وەلەدێ وەزیرێ دیوان

مەم ژی خەلەفێ دەبیرێ دیوان...ل٦٦

واتا: (تاجدین) پلەو پایەی كۆمەڵایەتی لە مەم بەرزتر بووه (مەم) كوڕی پاشا نییە وەك چۆن لە دەقە فۆلكلۆرییەكەدا هاتووه، بەڵكو (مەم) سەر بە چینی برژوایە نەك ئەرستۆكرات و خانی كەسایەتییەكی جیاواز لە كەسایەتییە فۆلكلۆرییەكە بۆ (مەم) دروست دەكات و ئەم دەسكاری و لادانەی لەبەر چەند هۆكارێك بووه:

١. ڕووداوەكانی (مەم و زین) لە لای (خانی) لەنێو كەش و هەوایەكی كوردیدا بەرێوەدەچێ، بۆیە (برایم پاشای یەمەن) لە لای خانی ڕەش كراوەتەوه و (مەم) كراوه بە ڕۆڵەیەكی كورد كە سەر بەچینی برژوایە نەك ئەرستۆكرات، چونكە چینی (پاشا و بەگزاده)كان زۆر خۆشەویست نەبوونە، بەم شێوەیەش كەسێتی (مەم) كەسێتییەكی كاریگەری دەبێت و سۆزی وەرگری كورد بە لای خۆیدا ڕادەكێشێ، هەروەها لە كۆتایی دەقە فۆلكلۆرییەكەدا پاش مردنی (مەم) پاشای یەمەن هێرش دەكاتە سەر ولاتی (جزیره) و وێرانی دەكا، بەڵام خانی دەیەوێ دەوڵەت و كیانی كوردی دروست بكات، بۆیە هەر لەسەرەتاوه بە نەهێشتنی كەسایەتییەكی دەرەكی، كە (پاشای یەمەن)ە، ڕێگە نادات هیچ كەسێك هێرش بكاتە سەر ولاتی (جزیره)، خانی نایەوێ وڵاتێكی كوردی بەدەستی بێگانە وێران بكرێت، بەڵكو ئەو لە هەوڵی بونیادی وڵاتە نەك لەناوچوونی.

٢.خانی (تاژدین)ی هاوڕێی (مەم) دەكاتە كوڕه وەزیر و دەیگەیەنێتە مەبەستەكەی خۆی كە (ستی) خوشكی (میر)ە، بەڵام ((مەم كوڕه نووسەره و ناتوانێ ببێتە هاوشانی بنەماڵەی (زین) كە خوشكی میر و دەسەڵاتداری بۆتانە، ئەم جیاوازییە دەبێتە تەگەرەی ئەوین و ئاواتی مەمی هەژار لێی دەچێتە كێوی قاف، ئەگینا ئەویش دەبوو وەك تاژدین كوڕه وەزیر، بەسووك و سانایی گەیبا بە گراوەكەی))[2] خانی مەبەستی بووه دوو جۆر خۆشەویستی پیشان بدات، بەڵام كە (مەم) ناگەیەنێت بە خۆشەویستەكەی و (مەم و تاژدین) لەڕووی پلە و پایە كۆمەڵایەتیەوه جیاواز دەكات، دەیەوێ

* لەهەندێك دەقدا (مەم) خەڵكی (مەغریب)ە، ئەو (مغریب)ەش هەندێك بە ڕۆژ ئاوا و هەندێك بە وڵاتی (مغریب)ی عەرەبی دادەنێن.

١. هادی حەبیبی، ئەستووره لە خوێندنەوەی بەیتی (مەم و زین)دا، گ. ڕامان، ژ ١٨٣، ٢٠١٢/٨/٥، ل٧٧.

٢. ناسری وەحیدی، خوردبوونەوەیەك لە تراژیدی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، گ. ڕامان ژ ٢٣، ٥ ئایار ١٩٩٨، ل٦.

**تیشك بخاتە سەر جیاوازی چینایەتی نێو كۆمەڵگا و ئەو جێكەوتانەی، كە ئەو جیاوازیە چینایەتیە دروستی دەكات.**

**٣.خانی كە (مەم) بە كوڕی نووسەر دادەنێت یارمەتی كەسایەتی (مەم) دەدات، كە روشنبیر و زانا بێت، شایەنی ئاماژە بۆ كردنە كە (خانی) خۆی نووسەری دیوان بووە و كاتێك كە (مەم) دەكات بە كوڕی نووسەری دیوانی میر، بە ئاسانی رێگە بۆ خۆی فەراهەم دەكات و خۆی دەخزێنێتە نێو كەسایەتی (مەم)ەوە و ئەم لێك نزیكییەی نێوان (خانی) و مەم لە زۆر شوێنی داستانەكەدا هەستی پێ دەكرێت و بەتایبەتی كاتێك كە (مەم) بەرەو تەسەوف هەنگاو دەنێت.**

**٤.لە دەقە فۆلكلۆریەكەدا كەسایەتی (مەم) وەكو كەسایەتی كوڕی (پاشا) وێنا كراوە، كە تارادەیەكی زۆر بە نازداری پەروەردەكراوە و هەندێك جار خۆپەرستانە رەفتار دەكات و بێ وەفا دەردەكەوێ، بەتایبەتی كاتێك كە (میر) (زین)ی دەداتێ و ئەو رەتیدەكاتەوە یان كاتێك، كە دەستبەرداری نۆكەرە بە وەفاكەی (بەنگین) دەبێت و رازی دەبێت بیبەخشێتە میر، بەڵام (مەم) لە لای خانی لەم بۆتەیەدا نییە، بەڵكو مەم كەسایەتییەكی بێ خەوشە و لە هەموو لایەكەوە هەست بە كامڵ بوونی دەكرێت، ئەگەر خانی ئەم كەسێتیەی (مەم)ی بەم جۆرە دروست نەكردایە نەیدەتوانی لەكۆتاییدا بیگەیەنێتە حەقیقەت و بەرزترین پلەكانی تەسەوف پێ ببەخشێت.**

**هەر لە چوارچێوەی ئەو گۆرانكارییانەی، كە (خانی) لە دەقە فۆلكلۆرییەكەدا ئەنجامی داوە، چۆنیەتی ژوانی نێوان (مەم) و (زین)ە، لە دەقە فۆلكلۆریەكەدا ژوانەكە لەڕێگای سێ فریشتەوە ئەنجام دەدرێت، كە لەكاتی نوستن دا (زین) هەڵدەگرن و دەیبەنە سەر جێگای (مەم) و بەراوردی نێوانی جوانی (مەم و زین) دەكەن و پاشان بەخەبەریان دێنن و گوستیلە و دەسە سڕەكانیان ئاڵوگۆڕ دەكەن...هتد، بەڵام خانی یەكەم ژوانی نێوان (مەم و زین) و (ستی و تاژدین) لە ئاهەنگێكی نەتەوایەتیدا، كە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزە، سازدەكات. بەم شێوەیەش ڕێگا بۆ باسكردنی داب و نەریت و كولتووری جەژنی كوردان فەراهەم دەكات، واتە خانی لە ژوانە ئەفسانییەكە دوور دەكەوێتەوە، بەڵام ئەوەی لە لای خانی تەم و مژاوییە چۆنیەتی دروست بوونی خۆشەویستییەكەیە، چونكە دڵدارەكان دەمامكیان كردووە و راستەوخۆ دوو رەگەز (نێر و مێ) ناكەونە بەرامبەر یەكتری، بەڵكو (مەم و تاژدین) عاشقی دوو كوڕ دەبن و (ستی و زین)یش عاشقی دووكچ دەبن و...هتد. بە هەمان شێوەی دەقە فۆلكلۆرییەكە لە لای (خانی)یش ئاڵوگۆڕكردنی (ئەنگوستیلە)* هەیە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی، كە پاشان (ناسینەوە– Anaggnovisis) روودات،**

---

*** گوستیلە توخمێكی ئەفسانەییە وزۆر بەكارهاتووە لە نێو ئەفسانەدا و سەرچاوەی ئەفسانەیی بوونی گوستیلە بۆ چیرۆكی گوستیلەكەی پێغەمبەر سولێمان دەگەڕێتەوە، ئەم گوستیلەیە لەلای ئاینەكان (جوولەكە، مەسیحی و ئیسلام) گوستیلەیەكی ئەفسووناوییە، توانای بەرێوەبردنی شەیتان وجنۆكەی بە حەزرەتی سولێمان بەخشیوە و هەروەها توانای گفتوگۆكردن لەگەڵ ئاژەڵەكان، ئەم گوستیلەیە لەلایەن (ئاصەف)ی شەیتانەوە دەدزرێ و تواناكانی حەزرەتی سولێمان نامێنێ و پاشان لە هەناوی نەهەنگێكدا سولێمان دەیدۆزێتەوە ...هتد. گوستیلە وەك توخمێكی ئەفسانەیی لەنێو چەندین چیرۆكی جۆراو جۆری جیهاندا رەنگی داوەتەوە، دیارترین ئەو چیرۆكانەش كە لەم دواییەدا بە هۆی سینەماوە ناوبانگی دەركرد، چیرۆكی (the lord of ring)**

(( ناسینەوە هەروەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، گۆڕانێکە لە نەزانینەوە بۆ زانین دەبێ بەهۆی خۆشەویستی یان رق لە نێوان ئەو کەسانەی چاکە یان خراپەیان لە چارە نووسراوە))[1] هۆکارەکانی ناسینەوەش زۆرن ئەم ناسینەوەیەی مەم و زین لەو جۆرە نیشانەیە، کە بە هۆی ((نیشانەیەکی لەش وەکو جێ برینێکی کۆن، یان بەهۆی شتێکی مادی بەرجەستە، کە کەسەکە بەکاریدێنێ وەکو ملوانکە یان مۆمدان یان زنجیرە))[2]، یان هەر شتێکی ماددی دیکەوە دەبێت، واتە، (خانی) لەڕێگای ئەو ژوانەی کە دروستی کردووە کولتوور و داب و نەریتی نەورۆزی کوردی پاراستووە و لەهەمان کاتدا بنەمایەکی هونەری نووسینی تراجیدیشی، کە ناسینەوەیە لە بونیادی داستانەکەیدا پاراستووە. (خانی) دەڵێ:

وان ڤێ کو بزانن ئەو چ ئەصلن
لەورا کو نزانن ئەو چ نەسلن
ئەنگوشتەرێی د وان جوانان
کێشان ژ ئەصابعێد خودانان
خاتەم ژئەناملێد خوە کێشان
دانینە جیهان ژ بۆیێ نیشان
یاقووت بە موهورییان گوهۆڕین
ئەڵماس بشوشەیێد بلورین...ل٧٧

لەدەقە فۆلکلۆرییەکەی مەم و زیندا، کۆنە وەزیرێك دەبێتە ڕێپیشاندەری مەم، وەزیر دەڵێ: ((قوربان شاری جزیری ئەوا لێرە لە رۆژ ئاوایە، حەوت ساڵان پادشای بابی تو لەجیاتی مواجبی دایمێ مخاریجی منی دەرهێنایە))[3]، بەڵام ئەوەی لە لای خانی دەبێتە راسپاردەی ستی و زین بۆ دۆزینەوەی عاشقەکانیان، کەسێتی (دایەن)ە، لە لای خانی دایەن هۆکارە بۆ دوو شت:

یەکەمیان: لەڕێگای دایەنەوە کۆمەڵێك زانیاری لەبارەی رۆشنبیری و زانستی سەردەمەوە و جۆری بیرکردنەوەکانمان بۆ دەگوازێتەوە، کە خانی خۆی لەو زانیارییانە بەرپرسەو دەیانزانێت.

دووەم: خانی وەك مرۆڤ ناسێك لەرێگای دایەنەوە، کەسێتی ئافرەتی بەتەمەنی کورد وێنا دەکات و هەندێك لەو بیر و بۆچوونە پڕوپوچانەی کە کۆمەڵگا باوەڕی پێی هەیە بەتایبەتی بەتەمەنەکان شارەزاییان لێی هەیە، وەکو (جادو و سیحر) باس دەکات، دایەن پەنا دەباتە بەر سیحر بۆ دۆزینەوەی خاوەن گوستیلەکان:

---

ی(ج.ر.ر.توکین)ی ئینگلیزییە، کە لە سێ بەشدا تۆمار کراوە. بڕوانە:سمیربن عبدالرحمن، قصص الانبیاء في التراث العربي(تحلیل سیمائي سردي)، رسلة دکتورا، کلیة الاداب، قسم اللغة العربیة وادابها، جامعة مؤتة، الجزائر، ٢٠٠٩،ص١٢٥

١. ئەرستۆ، هونەری شیعر، و. عزیز گەردی، ل٤٣.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

٣. ئۆسکارمان، توحفەی موظفریە، ساغکردنەوە وهێنانە سەر ڕێنوسی کوردی هێمن موکوریانی، چ٢،ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦،ل١٦٧.

وی شەهلەییٚ حیلەکار و جادوو
گۆ بینە ژ بۆمە خاتەما زوو
دا ئیشەڤە رەملەکیٚ بڕیژم
حەتتا صبە صاحیبان ببیژم...ل٨٧

مەبەستی ستی و زین لە راسپاردنی دایەن، دۆزینەوەی خاوەن ئەنگوستیلەکان بوو، بەلاّم دایەن مەبەستێکی دیکەی هەبوو، کە پاراستنی ئابڕووی ئەو دوو خوشکەیە، دایەن دەیویست بزانیٚ گوستیلەکانی ستی و زین لە لای کێن و بیان هێنێتەوە و ئابڕوی کچەکانی بپارێزێت:

مەخصوص ژ نك ستی و زینان
هاتم لە وە خوەش بکەم برینان
ئەنگوشتەرییٚ د وە ئەڤانە
ئینانە مە ئەو ژ بۆ نیشانە
هون هەلگرن و بدن نگینان
بەدنام مەکن ستی یو زینان...ل٩٥

لەم دیمەندا خانی ئەزموون و دوربینی و شارەزایی کەسی کاملٚ و بەتەمەن لەگەلٚ ئارەزووی مرۆڤ لەهەرەتی گەنجێتیدا وێنا دەکات، ئارەزووی ئەڤینداری و تامەزرۆی لاویەتی، وا لە خۆشەویستەکان دەکات ئەنگوستیلەکانیان بگۆڕنەوە لە هەمانکاتدا ئەو گۆڕینەوەیە تەکنیکێکی هونەرییە و پەیوەندی بە بونیادی ڕووداوەکانەوە هەیە، بەلاّم دایەنی شارەزا لە داب و نەریتی کۆمەلّگا دەزانیٚ کە بوونی دوو گوستیلەی ئافرەت لە لای دووگەنج لەنێو کۆمەلّگادا عەیبەیە و دەشیٚ کاریگەری خراپی هەبێت بۆ عاشقەکان بۆیە بە حیکمەتەوە دەڕوانێتە بابەتەکە و زوو دەیەویٚ ڕێگا لەو ئابرووچوونە بگرێت.

بێگومان وردەکاری جیاوازییەکانی دەقە فۆلکلۆرییەکەی (مەم و زین) و (مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانی زۆرە، بەلاّم کۆتا جیاوازی، کە بە پێویستی دەزانین ئاماژەی بۆ بکەین (لادان)ە لە بونیادی تراژیدی، (خانی) سەرەڕای ئەو لادانانەی، کە لە بیر و بۆچوونە ئەفسانەییەکان و و لە بونیادی دەقە فۆلکلۆرییەکەدا ئەنجامی داوە، لە کولتووری نوسینی تراژیدیاش لای داوە، ئێمە دەزانین لە ڕووداوی تراژیدیدا کە ڕووداوەکە بۆ نموونە بە مردنی پالّەوانەکە کۆتایی هات و بینەر گەیشتە لۆتکەی سۆز و (پاکبوونەوە)* روویدا، ئەوا تراژیدیایەکە کۆتایی دێت، لە لای خانی و لە پاش مردنی (مەم و زین) تراژیدیا کۆتایی دێت, بەلاّم چیرۆك کۆتایی نایەت، هەست و سۆزی

* پاکبوونەوە– Katharsisi مەبەست لە پاکبووونەوە پاکبوونەوەی دەروونە لە دوو سۆزی (ترس) و (بەزەیی) بەهۆی پیشاندانی کاری تراژیدیەوە، بەزەیی ئەو سۆزەیە کە بەرامبەر کەسێکی وەکو خۆمان هەستی پیٚ دەکەین کە تووشی بەلاّیەك یا مەینەتییەك هاتبیٚ، بەلاّم شیاوی ئەو بەلاّو مەینەتییە نەبیٚ. (ترس)یش ئەو سۆزەیە کە بەرامبەر کەسێکی وەکو خۆمان هەستی پێدەکەین کە بەختەوەری یان ژیانی بکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەوە و ئارامی دەروونی بکەوێتە شلّەژان. بڕوانە: ئەرستۆ، هونەری شیعر، و. عزیز گەردی، ل١٤٩

بەزەیی بەرامبەر بە مەم و زین دەوروژێندرێ و دەشێ مرۆڤ بگاتە حاڵەتی گریان و پاکبوونەوەش رووبدات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرەتاییەکی نوێ بۆ چیرۆکی مەم و زین دەست پێدەکات. ئەم چیرۆکەی ئەمجارەی (خانی) جیاوازە لە چیرۆکی پێشووتر، رووداوێکە لە بەهەشتدا بەرێوە دەچێت و ئومێد دەبەخشێت بە پێچەوانەی چیرۆکەکەی سەر زەوی، کە رووداوێکی تراژیدییە، خانی لەکۆتاییدا و لە رێگای گێرانەوەی خەون، یا کەراماتی بینینی (پیاو چاکێك)ەوە چیرۆکی (مەم و زین) مان لە بەهەشتدا بۆ دەگێرێتەوە، ئەم گێرانەوەیە دەشێ ئەو کاریگەرییە زۆرەی نەبێ بۆ سەر وەرگر، چونکە پێشتر وەرگر گەیشتۆتە لوتکەی هەڵچوون و وروژان و ساردبوونەوەش روویداوە، بۆیە ئەم چیرۆکەی دوایی لە لای هەندێك خوێنەر تەنها دڵدانەوە و دڵنەواییە و خوێنەری بێ باوەڕ (مولحید)یش قەناعەتی پێ نایەت، بەڵام گرنگی ئەم زیادکردنەی خانی جگە لەڕووە ئاینیەکەی و بەرزنرخاندنی خۆشەویستی پاك و بێگەرد گرنگییەکی دیکەی هەیە، ئەویش پیشاندانی حەقیقەت و جەوهەری مرۆڤە، کە لە فۆرمی (بەکر)دا وێنای دەکات و باسکردنی قەدەری مرۆڤە و دروستکردنی قەناعەتە لە لای مرۆڤ.

بە کورتی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی لادانە لە مەم و زینە فۆلکلۆریەکە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆلکلۆریشە، خانی لەرێگای نووسینەوەی (مەم و زین)ەوە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی دەپارێززێت و لەڕێگای ئەو لادان و زیادکردنەی کە بۆ دەقەکەش کردوویەتی کولتووری کوردی پاراستوە و ئینسکلۆپیدیایەکی کولتووری رۆشنبیری دروستکردووە، خانی دووبارە بابەتە فۆلکلۆرییەکانی نێو مەم و زین دەژێنیتەوە و بابەتی کولتووری و فۆلکلۆری دیکەشی بۆ زیاد دەکات وەکو داب و نەریتی خوازبێنی و ئاهەنگ گێران و .... هتد،راستە ئێمە ناتوانین بە راشکاوی بڵێن (ئەحمەدی خانی) گوێبیستی کامە گێڕانەوەی داستانەکە بووە ،چونکە بەڵگەمان لەبەردەستدا نییە،لەبەر ئەوەش ناتوانین بە رەهایی بڵێن (ئەحمەدی خانی) ئەم بابەتە وئەو بابەتەی گۆڕییوە لە دەقە فۆلکلۆرییەکەدا، بەڵام ئەو بەراوردەی ئێمە کردمان پێوانە کردنی بەرهەمەکەی (خانی)یە بە نوسخەیەکی دەقە فۆلکلۆرییەکە، کە ئۆسکارمان تۆماری کردووە، بۆیە ئێمە کەبەراورد دەکەین بەراوردی نێوان دوو دەق دەکەین کە یە کێکیان فۆلکلۆرییە وئەوی دی نووسراوە ، حەقی ئەوەشمان داوە بە خۆمان کە ئەم بەراوردە بکەین وبڵێن (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی لادانە لە مەم و زینە فۆلکلۆریەکە لەسەر چەند بنەمایەك:

١.خانی خۆی لە شیعرەکەدا دانی بەوەداناوە کە لە حیکایەت خوانێکەوە گوێبیستی ئەو حیکایەتەی مەم وزین بووە و(لەسەرەتایی بابەتەکەوە ئاماژەمان بۆ ئەو دێڕانە کرد). واتا پشتی بە فۆلکلۆر بەستووە.

٢.پاشان خۆی دەڵی (ئینایە نیظام وئینتظامی کێشایە جەفا ژبۆ وی عامێ) واتا دانی بەوەداناوە کە دەستکاریی کردووە وریکیخستووە.

٣.هەروەها دەڵێ (شەرحا غەمێ دل بکەم فسانە زینێ ومەمێ بکم بەهانە) واتا خۆی دانی بەوە داناوە کە مەم وزینی کردووە بە وەسیلەو شتی دیکەی پێ دەربڕیوە، هەروەها ئەو مەبەستی بووە

ئەو حیکایەت بەناوبانگ بکا، بەلاّم پاش  جوانکاریی کردنی، خانی دەڵیٚ:(مەشهوور بکم ب طرز وئوسلووب مومتاز بێن موحیب ومەحبووب ).

بەڵگەی دیکەش لە نێو شیعرەکەدا زۆرە لەسەر ئەوەی کە خانی دەستکاری مەم وزینەکەی کردووە، بەلاّم پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایە کامە مەم وزینی دەستکاری کردووە؟ ئێمە لەسەر بنەمای ئەوەی کە خانی خۆی دەڵیٚ مەم وزینەکەم دەست کاری کردووە بیرۆکەی بەراوردەکەمان دامەزراندووە و مەم وزینەکەی ئەحمەدی خانیمان کردووە بە ئەو چەقە سەرەکیەی کە دەشیٚ بیبەستینەوە بە شێوازە جیاجیاکانی گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکەی مەم وزینەوە و ئێمە تۆمارەکەی ئۆسکارمانمان وەرگرت بۆ بەراورد کردنەکە، بەلاّم دەشیٚ گێڕانەوەیەکی دیکەش وەربگیریٚ وبەراورد لە نێوانیان بکریٚ ،چونکە ناتوانین بە رەهایی بڵێین ئەحمەدی خانی گوێبیستی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بووە.هەر بۆیە بەراوردەکە لە نێوان دوو دەقدا دەمێنێتەوە کە یە کێکیان چوارچێوەدارە (دەقەکەی خانی)یە، بەلاّم ئەوی تریان تەنها (دەقێکی فۆلکلۆری)یە وخودی ئەو دەقە نیە کە خانی گوێبیستی بووە.

## -كولتووری و ڕەفتاری کەسێتیەکانی (مەم و زین) ی خانی

هەر مرۆڤێك كە لە كۆمەلگايەكدا دەژی، پابەندی یاساو دەستوورو شێوازی ژیانی ئەو كۆمەڵگایە دەبێت و ئەگەر لە یاساو دەستووره كۆمەڵایەتییەكانیش لابدا، ئەوا وەكوو تاكێكی نامۆ لە نێو ئەو سیستەمە كۆمەلایەتیەدا بە دەردەكەوێ، واتا دابڕان لە نێوان ئەو كەسەو كەسەكانی دیكەی سیستەمە كۆمەڵایەتییەكە دروست دەبێت، ئەم دۆخەش جێكەوتێكی زۆری لێدكەوێتەو دەشێ ببێتە هۆی ئەوەی كە ئەو كەسە لە سیستەمەكە دوور بخرێتەوە، یاخود دەشێ لادانەكەی وردە وردە بخزێتە نێو سیستەمە كۆمەڵایەتییەكە وەو ببێتە هۆی گۆڕینی بنەماكانی ئەو سیستەمە، بەگشتی مرۆڤ لەنێو سیستەمی كۆمەڵگادا توخمێكی چالاكە دەتوانێ پەیوەندی جۆراو جۆر لە نێو سیستەمەكە و لەگەڵ دەرەوەی سیستەمەكە دا دروست بكات و لە ئەنجامی ئەم پەیوەندیانەو ژێرخانی پەروەردەیی كەسەكانەوە كەسێتی مرۆڤ دروست دەبێت، شاعیران و هونەرمەندان ئەم كەسێتیانەی نێو سیستەمە كۆمەڵایەتیەكان بە هەموو ڕەهەندەكانیانەوە لە واقیعەوە بۆ نێو جیهانی هونەریی دەگوازنەوە، (كەسێتی) لەلای نووسەر بە شێوەیەكی گشتی (هۆكارێكە یان توخمێكە لە ڕێگایەوە نووسەر بۆچوون و هەستەكانی خۆی بەرامبەر بە واقیع پێ دەردەبڕێ و لە لای ڕۆمانووسیش بنەمایەكی سەرەكییە بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانكردنی ئەو هێزانەی كە واقیع لە دەوروبەرماندا دەجولێنن و دینامیكیەت و كارلێكردنی نێو سیستەمی ژیان دەردەخەن)[1] كەسێتی تەنها لەلای ڕۆماننووس ئەرك نابینێت، بەڵكوو بە هەموو ئەركەكانیەوە لە نێو چیرۆك و داستان و ئەفسانە...هتد.دەردەكەوێ.

لەلای ((یۆنانەكان (ethos) مانای كەسێتی یا ڕەوشت دەدا، لای ئەرستۆ بە مانای ئەو ڕەوشتەیە،كە كەسێتی دروست دەكا و خواست و بڕیارەكانی دەست نیشان دەكات))[(٢)].

بێگومان ئەو ڕەوشتەی كەسێتی لە نێو سیستەم و كولتووری كۆمەڵگاوە وەر یدەگرێ، بە مانایەكی دیكە كەسێتی ژیان دروستی دەكات، هونەرمەندیش وێنە جۆراو جۆرەكانی ژیان دەگوازێتەوە.(خانی)یش لە ڕێگای (مەم و زین) ەوە چەندین كەسێتیمان بۆ وێنا دەكات، كە هەر یەكێكیان لایەنێكی ژیانمان بۆ ڕووندەكەنەوە، ڕوونكردنەوەكەش جار جار لە دیدی (خانی)ەوە سەرچاوە دەگرێت و جارجار پەیوەستە بە خودی كارەكتەر، یا كەسێتیەكانەوە، بێگومان نە (خانی) و نە كەسەكانی نێو داستانەكەشی بەدەر نین لە كاریگەریی ئەو كولتوور و سیستەمە كۆمەڵایەتییانەی كە تیایدا دەژین، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەماهەنگی هەبێ لە نێوان دەنگی خانی و دەنگی سەر بەخۆیی كەسێتیەكانی و بواری یەكتر بدەن، ئەرستۆ، لەم بابەتەدا دەڵێت (هۆمیرۆس) تاكە شاعیرێكە دەزانێ خۆی دەبێ چ دەورێك لە داستاندا بگێڕێ، لەڕاستیدا شاعیر پێویستە، تا پێی دەكرێ، كەمتر بە زمانی كەسێتی خۆیەوە بدوێ، چونكە نابێ بەو جۆرە لاسایی كردەوەكان

[1]. عامر غرايبه، الشخصية الروائية، وظيفتها و انواعها وسماتها، له سايتى:
http;// amerghribeh.arbblogs.com/archive/html/31400

(٢) عەزیز گەردی، هونەری شیعر، ل١٥٠.

بکاتەوە، ئەگەر وابکات نابێ بە لاساییکردنەوە))[1].، خانی بەدەر لەدیباجەکەی لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی گێڕانەوەکەیدا هەوڵی داوە بنەماکەی (ئەرستۆ) جێ بەجێ بکات واتا دەنگی خۆی دەشارێتەوەو ئەرکی گێڕانەوەکە دەداتە پاڵ حیکایەتخوان و هەموو وردە کارییەکانی گێڕانەوەکە دەخاتە ئەستۆی ئەو، دەڵێ:

نەققاشێ صەحیفەێ حیکایەت

نەققادێ سەبیکەیێ ریوایەت

کێشاب ڤێ طە رحێ رەسم و ئایین

لێ داب ڤێ طەرزای ضەرب و تەزیین

گۆ پادشەهەك زەمانی سابیق

رابوو د حوکەمەتا خو فایق .....ل٥٦.

خانی لەتەواوی گێڕانەوەکەدا جار جار دەیهێنێتەوە یادی خوێنەر، کە ئەوە حیکایەتخوانە بەسەرهاتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، واتا ئەگەر گوتەکان لەگەڵ هزری خانی نەگونجان ئەوا خانی نییە، بەڵکوو پیری حیکایەت خوانە، بۆنموونە دەڵێ:

صەییادێ شکاری حوسنێ ئەخبار

کر بۆ مە کو سەرگوزەشتە ئیظهار

گۆ رۆژەکی خوەش ب فەصل و ئەییام

دەورا فەلەکا فەنا سەرەنجام..... ل١٥١.

یان دەڵێ:

تەدبیر کونەندە پیرێ عاقیل

ئەو رەنگەهە بوو ژ بۆ مە ناقیل

گۆ میر ب مشاوری و رایێ

وەقتێ وەکو چوو حەرەم سەرایێ..... ل٢٠١.

خانی کە باسی گێرەرەوە دەکات، دەڵێ (گۆ)، واتا ئەو گوتی و ئەو گێڕایەوە، خانی خۆی تەنها هێنایە (نیزام و ئینتزامێ)، واتا شاعیر هەولێداوە،کە بە کارامەییەوە رۆڵی خۆی ببینێ لە نێو گێڕانەوەکەدا و هەندێك جار هەوڵیداوە لە گفتو گۆدا رەهاییەکی تەواو بداتە دەستی کەسێتیەکانیەوەو خودی خۆی لێیان بەدوور بگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تەواووەتی ئەم مەبەستەی نە پێکاوە، چونکە زۆر جار خوێنەر بە ناڕاستەوخۆیی هەست بە بوونی کەسێتی خانی دەکات لەنێو کەسێتییەکاندا، یان هەست بە لێکنزیکییان دەکات. بەگشتی و لە تەواوی

(١) عەزیزی گەردی، هونەری شیعر، ل٩٣.

داستانەکەدا هەندێك جار حاڵەتی (پۆلیفۆنی دەق)* لەلای خانی دەردەکەوێ ئەم زاراوەیە (polyhone) ((لەلای باختین** . تایبەت بووو بە جۆرێك بۆ هونەری رۆمان، حاڵەتە پۆلیفۆنیەکە ئاراستەی دەنگەکانی رۆمان بەرەو ئاقارێك دەبا، کە دید وبۆچوونی کەسایەتییە جیاوازەکانی ناو رۆمان هاورا نەبن، دەربرین وهۆشیاریان لەگەڵ هۆشیاری نووسەردا یەك نەگرێتەوە، بەڵکوو سەربەخۆیی تەواوی خۆیان دەپارێزن، کە بە تەنها دەنگی نوسەر نییە، بەڵکو دەنگی خودەکاراکانی ترەو دەلالەتی راستەوخۆیان هەیە))[1]. خانی هەندێك جار ئەم حالەتی فرەدەنگیەی لە داستانەکەدا بەکارهێناوە، تاکو بتوانێت بە واقیعی و بە وردەکارییەوە بۆ چوون و چیرۆکەکانی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگاو کولتووری کوردیمان بۆ بگوازێتەوە، ئەگەرچی وەك ئاماژەمان پێدا جار جار هزری خانی سنووری کەسێتییەکانی دەشکێنێ، بەلاّم حاڵەتی فرە دەنگەیەکەش هەیە، واتا کەسێتیەکانی نێو (مەم و زین) هەندێك جار سەربەخۆن و جاریی وا هەیە بەشێکن لە خواست و ویستەکانی نووسەر، ئەمەش بە پێی کەسایەتیەکان رۆڵەکانیان دەگۆرِێ، هەروەها رەفتاری کەسێتیەکانیش زۆرجار پابەندی یاساو دەستووری کولتووری کۆمەڵگایە، واتا دەنگی جۆراو جۆری کەسێتیەکان و هەڵسوکەوتەکانیان کولتوور بەرجەستە دەکەن و ئەوە دەسەلاّتی کولتوورە بەسەر دەقەدا وادەکات کەسێتییەکان هەندێك هەڵوێست بنوێنن و دواتر ئەو هەڵوێست و رەفتارانە بەشداری بکەن لە بونیادی بازنەکانی گێرانەوەکەدا، ئێمە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا، هەوڵدەدەین هەندێك لەو حاڵەتانە باس بکەین، کە کولتوور تیایدا باڵەدەستە بە سەر رەفتاری کەسێتیەکانەوە و لە هەمان کاتدا حاڵەتی پۆلیفۆنی دەق روون بکەینەوە و ئەگەر (خانی)یش لەنێو کەسیتیەکاندا بوونی هەبوو ئاماژەیی پێ بدەین:

١- لە دیمەنی گەشت و سەیرانی نەورۆزدا چەندین رەفتارو هەڵوێست هەیە، کە پەیوەستن بە کولتوورەوە و لە ژێرکاریگەری کولتوورەوە خانی باسی کردوون، یاخود هەندێك گفتوگۆی تیادایە، کە پەیوەستە بە خودی کەسێتییەکانەوە بۆنموونە:

-لە باسکردنی خۆ گۆڕین و چوونە سەیراندا گێرەرەوە دەڵێ:

خاصما عەزەب و کەچێ د باکیر
ئەلقیصصە جەواهیرێ د نادیر
تێکدا د موزەییەن وموله‌ببەس
ڤێکرا ل تەفەرووجێ مورەخخەص

* پۆلیفۆنی چەمکێکەزیاتر پەیوەستە بە هونەری رۆمان نووسینەوە،ئەو جۆرە رۆمانە دەگرێتەوە کە ژمارەی کەسێتی و قسەکەرو گفتوگۆکانی نێوانیان زۆرە و جۆراوجۆرە، بۆچوون وئایدیۆلۆجیا کەسێتیەکان وەك یەك نییە، ئەم چەمکە لە بنەرەتدا چەمکێکە پەیوەستە بە هونەری مۆسیقاوە پاشان هاتوەتە ناو بواری ئەدەبیەوە، بروانە:حمید لحمدانی،الصورة الروائية البوليفونية،لە سایتی: http;/www.alukah.net/linkclick.aspx?id=2449

** میخائیل باختین، ١٨٩٥-١٩٧٥ فەیلەسووف و زمانەوان وتیۆریستی ئەدەبیە و بەرەگەز رووسیە.

(١) عبدالقادر حمە امین، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤١.

لاكين نه ب توهمەت و ب موننەت
بەلكی ب طريقیٚ شەرع و سوننەت
لەورا کو ئەوان غەرەض ژ گەشتیٚ
مەقصوود ژ چونییا ب دەشتیٚ
ئەو بوو کو چ طالب و چ مە طلووب
يەعنی دوو طەرەف موحيبب و مەحبووب
ئەڤ هردوجەلەب کو هەڤ ببینن
کوفویٚ دخوە ئەو ژ بۆ خوە بینن.....ل٦٨

لەم دیمەنەدا کارەکتەرەکان هەموو دەچنە سەیران، بەتایبەتی ئەوەی لێرەدا مەبستە (کچ وکوڕ) (طالب ومە طلووب)،یان (موحیب و مەحبووب)، بەڵام ئەم چوونە گەشتە ناکریٚ لەگەڵ نەریت و کولتووری کوردواری و موسڵمانێتیدا نەگونجیٚ، بۆیە رەفتاری کارەکتەرەکان پەیوەست کراوە بە (طەریقیٚ شەرع و سوونەت)، واتە هەر رەفتارێك، کە کارەکتەرەکانی ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوەی کولتووری ئیسلامی لانادت، هەروەها کارەکتەرەکان راسپێردراون بە پێی هەندێك بنەمای ئاینیی هاوکوف خۆ بۆ خۆ ببینەوەو((هاو کوفئی (کفاءة) لەپلەی تیرە و بنەماڵەدا مەرجێکی ژن هێنان، یا شووکردنە لای هەندێك ڕێبازی سونی، هەرچی ئیمامی و زەیدی خاریجین ئەوا دان بەم مەرجەدا نانێن))[1]، واتە لەژێرکاریگەری نەریتی باوی ئەو سەردەمە، کارەکتەرکان وافێربون، کە یەکێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، کە هاوشان، یان هاوتای بنەماڵەکانی خۆیان بن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دیاردەی جیاوازی چینایەتی نێو کۆمەڵگا،(مەم)یش بەم کولتوورە دەزانیٚ، بۆیە لە زیندان‌دا دەڵیٚ:
لەورا کو توشاهی ئەز گەدا بووم
ئەز بۆ تە نە کوفئی وهەم لیقا بووم....ل١٨٣
بەڵام بۆچوونی خانی لەبارەی ئەم بابەتەوە لەڕێگای کارەکتەرێکەوە پێچەوانەی نەریتی هاوکۆڤ دەبێتەوە، لە سەر زاری ئەو شێخەی، کە (دایەن) ەکەی (ستی وزین) پەنای بۆ بردووە دەڵیٚ:
شێخ گۆ: کو ددینیٚ عیشق بازی
بەیعەك هەیە ئەو دبێن تەراضي
بیٚ شەرطيَ کە فائەتیٚ رەوایە
شەرطيَ موتەعاقیدان رەضایە..... ل٩٢

---

(١) .عزالدين، مستەفا رسول، ئەحمەدی خانی،شاعیرو...، ل٤٥٣.

واتا خانی ((دەربس نییە، کە لەهەندێ بنەڕەتی شەریعەت لابدات بۆ چەند بنەڕەتی شەریعەتی عەشق لە ژیانی ڕۆژانەدا))[(١)]. لێرەدا (خانی) تەنها بەرامبەر بە شەریعەت نەوەستاوەتەوە، بەڵکو بەرامبەر بە یاساکانی چینایەتی وەستاوەو ڕەتیدەکاتەوە.

هەر لەئاهەنگی نەورۆزدا (ستی وزین ومەم وتاژدین) خۆیان دەشارنەوەو بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە و جل و بەرگی خۆیان دەگۆڕن، کچەکان جلی کوڕ لەبەر دەکەن و کوڕەکان جلی کچ لەبەر دەکەن، بەڵام ئایا بۆچی ئەم ڕەفتارە دەکەن؟ بێگومان شیکردنەوەی ئەم ڕەفتارە لەڕووی دەروونی و هونەرییەوە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بەکولتوورەوە، بریتیە لەوەی کە گەنجەکان ویستویانە بەئارەزووی خویان گەشت بکەن و تەماشای یەکتر بکەن، بەڵام عورف و کولتووری کۆمەڵایەتی ڕێگە بەو ئازادیە نادات بۆیە پەنا دەبەنە بەر خۆشاردنەوە:

وان لەو کر بوو لیباس تەصریف

داقەط نەبتن ل وان چو تکلیف

پوشیدە لیباسێ دلبەرانی

سەیران دکرن بەسەر گرانی

واتا (مەم و تاژدین و ستی وزین) لە ژێر کاریگەری یاساکانی کۆمەڵگاوە پەنایان بردە خۆشاردنەوە و دەمامك کردن، بۆ ئەوەی رابکەن لەدەست ئەو یاسایانەو ئازادی بە دەست بێنن، هەروەها دەلالەتێکی دیکەی ئەم خۆگۆڕینە گۆڕینی دۆخە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، چونکە ئاهەنگەکە ئاهەنگی سەری ساڵی کوردییە، واتا وەرز دەگۆڕێ لەزستانەوە بۆ بەهار، (مەم و زین) و(ستی وتاژدین) یش لەگەڵ خۆ گۆڕین و وەرز گۆڕیندا دۆخیان دەگۆڕی لە کەسی ئاساییەوە بۆ مرۆڤی عاشق، ئەمە جگە لەوەی لەبەرکردنی جل و بەرگی کچ لەلایەن (مەم وتاژدین) و پۆشینی جلی کوڕ لەلایەن (ستی وزین) ەوە ڕێگایەك بووەو خانی دروستی کردووە بۆ ئەوەی دواتر خۆشەویستی هاوڕەگەزی پێ ڕەتبکاتەوە.

هەر لەو سەیرانەدا گفتو گۆیەك لەنێوان (تاژدین و مەم) و کەسێکی بە تەمەن، کە سیفەتی ئیختیار و خضر)ی پێدراوە دروست دەبێت، لەم گفتوگۆیەدا فرە دەنگی کارەکتەرەکان بەدی دەکرێ، کە خانی چۆن ڕەهایی قسەکردنی پێی بەخشیون، بۆ نموونە: کاتێك کە(مەم و تاژدین) لەبارەی دوو کوڕەکەوە (ستی و زین) لە (ئیختیار)ەکە دەپرسن دەڵێن:

وان گۆ: تە نەدی کو ئەو چ ڕەنگن

وی گۆ: دوو کوڕن زیادە شەنگن

وان گۆ: کو ب شیرو شەشپەڕن ئەو

یان ب خەدەنگ وخەنجەرن ئەو

---

(١).عزالدین مستەفا رسول، ئەحمەدی خانی شاعیرو...، ل٤٠٥.

وی گۆ: کو بە غەمزەو ب ئاور

خەلقێ د کوژن وەکی ب کێرِ... ل٧٣.

دوو کـوڕی ئـازایی ئەوسـەردەمە کاتێـك کەباسـی دوو لاوی دیکـە دەبیسـتن، ئـاخۆ دەبـێ لـەچ روویەکـەوە پرسـیاریان لـەلا دروسـت بێـت؟ بـە تایبـەتی (تـاژدین) کـە سـیفەتی قارەمـانێتی هەیـە، بێگومـان لـەو چـەك و تفاقـە دەپرسـێ، کـە کوڕەکـان بەخۆیانـەوە کـردووە، چونکـە ئـەوە پێوەرکـانی جـوانی و پیـاوەتی ئـەو سـەردەمە بـووە، ئەگـەر بیرکردنەوەکـە بیرکردنـەوەی خـانی بوایـە دەشـیا پرسـاری لـەبارەی دەفتـەرو قەڵـەم، یـان جـل و بـەرگی مەلایـەتی و فـەقێ بکردایـە، بـەڵام لێـرەدا کارەکتەرکانی خانی خۆیان بیردەکەنەوە، پرسیارەکان زادەی هـزری خۆیانـەو بـە تایبـەتی دەنگـی تاژدین زەقتر بە دەرکەوێ، واتە بە هۆی ئەو ئازادییەی، کە خانی لە بیرکردنـەوەدا بەخشـیویەتییە کەسێتیەکانی، دەتوانین بڵێین خانی لە تەکنیکدا هەندێك جار هەوڵیداوە سیستەمی پۆلیفۆنی لـە گێڕانەودا بەکاربهێنێت.

هەر لەباری رەهای بەخشین بە کارەکتەر (تاژدین)، یەکێکە لەو کەسێتیانەی، کە خـانی خـۆی لـێ بە دوور گرتووە، زیاتر هەوڵی داوە، سیفاتی واقیعیانەی پێ ببەخشێت نەك هونەری، بۆ نموونە: پـاش ئاهـەنگی نـەورۆز (مـەم وتـاژدین)، هـەردووکیان گرفتـاری داوی عەشـق دەبـن، بـەڵام(تاژدین) وەکو (مەم)نییە، تاژدین بە (مەم)دەڵێ:

گۆ رابە برا ژ ناڤ نڤینان

بەس ئاه بکە ژ بەر برینان

ئەم شێرن و ئەو خوە دوو غەزالن

پرِ عەیبە کو ئەم ژ بەر بنالن.....ل٨٠.

لەگێرانەوەکەدا گوایە (تاژدین) نەگەیشتووەتە هەمان پلەی عەشقی(مەم)، بۆ یە وا دەڵێ، بەڵام ئەو هەڵوێسـتەی تـاژدین، رەفتارێکـە سەرچـاوەکەی چـۆنیەتی پـەروەردەکردنی کۆمەڵگایـە بـۆ پیـاوو کولتووری پیاوسالارییە، چونکە پیاوەکان شێرن و سـەرۆکایەتی جەنگەڵسـتانیان بە دەستەوەیە، بۆیە نابێ بەدەست دووئاسکەوە گرفترابن، کۆمەڵگا ئەمە قەبول ناکات، هەروەها((ئەوەش پیاوەتی نیە، پیاو لە نائارامی و ترس وخەمباری خۆی بدوێ و تەنانەت گریانیش بـۆ پیـاو ناشـێ))[1]. بـۆ یە تاژدین ئەم دۆخەی پێ قەبوڵ ناکرێ و قەناعەتی پێ نایە.

٢-(دایەن) ئەوکەسێتیەیە، کە(خانی) دوو ڕەهەندی پێ بەخشیوە، لـە یەکەمیانـدا دایـەنی کـردووە بە دەمامك و (خانی) خۆی لەپشتیەوە زانیاری دەدرکێنێ و وەکو چۆن پێشتر لـە بابـەتی کولتـور و رۆشنبیریدا ئاماژەمان بۆ کردوە، بەڵام لە دووەمدا ئـازادی تـەواوی بـە کەسێتی دایـەن بەخشـیوە، تاکوو بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەت بکات، بۆ نموونـە بـۆ دۆزینـەوەی هـۆی گرفتـاربوونی (سـتی

(١) .بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا،، و.ئیسماعیل ابراهیم سەعید، دەزگای موکریانی هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٨.

وزین) و دۆزینەوەی خاوەن گوستیلەکان، دایەن وەکوو هەر تاکێکی دیکەی بەتەمەنی ئەو سەردەمە ((بەتایبەتی ئافرەتی کورد کە باوەڕێکی پتەوی هەیە بە بەخت خوێندنەوەی و فال گرتنەوە))[1]. رەفتار دەکات و پەنا دەباتە بەر بیرو بۆچوونەکانی نێو کۆمەڵگا و دەیەوێ لە ڕێگای (رەمل ومەندەل)* ەوە ناسنامەی کە سێتیەکان بدۆزێتەوە، ئەم کارەش بەچەند قوناغێك دەکا:

یەکەم داەوای نیشانە دەکات:

وی شەهەلەییٚ حیلەکار جادوو
گۆبینە ژ بۆمە خاتەما زوو
دا ئیشەڤە رەمەلەکیٚ بریٚژم
حەتتا صبە صاحیبان ببیٚژم.... ل٨٧.

جادووگەر پێویستی بە نیشانەیەکە، بەڵگەبێت بەدەستیەوە، بۆیە دایەن داوای گوستیلەکان دەکا پاشان لە دووەم هەنگاودا دەچێتە لای فاڵگرەوەیەکی بەتوانا:

ویٚ دەللەییٚ بیٚ فەصال وموحتال
صبحیٚ خوە گیهاندە پیٚشیٚ رەممال
زیٚرەك دوو برن و دەست خوە بۆ پییر
ئەڤ رەنگەهە کر ضە میٚریٚ تەقریر
گۆ من دوو کووڕەك هەین د (مەعصووم)
بیٚ باب و یەیتم و ژار ومەحرووم،،هتد..ل٨٩.

دایەن ی زۆر زانا ناوی(ستی و زین) نادات، بەڵکو توانای فاڵگرەوەکە تاقی دەکاتەوە، دەیەویٚ بزانیٚ خۆی دەزانیٚ ئەوەی (دایەن) باسی دەکات دووکچن نەك کوڕ، هەروەها دەشیٚ مەبەستی (دایەن) ئەوە بێت ناوی (ستی وزین) بپاریٚزیٚ و بشاریٚتەوە، بەڵام فاڵگرەوەکە دەڵیٚ:

ماقط دبتن ژ بۆ تەحاصیل
بیٚ راستەرەوی محالە مەنزل
تە دگۆ کو کوڕی د من د دینن
نا بیٚژییە من ستی یو زینن..... ل٩١.

---

(١) تۆمابوا، ژیانی کوردەواری، وەگێڕانی لەعەرەبیەوە حمە سەعید کریم، زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠، ل٢٢٣.

* رەمل ڕێگایەکە فاڵگرەوەکان بەکاری دێنن بۆ خوێندنەوەی داهاتوو دۆزینەوەی شتی شاراوە، ئەم ڕێگایەش بریتیە لە کێشانی هەندیك هێل لەسەر خۆڵ و خوێندنەوەی جێکەوتی هێڵکان و ئەو شێوانەی، کە لە وێناکردنەکەوە پەیدا دەبێت، (مەندەل) یش بریتیە لە فینجانێك، کە لە خەزەف دروست کراوەو پڕ دەکریٚ لە زەیت وحبری رەش و کوڕێکی تەمەن ٩-١٢ساڵ دێنن و فاڵگرەوە تەلیسمێك لە سەر ناوچەانی دەنووسیٚ و داوای لیٚ دەکات، کە تەماشای فنجانەکە بکات، ئەگەر جنەکانی بینی ئەوا لێیدەپرسن لەو شتەی، کە خاوەنەکەی دیار نییە، یان شاردراوە تەوەو... هتد، بڕوانە: انواع السحرو فتح المندل لە سایتی:
www.balhakmnews.com/vb/showthread.php?+=78087.

لەڕێگای  چوونی دایەن وگفتوگۆی لەگەڵ فالْگرەوەدا، کولتووری جادوویی ئەو سەردەمەمان بۆ روون دەبێتەوەو هەروەها فرەدەنگی داستانەکەو سەربەخۆیی کەسەکان لە گوتنەکانیاندا بە دەردەکەوێ.
لە سێیەم هەنگاویشدا، دایەن  بۆ دۆزینەوەی خاوەن گوستیلەکان دەبێتە، (حەکیم) بەڵگەی دەستیشی دۆزینەوە دوو نەخۆشی بێ دەرمانە:
شێخی فالْگرەوە بەدایەن دەڵێ:
هەرچی کو دەبێژن ئەو عەلیلە
ئەوعیللە ژ بۆ تەڕا دەلیلە
بنمێ خوە بصورەتی طەبیبان
بێ پەردە وان دبینی حەبیبان.... ل٩٣.

لەم دیمەنە بە دواوە،(دایەن) وێنەی حەکیمێکی ئەوسەردەمەمان، بە جل وبەرگ و تەواوی  تفاقەوە بۆ بەرجەستە دەکات، کە ئەویش بەشێکە لە کولتووری پزیشکی ئەوسەردەمە، رەفتارەکانی (دایەن) دەبێتە رەفتاری حەکیمێك نەك خودی (دایەن) خۆی.
٣-خانی یاخود خودی حیکایەتەفۆلکلۆریەکە لە دروستکردنی کەسێتی (بەکر) دا، پابەندی یاساکانی ناوچەگەرێتی بوونە، واتا سیستەمی ناوچەگەرێتی کاریگەری لەسەر بونیادی کەسێتی (بەکر) هەبووە، چونکە (بەکر)  بە خەڵکی (جزیرە) دانەنراوە و خراوەتەوە دەرەوەی بازنەی جزیرەوە، جا دەشێ ئەم کارە بۆ ئەوە کرابێت، کە هیچ کەسێك لە جزیرە هەست و سۆزی بەرامبەر نەجولێ، هەروەها بۆ ئەوەی کەس نەبێ لە پاشی تۆڵە وەربگرێتەوە، یان دەشێ تەنها لە پێناوی پاك راگرتنی خەڵکی جزیرە بێت ، لە وەسفی بەکر دا هاتووە:
ئەلقیصصە بەئیقتضایێ خیلقەت
میرێ ب کەمال و عیزو رەئفەت
راگرتی ژ بۆ خوە دەرگەوانەك
فەتتانێ زەمانە صەی پەصانەك
دایم لەدەرێ وی قاپۆچی بوو
قەللاع  وقەلاش وقەهوەچی بوو
ئەمما ب نەسەب نەمردی بوهتان
بەلکی موتەوەللید ژ بوهتان
ئەصلێ وی  دبێن ژ مەرگەڤەڕ بوو
مەحضا وی بەشەر ب شۆڕو شەڕ بوو... ل١٢٣.

((بێگومان هۆکاری دروستبوونی ئەم سیفاتەنە  لە کەسایەتی بابایەکی وەك بەکر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ، دەوری پیاوی خراپ ئاستی هەژاری ودەوڵەمەندی، چونکە کەس لەزگماکەوە سیفاتی خراپ و باشی هەڵنەگرتووە))[1].
واتا کۆمەڵگاو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگاو بارودۆخی ژیان دەبێتە هۆی پەیدا بوونی سیفاتی خراپ لە نێو تاکەکاندا، بەکر یش ئەم حاڵەتە بەرجەستە دەکات.

٤-خوێنەر لەخوێندنەوەی (مەم وزین) دا لە سەرەتاوە، هەست بە سەربەخۆیی کەسێتی (مە م وزین) دەکات، بەڵام کە گێڕانەوەکە پەردەسێنیٚ و دەگاتە لووتکە و دۆخی (مەم و زین) بەرەو خواپەرستی دەڕوا، ئەوا دەنگی خانی لەپاڵ دەنگی (مەم و زین) دا هەستی پیٚ دەکریٚ، چونکە ئەگەر مەم هەرلەسەرەتاوە وبەپێی بارودۆخی پەرەسەندن وگەورەبوونی کەسێتیەکەی هەروەها  لە ریگای حاڵ و مەقامەکانی ریٚگای خۆشەویستی زانیبێت، بەڵام بونیادی کەسێتی (زین) لە سەرەتاوە ئامادەی زانینی ئەو زانیاریانەی تیادا دروست نەکراوە، بۆیە هەست بەنزیکی (خانی) دەکریٚ لە کەسێتی عاشقەکانەوە و بەڵگەش بۆ ئەم لێك نزیك بوونەوەیە، ئەو دێڕانەی خوارەوەیە:
خانی لە وەسفی دۆخی زین دا دەڵیٚ:
ئەو رەنگە ضەعەیف وژار بوو بوو
گویا ب جسمیٚ طایی موو بوو
ئەو موو گەڕییا ژ زەعەفەرانی
تەشبیە ب رەنگ روویی خانی ... ل١٨٦
واتا زین وەکوو خانی رەنگ زەرد بووەو دیارە دۆخەکانیان لەیەکەوە نزیکە، بۆیە هەردووکیان رەنگ زەرد بوونەو هەرسیٚ کەسێتییەکەش (زین  ومەم وخانی) لە ژێر کاریگەری کولتووری سۆفیزمدا هەڵوێست و و بۆچونەکانیان دەردەبڕن.
بەگشتی لەتەواوی داستانەکەدا لەدیمەنی خوازبێنی و ئاهەنگ گێڕان و راوشکارو هەڵویستەکانی میرو  ڕێورەسمی ماتەمگێڕیدا....هتد. زۆرجار کەسێتییەکان لە نووسەر جوودا دەبنەوەو خاوەن بیروبۆچوونی خۆیانن و پابەندی کولتوور و یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگان و بەو پێیە رەفتار دەکەن، واتا دیاردەی فرە دەنگی وئازادیی هەڵسوکەوتکردن لە چوارچێوەی سیاقەکەدا بە کارەکتەرەکان بەخشراوە، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم دیمەنانەوە، بگەڕێوە سەر تەواوی دەقەکەی (مەم وزین)ی خانی.

---

(١) جومعە نوورەدین جەباری، خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیاینەی کەسایەتی بەکری مەرگەوەر لە (مەموزین)دا،رامان،ژ٤٣، پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠، ل٨٩.

# بەشی چوارەم

## دیاردەکانی  ژیار و شارستانییەت و کۆمەڵگا لە (مەم وزین)دا:

دەقی ئەدەبی پانتاییەکی فراونەو دیاردە جیاوازەکانی ژیانو بۆچوونو هەستی تاکەکانی تیادا بەرجەستە دەبێت،  بۆیە ((حاڵەتی دەقی ئەدەبی وەك حاڵەتی کەرنەڤاڵێك وایە  کە رۆشنبیرییەکانی تیا کۆ دەبێتو تێکەڵیان دەبێت))[١]. (مەم و زین)یش، یەکێکە لەو حاڵەتە ئەدەبییانەی، کە رۆشنبیریو کولتووری تیا کۆبوەتەوە، بۆیە بە رەنگاورەنگی دەکەوێتە بەرچاوو دەقێکە بە دیاردە کولتوورییەکانی نێو کۆمەڵگاو بۆماوە کولتوورییەکانی نێو هزری مرۆڤەکان متوربە کراوە. ئەم کاری موتوربەکردنەش (خانی) هەندێ جار بە ئاگاییەوەو هەندێك جار لەنا ئاگایەوە ئەنجامی داوە[*] و سەرچاوەی گرتووەو لەکۆتاییدا دەقێکی ئاوێزان بە کۆمەڵێك دیاردەی کولتووری و رۆشنیری و تایبەتمەندییەکانی ژیانی کوردەواری دروست بووە.

ئێمە لەم بەشەدا، هەوڵدەدەین بابەتە کولتوورییەکانی نێو (مەم و زین)، سەرەتا لە (دەق) جودا بکەینەوەو پاشان باسی ئامادەبوونیان لەنێو دەقەکەدا بکەین،  بۆئەم مەبەستەش دیاردە کلوتوورییەکانی نێو (مەم و زین) دابەشی سەر سێ تەوەر دەکەین:

### تەوەری یەکەم/ شارستاینەت و (مەم و زین):

خانی هەوڵیداوە بنەماکانی شارستانیەت و ئەو دیاردانەی، کە شارستانیەتی کوردی پێکدێنن لە رێگای چیرۆکی (مەم وزین) وشاری (جزیرە) ەوە، بخاتە بەر دەستی وەرگرەکانی و بواری وەرگر دەدا، کە وێنای ئەوشارستانییەتەی لە لا دروست ببێت. لەم خاڵانەی خوارەوەدا چەند دیمەنێکی پەیوەست بە کولتووری شارستانییەتەوە لە (مەم وین)دا، دەخەینە  بەر تیشکی قەڵەم و راڤەی بۆ دەکەین:

#### ١-بیناسازی وشێوازی شار:

یەکێکە لەو دیاردە کولتووریانەی، کە پەیوەستە بە ژیار و شارستانییەتی مرۆڤایەتییەوە بیناسازییە، دەشێ شێوازی بیناو چۆنیەتی دروستبوونی شار، ناسنامەی نەتەوەمان بۆ دیاری بکات، دوریش نییە،  (ئەوناسنامەیە رەسەن بێت، یان ناڕەسەن، چونکە بیناسازی هونەرێکە

---

١. عبدالقادر حمە امین، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٣٩.

* تەزفتیان تۆدۆرۆف وجولیا کرستیڤا، دەق ئاوێزان دەکەن بەدوو بەشەوە، دەقاوێزانی بەئاگاو دەقاوێزانی بێ ئاگا، ئەوەی لەشێوەی بە ئاگادا بێت، بریتیە لە (وەرگرتن، دزی،ناواخن) حاڵەتی بێ ئاگاش بریتیە لە یادەوەری ویژدانی داهێنەر، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بڕوانە:د.عبدالقادر حمە امین، بنەماکانی  هەڵوەشاندنەوە، ل٤١، خانی بەئاگاییەوە بابەتی وەرگرتووە، بەڵام نەیدزیوە، هەروەها نائاگایی خانیش سەرچاوەی ئاوێزانبوونی دەقەکەی بە بابەتی فەرهەنگی و رۆشنبیری جۆراوجۆر بووە، واتە هەر دوو حاڵەتی تیا بەدی دەکرێت.

دەشێ بسمێ، واتە بکەوێتە بەر کارتێکەری جۆرێکی دی یان هاوردە بکرێ، ....هتد..)) [١]. واتە دەشێ شێوازی بونیادنانەکەی خۆماڵی بێت، یان لە هونەری بیناسازیی میللەتێکی دیکەوەو وەرگیرابێت، بەڵام لەکۆتاییدا دیمەنی شارێکی کوردی بەرجەستە دەکات، گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسان باسیان لە سیستەمی بیناو خانووبەرەی شارەکانی کوردستان لە هەموولایەکەوە (مزگەوت، خانوو، بازار، قەیسری و گەرماوو...هتد) *کردووە، گرنگترین شارەکانی کوردستانیش لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بریتین لە((ئامەد، دیاربەکر، وان‌و بەدلیس و مەلاتیەو ئەرزرۆم وجزیرە و سەعرەت وئامێدی و هەولێرو کەرکووك و سلێمانی و ڕەواند زۆربەی ئەم شارانە ریشەیەکی قووڵیان هەبووە وەك ئامەدو بەدلیس و جزیرەو هەولێرو ئامێدی، کە بە لایەنی کەمەوە لە سەدە ناوەنجیەکان شاری گەشاوەو ئاوەدان بوون)) [٢]. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە شاری (جزیرە) یە، کە ڕووداوەکانی (مەم وزین)ی تیادا بە ڕێوە چووە، بەڵام ئاماژەکانی بیناسازی لەلای (خانی) لە (مەم و زین) دا، یەکجار کەمەو لە سنووری چەند دێرێك لانادات، واتە (خانی) بە وردکارییەوە نەچوەتە نێو باسی خانووبەرە و بازاڕ و بیناکانی جزیرە، بەڵکو تەنها ناوی هێناون، بۆ نموونە:

لە دیمەنی نەورۆزدا دەڵێ:

مەبنی لە وێ عادەتێ موبارەك

شەهری یو سوپاهی یان ب جارەك

بازێر وکەلات و خانی بەردان

تەشبیە ب نەژدییان و جەردان.... ل٦٩.

خانی لەم دوودێرەدا ئاماژەی بۆ شارو خەڵکی شارو قەڵاو سوپا کردووە، کە هەموویان ئاماژەن بۆ بوونی شارێکی کوردی و ڕووداوەکانی تیادا نمایش دەکرێ، هەروەها لەبابەت جۆری خانووەکانی جزیرەوە(خانی) دوو جۆری جوداکردوەتەوە، خانووی میر و خانووی خەڵکی، بێگومان شاری ((کوردنشین وەك هەر شارێکی دی، کە دەزگای سیستەمی دەرەبەگایەتی دایدەمەزراند ئەوەندەی بەس بوو ئاغا کۆشکێکی قەشەنگی تیاد دروست بکات، بەپێی پێوەرکانی ئەو ماوەیەی تیایدا دامەزراوە بۆ ئەوەی ببێ بە بناغە)) [٣]. پاشان لەدوای ئەوەی کە (پاشا) ((کۆشکێك دادەمەزرێنێ ئیدی لە دەورو پشتی خانوو دروست دەکرێت)) [٤]. (خانی) بە ناراستەوخۆیی لە ڕێگای

---

(١) بەدرخان سندی، کۆمەڵگەی کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، ل٥٦٣.

* بۆ زانیاری زیاتر لەبارەو شێوازی بیناسازی شارە وگوندە کوردییەکان بگەڕێوە سەر (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) و(شەرفنامەی شەرەفخان) وگەشتی گەڕیدەکان.

(٢) سەعدی عوسمان هەرەوتی، چەند لایەنێکی مێژووی و رامیاری و کۆمەڵایەتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، ئەکادیمییا کوردی،هەولێر، ٢٠١٣، ل١٠٨.

(٣) .بدەرخان سندی، کۆمەڵگەی کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا،ل٥٦٤.

(٤) سەرچاوەی پێشوو.ل٥٦٤.

ناوهێنانەوە، ئاماژەی بۆ ئەم دوو جۆرە بینایە کردووە، لەژوانی (مەم وزین) دا، مەم بێزار و بێتاقەتە، ناچار ماڵەوە بەجێ دێڵی و رووەدەکاتە باخچەی میر:

بو قەلقەلەیەك دەقەلبیٚ غەمگین
ئەصلا نەدبوو د خانی تەسکین
ناچار ژ خانی ئەو ب دەرکەت
ئەو داعیە خضر بوو ب بەرکەت، ل١٦٠.

یان:

قەلبیٚ وی دگەل وی بوویە باغی
کێشان و کەشان گیهاندە باغی، ل١٦٠.

مەم) لە نێو (خانوو) دایە، واتە کەسێکی ئاسایی لە نێو خانوویەکی ئاساییدا دەژیت، بەڵام رووەدەکاتە باخچەی میر، خانی لەوەسفی باخچەی میردا دەڵیٚ:

باغەك وە هەبوو ئەمیر زێندین
باغیٚ ئیرەمیٚ دچوو ب مزگین
هەر دەوحە ژ وی یو هەر طیوورەك
یەك قەصر ژ جەننەتیٚ و حوورەك، ل١٥٤

هەر لەدیمەنی ژوانەکەدا (مەم و زین) باخچە بەجیٚ دەهێڵن، رووەدەکەنە کۆشکی شەهنشینان:

وان دیتی دباغێدا سەرایەك
ئایینەییٚ جەم جیهان نوومایەك
رابوون ومەشێنە شەهنیشینان
رونیشتن و هەردوو نازەنینان ل١٦٤

لێرەدا (خانی) وێنەی باغێکی فراوان و گەورە دەکات لەنێو باغەکەشدا کۆشیکێکی شاهانە هەیە، کە وێنەی هەموو جیهانی تیادا وێنا دەبێت، ئەم کۆشکە کۆشکی میرەو دەلالەتە لەسەر ئەوەی کە لە شارەکاندا میرەکان لە کۆشکدا دەژیان، بەڵام لەباسکردنی ماڵی (مەم) دا، خانی تەنها وشەی خانی بەکارهێناوە هیچ وەسفێکی خانووەکەی نەداوە واتە خانوویەکی ئاسایی بووە، ئەم جیاوازییە لە شێوازی بینا جیاوازییەکی کولتووری نێو کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات و دیمەنی فرە چینایەتی سیستەمی کۆمەڵگای کوردیە.

هەر لەبارەی ئاماژەکردن بۆ هونەری بیناسازی لە(مەم وزین) دا، بە پێی رای (د.عزالدین مستەفا رەسول) خانی ناوی ئامێرەکانی بیناسازی دەبات، کە ((قالب و موحیت ومیقیاس وئالەت و مشیرومیقران)) [1]. بەڵام ئەم چەمکانەی لەباسی چۆنییەتی دروست کردنی کەوندا تەوزیف کردووەو بۆنموونە دەڵیٚ:

---

(١) .عزالدین مستەفا رەسول، ئەحمەدی خانی شاعیرو...، ل١٢٢.

**خەللاقیٚ جیهان ژ فەیضیٚ فیطرەت**

**هەیئاتیٚ فەلەك بەوەجهیٚ قودرەت**

**بیٚ قالب و بیٚ موحیط ومیقیاس**

**بیٚ ئالەت وبیٚ مشیرو میقراص**

**ئەڤ چەند موعە ظظەم ومودەووەر**

**ئەڤ رەنگە موصەننەع و موكەڕڕەر**

**ئینانە ب مەعرضا وجوودیٚ**

**كیٚشانە ب مەظهەرا شو هوودیٚ...... ل٦٧.**

**بەكارهێنانی ئەم چەمكانەی سەرەوە لەلایەن (خانی)یەوە، ئاماژەیە بۆ زانیاری (خانی) لەبارەی زاراوەكانی بواری بیناسازی و لەهەمان كاتدا ئاماژەیە بۆ هەبوونی سیستەم و كولتوورێكی تایبەتی بە بیناكردن لەو سەدەمەدا، بەڵام خانی سوودی لە چەمكەكانی ئەم كولتوورە وەرگرتووە، بۆ بونیادی هونەری دەقەكەی خۆی، ئەمەش دەسەڵاتی رۆشنیریی (خانی) بەسەر(دەق) دا دەردەخات.**

**٢-زانست: یەكێك لە بنەماكانی پێشكەوتنی شارستانییەت، پێشكەوتنی زانستە، خانی لە (مەم و زین)دا چەندین ئاماژەی خستووەتە بەردەست، كە بەڵگەن لەسەر هەبوونی هۆشیاریی زانستی لەلای تاكی رۆشنبیری كورد، بۆ نموونە بابەتی پزیشكی وەكو كولتوورێكی شارستانی ئەو سەردەمە لەڕێگای (دایەن) ەكەی (ستی و زین) ەوە باس دەكات، بەلام بە بیٚ ئەوەی لە سروشتی یاساكانی پزیشكی ئەو سەردەمە لابدات:**

**خانی دەڵیٚ:**

**رابووڤە عەجووزە شبهیٚ لوقمان**

**سەرتا ب قەدەم دەوا و دەرمان**

**قاروورەو حوققە و نەشتەرو كیس**

**هەڵگرتن ئەوا خەبیثیَ تەلبیس**

**دانیٚ د بەغەلا خوە چەند كتێبەك**

**دنما ب حەكیمەییٚ عەجیبە ك**

**حاضر خوە گەهاندە پیشەكاران**

**فیلحال بوویە نەدیمیٚ یاران..... ل٩٣**

**یان دەڵیٚ:**

**بیٚ جورحە و قورحەو برینە**

**ناڤیٚ لوی دردیٚ هەر ئەڤینە، ل٩٤.**

**وەکو دەگوترێ لەسەردەمانی زوودا (زۆرینەی کوردەکان پەنایان بردوەتە بەر دووعا و جادوو تەلسیم، ..هتد. بۆ چاپوونەوەی نەخۆشەکانیان، ئەم دوعاو جادووکردنەش زیاتر لەلایەن مەلاو کەسی بە تەمەنەوە ئەنجام دەدرا، هەندێك جار مەلا چەند جۆرە دەرمانێکی دەدا بە نەخۆشەکانی لەپێناوی چارەسەرکردنیان)[1]، بەڵام لەلای (خانی) کولتووری پزیشکی شار لەڕێگای (دایەن)ەوە بەتەواوی داودەرمان و تفاقی پزیشکی و کتیبەکانی پزیشکی ئەو سەردەمەوە بۆمان وێنا دەکات، ئەگەرچی دایەن بە پێی راسپاردەو ئامۆژگاری فاڵگرەوە بوو بە پزیشك، لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەداو لە شاری (جزیرە) پزیشکیی هەنگاوێك دوور کەوتووەتەوە لە کولتووری جادووگەری و دوعاو هەنگاوێك لە زانستەوە نزیك بووەتەوە.**

**هەروەهاخانی لەسەر زمانی (تاژدین) ەوە، ئاماژەی بۆ نەخۆشی (مەنخولیا) کردووە، (تاژدین) بۆ رزگار کردنی (مەم) ولەوەسفی (مەم) دا دەڵێ:**

**گۆ گوھ مەدەنێ مەمێ کو دنیە**

**مالخۆ لییە وی عەقل چونینە، ل١٦٨**

**ئاماژەکردنی خانی بۆ نەخۆشی (منخۆلیا)* بەڵگەیە لەسەر شارەزایی خەڵکی رۆشنبیری ئەو شارستانییەتەی (خانی) تیایدا دەژی، یان باسی دەکات، بە نەخۆشییە دەروونییەکان، چونکە جارێك شێتی بەکارهێناوە، (کو دینە) و جارێکی دیکە (مالخولی) کەئەمیش دەبێتە هۆی عەقڵ لەدەست دان، بەڵام خانی لە دوو چەمکدا ناویانی هێناوە، جا دەشێ لەبەر پێداویستیی شیعری ئەم کارەی کردبێ، یاخود بە مەبەستی جیاکردنەویان لەیەکتری، ئەم بابەتەی بەکارهێنابێت.**

**سەرەڕای ئاماژەکردن بۆ بابەتی پزیشکی لەتەواوی (مەم وزین)دا، چەندین چەمك وئاماژەی دیکە هەن، لە بواری زانستی فەلەك و کیمیاو بایەلۆژی....هتد، ئەم چەمك و ئامازانەش نیشانەی پێگەیشتوویی هزری زانستی نێو شاری کوردی ئەوسەردەمەیە، بۆنموونە (خانی) لە باسی فەلسەفەی بوون و جۆری مرۆڤی باش و خراپ، پەنا دەباتە بەر بابەتی زانستی بۆ وەسف و بونیادنانی بیرۆکەو ئامانجەکەی و دەڵێ:**

**ئاشێ دەڤ و چەق چەقا زەبانان**

**ئاڤا دەهەن و بەرێ د دانان**

**ئەوچەند ئەوی دەق د دەن دهێرن**

**ئەو چەندە د شەهرێ تەن د گێڕن........ ل٢٤٦**

**پاشان بەردەوام دەبێت لە وەسفی کردەی نان خواردن و پرۆسەی هەرسکردندا و دەڵێ:**

**دەم هاضیمە بێت ئەوەێ بکەت هەضم**

---

(١) انور المایی، الاکراد فی بهدینان، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠١١، ل٢٨١.

* المنخولیا: لە زانستی دەروو نناسیدا، بریتیە لە جۆرێك لە دۆخی رارایی و دڵ توندی، کە تووشی مرۆڤ دەبیت، لەنێوان تەمەنی (٤٠-٦٠) ساڵیدا لە ئەنجامدا مرۆڤەکە تووشی بێهودەیی ورەشبینی دەکات، جاری وا هەیە، کە ئەم بارە نائاساییەی مرۆڤ بەشێوەیەك پەرە دەسەنێ تا ڕادەی ئەوەی وا لە مرۆڤەکە بکات، بەرەو خۆکوشتن هەنگاو بنێت، بروانە: اسیاسات علم النفس، لە سایتی: http://velwan.351oun.org/t997-topic.

دەم دا فیعە بێت ئەوی بکەت کە ظم

تەننورێ مەعیددە وێ بپێژت

هەر چی کو خرابە ژێ بڕێژت

تەصعید بکن هەچی لەطیفە

تەنزیل بکەن هەچی کەثیفە..... ل٢٤٦

یان دەڵێ:

دیزا جگەر و دلی زوجاجێ

تە قطیرا بکەن مەیا میزاجێ

حاصل عەرەقا مە یاحەیاتێ

تە قطیر کو بو وەکی نەباتێ.......... ل٢٤٧

ئەودێڕانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە و هەندێك نموونەی کەمن لەسەر شارەزایی خانی، بەڵام (خانی) وەکوو بایەلۆژییەك بە وردی و لە چەندین دێڕدا بە تەواوەتی باسی ئەرکی ئەندامانی جەستەی مرۆڤی کردووەو پرۆسەی هەرسکردن و کۆئەندامی هەرسی مرۆڤی باسکردوەو سوودی لێ وەرگرتووە لەبونیادی هونرەی شیعرەکەیدا و هەروەها وەکو کولتووری بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەش لەبارەی ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە تۆماری کردووە.

٣-جل وبەرگ وخشڵ لە(مەم وزین)دا:

هەموو میللەتێك خاوەن شێوازو جۆری جل وبەرگی تایبەتی خۆیەتی، کە بە پێی ناوچەو کەش و هەوا و ئیش‌و کارەوە گۆڕانی بەسەردا دێت،((جل وبەرگی نەتەوەیی، جلی ژن وپیاو، یەکێکە لەپێکهاتەکانی ناسنامەی نەتەوەو گومانیش لەوەدانییە، جل وبەرگ دەکەوێتە بەر کارتێکردنی ژینگەی ناوخۆ)) [(١)] وەو بەپێی سەرچاوەکان بێت، جل وبەرگی کوردی سەرەتا لە لایەن گەڕەیدە و ڕۆهەڵاتناسانەوە، باس کراوە وەکو کولتووری کوردی تۆماریان کردووە، جا هەندێکیان بە وردەکارییەوە باسیان کردووە هەندێکیشان سەرپێی ئاماژەیان بۆ کردووە، بێگومان (جلی نەتەوەیی و میللی کوردی بەشێکە لە شارستانێتی ماددی ئەوگەلە، بۆیە جێگای بایەخی زانست و ژیار ناسەکان بووە، بەڵام وەسفکردنێکی وردی گونجاو بۆ جل‌و بەرگی کوردی ئەستەمە، چونکە ئەو ناوچەیەی، کە کوردەکان لە ئاسیادا تیایدا دەژین ناوچەیەکە لە رووی جوگرافیەوە جیاوازە) [(٢)]. بۆیە جل و بەرگەکانیش جیاوازیان هەیەو بە پێی جۆری شارستانییەتەکان و دۆخی ژیان، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام بەگشتی ((ئادگاری ئافرەتی کورد لە جل‌و بەرگ و لە خشڵ و زێوەر لە جوانی شارستانێتی خۆیدایە، قوماشی جلکیان ئەمانە، (ئارمووش)، ئامووشی دەستکرد،

---

(١) .بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، ل٤٧٠.

(٢) کنیاز ابراهیم میرزویڤ، موسوعە الکرد الصغری، ت:احمدحیدر علی، اکادیمیە التوعیە وتاهیل الکرد، سلیمانیە، ٢٠١٠، ل٢٧٨

جۆرجێتی بەسیم، چیت، کودەری. جحیلەکان ڕەنگی گەش و پیرەژنەکان ڕەنگی تۆخ لەبەر دەکەن)) [1]. هەروەها لەپاڵ جل و بەرگیشدا ئافرەتی کورد خشڵی بەرکاهێناوە ((خشڵ ڕەگەزێکی ڕازاندنەوەی جل وبەرگەو کار لە سەراپای کەسێتی ژن دەکا وئادگاری تەواو دەکا)) [2]. جوانی ئافرەتی کورد و جل وبەرگ وخشڵ و ئامرازی خۆجوانکردن، بابەتێکی دیکەیە لەلای خانی، ئەگەرچی بەکورتیشە، بەڵام ئاوڕی لێداوەتەوەو ناوی هەندێك لەو ئامرازانەی لە (مەم وزین)دا هێناوە، ئێستاش وەکوو تۆمارێکی کولتووری، کە گەواهیدەرە لەسەر جل و بەرگی ئەو سەردەمە دەشێ بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە خانی لەباسکردنی جوانی ستی وزیندا دەڵێ:

سەرپەنجە و ناخوونێ موحەننا

ڕەنجەدەیێ خا طریێ موهەننا

خەڵقێ کو ددیتن ئەو کەمەرگاه

حاضر دکرن ژغەووریێ دڵ ئاه

ظاهر دکرن کو زەند و بازن

ئیدی نەدمان گلی یو گازن ......... ل٦٠

لەم دێڕانەدا، (خانی) ئاماژەی بۆ بەکارهێنانی (خەنە) لەلایەن ئافرەتی کوردی (جزیرە) کردووە و هەروەها لە دیمەنی ئافرەتێکی شارستانی و میرزادەیی دڵتەڕ دا باسی بازن دەکات، کە خشڵێکە ئافرەت لە دەستی دەکات بۆ جوانی بەکاری دێنێت، واتا کچانی خانەوادەی میرنشین خەنەو خشڵی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە، هەروەها:

کۆڤ ژ جەواهیران موکەللەل

کۆتەر ژی ژ نەترکان موسەلسەل

سەربەندێ قەصەب ددان جەبینێ

عاشق دمرن ژ دەست ئەڤینێ..... ل٦١

لەم دێڕانەدا (خانی) وەکو وێنەکێش، بە وردی وێنەی کەل وپەلی جوانکاریی ئافرەتی بۆ وێنا کردووین، ئافرەتی کوردی سەردەمی (خانی) و بە تایبەتی ئافرەتی خانەوادەی میر (کۆڤ)* کلاوتاسیان لەسەر ناوە، ئەو کلاوتاسە بە گەوهەر و نقێم ڕازێندراوەتەوە و (کۆتەر)** یش واتا گەردند بەندەکانیان بە پارچەی زێڕ و سەربەندەکانیان بە قەصەب ڕازاوەتەوە و تەواوی

---

(١) هێنی هارولد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و. عەزیزگەردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٥٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو،ل١٨٩.

* کۆڤ(دەسرۆك): کۆڵاڤەکی ژنانەبوو کو ب زێڕو زیڤ و گەوهەران دخەملاندن و ددانە سەرێ خوە، کۆڤ چەند جۆرا بوو.کۆڤ یێ گورووڤەرو ساتلکی کو ژێ رادەینیك دگۆتن، کۆڤ یێن کو لایەکی وان ژییێ دی بلندتر بوو ژێ رادگوتن کۆڤ، بڕوانە: پەروێز جیهانی، ئەحمەدی خانی مەم و زین، ب١، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٧، ل٣١٥

** کۆتەر، لەلای هەژار گەردن بەندەو لەلای جان دۆست دبێتە(کۆترك) بە واتای (خمار) بەکار هاتووە و لەلای پەروێز جیهانییش (کۆترکە) بەمانای خشڵی ژنانە کە لە سەر شێوی کۆتر و باڵدار دروست دەکرێن، بەکاری هێناوە.(لەکوردەوارییدا بەو دەرزییەی کە سەری میرویەکی بجووکی پێوەیە دەگوتریێ کۆترۆکەو بۆ نەخش کردنی دەسرۆك بەکار دەهات)

نێوچەوانیان بە قەصەب داپۆشراوە. مەبەست لەسەربەنەدیش کە (سەربەست) یشی پیّ دەڵێن((دووپارچە چیتی تەسك بە لاتەریکی دەبڕن و دەی دوورن لە ناوەڕاستەوە بەرینەو تادیّ لە هەردوو سەرەوە تەسك دەبێتەوە)) [1].

ئەم دیمەنی کۆڤ و کۆتەر وسەربەندە بە یەکەوە، بووەتە هۆی ئەوەی، کە عاشقەکان لەجوانیاندا بکەونە داوی ئەوینەوەو بمرن لەپێناویدا، هەروەها بۆ ئاماژەکردن بەخشڵەکانی خۆ رازاندنەوەی ئافرەتی کورد، خانی دەڵیّ:

ئەلماس و زومەڕەد و مراری

خال و خەط و وطوڕەییّ د طاری، ل١٠٩

واتا پەرچەمی رەش بە ئەلماس و زمورد، کە (گەوهەرێکی گرانبەها و جوانە) و بە مرواریی رازێندراوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاستی ئابووریی بەرزی جزیرە و دەسڕۆیی خەڵکەکەی بەتایبەتی (میرەکان) .

خانی لە لەبەرکردنی جلی کچانەی (مەم و تاژدین) یشدا دەڵیّ:

ئیستەبرەق سوندسن د بەردا

چەند میعجەر و مەقرەمە بسەردا.....ل٧١

لێرەدا کوڕ ئاوریشمی لەبەرکردووە، (ئستبرەق و سوندس)، کە دوو جۆری ئاوریشمن لەگەڵ پەچە و سەرپۆشدا بەسەر خۆیاندا داداوە. بەگشتی، کە وردەکارەییەکانی خانی لەبارەی وەسفکردنی ئافرەتەوەوە دەخوێنێتەوە، راستەوخۆ هزری مرۆڤ بۆ (درزی پەچە)ی (گۆران) دەڕوا، کە ئەویش بەوردی باسی ئافرەت و جل و بەرگەکەی کردووە و راستەوخۆ دوو دیمەنی کولتووری جیاوازت دێتە پێش چاو، یەکەمیان ئافرەتی کوردی سەردەمی خانییە، دووەمیان ئەو ئافرەتەیە کە لەدرزی پەچەی عەباوە گۆران بینیویەتی.

٤-مۆسیقا

وەك دەڵێن مۆسقا خۆراکی رۆحە، ئەم خۆراکەش لە لای هەموو مرۆڤایەتی بە دانیشتوانی گوند و شارەوە بوونی هەیە، لەلای گەلی کوردیش هاوشێوەی میللەتانی تر، مۆسیقا رۆڵی خۆی بینیوە و گرنگی پێدراوە،((مۆسیقا و شایلۆغان لە رابردوودا لەناو هۆزەکانی کورددا گەلیّ برەوی هەبووەو بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی، مادەکان مۆسیقایان بۆ هەڵپەرکیّ و سەما بەکار دەبرد و ساسانییەکانیش پەریان دایە مۆسیقا وشایلۆغان و گەورەترین چاوێژ وستران وانی دەوری خەسرەو پەروێز(٥٩٠-٦٢٨)ی زاینی، باربەدو نەکسیا و بامشاد بوون کە وەکو دەڵێن هەرسێکیان لەولاتی مادا دەژیان و کورد بوون)) [2]. لەسەردەمی ئیسلامیشدا، (مۆزیك ژەنی کورد رۆڵی گرنگی خۆی هەبووە و بۆ نموونە (زریاب) یەکێك بووە لە مۆسیقاژەنە بەناوبانگەکانی

(١) هێنی هارۆلدهانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، ل١٦٩.

(٢) سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، ب٣، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٠.

سەردەمی ئیسلامی، کە توانی مۆسیقای رۆژهەلاتی ناوەڕاست بگەیەنێتە (ئیسپانیا)ی سەردەمی ئیسلام، هەروەها چەندین مەقامی داناوە و ئامێری (عود)یشی پێش پێش خستوە، هەروەها لەمێژووی مۆسیقای کوردیدا، ناوی تر هەیە، وەك(ئیبراهیم و ئیسحاق موسلی)، کە لە بنەماڵەیەکی کوردین و (صیف الدين الارماوي)، کە دامەزرێنەری یەکێکە لە قوتابخانە مۆسیقاییەکان و(محمد خطيب الاربيلي)، کە لەڕێگای نووسینەکانییەوە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر مۆسیقای رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەبووە)[1]. واتا لە کۆنەوە لەنێو کوردەواریدا مۆسیقا بوون و بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە (خانی)یش نەیتوانیوە خۆی لە بابەتی مۆسیقا بە دوور بگرێ، وەکو دیاردەیەکی شارستانی باسی مۆسیقاو ئاهەنگی شاری جزیرە دەکات و هەروەها (خانی) لە تەواوی دەقەکەیدا سوودی لە (ناوی مەقام وناوی ئامێری مۆسیقا و پسپۆرییەکانی بواری مۆسیقا)* وەرگرتووە و لەپێناوی بونیادی دەقەکەیدا بەکاری هێناون، هۆکاری بایەخدانی (خانی) بە بابەتی مۆسیقا لە (مەم وزین) دا، دەشێ پەیوەندی بە دوو بابەتەوە هەبێت:

یەکەمیان پەیوەندی بە سروشتی موتەسەویفانەی خانی و ڕێگای تەسەووفەوە هەیە، چونکە (گوێگرتن لە مۆسیقا یەکێك بووە لە تایبەتمەندییەکانی هەندێك لە تەریقەتەکانی تەسەووف، ئەگەرچی هەندێك تەریقەتی دیکەش ڕەتیانکردوەتەوە، بەلام بە شێوەیەکی گشتی تەریقەتەکانی تەسەوف پەیوەستن بە گوێ گرتنەوە، جا گوێگرتنەکە، بۆ ئامێرەکانی دەف وناي و دەهۆڵ بێت، یاخود تەنها بۆ قسەی کێش وسەرواداربێت و یان گوتەی ئاوازدارو لەسەر مەقام دامەزراو بێت) [2]. ، گرنگ ئەوەیە، کە موتەسەفەکان لە گوێگرتن بۆمۆسیقا سوودێکی رووحیان وەرگرتووە، بۆیە دەشێ خانیش، کە ناوی ئامێرەکانی مۆسیقا و بەتایبەتی (نای) دێنێت پەیوەندی بەخانی سۆفییەوە هەبێت.

دووەم: دەشێ پەیوەندی بە کولتووری کوردەورای و ئارەزووی تاکی کورد بۆ مۆسیقا هەبێت، گەریدەو رۆهەلاتناس (ریچ) ((بەو جۆرە باسی کوردی کردووە، کە زۆر ئارەزومەندی مۆسیقان و زۆربەی مۆسیقاکانیشان خەماویین))[3]. دیارە لە سەردەمی(خانی)ش ئەو ئارەزوومەندییە هەر هەبووە، بۆیە لە چەندین دێڕدا (خانی) لە بونیادی گێرانەوە و لە وەسفکردندا سوودی لەم چەمکە مۆسیقییانە بینیوە، بۆ نموونە:

سازێ دلی کول ب زیر و بەم بت

سازندەیێ عیشقێ زین و مەم بت، ل٥٢.

---

(١) لامع محمد، الموسيقى الكورديه، (کوردستان سوريا نموونجا) لەسایتی:
http://www.medaratkurt.com/?p=415.

* بۆ زانینی ناوی ئەو مەقام و ئامێر و پسپۆرییانەی، کە خانی لە مەم وزیندا بەکاری هێناوە، بگەڕێوە بۆ: د.عزالدین مستەفا ڕەسول، خانی شاعیرو...،ل١٣٠-١٣٣.

(٢) محمد قجه، التصوف والموسيقى، الباحثون العدد، ٢٥/تەموز/٢٠٠٩، لەسایتی:
http://www.alazmenah.com/?paq=show464.

(٣) . بەدرخانسندی، کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەلاتناسیدا، ل٥٢٧.

((زیروبەم لەهەندێك شوێندا بەناوی دوو ئامێری مۆسیقا هاتووەو لە هەندێك شوێندا ناوی دوو مەقام وێنەی دووتارە، بەرز و نزم، وشەی (سازندە) یش لەوەسفە مۆسقاییەکەیدا ئەو مۆسیقاژەنەیە، کە ئامێرێکی مۆسیقا لێدەدات)) [1]. لێرەدا مۆسیقاژەنەکە خودی خانیەو ئامێرەکانی دەستی خانیش (زین ومەم) ن، کە لە ڕێگای چیرۆکەکەیانەوە وەکو مۆسیقا ئارامی دەبەخشیٚ بە دڵی عاشقەکان.

هەروەها خانی دەڵیٚ:

تەشبیهیٚ نەییٚ بکەم تەرەننوم

تووتی صەفەت ئەزبکەم تەکەللوم...... ل٥٢.

ئەگەر دەنگی نای، کە ئامێرێکی فودارە و ناسراوە بە دەنگی ناسك و وپڕجۆشی ببێتە هۆی ئاسوودەبوونی سۆفی و پاکبوونەوەی دەروونی، ئەوا دەنگی خانیش وەکوو دەنگی (نای) یە بۆ وەرگرەکانی و هەمان ئەرك دەبینیٚ و دەبێتە هۆی ئاسوودەکردنی وەرگر، واتە: لێرەدا دەتوانین بڵێین (خانی) هونەرەکان لە ڕێگای ئەرکەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەرکەکەش لێرەدا چێژبەخشینە.

یان دەڵیٚ:

شوعبە ژ مەقامیٚ دل ب ئاواز

گول گەشت بکەن گەوشت و شەهناز

بیٚ دەنگ ژ غەوریٚ دل ب ئاهەنگ

صەد رەنگ صەدا بدم وەکی چەنگ

مانەندیٚ روبابیٚ بیٚ کەمانچە

دەنگ بیٚ ژ دەفا مە بیٚ طەپانچە...... ل٥٢

خانی لەم دێڕانەی سەرەوەدا (شعبە) یەك، واتا دەستەیەك لە مەقاماتی مۆسیقای هێناوە، کە بریتین لە (گل گەشت وگەوشت و شهناز)* لەگەڵ مەقامی دڵی خۆی کۆکردووەتەوە و دەیەویٚ بە سەد جۆر گۆرانی بڵێت و ئاواز دەرکا، وەکوو ئامێری (چەنگ و رەبابەو دەف). (خانی) ئەم مەقامە جۆراوجۆرو ئەم ئامێرە جیاوازانەی بە یەکەوە هێناوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ جۆراو جۆرێتی و رەنگاو رەنگی توانای شیعری و چێژی بەرهەمی (مەم وزین) بکات، هەروەها وەکو تۆمارێکی کولتووری ناوی ئەم مەقام و ئامێرە مۆسیقییانەی، کە لەو سەردەمەدا باوبووەو پاراستوویەتی.

خانی لە باسکردنی کولتووری ئاهەنگ گێڕانی شاری (جزیرە)، ئەو ئامێرو مەقامە باوانەی، کە لەجزیرەدا باو بووەو خاڵك گوێی لیٚ گرتووە تۆمار دەکات و وێنەی کولتووری مۆسیقای ئەو شارەمان بۆ دەگوازێتەوە و لەسەر زاری (میر) دا دەڵیٚ:

میر گۆ بقۆتن دەف ورەبابان

---

(١) عزالدین مستفا رسول،خانی شاعیرو...،ل١٣١

* (شهناز) مقامێکی مۆسیقیە و لقێکە لەمقامی حیجاز، بروانە جان دوست،احمدی خانی (مەم وزین)، ل١٦٠.

بینن هەمی شەربەت وشەرابان...... ل١٠٣.

واتە لەناو دیوانی(میر)دا، دەف ژەن و رەبابە لێدەر، بوونی هەبووەو دیوەخانی شارە کوردییەکانیش لە هونەر بێبەش نەبووە، هەر لە دیمەنی ئاهەنگەکەدا دەڵێ:

رامیشگەر وخوەش نەواو خوەش دەنگ

شایستە وخوەش قوماش وخوەش رەنگ

هەڤدەنگ هنەك ب صەوتێ سازان

هەڤ سەنگ هەنەك ب فەخر و نازان

مەغناوکەمانچە وعود و طە نبوور

چەنگ ودەف وصورنای و سەنتوور

عوششاق و نەواو عیراقی و ئەوج

ڤێکرا دکرن بەراستی زەوج........١٠٤

خانی لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا، ئاماژەی بۆ هەبوونی تیپی مۆسیقا لە شاری جزیرە کردووە، کە تیپەکەش لە چەند ئامێرژەنێك پێك هاتووەو ئامێرەکان (سازو کەمانجەو عودوو تەنببور و چەنگ و دەف و زورناو سەنتوور) بووە. واتە تیپێکی گەورە بووەو چەندین ئامێری باوی ناوچەکانی رۆژهەلاتیان بەکارهێناوەو ئەم تیپیەش بە لێزانییەوە مۆسیقاو گۆرانیان گوتووە، چونکە شارەزای مەقاماتەکان بوونەو چەندین مەقامی وەکوو (عوشاق و نەواعراقی و اوج راست) یان بە یەکەوەو تێکەل دەکرد، واتە ئاستی مۆسیقا لەشاری جزیرەدا پێشکەوتووبووە، خانی بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ زەوقی کوردیش کردووە لە گوێگرتن لە مۆسیقاو زیاتر هەست وسۆز و چێژی کوردی بەستووەتەوە بە ئامێری (نای) و مەقامی (کەردان)، کە لقێکە لە مەقامی (راست) و دەڵێ:

ظاهر کو دبون ژ نای کەردان

غارەتگەرێ عەقل ودین وئیمان، ل١٠٦

واتا کە دەنگی مەقامی کەردانیان لە نایەوە دەبیست، خەڵکەکە عەقل وئیمان و هۆشی نەدەما، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زەوقی هونەری گوێگرەکان و گونجانی ئەم مۆسیقایە لەگەڵ ناخیاندا، بێگومان ئەم تیپە مۆسیقایەی جزیرەش بێ گۆرانیبێژ نەبووەو خانی لەگەڵ ئەم تیپەدا سێ جۆر گۆرانیبێژ جیادەکاتەوە:

قەووال و موغەننی وغەزەلخوان

مەخموور و سیاه مەست و سەکران، ل١٠٦.

لێرەدا خانی ناوی (قەوال و موغەنی وغەزەلخوان) ی هێناوە، کە هەرسێك ئەرکی گوتنی گۆرانیان هەبووە، بەلأم دەشێ گۆرانیەکانیان جیاوازبن لە یەکترەوە، بۆیە ناوی هەرسێکیانی هێناوە وشەی (قەووال) یش دەشێ ئاماژە بێت بۆ((قەوال) ی یەزیدی، کە (چنینێکی گرنگن لەناویەزیدیەکان و لەبەرکردنی نوێژو دوعا و شیعرەکانی یەزیدیەکانیان گرتوتە ئەستۆ، بەلأم لە فەرەهەنگی (الهدیە

**الحميديه) دا (قەوال) بەمانای گۆرانی بێژی دەنگ خۆش دێت)[1]. و (غەزەل خوان) یش بە مانای (ئەو گۆرانی بێژە دێت، کە گۆرانی سۆزداری دەڵێت)[2]. خانی ئەم چەمکانەی هەموو لە تابلۆیەکی مۆسیقی گەوەرەدا، کە وێنەیەکی کولتووری شاری جزیرەمان بۆ وێنا دەکاو لە چوارچێوەی ئاهەنگێکدا بۆ دەگوازێتەوە، لە لایەکەوە کولتووری ئەو ناوچەیەی لەبارەی مۆسیقاوە پاراستووەو لەلایەکی دیکەوە هونەری بۆ هونەر تەرخان کردووەو سوودی لە هونەری مۆسیقا وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری شیعر.**

**٥-شەترەنج**

**(شەترەنج) * یاریەکە لەکۆنەوە پەیوەست بووە بە نێو دەربار و کۆشکی شاو چینی شارنشینەوە و لەرۆژهەڵاتدا ئەم یاریە یاری پیاوی پلە بەرزودانابووە، بۆیە ئێمە لێرەدا وەکوو دیاردەیەکی کولتووریی پەیوەست بەشارستانیەتەوە باسی دەکەین، (ئەولیا چەلەبی) لە سیاحەتنامەکەیدا ئاماژی بۆ یاری شەترەنج کردووەو لەباس کردنی دیمەنی مزگەوتی شاری کوردیدا دەڵێ: (ئەومزگەوتانە مافورەی عەجەم و لبادی ئیسفەهانیان تێدا راخراوەو سۆبەی گەورەشی تێدا دانراوە، جا فەقێ و مەلا خەریکی لێکۆڵینەوە دبن و .... ئەوانەی لەدرەس خوێندن دەبنەوە لە لایێکەوە خەریکی یاری شەترەنج دەبن، بە مەزەبی شافعی شەترەنج کردن حەلالە، بەڵام هەندێ جار هەرای لەسەر پەیدا دەبێت)[3].واتە شەترەنج کردن لەناوچینی زاناو مەلاکانی کوردا باوبووە، هەروەها ((میرو خانەدانە کوردەکان گرنگیان بە یاری شەترەنج داوەو پێوە خەریك بوون، لە شاڵاوی تەیمورلەنگ بۆ کوردستاندا لە جزیرەدا میر عیزەدین گەمەی شەترەنجی لەگەڵ تەیمورلەنگ کردووە))[4].**

**خانییش لە مەم وزین دا، وەکو کولتوورێکی شاهانە باسی لە یاری شەترەنج کردووە، هەروەها کردوویەتی بە هێڵی یەکلاکەرەوەی رووداوەکان، چونکە لەپاش یاری شەترەنجەکەوە رێڕەوی رووداوەکان سەر بەرەوخواردەبنەوەو وردە وردە بەرەو کۆتایی دەچن، هەروەها یاری شەترەنجەکە لەلای خانی گرەوی لەسەر بوو، ئەمەش دەشێ بەڵگەیەکی کولتووری بێت لەسەر**

---

(١) جان دوست، احمد ی خانی (مەم و زین)، ل٢٥٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٥.

* شەترەنج یارییەکی کۆنە و رەگ و ریشەی لەمێژوودا دێرینە، یاریزان و ئارزوومەندانی ئەم یارییە لە هەموو دەوڵەتێکدا بوونیان هەیەو چەندین وڵاتیش خۆیان بە خاوەنی ئەم یاریە دەزانن لەوانە (یۆنان، رۆما،عەرەب، بابلیەکان، هندییەکان، فارسیەکان و صینیەکان)،بەڵام لەساڵی ١٩٣٠ ا لەگۆڕستانی(توت عنخ امون) پارچەیەکی شەترەنج بە هەموو توخمەکانیەوە دزۆرایەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لەلای فرعەونیەکان ١٤٠٠ ساڵ پێش زاین یاری شەترەنج کراوە، ئەگەر چی هەندێك بنەڕەتی یاریەکە بە هیند، یان بە فارس، یان بە چین دەبەستنەوە، بڕوانە عبدالرحمن محفوظ، الشطرنج علما وفنا، لەسایتی: passerby-in time@yahoo.com

(٣) ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا(سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) و.سەعید ناکام، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل١٠٩.

(٤) رابعیە فەتاح شێخ محمد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زاییندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری،هەولێر، ل٣٦٤.

ئەوەی کە یاری شەترەنج تەنیا لە پێناوی خۆشی و کات بەسەر بردن نەکراوە، بەڵکو لایەنی براوە داواکاری هەبووە، بۆیە خانی دەڵێ:

ئەنجا مێ تەککەللوم و خەبەردان
کێشا کو ب شەطرەنج ونەردان
میرگۆتە مەمێ ب کین و کەربە
ئیرۆمە دگەل تە جەنگ و و حەربە....... ل١٧٦

هەروەها دەڵێ:

شەرطێ مە د گەل تە ئەی سەرەفراز
هەرچی تە بڤێ ژ بۆمە دڵخواز.... ل١٧٦

لەم دیمەنەدا خانی باسی دوو (تیپ دەکا، کە هەردوو تیپ ئامادەن بۆ رووبەرووبوونەوەی یەکتر و هێرش کردنە سەریەك، ئەم دیمەنەشی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی ئەو ململانێ ناوخۆیی و دەرەکیانەی کەسێتیە سەرەکی و لاوەکیەکانی نێو داستانەکەی وێنا بکات)[(١)]، مەم یاری دەکات بۆ ئەوەی (زین) بباتەوەو (میریش) یاری دەکات بۆ ئەوەی (مەم) لەخشتە بەرێ، سەرەتا (مەم) دەباتەوە، بەڵام بەهۆی فێڵی (بەکر) ەوە (میر و مەم) جێگاکانیان دەگۆڕن. خانی دەڵێ:

میر رابو و چو جیهێ مەمێ ژار
مەم هاتە جیهێ ل پێشڤە دلدار
چاڤێ دمەمێ کو دین روویێ زین
مفت دانە ژ دەست خوە فیل وفەرزین
دل مایە ل پەنجەرەو شباکان
هەسپێ خوە ددا ل جێی پەیاکان
میر بر ژ مەمێ تەمام شەش دەست
مەم بو ژ مەیا ژ پێشڤە سەرمەست ..... ل١٧٧

لەم دێڕانەدا خانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە یاری شەترەنجدا وردەکاری وئاگایی زۆر گرنگە، چونکە کە مەم مەشغولی دیتنی (زین) دەبێت، ئاگایی لە یاری نامێنی و فیل وەزیرەکەی لە دەسەت دەدا، کە فیل وەزیریش رۆیی و ئەسپیش بەرامبەر سەربازەکان (پەیاکان) لەدەست چوو ئیتر پشتی یاریەکە دەشکێ و دۆڕان مسۆگەر دەبێت، ئەوەی لەم دێڕانەدا ئاماژەی بۆ کراوە ئەوەیە، کە (مەم یاری دەکا بۆ بردنەوەی (زین)، بەڵام (زین) دەبێتە هۆی دۆڕانی (مەم)، کە (زین) لە پەنجەرەوە دەردەکەوێ و مەم دەیبینێ (مەم) یاریەکە دەدۆڕێنێ و لەئەنجامیشدا خۆشەویستیە دونیاییەکە لە دەست دەدا)[(٢)]. واتە ئەگەرچی مەم لە یارییە دونیاییەکە دۆڕا، بەڵام پاداشتەکەی لەوە گەورەتر بوو، چونکە خۆشەویستی خوایی بەدەست هێناوە، بەکورتی خانی (شەترەنج) هەم

---

(١) عەزیز گەردی، romeo ad Julie t and mam and zin P71.

(٢) عەزیزگەردی: Romeo and Julie t and mam and zin>p61.

وەکوو بابەتێکی کولتووری، هەم وەکوو تەکنکێکی هونەریی لە (مەم وزین) دا بە سەرکەوتوویی بەکارهێناوە.

٦-خەتو جۆری نووسین لەمەم وزیندا:

لەسەردەمی خانیدا ئەو ئەلف و بێیەی، کە زمانی کوردی بەکاری دەهێن،ا ئەو ئەلف و بێیە بوو، کە پێی دەڵێین ئەلف و بێی عەرەبی و هەتا ئێستاش لەچەند پارچەیەکی کوردستاندا بەکاردێت و پێی دەنووسین، بۆیە شێوازی نوسین و نەخشاندنی ئەم ئەلف و بێیە زیاتر پەیوست بووە بە شێوازەکانی خەتی عەرەبییەوە، جا لەبەر ئەوەی (خۆشنووسی و نووسینیش دوودیوەی یەك دراون) [1]. بۆیە ئەوەی کە خەریکی نووسین بووبێت، ئەوا شارەزایی لەجۆرەکانی خەت وخۆشنووسی هەبووە، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ وەکو خانی پیشەکەی نووسەری بووبێت، (خانی) بایەخێکی زۆری بە کتێب و کیتابەتو خۆشنووسی داوە و لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی بۆ کردووە. بۆ نموونە:

ئەجزایێ کیتابێ عبشقبازی
صەححاڤ موجەللەدێ مەجازی
شیرازە وجزوەبەندو تەرکیب
ئەڤ رەنگە کرن ب نەظم وتەرتیب.......ل١٩٠

یان دەڵێ:

نەققاشێ صەحیفەیێ حیکایەت
نەققادێ سەبیکەیێ ریوایەت......ل٥٦

یان:

ئەی خامەیێ سەر تەراشێ بە دڕەنگ
بەس نامەیێ خوەش قوماشێ خوەشڕەنگ
روورەش کە ب ناڤێ خەطط و خالان
بەد نام بکە ب بێ و دالان
هندی وەکو خەط غوبار و هورە
ئەوخەط ژ لەگافەتێ نەدوورە
گاڤا کو ژ رەنگێ مەشقێ پڕ بوو
یا شبهەتێ نەسخ و ثولثي گر بوو
ئەو ناسیخێ نوسخەیا جەمالە
بێ رەوەنەق و روهنی یو کەمالە....... ل٢٥٣.

---

(١) احمد شوحان، رحلة الخط العربي من المسند الى الحديث، اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١، ص١٤

لەلای خانی گرنگیدان بە کتیب و ڕێکوپێکی بەشەکانی کتێب و نەخشاندنی بە جۆری خەتی جوان بابەتێکی گرنگ بووە، چونکە خۆی پیشەی کاتبی دیوانی میر بووە، جگە لەوەی (شاعیر) یش بووە، ئەمانەش هەموو هۆکارن بۆ گرنگیدان بە جۆری نوسین، بۆیە دەبینین خانی بایەخی بە جۆری خەتی نووسین داوەو ناوی چەند خەتێکی وەکو (غوبار) * . و (نسخ و ثلث)** هێناوە، بێگومان پێشکەوتنی نووسین و بایەخدان بە جۆری نوسین تایبەتمەندی و سیمای بەرەو پێشچوونی شارستانییەتە، لە لای تاکی کوردیش بایەخدان بە جوانکاری و خۆشنووسی لە پرۆسەی نووسیندا مانای هەبوونی شارستانییەت دەدا، ئەگەرچی سەرچاوەی خۆشنووسییەکەش رۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی بێت، بەڵام لە شارستانییەتی کوردیشدا بە هۆی کاریگەرییەوە رەنگیداوەتەوە و ئێمە لە لای خانی وەکو دیاردەیەك، کە پەیوەستە بە کولتووری نووسینی کوردی ئەو سەردەمەوە دایدەنێن.

٧-کەل وپەلی نان خواردن وجۆری خواردمەنی:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤ (نان) خواردنە، چونکە بیٚ خواردن مرۆڤ ناتوانیٚ لە ژیاندا بەردەوام بێت، بێگومان خواردەمەنی لە لای هەر نەتەوەیەك سروشت و ئاستی شارستانێتی و ئابووری ئەو نەتەوەیە دەخاتە روو، (خانی) یش لە مەم و زیندا هەندێك ئاماژەی پیٚ داوین، کە بەڵگەن لەسەر کولتووری خواردن و کەل و پەلی خورادنی ئەو سەردەمەی شاری کوردی، خانی لە باسکردنەکەیدا زیاتر باسی کولتووری خواردنی شار دەکات و ناچێتە نێو باسی خواردنی گوندە کوردییەکانەوە، هەروەها لە شاریش زیاتر ئەم بابەتەی لە ئاهەنگێکی شاردا، کە ئاهەنگی (ستی و تاژدین)ە چڕ کردوەتەوە، بۆ نموونە دەڵیٚ:

میرگۆ بقوتن دەف و رەبابان
بینن هەمی شرەبەت و شەرابان ل١٠٣

هەروەها دەڵیٚ:

هەر صەحنیٚ مەزن میثالی بوو رجەك
سرەپۆشیٚ لەسەر ژ ڕەنگیٚ دورجەك
هەر تەبسی و یو کاسەیٚد فەغفوور

* غوبار: جۆرە خەتێکە ناسراوە بەوەی کە زۆر باریك و وردەو هەندێك جار نابینرێت و پێویستی بە دووربینە بۆ خوێندنەوەی و لەسەدەی ١٩ ی زایندا دەرکەوت و لەلای هەندێك کەس هەموو خەتێکی ورد و باریك پێی دەڵێن خەتی غوبار، بروانە جان دوست، احمد خانی، ل٤٩١.

** جۆرەکانی خەتی عەرەبی زۆرن، ثلث و نسخ یش لەجۆرەکانی خەتی عەرەبین، خەتی نسخ ئەوخەتەیە، کە زۆر لەخەتی (ثلث) ەوە نزیکە، بەڵام وەکوو (ثلث) زەحمەت نییەو یاخود ئاسانترەو زیاتر نەسخی قورئانی پیرۆزی پیٚ کراوە، خەتی(ثلث) یش بە جوانترین جۆرەکانی خەتی عەرەبی دەژمێردریٚ، رادەی داهێنانی خۆشنووسی پیٚ تاقی دەکرێتەوە و کۆمەڵێك لقی لیٚ دەبێتەوەو کووریحانی، رقاق وثلث جلی وثلثین، ..هتد، ئەم خەتەش زیاتر لە رازاندنەوەی مزگەوت و منارەو گومەت و پێشەکی کتێبەکاندا بەکارهاتووە، بروانە، احمد شوحان رحلة الخط العربي من المسند ال الحديث، ص٥٣-٥٨.

**یەك ئەختەری پڕ ضیایی پڕ نوور**

**جەدی وحەمەلێد ئاسامانی**

**بریان وکەبابێ میهمانی**

**هەرکاسەو تەبسییە ك یەك ئەنبار**

**سەرشار شەبیهێ نەفسی ئەممار**

**ئەنواعی طمام چەرب و شیرین**

**ئەلوانی غەذا ونوقلێ رەنگین**

**ڤان مەشرەب و ئەیاغی چینی**

**دەوران دکرن بەنازەنینی....... ل١٠٥**

**یان دەڵێ:**

**نارنج و تورنج ونارو لیمۆ**

**نەو باوەیێ شاخساریێ مینۆ**

**فانیذ نەبات و قەندو شەککەر**

**ماوەرەدو زەبادو میسك و عەنبەر**

**هندان د کرن مەعیددە غاذە**

**هندا د کرن دیماغ تازە**

**مەجمەر گەڕییان بە عود و عەنبەر**

**بون جوملە مەشامێ جان موعەططە ر...... ل١٠٥**

**خانی لەم دێرانەی سەرەوەدا دیمەنی خوانێکی گەورەیی ئاهەنگی کوردەواری بۆ وێنا کردووین و هەولیداوە وێنەکەی تەنها وێنەیەکی فۆتۆگرافی نەبێت، بەڵکو وێنەیەکی واقیعی بێت، جوڵەو هەستی تیایدا بەشدار بن، چونکە ئەو تەنها باسی دیمەنی نان خواردنەکە ناکات، بەڵکو جوڵەو بۆنەکانی نێو خوانەکەشی بۆ وێناکردوونی، لە باسی کەل وپەلی نان خواردندا (خانی) ئەم ناوانەی (سەحن، تەبسی و کاسەوە فەغفوورو ئەیاغ (کاسکێ شەراب پێ ڤە خوارنێ) و مەجمەری بەکارهێناوە، دیارە کورد لە بواری دروستکردنی قاپ و قاچاخی چێشتخانەدا دەسەڵاتێکی باڵای هەبووەو ئەولیا چەلەبی ئاماژەی بۆ ئەم پیشەیەی نێو بازاڕی شارە کوردییەکان کردووە، بۆ نموونە لەباسکردنی بازاڕی دیاربەکردا دەڵێ: (مزگرەکانیان لە دروستکردنی قاپەکاندا و زێڕنگرەکان لە کاری زێر و بەردی بەنرخدا بێ وێنەن) [1]. واتا لەنێو شاری کوردیدا کولتووری قاپ وکەل و پەل دروستکردن بوونی هەبووە.**

**خانی لەبابەتی ناوی خواردن و خواردنەوەش، کۆمەڵێك ناوی بۆ هێناوین وەك (شەربەت، شەراب، کەباب، بریان و طە عامي چەرپ و شرین و نوقڵ و نارنج وتورنج و هەنار و فانیژەو**

---

**(١) ئەولیا چەلەبی، سایحەتنامە، ل٤٩.**

نەبات و قەندو  شەکەر، وماورد) جگە لە کێشانی دیمەنی خواردنەوەکان باسی ئەو بۆن و بەرامەیەی نێو خوانەکە دەکات، کە چۆن بۆنی مسك و عەنبەرو بۆنی داری بۆنخۆشی سووتاوی نێو مەقاڵەکان (مەنقلی)  دەووربەرەکەیان پڕ کردووەتەوەو ئەم دیمەنەی خانی جگە لەوەی کە وێنەیەکی کولتووری خوانی ئەوسەردەمەیە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندی دەسەڵاتدارەکانی شاری جزیرەو دەسڕۆیی میرو توانای شار لە دابینکردنی ئەو هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەو کەل و پەلە،  دەشێ یەکێك بڵێت ئەم وێنەیە وێنەی  خوانێکی کوردی رەسەنی نێو کۆمەڵگای کوردەواری نییە،  ئەوگوتەیە راستە، بەڵام ئەمە دیمەنی شارە،  شاریش واتا تێکەڵاویی و هەمەرەنگی بۆیە وردەکولتوورەکان تیایدا کۆدەبێتەوەو یەکدەگرێ و لە فۆرمێکی تازەدا دووبارە خۆی دووپات دەکاتەوە و کولتووری شار بە رجەستە دەکات.

٨-چەك:

سروشتی ژیانی تاکی کورد وای کردووە، کە کورد لەگەڵ (چەك) دا سەروبەندی زۆری هەبێ و هەر لە کۆنەوەش  گوتوویانە ((کورد زۆرئاشقە چەك و سیلاحن و... نیشان شکێنی چاك و دەستڕاستن و ئەگر بووز (جۆرەچەکێکە) زۆر چاك بەکاردێنن)) [1].
بەپێی گوتەکانی (ئەولیاچەلەبی)یش بێت، هەندێك لە شارە کوردییەکان بە دروستکردنی چەك ناسراون بۆنموونە دەڵێت ((لەدیار بەکردا ئەو شیرو دەمانچەو قوڵنگ وتەور وتەورەزین و خەنجەر و رمب و نوکە تیرانەی دروست دەکرێن، لە دنیادا بەناوبانگن)) [2]. خانی هەوڵیداوە ئارەزووی تاکی کورد بۆ (چەك)  لە ڕێگەی تاژدین و براکانیەوە باس بکات. بۆنموونە دەڵێ:
تاژدین ومەم،لەبارەی دوو کوڕە بێگانەکە (ستی وزین)ەوە، لە ئاهەنگی نەورۆزدا، لە(خدر)ی ڕێپیشاندەر دەپرسن:

وان گۆ کوب شیروشەشپەرن ئەو
یا ن ب خەندەنگ و  خەنجەرن ئەو
وی گۆ: گو ب غەمزەو ب ئاوڕ
خەلقی د کوژن وەکی ب کێبر –ل٧٣

لێرەدا خانی ناوی شیر وشەش پەر و خەدەنگ و خەنجە رو کێبر) * ی هێناوە، کە ئامێری شەڕن و لەلای تاژدین و مەم دەیکاتە سیفاتی لاوی قارەمان وئازا.

---

(١) و.شوکر مستەفا،کوردو کوردستان لە نیگای چەند گەریدەیەکی رۆژئاواییە، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٣.
(٢) ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە)ل٤٩.
* شەشپەڕ: گورز، گۆپاڵی سەر بە بزمار، خەدەنگ، تیر، کێبر، سەرتیری دەم پان، بروانە: هژار، مەم وزین، ل٧٣.

**هەروەها لە دیمەنی هەوڵدانی تاژدین وبراکانی بۆ رزگارکردنی مەم، خانی لەسەر زاری(عارف) هوە دەڵێ:**

**یاقنج ئەوە ئەم صبە سوار بین**
**هەرسێ ب سیلاح و کارو بارین**
**چارانەو جوشەنان د بەرکەین**
**زەندانەو مەغفەران ل سەرکەین**
**گورزان بهەژین رمان ببازین**
**ئەڤ رەنگە مەمێ ژمیر بخوازین-ل١٩١**

**(سیلاح وچارانەو جوشەنان و زەندانەو مەغفەران و گورزان ورم) [*] ئەمانە هەمووی کۆمەڵە ئامێرێکن لەشەڕدا هەندێکیان وەکو جل و بەرگی شەڕ لەبەر دەکرێن، هەندێکیان ئامێری شەڕکردنن، بێگومان بنەچەو رەچەلەکی ئەم کەل وپەلانەی کە(خانی) باسی دەکات، هەر یەکەو لەجێگایەکەوەیە، بەڵام لەکۆتاییدا گشتی بە یەکەوەو لەلای تاکی کورد کۆبوتەوەو وێنەیەکی کولتووری تاکێکی شەڕکەری کورد بە تەواوی تفاقەکانیەوە بۆ بەرجەستە کردووین.**

---

**[*] چارانە: جۆرێکە لەبەرگی شەڕ، کە چوار پارچە ئاسنی مشتومالداروی لە مەخمەر گیراو لەبرسینگ و لەسەر پشت دەبەستران، جەوشەن: زینی بە ئەڵقە، زەندانە: ئاسنێکە زەند دادەپۆشێ، مەغفەر: کلاوی ئاسنین، هەژار، مەم وزین،ل١٩١**

## تەوەری دووەم/ سیستەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە (مەم وزین) دا:

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە تەنها ناژێت و کە بە یەکەوە دەژین کۆمەڵگا پێك دێنن و((ئەومرۆڤانەی پێکەوە دەژین هەڵسوکەویتان وەك یەك لێدەکەن، چالاکیەکانیان چالاکی چەند مرۆڤێکن، کە پێکەوە پەیوەندیان هەیە))[1] و زۆربوونی ژمارەی ئەو تاکانەی بە یەکەوە دەژین وا دەکات، کە کۆمەڵگای گەورە دورست بێت، ئەم کۆمەڵگایەش لەڕێگای سیستەمێکەوە خۆی دەپارێزێ و هەر کۆمەڵگایەك لەدنیادا خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و یاساو دەستووری تایبەتی خۆی هەیە و جۆرە پەیوەندییەکی دیاریکراو لەنێوان تاك و چینەکانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، ئەوەی لەم بابەتەدا بە لای ئێمەوە گرنگە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی نێو سیستەمی کۆمەڵگای کوردییە، ئەو کۆمەڵگایەی، کە (خانی) باسی دەکات، (خانی) ((رای خۆی لەبارەی دیاردەی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕیوە و هەڵوێستێکی بەرامبەری هەبووە، کە لەگەڵ بیری سەرکەوتوو روانینی واقیعی قووڵدا دەگونجێ و لە هەندێ لەم بینینانەدا پێش کەسانی تر کەوتووە))[2]

لێرەدا روانینی خانی لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو سیستەمی کۆمەڵگای کوردی لە دووخاڵدا چڕ دەکەینەوە:

ا-سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگای کوردی لە مەم وزیندا

ب-پەیوەندی خزمایەتی لەمەم وزیندا.

### أ-سیستەمی چینایەتی کۆمەڵگای کوردی لە مەم وزیندا:

کۆمەڵگای شاریی کوردی وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکە، دابەشی سەر چەند چین و توێژێك دەبێت. ئەم

دابەشکردنەش دەشێ لەسەر بنەمای ئاستی کۆمەلایەتیو خانەوادە و فەقیری و دەوڵەمەندی و کاروکاسبی و پیشەو خوێندەواری بێت، بەگشتی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی دابەشی سەر چەند چینێك دەکرێ، لەوانە ((چنیی یەکەم: پێغەمبەرو ئەولیاکان، چینی دووەم: سوڵتانە بەتواناو پادشایە گەورەکان، چینی سێیەم: زاهیدو خواپەرستەکان، چینی چوارەم: پیاوانی دەوڵەتی و سەرکردەی سوپاکان، چینی پێنجەم: خاوەن پیشەکان))[3].

خانیش لە (مەم وزین) دا، چەندین چینی کۆمەڵایەتی جیاکردوەتەوەو لەوانە:[4]

١.چینی چەوسێنەوە،چینی سەرەوە: کە میر و وەزیرەکانی وفەرمانبەرە بەرزەکان و کەس وکاریان ئەگرێتەوە....هتد.

---

[1] . پیتەرکلۆس، ئەنترپۆلۆژی کلتووری، ل٤٨.

[2] . عزالدین مستەفا رەسول.١٤٢

[3] رابیعە فەتاح شێخ محمد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زاییندا،ل٣٤٩.

[4] . هیوا عومەر ئەحمەد،زۆرانبازی چینایەتی لە مەم وزیندا،گ.نووسەری کورد،ژ٧،خولی دووەم ،تەموزی١٩٨١،ل٢١

٢.چینی چەوساوە، چینی ژێرەوە،کەرەش وروتی نێو کۆمەڵ و وردە فەرمانبەری وەکوو مەمی دیواندار وبەکری دەرگەوان ئەگرێتەوە.
واتە دیاردەی چینایەتی لەنێو مەم وزین دا، بە ئاشکرا دیارەو زۆرجار کاریگەری هەبووە لەسەر بونیادی کەسێتی و رووداوەکانی نێو مەم وزین بۆ نموونە:
خانی لەسەرەتاوە وەسفی چینی میرزادەکان دەکات، لەڕێگای باسکردنی میر (زێندین) و هەردوو خوشکە کەیەوە و لەم باسەشدا هەندێك ئاماژە هەیە بەجیاوازی چینایەتی وەکو:
صەحنا حەرەمێ ژنازەنییان
جەننەت تژی بوو ژ حوری عەینان
حووریێ وی د جەننەتێ گەلەك بون
غیلمان وی د حەضرەتێ مەلەك بوون .....ل٥٨
لێرەدا خانی باسی کولتووری نێو کۆشك و تەلاری پاشا دەکات و لەڕێگای کۆشکەوە باسی چینی خزمەتکاروکارەکەر دەکات، ناوی (حوری وغیلمان) ی بۆ بەکارهێناوەو دەشێ مەبەستی لە حوری تەنها ئافرەتی کارکەر نەبێت، بەڵکو مەبەستی جاریە بێت.
خانی لەباسکردنی جوانی (ستی وزین) یشدا دەڵێ:
گەرشێخن و گەر مەلا و میرن
دەروێش وغەنی وگەر فەقیرن
کەس نینە نەطالبێ جەمالێ
کەس نینە نەراغیبێ ویصالێ –ل٦١.
لێرەدا مرۆڤەکان دابەش کراون بۆ سەر چەندین توێژ، لەوانە (شێخ، مەلا، میر، دەروێش، دەوڵەمەند و فەقیر) ئەگەرچی لە فۆرم و لە ناوەڕۆکیشدا ئەم توێژانە جیاوازن، بەڵام خانی لە کۆتاییدا هەمووی کۆدەکاتەوەو جیاوازی ناهێڵێ لەنێوانیاندا، ئەویش لەڕێگای بە مرۆڤ بوون، واتە هەبوونی خەسڵەتی مرۆڤایەتی هاوبەش لەنێو ناخی هەر تاکێك لەم تاکانە، کە لە کۆتاییدا وا دەکات هەموویان ئارەزووی جوانیان تیادا بێت و هەموویان ئارەزووی بەیەکگەشتنیان تیادا بێت، جا بەیەکگەیشتنەکە گەیشتن بێت بەخودا لە ڕێگای خۆشەویستی خواییەوە، یان گەیشتن بێت بە ئارەزووەکانی دنیا، چونکە (خانی) جوانی و بەیەکگەیشتنەکە لە ڕێگای (ستی و زین) ەوە باس دەکات، (ستی وزین) یش دوو رەمزن (ستی) رەمزی ئارەزووەکانی ژیانەو (زین)یش رەمزی خواپەرستی و پاکیزەییە لەدنیادا.
خانی لەچەندین دێری نێو مەم و زین دا، ئاماژەی بۆ دیاردەی چینایەتی کردووە، هۆکاری ئەمەش دەشێ زەقی ئەو دیارەدەیە بێت لەوسەردەمەدا، بۆیە هەر جارەو لە روویەکەوە کۆمەڵگای دابەش کردووە، لەباسی (تاژدین ومەم) دا دەڵێ:
هەر چەند کو بێ حەدو قیاس بوون
عامی یو خوادم و خەواص بوون–ل٦٤

خانی لەم دێڕەدا  هەرەمی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی دروست کردووە، کە (عامی) خەڵکی رەمەکی لە ژێرەوەی هەرەمەکەدان پاشان (خەوادم) خزمەتکاران ئینجا لە لووتکەدا چینی (خواص) تایبەتەکان کە چینی میرەکانی دەگرێتەوە.

هەروەها ئاماژەی بۆ گرنگی رەگ‌و رەچەڵەکی خانەوادە کردووە،  لەباسکردنی (تاژدین) دا هاتووە:

تاجدین د گوتنێ جەوانەك

کۆ درەزێ زەمانە پەهلەوانەك

ئەسلێ و نەسەب وحەسەب عەیان بوو

سەر دەفتەر و  سەروەرێ کواڕان بوو.....ل٦٤

یان دەڵێ:

تاژدین وە لەدێ و زێری دیوان

مەم ژی خەلەڤ دبیرێ دیوان.....ل٦٦

بابەتی رەگ و رەچەڵەك لەسەردەمی (خانی)یدا پێدەچێ زۆر گرنگ بووبێت، بۆیە دەبینین لەباسکردنی (تاژدین)دا، کە کوڕە وەزیرە باسی(ئەسلێ و نەسەبە و حەسەب) ی دەکات،  بەڵام بەو وردەیە باسی (مەم ناکات، ئەگەر چی (مەم) پاڵەوانی سەرەکییە لەداستانەکەدا، بەڵام (مەم) وەکوو (خانی) یە (پیلەوەرە نە گوهەریە خود رستەیە نە پەروەرییە)،  بۆیە لەباسکردنی (مەم) دا، تەنها دەڵێ کوری دبیرێ دیوانە و هیچی تر لەبارەی خانەوادەکەیەوە ناڵێ:

خانی سیستەمی چینایەتی نێو کۆمەڵگا، تەنها لەنێو چینەکانی کۆمەڵگادا باسنەکردووە، بەڵکو ئەم کولتووری چینایەتییە گواستوەتەوە بۆ ئاسمان و ئەستێرەکانی پێ دابەش کردووە، مرۆڤەکان ئەستێرەکانیش فێری چینایەتی دەکەن، (خانی) یش ئاگاداری دابەشکردنی ئەستێرەکانە، بۆیە لەسەرەتای ئاهەنگی نەورۆز،  کە باسی دەورەی  فەلەك و هەسارەکان دەکات،  دەڵێ:

هەن کاتبن ئەو هنەك د ئوستاد

هەن موطریبن ئەو هنەك د جەللاد

هن رۆژپەرست و هن شەبئەفروز

هن غوصصە رەڤێن وهن غەم  ئەندوز  ل٦٧

بەپێی بۆچوونی فەلەکناسە کۆنەکان (هەسارەی عەتارد پێی دەگوترێ(کاتب)، زوهرەش (مطریب)،  بەڵام (مەریخ)(جەلاد) ە،  چونکە شەرانگێزی و ئافات دێنێت، ئەستێرەکان هەندێکیان رۆژ پەرستن هەندێکیان رووناککەرەوەی شەو،  هەندێکیان ئەستێرەی بەختن و هەندێکیان ئەستێرەی بەد بەختین) [1].

---

(١) جان دوست،احمدی خانی، شاعیر، مەم وزین، ل١٨٨.

**واتا  چۆن کۆمەڵگا لە کۆمەلێك چین و توێژ پێك دێت، بە هەمان شێوە گەردوونیش بریتییە لە کۆمەڵگایەکی گەورە و هەر  ئەستێرەیەك بە پێی ئەرکەکەی چین و توێژەکەی دیاری دەکرێت، خانی فەلەکناسیش ئەم راستییەی زانیوە،  بۆیە باسی کولتووری  کۆمەلایەتی ئاسمانمان  بۆ دەکات.**

**بێگومان دیاردەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك داب و نەریت و کۆمەڵێك جێکەوتی لێدەکەوێتەوە، زۆر جار ئەم دیاردەیە چینایەتی کاریگەری لەسەر رەفتاری مرۆڤەکانیش دەکات،  خانی لەم (مەم وزین) دا، ئەم بابەتەشی فەرامۆش نەکردووە، بۆنموونە لەدیمەنی چوونە نەورۆزدا دەڵێ:**

**هندەك ب پەیایی چوونە باغان**
**هندەك ب سواری چوونە راغان**
**هندەك ب تەبایی  و ب کەثرەت**
**هندەك ب هەڤالی و ب وەحدەت   ٦٩ ل**

**لێرەدا چینایەتی کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا کردووەو جیاوازی خستوەتە نێوانیان، چونکە خەڵکی عەوام بە پێ دەچنە نێو باغ و خەڵکی دەوڵەمەندیش بە ئەسپ واتا لەنێو سەیرانەکەشدا، چینایەتی دوو دیمەنی جیاواز دروست دەکات،  هەروەها خانی لەم دوو دێرەدا، لە ڕووی دەروونییەوە باسی دوو جۆر مرۆڤ دەکات، مرۆڤێکی کۆمەلایەتی، کە دەتوانێ پەیوەندی کۆمەلایەتی ببەستێ و تێکەلێ خەڵکی ببێت و لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بەیەکەوە بچنە سەریان و مرۆڤێکی دیکەی ناکۆمەڵایەتی، کە پەیوەندی  کۆمەڵایەتییەکانی سیستە، بۆیە تووشی تەنهایی و نامۆبوون بووە و لە سەیرانی نەورۆزیشدا هەر تەنهایە و ناتوانێ تێکەڵاوی کۆمەڵگا بێت.**

**زۆر جار جیاوازی چینایەتی دەبێتە هۆی لێکترازانی خۆشەویستییەکان، چونکە لەنێو کۆمەڵگای چینایەتی دا نەریت وادەخوازێ، کە لەنێو ئەندامانی یەك چیندا خۆشەویستی و هاوسەرگیری دروست بێت،  بۆیە (مەم) دەڵێ:**

**ئەو شاهە ئەگەرچی ئەز گەدامە**
**ئەلطاڤ شەهنشەهانە عامە**
**ئەز بەندە نەلایقی ویصالم**
**خورسەندە بصورەتێ خەیاڵم–  ل٩٧.**

**واتا  مەم هەر لە سەرەتاوە گومانی لە گەیشتنی بە خۆشەویستییەکەی هەبوو، چونکە درکی بە جیاوازی چینایەتی نێوان خۆی و (زین) دەکات، ئەگەرچی لە گیرانەوەکەدا، (بەکر)دەبێتە هۆی**

لەیەك جیاكردنەوەیان، بەلاّم لە هەندێك ئاماژەدا خوێنەر هەست دەكات، كە جیاوازی چینایەتی نێوانیان رۆڵی هەبووە.
لەنێو چینەكانی كۆمەڵگای ئەوسەردەمەدا، خانی بابەتێكی تریش دەورووژێنیٚ، ئەویش بابەتی كولتووری پارە پەرستییە، لەنێو هەموو كۆمەڵگایەك كەسانێك هەن، كە خۆشەویستییان بۆ پارە بابەتە مرۆڤایەتییەكانی لەبیر بردوونەتەوە، خانی لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤانەدا نییە، لە دوو شوێنی داستانەكەدا ئاماژەی بۆ ئەو كولتوورەی كردووە:

یەعنی ژ طە مەع دراڤ ودینار
هەریەك ژ مەرا وەبوونە دڵدار
گەرعیلمیٚ تەمام بدی ب پۆلەك
بفرۆشی تو حیكمەتیٚ ب صولەك
كەس ناكەتە مەیتریٚ خوە جامی
راناگرتن كەسەك نیظامی
وقتیٚ كو مە دی زەمانە ئەڤ رەنگ
فیلجوملە ل سەر دراڤیٚ بوو جەنگ–ل٤٧

پێی دەچیٚ هەندێك لە چینەكانی (بایەزید)، كە خانی لەویٚ ژیاوە، دینارو سامانیان خۆشویستی بیٚ و پارەیان لەلا گرنگتر بوویٚ لە زانست، بۆیە خانی بە داخەوەو باسی تەماحكاریی خەڵكەكە دەكات هەروەها، (ژان باتیست تەڤێر نییٚ) رۆژهەلاّتناس و گەریدەی فەرەنسی لە بارەی خەڵكی (جزیرە)وە گوتوویەتی ((بەهیچ شێوەیەك و لە هەموو جیهاندا، ولاّتێك نییە، بەقەد خەڵكی ئێرە(جزیرە) زێر وزیو هەڵبگرن، كە بەئاستەم هەست بە كەمی و نەبوونی بچووكترین شت بكەن، بەتایبەتی بەرانبەر بە پارەو دراو خەڵكەكەوە، كە بە زەحمەت خۆیان پیشان دەدەن))[(١)].
لە مەم وزیندا، چەند ئاماژەیەك هەیە بۆ زۆری سەروەتو سامان و زێروزیوی خەڵكی جزیرە، بۆیە دەشیٚ، ئەم رایەی تاڤێرنییٚ راست بێت، بەلاّم خانی لەگەڵ پارە پەرستی نییە لە هیچ شوێنێك نە لە جزیرەو نە لەبایەزید و لەدیمەنی سووتانی ماڵی تاژدین دا دەڵیٚ:

ماڵی مەحبین تو ئەی نكونام
حوببا وی دكەت مرۆڤی بەدنام
زینهار مەبە ل مالیٚ حاریص
لەورا كو دبن ژ دەست تە واریث
جەمعا وی ژ بۆ تە باریٚ زەحمەت
تەركا وی ژ بۆ تە ناریٚ حەسرەت–١٧١
هەروەها دەڵیٚ:

---

(١) .موحسین ئەحمەد عومەر، سەفەرنامەكەی ژان باتیست تاڤێرنی و چەند سەرنجێك دەربارەی كتێبی مێژووی كورد لەسەدەی ١٦ی مەدا، گ. رامان، ژ٢٨، تشرینی یەكەم، ١٩٩٨، ل٤٠.

هێژا کو خوەشی  تەلەف بکە مال
بیلوجملە بدە ب حوسنێ ئەعمال
یان صەرف بکە میثالی تاجدین
پێ ناڤێ ئەبەد ژ بۆ خوە بیستین-ل١٧١

واتا خانی لەگەڵ پارەکۆکردنەوە و پارە پەرستی نییە، چونکە لە ئەجامدا دەبێت، ئەو پارەیە بۆ وەرسەکانت بەجێ بێلیت و خودا دەزانێ وەرسەکانت چۆن دەبن، جا باشتر وایە، کە لەژیاندا بی پارەکانی خۆت لەپێناوی کاری خێردا سەرف بکەیت، بۆ ئەوەی لەو دینا بێ سەرمایە(موفلیس) نەبێت، یانیش وەکوو تاژدین کارێکی پێ بکە، کە هەتا هەتا ناوت لەسەر دنیا بمێنێ، ئەم کارەی تاژدین نەك تەنها تۆماری پیاوەتی (پیاوەتی تاژدین) بوو لەسەر دنیا، بەڵکو کردارێك بوو بۆ ئەو دنیا، چونکە من (ستر مؤمننا ستره الله في الدنیا والاخرة) . (تاژدین) یش دوو موسلمانی پاراست و بەد ناویانی نەکرد.

## ب-خزمایەتی لە مەم وزیندا:

یەکەم هۆکار کە مرۆڤەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و لەچوارچێوەی خانەوادەو کۆمەڵگادا کۆیان دەکاتەوە رەچەڵەك وخزمایەتییە، خزمایەتی (( پەیوەستیبوونێکی دان پێدانراوە، لەڕووی کۆمەلایەتییەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای خوێنو رەچەڵەك لەنێوان باوك و دایك و نەوەکان دەوەستێ، وە لەنێوان براوخوشکیشدا، هەروەها دەبێتە پەیوەستبوونێکی گریمانەکراویش وەکو ئەوحاڵەتەی لەنێوان تاکە کەسانی کۆمەڵەی خزمانی گەورەدا نموونەی خێل و هۆز بەدی دەکرێت ))[(١)]. کەواتە خزمایەتی شێوەی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات، بەلام تەنها خزمایەتی  بایەلۆژی وخزمایەتی لە سەر بنەمای رەچەڵەك پەیوەندییەکانی نێوکۆمەڵگا دروست ناکات، بەڵکو لە کۆمەڵگای گەورەدا و بەتایبەتی کۆمەڵگای شاردا کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هەیە، کە مرۆڤەکان  بەیەکەوە دەبەستێتەوە وەك: برادەرایەتی و ئیش و کارو بەرژەوەندی وهتد...،  خانی لە(مەم وزین) دا، خزمایەتی بایۆلۆژی وەکو تەنها بنەمایەکی سەرەکی هەمو پەیوەندییەکانی پێوەنەلکاندوە، بەڵکو لە بری پەیوەندی بایۆلۆژی نێوان کەسەکان پەیوەندەییەکی دیکەی بەرز نرخاند کە، پەیوەندی برادەرایەتی نێوان (مەم وتاژدین)ە ئەگەر چی پەیوەندی خزمایەتی بایۆلۆژی فەرامۆش نەکردووە، بەتایبەتی ئەم دیاردەیە لە پەیوەندی نێوان (تاژدین وعارف چەکۆ) کەسێ بران بە دەردەکەوێ، هەروەها لە پەیوەندی نێوان (ستی و زین) و(زین) لەگەڵ میر زینەدینی برای دا دەردەکەوێ. بۆ نموونە (زین) لە وەسێتەکەیدا بە تەواوەتی وەفاداری و بە ئەمەکی بۆ خوشك و برایەتی نێوان خۆیی و میردا دەردەخا و دەڵێ:

---

(١) رێبین رەسول و دیار عەزیز، ئەنترۆپۆلۆژیا، چ١، دەزگای رێبین، ٢٠٠٤، ل٢٥٢.

**رونیشت و وەصییەتا خوە بۆ میر**

**ئەڤ رەنگەهە کر بەیان و تەقریر**

**کەی پادشەهێ روحان و قەلبان**

**هەمشیرە بوویی فیدا و قوربان**

**قوربانێ تەبن هەرۆ دوو صەد زین**

**ئەز هێڤی دەکەم نەبی تو غەمگین–ل٢٠٨**

**لەم دێرانەدا، خانی وەفاداری (ئافرەتی) کورد بەرامبەر بە خانەوادەکەی و بەتایبەتی براکەی وێنادەکات، ئەو کولتوورەی ئافرەتی لەسەر پەروەدە دەکرێ، لەرێگای (زین)ەوە بەرجەستە دەکات، بۆیە دەبینین ئەگەرچی (میر) دژی ویستەکانی (زین) بوو، بەڵام زین خۆی دەکا بە قوربانی ونزای خۆشگوزەرانی بۆ دەکات.**

**لە دیمەنی برایەتی نێوان (مەم و تاژدین) یشدا برایەتیو دۆستایەتی نێوان (مەم و تاژدین) لە خزمایەتی مام و براو باوك بە گرنگتر دەزانێ و ئەم دوو پەیوەندییەش بە هاوشانی یەکتر نازانێ بۆ نموونە لە دیمەنەکەدا بەم جۆرە باسی برایەتی نێوان تاژدین و مەم دەکا:**

**تاژدین دووبرا هەبوون د قەللاش**

**ما نەندێ دووشاهبازێ جەمماش**

**دایم دلی دژمنان د صۆتن**

**یەك عارف و یەك چەتۆ د گۆتن**

**ئەمماوی ژ جوملە خاص وعامان**

**ژەو چەندە براو باب و مامان**

**لاوەك کربوو برا ژ بۆخوە**

**نێ ئەز غەلەطم چرا ژ بۆ خوە–ل٦٦**

**یان:**

**مەم ژی ل وی عاشقەك تەمام بوو**

**نەشبهێ برا وباب ومام بوو**

**هەرچەند برایێ ئاخیەت بوون**

**تەدگۆ کو دنێ وئاخیرەت بوون ل٦٦**

**یان دەڵێ:**

**یارەك تە هەبت مەگەر و ەبێتن**

**گەردێ وەنەبت مەگەر نەبیتن**

**یارێ ب تەرا بتن موافق**

**صەد خزمێ دخاین ومونافیق**

قورابان بکە قەط مەبیَ مخابن
چ دکی ب کەسان کو بیَ وەفابن
قوربان بکە قەط مەبیَژە کینە
بیَ کینە برا ئەگەر ب کینە
یاریَ تە ژ بۆ تەرا برایە
هەم چاڤە ژ بۆتە هەم چرایە ل١٢١

خانی ((گویَی ناداتە ئەوەی کە دەست لە برا وخزمی بیَ ئەمەك هەلَگریَ ، کە ئەمە لەگەلَ بینینی تیرە گەریدا ریَك ناکەویَ، بەلَکوو هەموو دۆستیَکی دلسۆز لەم خزمانە بەباشترە دەزانیَ))[1].

واتا خانی لەگەلَ تیرەگەریدا نەبوو، ئەگەرچی تەعەسوبی قەومی هەبووە بۆ نەتەوەکەی، بەلاَم لەنیَو چوارچیَوەی نەتەوەکەیدا وەکو چۆن لە دیباجەکەیدا داوای یەکریزی دەکا، بەهەمان شیَوە داوای نەهیَشتنی دیاردەی خزمایەتی و عەشیرەتگەری دەکا، چونکە ئەم بابەتانە دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەندامانی کۆمەلَگا و نەتەوە لەیەکتر و کولتووری پابەندبوون بە نەتەوەیان لەلا دروست نابیَت، بەلَکو کولتووری پابەند بوون بە تیرەیان لەلا دروست دەبیَت، ئەمەش دژی ویستی (خانی)یە.

(١).عزالدین مستەفا رسول، خانی شاعیر...ل١٦٨.

## تەوەری سێیەم/ داب ونەریت وبۆ نەکان لە مەم وزیندا:

داب ونەریت و ڕێورەسمی بۆنەکان بەشێکن لە کولتوور. لە مەم و زیندا ئەم بەشە فەرامۆش نەکراوە و لە چەند دیمەنێکدا ئاماژەی بۆکراوەو باسی لێوەکراوە. ئێمە ئەم بۆنەو نەریتانەی نێو مەم وزین لە چەند بابەتێکدا چڕ دەکەینەوە.

### أ- جەژنی نەورۆز:

لە مەم و زیندا، باسی یەك جەژن کراوە ئەویش جەژنی نەورۆز، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا نەورۆز بەلای گەلانی ئارییدا پەیوەستی ئەفسانەی (زوحاك وکاوە)یە*. بەڵام لە لای خانی نەورۆز ئەم رەهەندەی نییە و بە هیچ شێوەیەك نەبەستراوەتەوە بە رەگ و رەچەڵەکی ئەفسانەییەوە، بەڵکو زۆر واقیعییانە باسی ئاهەنگی نەورۆز دەکات و دەیبەستێتەوە بەسروشتەوە، بەڵام لەنێو کوردەواریدا (نەورۆز) بە کۆمەڵێك داب و نەریتی جودا جوداوە بەستراوەتەوەو کە پەیوەندی بە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوەهەیە**. هەمیشە جەژنی نەرۆز لەنێوان کورد و فارس دا، ململانێی لەسەر ئەنجامدراوە، هەندێك بە هی فارس و هەندێکیتر بە هی کوردو هەندێك بە ئایینی زەردەشتییەوە دەیبەستنەوە، بەڵام خانی وەکوو ئاهەنگ و سەیرانی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو بە گشتی (دانیشتوانی شارو شارۆچکەو قەڵاو گوندەکانی کوردستان لەجەژنی نەورۆزدا بۆ سەیران هاتوونەتەدەرەوە و گوزارشتیان لە بە سەرچوونی بەستەلەکی زستان کردووە و بە ئاگر کردنەوە ئەوپەری دڵخۆشی خۆیان نیشانداوە وئاویان بە یەکدیدا کردووە) [1]،. بەڵام خانی ئاماژە بۆ مەراسیمی ئاگر کردنەوەی نەورۆز ناکات، ئەو باسیی نەریتی سەیرانی نەروزرۆ دەکات و دەیبەستێتەوە بە گۆڕانی وەرزو بابەتە گەردوونییەکانەوەو لە سەیرانی نەورۆزیشدا هەتا ئەو

---

* کورتەی ئەم ئەفسانەیە لەنێو گەلانی ئاریدا، بریتیە لەوەی، کە زوحاکی زاڵم دووسەر ئەژدیهای لێی روابوو، ئەم ئەژدیهایانە زۆر ئەزێیتیان دەداو ئازارێکی زۆری هەبوو، کە هیچ پزیشکێك نەیدەتوانیٚ چارەسەری بۆ بکات، تا ئەوکاتەی کە پزیشکێکی بیٚ ویژدان دەبینیٚ و پێی دەڵیٚ هەموو رۆژ ئەم ئەژدیهایانە بە مێشکی دوو کوڕی گەنج تێر بکە، ئیتر ئازارت نامێنی، ئەویش بە کرداری پزیشکەکە دەکات، رۆژانە جەلادەکەی دوو گەنج دەبا تاکو بیانکوژیٚ و (مۆخی) یان بێنی بۆ زوحاك، بەڵام جەلاد دڵی باش دەبێت، رۆژانە یەکێك لە گەنجەکان دەکوژیٚ و ئەویتر رەوانەی چیاکان دەکات و لەشوێن موخی ئەو، مۆخی بەرخێك دادەنێت هەتا وای لێدێت، لە شاخەکاندا خەڵکێکی زۆر کۆدەبنەوەو (کاوە)یان تێدا هەڵدەکەویٚ و(کاوە) زوحاك دەکوژیٚ و لە ڕێگای ئاگر کردنەوە، نیشانەی سەرکەوتنەکەی خۆی بە خەڵکی رادەگەیەنیٚ. بروانە، انور مایی، الاکراد فی بهدینان، ل١٠٧.

** عەلائەدین سجادی، لەکتێبی کوردەواریدا، چەند داب ونەریتێکی پەیوەست بەجەژنی نەورۆزەوە باسکردووە، لەوانە نەریتی گەنم کردنە ناو ئاو، کڕینی تفاقی ئاگرین وەکو خۆ حازر کردن بۆ جەژنی نەورۆز و هەروەها نەریتێکی دیکە پەیوەستە بە ئەوساتە وەختەی، کە بورجی حوت تیایدا دەگوازرێتەوە، بۆ بورجی حەمەل *کە بە ساتی گۆڕینی وەرزی زستان بۆ بەهار دادەنریٚ و سەرەتای ئاهەنگ گیرانەوەو کۆمەڵێك نەریتی تایبەتی هەیە، لە جۆرێکی دیکەی* نەریتی ئاهەنگ گێرانی نەرۆزدا، سەجادی باسی ئەو نەررۆزە دەکات، کە لەهەندێك ناوچە شەوێك تاجل شەو دەخایەنیٚ و هتد... بروانە، علائەدین سجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعارف بەغدا، ١٩٧٤، ل٥٣-٦٤.

(١) رابیعەفتاح شێخ محمد، کوردستان لەسەدەی پازدەمی زایندا، ل٢٥٨.

شوێنە کە عاشقەکان مەم و زین و ستی تاژدین دەگەن بە یەکیك باسی ئاهەنگی نەورۆز دەکات ئیتر لەوە بەدواوە دیمەنەکە دەگوازرێتەوە بۆ وەسفی روداوەکانی یەکەم ژوانی نێوان ئەم عاشقانە و بە کورتی ئەو تایبەتمەندی و نەریتانەی (خانی) لە نەورۆزی (مەم وزین)دا باسی کردووە، ئەمانەن:

١-نەورۆز سەرساڵە پەیوەستە بە کۆتایی هاتنی زستان ودەسپێکی بەهارەوە و دەکەوێتە مانگای ئازارەو پایبەندیی جوولەکانی ئەستێرەو بورجەکانی گەردوونە و لەباسکردنی ئەستێرە و هەسارەکاندا دەڵێ:

بیلجولمە موصەیقەل و مونیرن
هن پادشەهن هنەك وەزیرن
هندەك ژ تەحەرووکا طە بیعی
ئەو تێنە بنو قطەیا رەبیعی
تەجدید دکن ژ بۆ مە ساڵی
گاڤا وەکو تێنە ئیتعتیدالێ ل٦٧

واتا یەکەم جار کاتی ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز مان بۆ دەستنیشان دەکات وئاماژە بۆ گۆڕانکاریکانی گەردوون دەکات.

٢-خانی لەدووەم هەنگاودا لەسەر زمانی گێڕەرەوە باسی دەسپێکی رێورەسمی سەیرانی نەورۆز دەکات و دەڵێ:

کو عادەتێ پێشییێ زەمانانان
ئەڤ بوو ل هەمی جیه ومەکانان
وەقتێ وەکو شەهسوارێ خاوەر
تەحویل دکر د ماهێ ئازەر
یەعنی کو د هاتە برجێ سەرساڵ
قەط کەس نەدما د مەسکەن ومال
بیلجوملە د چوونە دەر ژ مالان
حەتتا د گەهیشتە پیرو کالان
رۆژا کو دبوویە عیدێ نەورۆز
تەعظیم ژ بۆ دەما د لئەفرۆز
صەحراو چەمەن دکرنە مەسکەن
بەیدا و دەمەن دکرنە گوڵشەن ل٦٨

واتا سەرەتای ئاهەنگەکە بە گەشت و سەیرانکردن دەست پێ دەکا ئەوەی بەشداری ئەم گەشتەش دەکات چینێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو هەمووخەڵکە و بە گەورە و بچووك و ژن وپیا وپیر و پەککەوتەوە , ئەم خەڵکە دەچوونە دەشت و نێو دارستان و سروشتیان دەکرد ئەو ماڵەی کە ئاهەنگەکەی تیادا ساز دەدرێ.

٣-تایبەتمەندییەکی نەورۆز لەلای خانی ئەوەیە، کە یەکەم چینی سوودمەند لەم ئاهەنگ وسەیرانەدا چینی گەنج و تازە پێگەیشتووە، چونکە بوار بۆ ئەوان دەرخسێ بۆ ئەوەی هاوکوفی خۆیان بدۆزنەوە بەڵام بە رەچاوی ڕێگای شەریعەت:

خاصما عەزەب وکەچێ د باکیر
ئەلقیصصە جواهێرێ د نادیر
تێکدا د موزەییەن ومولەببەس
ڤێکرا ل تەفەروجێ مورەخخەص
لاکین نە ب توهمەت وب موننەت
بەلکی ب طە ر یقێ شەرع وسوننەت ل٦٨

واتا چنیی تازە پێگەیشتوان خۆیان دەڕازاندەوەو جلی جوانیان دەپۆشی و بواری یەکتر دیتنیان بۆ دەڕەخسا، ئەمەش دەشێ ئاماژە بێ بۆ ئەوەی کە زۆربەی جەژن و ئاهەنگ و سەیرانەکان لەنێو کۆمەڵگای موحافزکاردا بەکار دهێنرێ بۆ ئەم مەبەستە نەك تەنها لە گەشتدا بەڵکو لەتازیە و بۆنەکانی دیکەشدا ژن وژن خوازی بابەتێکی گەرمی نێو باسەکانە.

٤-خانی نەریتی چوونە سیرەانەکە وێنا دەکات، کە تیایدا هەموو خەڵك بەشدارە، ئەگەر چی زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن لەم دیمەنانەی خانی دا وا دەردەکەوێ کە چینەکانی کۆمەڵگا هەمووی بێ جیاوازیی دەچنە سەیران وگەشت وئەمەش راستە،بەڵام وردە جیاوازیی لەنێوان خەڵکەکە لەچۆنیەتی چوونە گەشتەکەدا هەر دەمێنێ و خانیش چاوی لەو جیاوازیانە نەپۆشیوە و بەوردی باسی دیمەنەکەی کردوو، بۆنمونە هەندێك پیادەن هەندێك سوارن، هەندێك بەتەنها هەندێك بەکۆمەڵ دەچن بۆ سەیران وخانی دەڵێ:

مەبنی ل وێ عادەتێ موبارەك
شەهری یو سوپاهی ب جارەك
باژێر وکەلات وخانی بەردان
تەشبیە ب نەژدییان و جەردان
صەف صەف د مەشینە کوهو دەشتان
رەف رەف د خوشینە سەیرو گەشتان ل٦٩
هەرەها دەڵێ:

هندەك ب پەيايى چوونە باغان
هندەك ب سوارى چوونە راغان
هندەك ب تەبايى وب كەثرەت
هندەك ب هەڤالى و ب وحدەت     ل٦٩

٥-مەبەستى سەرەكى خانى لە نەورۆزدا بەيەك گەياندنى(حبيب ومەحبوب وعاشق ومەعشووقە).بەيەكتر بۆ ئەوەى هاوكوڤ خۆيان بدۆزنەوە دەستپێكردنى ئەو ڕێورەسمەش پێويستى بەڕێگەپێدانى مير بووە بۆيە دەڵێ:
سەرساڵ كو بوو ژ نووڤە مەعموور
مير دايە كوڕى د تازە دەستوور
دەستوور كو بو ژ بۆ وشاقان
رابوون هەمى شبهەتێ عوشاقان     ل٧١

پاشان (خانى) لەديمەنى گشتى ئاهەنگەكەى نەورۆز لادەدا و لەنێو قوڵايى ديمەنە گشتيەكەدا فۆكسى كامێرەكەى دەخاتە سەر يەكێك لە رووداوەكانى نێو ئاهەنگە، ئەويش چۆنيەتى پەيدابوونى عەشقى نێوان (مەم وزين) و (ستى وتاژدين) ە، لەم بابەتەشدا (خانى) باسى خۆ دەماك كردن و جل گۆڕينى كارەكتەرەكان دەكات و راستەوخۆ خوێنەر ئەو پرسيارەى لەلا دروست دەبێت، ئايا ئەم بيرۆكەى خۆ گۆڕێنە چۆن لەلاى عاشقەكان دروست بوو، ئايە ئەم جۆرە خۆگۆڕينە كولتوورێكى ئەو سەردەمە بووە، واتا ئاهەنگى دەمامكداريان گێڕاوە هاوشێوەى ئاهەنگى دەماكداريى رۆژئاوايى يان ئەوە (خانى)ە ودەيەوێ كولتووريى ئاهەنگى دەمامكدار كە پێ دەڵێن (حفلە تنكريە) مان بۆ وێنا بكات، بەڵام ئەگەر واش بێت (خانى) ئەم بيرۆكەيەى لەكوێوە هێناوە؟ ئايە ئەم بيرۆكەيە رەسەنە يان وەرگيراوە؟ وڵامدانەوەى ئەم پرسيارانە بە دوا داچوون وبەڵگەيەكى يەكجار زۆريى دەوێ لەسەر (خانى) و كولتووريى سەردەمەكەى، بەڵام ئەوەى ئێمە لەڕێگاى ئەم دەقەوە بەدەستى دێنين ئەوەيە كە لەكەرنەڤاڵى نەورۆزيى سەردەمانى زوودا، دەشێ خەڵكانێك بەدەمامكەوەو چووبنە ئاهەنگەكە ، هاوشێوەى (ستى وزين) و (مەم وتاژدين).

## ب- شايى و شين

شايى وشين دووبابەتى پەيوەستن بە ژيانى مرۆڤ وكۆمەڵگاوە ئەم دووبابەتە دژ بەيەكن، يەكيان مايييەى خۆشيە ئەوى دى ناخۆشى ، يەكێكيان ئاهەنگ وپێكەنين و بەزمە، ئەوى دى گريان وشين ورۆ رۆيە، يەكێكيان ئاماژەيە بۆ دروست كردنى ژيانێكى نوێ كە ژيانى هاوسەرگيرێتيە ومنداڵى لێ پەيدا دەبێت واتا ژيانى نوێى لێ پەيدا دەبێ، بەڵام ئەوى دى مردنە وكۆتايى هاتنە بەژيان، خانى لە (مەم وزين) دا هەردوو ديمەنى شين و شايى بۆتۆمار كردووين و (لەچەند فەسلێكيشدا

هەوڵ ئەدات دوو تابلۆی شایی وشین نزیکبخاتەوە وە هەموو ئەم تبلۆیانەیە دەچنە ناو باسی وێنەی ئەدەبیەوە) [1].

بێگومان تابلۆکانی شین وشایش پڕن لەداب ونەریت و ڕێورەسمی تایبەتی بەو بۆنانەوە، بۆ یە لێرەا وەکووبەشێك لە کولتوور باسی دەکەین:

ا-شایی:

پرۆسەی هاوسەرگیری یان ژن هێنان چەندین پێناسەی بۆ کراوە، گشتگیرترینیان ئەویە کە ژنهێنان ((یەکێتیەکە لەنێوان پیاو و ژنێکدا یان پیاو ژنان، بۆ ئەوەی پیاو رۆڵی مێرد و ئافرەت رۆڵی ژن بگێڕن وکارەکەشیان پەسەندی کۆمەڵ بێ و مۆرکێکی رەوا هەڵگرێ و هەردوو لاش پەیمان بدەن هەرچی پێداویستی و داخوازیەك کۆمەڵ لەم پرۆسەیەدا بیسەپێنێ بەجێیی بێنن)) [2]. (خانی) لە (مەم وزین) دا ئەم پرۆسەیە لەڕێگایی (ستی و تاژدین) ەوەو باس دەکات و هەنگاو بەهەنگاو بەپێی نەریتی ئەوسەردەمە ئاهەنگەکە وێنا دەکات، یەکەم هەنگاویش کە لەپێش پرۆسەکەدا روو دەدات یەکتر بینیینی (ستی وتاژدین) ە لەئاهەنگی نەورۆزدا وعاشق بوونیانە کە ئەم بابەتە لەهەموو هاوسەرگیریەکدا دووبارە نابێتەوە و زۆر جار لەسەردەمانی زوودا کوڕەکە کچەکەی نەبینیوە و لەڕێگای خزم و کەسەوە بۆیی دەدۆزرایەوە، بەڵام خانی بەهزرێکی کراوەوە یەکم جار خۆشەویستی لەنێوان (ستی و تاژدین) دروست دەکات پاشان ئەم خۆشەویستیە رێگا بۆ پرۆسەکە خۆش دەکات ویەکەم هەنگاویی پرۆسەکەش بریتیە لە خوازبێنیێ کرد، (تاژدین) کۆمەڵی خوازبێنی ئامادە دەکات ودەچنەخزمەت میر:

هندەك عولەما وهن د عادل
هندەك ئومەرا وهن د جاهل
رابوونە ڤە جومەلە چوونە نك میر
ئەڤ رەنگە كرن قەضییە تەقریر ل١٠٢

لە عاداتی کۆنی کوردەواریدا وا باوبووە، کە زیاتر وەفدی خوازبێنیەکە (خەڵکی دیاری نێو گوندبوونە لەگەڵ باوك وبرای زاوا بەسەرکردایەتی (مەلا) دەچوونەماڵی بووك) [3]. بەڵام لێرەدا تاژدین تەناها مەلاو کەسی دیاری نەبردوە، بەڵکوو دەستەیەکی لە چینەجیاوازەکان پێك هێناوە کە بریتین لە: ( عولەما، بێگومان مەبەستی مەلایە، دادپەروەرەکانی نێوکۆمەڵ وئەمیرەکان وهەندێك لەنەخوێندەواران ) ئەم دەستەیە دەچنە دیوانی میر، پاشان خانی شێوازیی گفتوگۆکردنی، نێو

---

(١) .عزالدین مستەفا رسول: احمدی خانی شاعیر.........،ل١٨٢.

(٢) .بەدرخان سندی،کۆمەڵگای کوردواری لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، ل١٠٢.

(٣) نوری یاسین هەرزانی، مقدمە فی الفولکلور،چاپخانەی ئازادهەورامی،کەرکوك،٢٠٠٦، ل٣١.

مەجلیسی خوازبێنی دەست پێ دەکات، که بێگومان سەرەتا بەشانوشەوکەتی ماڵی بووکدا هەڵدەەن:

کەی وا لیبیێ مولك ومال ومیللەت

وەی حامییێ داد ودین ودەولەت

توسایەیێ لوطفی کرد گاری

ئیررۆ ل مه شاه و خوندکاری ل١٠٢

ئەندامانی وەفدکه که لێبونەوه لەباس کردنی شان وشەوکەتی ماڵی بووك، ئینجا هەندێك وەسفی زاواش دەکەن، بەڵام نایگەیننه ئاستی ماڵی بووك و دەڵێن:

تاجدین ئەگەرچی میرزایه

نیسبەت ب ته بەندەیه گەدایه

هاتن کو بکەن ژ دل دوعایێ

فیلجومله دکن ته رەجایێ

تاژدین سیتییێ ژ ته دخوازت

ئەوقول ب چەراغییێ د نازت ل١٠٢

پاش داوا کردنەکه خانی وەڵامدانەوی (میر)مان بۆ باس دەکات، بەڵام له وەڵامدانەوەو هەڵسوکەوتی (میر)دا (خانی) لایداوه لەوێنەی باەویی رەفتاریی کەسوکاری بووك، چونکه میر که رەزامەندی دەنوێنێ خۆیی داوا دەکات که دەف ورەبابه لێبدرێت وشەربەت وشەراب بێت و پشان خۆیی خزمەتی خەڵکەکه دەکات ..هتد، ئەمەش پێچەوانەی رەفتاره باوەکانی خانەوادەیی بووکه که پەیوەندیان به ئاهەنگ گێرانەکەوه نییه ، واتا (میر) به سنگ فراوانی خوازبێنێکەی قەبووڵ کردووه وپێشی خۆش بووه :

میرگۆ کو هەچی وەدیتی لایق

ئەلبەتته ژ بۆ مەرایه فایق ل١٠٢

واتا سەرەتا میر رێز دەنوێنێ بۆ ئاماد بووان لەسەرخاتری ئەوان رەزامەندی نیشان دەدات و پاشان دەڵێ:

هەرچ کو وەکیله بێت وروونت

مەولا کییه؟ خوطبه یێ بخوونت

عەقدا ستییێ مه کر ل تاجدین

ئیجابه ئەڤه قەبووله ئامین ل١٠٣

واتا وەکوونەریتێکی ئیسلامی دەبێت(وەکیل) و(مەلا) وشایەتیش هەبێت، (خانی)ناوی شایەدەکانی نەهێناوه و پاش ئەوەی مەلا مارەیی بڕین، ئیتر ئامادەبووان فاتتحه دەخوێنن ودوعا بۆ بووك وزاوا دەکەن، بەڵام عادەتی ناسراو لەناو خەڵکی ئەوەیه که زاوا دەستی باوکی بووك ماچ

دەكات یان دەستی كەسە بەتەمەنەكانی نێومەجلسەكە ماچ دەكات، بەڵام لێرەدا(خانی) ئەم ئەركەی خستوەتە سەر برای زاوا ودەست ماچ كردنەكە بووە بەپێی ماچ كردن:

فیلحال (چەكۆ) بەزی یو پییێ میر

تەقبیل كر وقەبوولێ تەقریر ل١٠٣

پاشان ئاهەنگ بەفەرمانی میر دەست پێ دەكات :

میرگۆ بقوتن دەف ورەبابان

بینن هەمی شەربەت وشەرابان ل١٠٣

ئاهەنگ دەست پێ دەكات وپاشان خانی وێنەی مۆسیقا و گۆرانی وبەزمی نێو ئاهەنگەكەمان بۆ دەگوازێتەوەو ئێمە لە تەوەریی یەكەمی ئەم بەشەدا، لەبابەتی مۆسیقا باسمان كردووە.

هەر لەسەر عادەتی جاران دەبوو زاوا برازاوەیەكی هەبێ كەئەركی ئامادەكردنی ئاهەنگەكە وچەندین ئەركی دیكەشی دەدرێتە پاڵ، میر (مەم)دەكا بە برای زاوا:

میر خۆندنە پێش مەمۆ وتاجدین

گۆ چەرخە ل من مەمۆ تو شوشبین

ئەو هەرددوو كرن تەمامی مەلبووس

رابوون ب ئەدەب ئەتەك كرن بووس ل١٠٧

میر (مەم) دەكا بەبرای زاواو مەسرەفی ئاهەنگەكە دكاتە ئەستۆی خۆیی لەراستیدا مەسرەفەكە لەسەر ئەونیەو بەڵكوو تەنهاجیهازكردنی بووك لەسەر ئەوە، بۆیە(مەم و تاژدین)یش بەئەدەبەوە داوێنی كەواكەی ماچ دەكەن ئەمەش نیشانەی نەریتێكی دیكەی ئەوسەردەمەیە. ئەوەی باس كرا باسكردنی زاوا بوو ئنیجا دێینە لای بووك وخانی لە دیمەنی بووك ئامادەكردندا ئاماژەیی بۆ چەند بابەتێك كردووە.

١-چەند كەسێك كەپێك دێن لەدایەن وچەند خزمەتكارێك دەچن (ستی وزین) برازێننەوە بەڵام ناتوانن ئەركەكەیان بەجێ بگەیەنین چونكە (ستی وزین) هیچ پێویستیەكیان بەئارایش نیە بەڵكو خودا لەجوانیدا بێ وێنە دروستی كردوون.

بۆیە لەكۆتاییدا بێ هودەدەبن:

ئاخر گەرییان ژ رەنگێ مەئیووس

ئەو مان وحەنا و رەنگ وپابووس

زینەت ژ قەدێدا وان حەبیبان

بە خشینە زەمین طیلا و شیبان ل١٠٩

٢-ستی كە ئامادەبوو، ئینجا باس دێتە سەر جیهازیی بوكێنیی شاهانەی ستی كە نەعەقل ونەهۆش دتوانێ وێنایی بكات مەگەر قەلەمەكەی خانی نەبێت:

ئەنواعیٚ تەجەممول و مەلابیس
ئەلوانیٚ جەواهیر ونەفایس
صەد جاریەو دوو صەد بەنی چوون
زەربەفت لیباس وزەربەنی چوون
ناقە بە قەطار ددوور ب قەنطار
یاقوت ب بار و زەر ب خەروار
خاریج ژ تەعەددودا حسێبان
خاریق ژ تەقەییودا کیتابان
نەدهاتە تەعققول ئەڤ جیهازە
نەدبوون موتەحەممیل ئەو جەمازە    ل١١٠.

٣–خانی وێنەیەکی خەیاڵی دەداتە پاڵ کەژاوەکەی ستی، کەژاوە (بریتییە لە چوار پایەیەکی پێچەوانەی بچووك کە جێگای زەلامێك بەدانیشتنەوە و هەندیٚ شتی تێدا دەبێتەوە و هتد..)[1].

بەڵام کەژاوەکەی ستی لە باشترین جۆری دار دروست کراوە و بەسەدان کەس هەڵیانگرتووە:
یەعنی کو عەماری یا ستی تیٚ
قەصرا پەرییان ب راستی تیٚ
هەر تەختە ژ عودیٚ سەندەرووسی
تە ختەك خەتەبەندی ئابەنووسی
عەرشەك ژ جەواهیران مورەصصەع
بەلقیس جەلیس و لیٚ مورە ببەع.....ل١١٠
ئەم عەرشەی ستی وەکوو عەرشی بەلقیس بوو بۆیە پێویستی بە ئاصەف بوو تاکوو هەڵیگریٚ بەڵام نەك یەك ئاصەف بەڵکوو صەد ئاصەڤ دەویست:
صەد ئاصەڤ بەرخی یا وەکی با
حەممالی دکر ب عەرشیٚ دل شا.....ل١١١

٤–خانی لە دیمەنی نێو شاییەکەدا ئاماژەی بۆ هەندێك نەریت و کولتووری هەڵپەرکێی کوردی کردووە وەك جوولەکانی سەمایی کوردی و هەڵپەرکیٚ و نەریتی شاباش کردن و ..هتد، بۆنموونە دەڵیٚ:

هەر بەنگی یو سەرخۆشیٚ د بۆتان
تێك هاتنە چرەخ و بازو لۆتان

(١) عەلائەدین سجاددب، کوردەواری،ل٢٦١.

**بێرتیە سەماو ساز وگۆڤەند**
**شیرین و شەکەر لەب و شەکەر خەند .....ل١١٣**

واتا سەما کەران لەسوورانەوەیی بازنەیی و بازدان و سەماکردندا بەردەوام بوون و سەمایی (بێریتە) و شاییان دەکرد، لەبارەی (بێریتە)ەوە مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩-١٨٦٧) ز دەڵێ: ((لەئاهەنگدا هەندێك گۆرانی بێژ گۆرانی بێریتە دەڵێن و ئەم گۆرانیە لەگەڵیدا سەما و شایی دەکرێ ژن و پیاو دەستی یەك دەگرن و لەبازنەیەکدا دەسوڕێنەوە (ڕەش بەڵەك)، بەڵام لە ئاهەنگی دەوڵەمەند و پایە بڵندەکاندا مۆسیقای دەف و نایی و کەمان و چەنگ لێدەدرێ)) [(١)]. بەڵام جان دۆست لەبارەی سەمای بێریتەوە دەڵێ: (ئەمە سەمایی بیلۆتەی بەناوبانگە، ئەم سەمایە لای فەقێ کوردەکان باو بووە و پێیان دەگوت (بیلوتافقان). لەم سەمایەدا دوو ریز لە فەقێکان بەرابمەر بە یەکتری رادەوستان و دەهاتنە پێش و دەچوونە دواوە بەجوولەیەکی هارمۆنی و لەگەڵ خوێندنەوەی چەند شیعرێکی ناسراودا) [(٢)]. دەشێ ئەم (بێریتە)ی خانی باسی کردووە و سەمای (بیلۆتافقان) بێت، بەڵام زیاترین ئەگەر ئەوەیە کە مەبەستی لە (بێریتە) ئەوٚ گۆڤەندە بێت کە (مەلا محوود) باسی کردووە ، چونکە جەویی ئاهەنگەکە زیاتر لەگەڵ ئەم باسکردنەدا دەگونجێ.

٥-ئەم ئاهەنگەی ستی ٧ ڕۆژ دەخایەنێ وەکوو کولتووریی باوی ئەو سەردەمە، پاشان (ستی و تاژدین) دەگەن بەیەك، لێرەدا ئەرکی (مەم) دووبارە دەست پێ دەکاتەوە:

**تاجدین ب وی طرزی چو سەرایێ**
**مەم ما ل دەری دگەل دوعایێ**
**لەورا کو مەخوف بوو ئەو مولاقات**
**مەلزوومە ل عاشقان موعادات**
**گەر قیسمێ موحیب و گەر حەبیبن**
**ئەلبەتتە ب دوژمن و رەقیبن**
**هن دێو و هنەك ژوان پەرینە**
**هندەك د موناڤق ئادەمینە.....ل١١٧**

(نەریتە کە لەشەوی یەکەمی هاوسەرگیرێتیدا، برازاوا (شوشبین) لە دەرگایی ژووری بووك و زاوا دەوەستێ ، ئەگەر بووك کچ بێت نیشانەکەی پیشانی هەردوو دایکی بووك و زاوا دەدرێت) [(٣)]. بەڵام خانی لەبەر ئەم هۆیە (مەم) لە دەرگا بۆ ماوەیی (٧) ڕۆژ ڕاناگرێ، بەڵکو و لە پێناوی

---

(١) و،رشید فندی، پەرتوکا عدات ورسوماتنامەئی ئەکرایدەی یا مەلا محوودێ بایەزیدی، سپێرێز، دهۆك، ٢٠٠٦، ل١٤١.
(٢) جان دۆست،احمدی خانی،مەم وزین)،ل٢٦٧.
(٣) کنیاز ابراهیم میزویق،موسوعە الکردالصفری، ص٢٦٤.

**پاراستنی بووك وزاوا له دوژمن جا دوژمنەکه مرۆڤی خراپ بێت یان دێو و درنج وشتی خوراڤ بێ، بەگشتی لەدیمەنی  خوازبێنیێ و ئاهەنگەکەدا وردەکاریی کولتووری زۆری تیادایه، ئەوەی لەسەروەوە باسکرا چەند ئاماژەیەك بوو، بەڵام ئاماژەیی کولتووری دیکەش هەیه له خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکه دا دەردەکەوێ،  (بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە سەر دیوانەکە، بەشی خوازبێنی و ئاهەنگ).**

**ب–شین:**

**دیمەنەکانی شینگێری له (مەم وزین)دا لەگەڵ وەسیەت نامەکەی (زین)دا دەست پێ دەکات، پاشان لەکاتی مردنی (مەم) و لەسەر گۆریی (مەم) بەردەوام دەبێت و لەگەڵ مردنی (زین) کۆتایی پێ دێت.  (زین) له وەسیەتەکەیدا ڕێورەسمی جەنازەیەك له براکەی داوا دەکات که به ئاهەنگەکەی ستی بچێ و هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ بکرێت، چونکه (زین) لەمردندا ئاهەنگی بەیەکگەیشتنی خۆی لەگەڵ (مەم) دا دەبینێت و دەڵێ:**

**لەورا ئەز و مەم مەلەك صیفاتن**
**ئەم مایلێ طیب و طیباتن**
**عورسا کو فریشته داوەتینه**
**داماد و عەرووس جەننەتیینه**
**رۆژا کو ستی ته دایه تاجدین**
**چاوا ته د شەهرێ بەستن ئایین**
**تەنبیه بکه دووکان و سووکان**
**تەزیین بکن ژ رەنگێ بووکان....ل٢١٠**

**(زین) بەوە نەوستاوە و داوای کەژاوە دەکات، بەڵام لێرەدا کەژاوەکه تابووتەکەیەتی که دەبێ به جوانی رازابێتەوە و له ئاستی (زین و مەم)دا بێت:**

**مانەندێ عەماریا ستی تێ**
**هەر شبهەتێ مەحمەلا پەری تێ**
**تابووتەك زەرنیگار و رەنگین**
**صندووقەکه خوردەکاری زەڕین**
**سەرپۆشی  ئەوێ زەمین طلابت**
**سەیوانێ ئەوی خودان جەلابت**
**زنیهار مه هەردوو بووك و زاڤان**
**بێ قەدر نەکی ل پێشی چاڤان ......ل٢١٠**

**پاشان داوای ئەوە دەکات که خێریان بۆ بکرێ و خواردن بدرێتە هەژارەکان و...هتد.**

کەم (مەم) دەمرێ ئیتر تازیەباری تەواوی جزیرە دەگرێتەوە، هەموو دڵ توند دەبن و شین و گریان دەست پێدەکات لە جزیرە:

گۆجان کو ژ حەبسێ تەن جودا بوو
فەریاد و فغان د شەهرێ ڕا بوو
بو وەلوەلە و فغان و زاری
بو زەلزەلە و بەزین هەواری
بوهتان ژ مەزن هەتا بچووکان
نسوان وکەچ و بەنات و بووکان
ئەعیان و ئەکابیر و ئەعالی
میرزا و رواڵ و لائوبالی
یەك فەردە نەما ژ شەهرێ دڵ خوەش
بیلجوملە د سەرخوەش و مووشەوەش.....ل٢٢٢

(خانی) لەپاش مردنی (مەم) کۆمەڵێك ڕێورەسمی پەیوەست بە دیاردەی مردنەوە وەکوو زانایەکی بواری ئەتنۆگراڤ باس دەکات، ئەم نەریت و ڕێورەسمانە لە چەند خاڵێك دا باس دەکەین:

١-دیاردەی رەش پۆ شین، دیاردەیەکە پەیوەستە بە دیاردەی تازەیەباری و خانی ئاماژەیی بە ڕەشپۆشی جزیرە کردووە:

-هندی کو د شەهری ئادەمی بوون
تێکدا ب لیباسێ ماتەمی بوون......ل٢٢٤

-گیسو ڤەکری ب طایێ طةربووش
سەر تا ب قەدەم هەمی سیاه پۆش......ل٢٢٤

-ئەڤ ماتەم و ئەڤ سیاه پۆشی
ئەڤ چار شەڤ و ئیزار و پۆشی
بوهتان وی زەمانی کرنە عادەت
بۆ رەسمی قەدیمی تاقیامەت......ل٢٢٥

واتا لەگەڵ مردنی مەم وزین دا ئیتر عادەتی رەش پۆشی و تازیەباری بوونە نەریتێك لەلای خەڵکی جزیرە و تاقیامەت ئەم نەریتە بەرپادەکەن.

٢-دیاردەیەکی دیکەی پەیوەست بەمردنەوە شێن کردنە، لەمەم وزیندا دوو دیمەنی شین کردن باسکراوە. بۆنموونە دەکرێ هەڵسوکەوتی تاژدین لەسەر لاشەی (مەم) بەجۆرێك لەشین دابنێین،

هەروەها شین و ڕۆ ڕۆ کردنی (زین)یش لەگەڵ تەواوی شین گێرانی دیکەی جزیرە بەجۆرێکی دیکەی دابنێین.

تاژدین پاش ئەوەی بەکر دەکوژێ و دێتە سەر لاشەکەی مەم:
تاجدین ژ سەرێ خوە تاج تۆمار
هاڤێتنە سەر لەشێ مەمێ ژار
دین بوو ژ تە حەسسورا برایێ
هەرچی کو ددی وی ئەژدەهایێ
فیلحال د کر کو وی فەناکەت
نەشبیهێ بەکر د عەردێ راکەت........٢٢٣
دەشێ داڕمانی دەروونی تاژدین و تاج کردنەوەکەی لەسەری خۆیی بە دیمەنی شین گێڕی پیاوان لە قەڵەم بدەین، چونکە پیاو وەك ئافرەت ناتوانێ پرچ بڕنێتەوە و خۆڵ بەسەر خۆیدا بکات و ل سینگی خۆیی بدات، ئەمانە نەریتێکن تایبەتن بە ئافرەتی شینگێڕەوە و لەشینی (مەم وزین)دا ئەم دیمەنانە هەن:
طةلپێ رەشێ وان سیاه پۆشان
رەھ شبهەتێ عەورەکی خرۆشان.....ل٢٢٤

واتا خەڵکی رەش پۆش لەسینگی خۆ دەدەن کاتێك جەنازەکەی (مەم) بۆ گۆڕستان دەبرێت، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئافرەتەکانیش لەگەڵ جەنازەدا دەچنە سەر گۆرستان بە پێچوانەی نەریتی ئێستا کە ئافرەت ناچێ یان کەم ئافرەت هەنە بچنە سەر گۆرستان لەگەڵ جەنازەدا، بەڵام زین دەچێ و لەشێوەی سەمادا شین دەگێڕێ:
وان مەرثییە د ستران ب ئاهەنگ
زین رابویە پێ ب قامەتا شەنگ
ناهید صیفەت ل دەنگێ سازێ
رەققاص دەچوویە بەر جەنازێ......ل٢٢٤

٣-لاواندنەوە: ((لاواندنەوە هونەرێکە لاوێنەر یان شاعیر لەهەست وسۆزی خۆشەویستیەوە بەرامبەر بە مردووەکە دەری دەبڕێ و بۆ مردووەکە دەگری وهەموو خاسیەتە جوانەکانی دەژمێرێ و.....)) [1].زینیش لەسەر نەغمەی لاواندنەوە(مەرثیە)یی ئەوانەی کەلاواندنەوەکەیان دەگوت جوولە دەکات و پاشان لەسەر گۆڕی (مەم) (زین) شین و لاواندنەوە دەگێڕێ:
زین هات و بەقامەتا سنەوبەر

(١).شوکریە رەسول، ڕێورەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی، اوفسیتی،هەولێر، ١٩٩٧،ل١٦.

بوسەرو ل سەر وی سایە گوستەر

بیٚ پەردە میثالی نەی دنالی

هیٚستر دەورین عەلەتتەوالی.....ل٢٢٨

(خانی) لیٚرەدا نالیٚ (نالین)ەکەی زین چۆن بوو و چی دەگوت، بەلاّم لە دیٚرەکانی پاشتر دا ئەوە روونده‌کاتەوە کە لەگەلٚ نالٚەوگریانی زین هەموو خەلّك و کائینات هاتبوونە جۆش و دەنگی گریان و فوغان گەیشتە ئاسمان، تا ئەوکاتەی (زین) ماندوو دەبیٚت و لە لای سەری (مەم)ەوە دادەنیشیٚت:

زینیٚ کۆ نەما قیوام و قووەت

نالی بریان و کەت ژ قودرەت

رونشتی ل بەر سەریٚ مەمیٚ ژار

مەم کر ب تەکەللومیٚ خەبەردار.....ل٢٢٩

زین لەگفتوگۆکەی لەگەلٚ مەم بڕیاردەدا کە هەموو سیفاتە جوانیەکانی خۆی لەپاش مەم بەفەنا بوون بەریٚ و ئەوەندە شین بکات تاکوو هەموو جەستەی بەرەو نەمان دەچیٚت و هەر لە ڕیٚگای لاواندنەکەشدا باسی نەریتی خۆلٚ بەسەردا کردن و پرچ رنیەوە و جل دراندنمان بۆ دەکات:

مانەندی گولاّن لیباسیٚ کەرکم

ئاخ و خۆ لیی ب سەر خوە وەرکم

زولفان هەمی طا ب طا بکیٚشم

حەققیٚ منە جا ب جا بئیٚشم......ل٢٣٠

بەلاّم دواتر زین پەشیمان دەبیٚتەوە لەبڕیارەکەی و لە تراجیدیترین ویٚنەی نیٚو داستانەکەدا زین باوەش بەگۆڕەکەی مەم دەکا و گیانی خۆیی لە دەست دەدا، لەگەلٚ مردنی زین دیمەنی تازەیەباری جزیرە زیاتر دەبیٚت وگریان بۆ زین سیٚ رۆژ و سیٚ شەو بەردەوام دەبیٚت.

٤-پاش مردنی (زین) خانی لە ڕیٚورەسمی مردوو ناشتنی ئیسلام تارادەیەك لادەدات و دووبارە گۆڕەکەی (مەم) دەکەنەوە و (زین) دەخەنە نیٚوگۆڕەکەی (مەم)ەوە بەبیٚ هیچ بەربەستیٚك لە نیٚوانیان دا، بەلاّم لەئیسلامدا گۆڕ بۆ تاکە کەسیٚکە و تەنها لەکاتی ناخۆشی و شەردا، دوو دوو مردوویان ناشتووە، بۆ ژن و میٚردیش بە پیٚی ڕایی زاناکانی ئیسلام پەسەند نیە بەیەکەوە بنیٚژریٚن ، ئەگەر ناچاریش بون ئەوە دەبیٚ دیواریٚك لە خۆلٚ لە نیٚوانیان دا هەبیٚ، بەلاّم زین لەگەلٚ مەم دەنیٚژریٚ بەبیٚ بەربەست لەنیٚونیان ،ئەگەر چی ژن و میٚردیش نین:

ئەو چەندە ل سەر بوین گوهەربار

سەر لیٚ ڤەکرن ژ نووڤە تەکرار

ئەو هەردوو گوهەر د دورجەکیدا

ئەو شەمس و قەمەر د بورجەکیدا.....ل٢٣١

بیٚ واسیطه وان کرن موقارن

بیٚ فاصیله وان ب هەڤ سپارن

حاصل ڤەکرن ژ نووڤە صندووق

میر گۆتە مەمی ژ بۆتە مەعشووق

سیٚ جاری ژ قالبیٚ صەدا هات

ئاواز ب لەفظیٚ مەرحەبا هات

هەمیان کو بهیستی سڕیٚ تەحقیق

بیلجومله کرن ب عیشقیٚ تەصدیق......ل٢٣٢

لێرەدا فەنتازیا بەشداری دیمەنەکە دەکات و لەواقیع دووری دەکاتەوە، چونکە مردوو دێتە گۆ و دەڵیٚ:

مەرحەبا مەرحەبا و خەڵکی دەیبستن، بەڵام ئەم دیمەنە بۆ ئەوەیە کە خەڵك باوەڕ و یەقینیان لەلا دروست بێت سەبارەت بەخۆشەویستی حەقیقی، هەروەها لە دیمەنێکی دیکەی سوریالی کە خانی لەسەر گۆڕەکەی (مەم وزین) دا وێنەی کردووە ئەوەیە کە دووداری جوان و دەست لەملان لەسەرگۆری مەم و زینەوە دەروێن، بەڵام (بەکر) کە لەلایی پێیانەوە نێژراوە هەر وازیان لیٚ ناهێنێت و لەشێوەی دارە دڕکێکدا دەردەکەویٚ و دەچێتە نێوان هەردوو دارەکەوە:

یەعنی کو ل سەر مەمیٚ و زینیٚ

شین بو ژ زیراعەتا ئەڤینیٚ

رسکین دوو عەدەد نیها لیٚ سەرکەش

رابوون ب هەواوە هەردوو سەرخوەش

یەك سەرویٚ سەهی یو یەك صنەوبەر

سەر سەبز و لەطیف و سایە گوستەر

وان دەست دەگەردنیٚ دیەکرا

قەددا خوە درێژکرن ب یەکرا

شین بوو ژ ئەوی بەری ژ خێریٚ

دارەك ل قیافەتا کنێریٚ

ئەو دار ژ راحەتی بەری بوو

مانەندیٚ خودانی ب ستری بوو

رابو خوە گیهاندە هەردوو داران

بۆ مانیعیٚ وەصلیٚ هەردوو یاران.....ل٢٣٤.

**ج–ڕاوشكار:**

**یەكێك لەنەریتە پەیڕەكراوەكانی كۆمەڵگای كوردی ڕاوكردن بووە، ئەم ڕاوە چەند جۆرێكە و هەریەكە لەجۆرەكانی ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە... ئەو ڕاوانەی كە لە كوردستاندا باویان هەیە و كوردەكان لەگەڵیان خەریك ئەبن ئەمانەن: (ڕاوە باز، ڕاوە كەروێشك، بەراز، كەو، ئاسك یا تەقەرا و قوش و باڵەبان) [(١)].لە لای خانیش دیمەنی ڕاو وشكار هەیە، (دەتوانین وێنەی ڕاو بەیەكێك لەوێنە ئەتنۆگرافیانە بزانین كەخانی بۆی بەجێ هێشتووین) [(٢)].**

**ئەگەر چی بەلای ئێمەوە وێنەیەكی نەخوازراوە لەبارەی گەلی كوردەوە، چونكە واپیشان دەدا، كەمیر وبەگزادەكان تەنها بە مەبەستی خۆشی و جوانی ئاژەڵیان ڕاوكردووە و لەماڵەوە ڕایانگرتووە نەك بۆ خواردن و سوود لێ وەرگرتن، واتا ئازادیان لە بونەوەرەكانی دیكە وەرگرتۆتەوە لە پێناوی ئازاد كردن و ئاسوودەكردنی دڵ و ڕوحی خۆیان، بەهەر حاڵی داب و نەریتی ڕاوكردن چەند تایبەتمەندیەكی هەیە، كە وەكوو نەریت و كولتووری لێهاتووە و لەو سەردەمەدا پەیرەوكراوە، ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لەوەی كە زیاتر لەبەهاردا ڕاو دەكرا، (خانی)ش دیمەنی ڕاوەكەی لەبەهاردا وێنا كردووە و دیمەنی جوانی بەهاری بەهۆیەوە وەسف كردووە. چەندین باڵندە و ئاژەڵی وەكوو ( قاز و قولینگ و كەبك، غەزال و گۆر و ئاهو، شێر و پڵنگ، هتد..) كە لە سروشتی كوردستاندا هەن ناوی هێناون، سەرەتا مەراسیمی ڕاوكردنیش بە فەرمانی میر دەست پێ دەكات:**

**مێرێ كو فەلەك موطیعێ فەرمان**
**گو صبحە نەبویە قەومێ بوهتان**
**رابەستی سیلاح و گورز و شمشیر**
**بیلجوملە دگەل مە بێنە نێچیر**
**حاضر نەبتن كەسەك د دصەیدێ**
**ئەودێ بمرت دەبەند و قەیدێ......ل١٥٢**

**بڕیار وا بوو دەبوایە هەموو پیاوەكان كەل و پەلی ڕاوی خۆیان لە (سیلاح وگورز و شیر) هەڵگرن و بچنە ڕاوكردنەوە، ئەم فەرمانەی میر دەشێ پەیوەندی بە كولتووری ڕاوكردنەوە هەبێ، كە هەموو خەڵك بەیەكەوە پەیڕەویان كردووە، لەهەمان كات دا دەشێ پەیوەندی بە تەكنیكی گێڕانەوە و ڕووداوەكانەوە هەبێت. واتا (خانی) ویستویەتی شار چۆڵ بكات، بۆ ئەوەی ڕیگا بۆ ژوانەكەی (مەم و زین) فەراهەم بكات، هەروەها لە تایبەتمەندییەكانی ئەو ڕاوەی كە خانی باسی دەكات ئەوەیە كە دەبێ ڕاوچییەكان لەگەڵ دەركەوتنی (صبحی كاذیب) دا خۆیان و بە تەواویی تفاقەكانیانەوە لە ئامادەباشیدا بن و لەگەڵ بەرەبەیاندا ڕاودەست پێ دەكات:**

---

(١) علائەددین سجاددی،كوردەواری،ل١٥٥.

(٢) .عزالدین مستەفا رسول، احمدی خانی شاعیر...ل١٨٩.

خەلقى  كو حەتا ب صوبحێ كاذيب

حاضر كربوون بيساط و راتيب

فەجرێ كو نومايە وان عەلامات

رابو د وى شەهريدا قيامەت.....ل١٥٢.

پاش كۆتايى هاتنى قيامەتى ئاژەڵەكان ،واتە پرۆسەى كوشتن و گرتن و بڕين كە كۆتايى پێهات ئنجا جياوازيە چينايەتييەكە دەردەكەوێ:

ئەو چەندە غەزال ئەوان كرن صەيد

ئەوچەندە بلنگ ئەوان كرن قەيد

ئێ دى نەدشين دگەل خوەبينن

بەلكى نەدشين ژ جيە هەلينن

كوشتى ژ خوەڕا برن فەقيران

گرتى ب خوەڕا برن ئەميران....ل١٥٣

لێرەشدا (مير)ەكان هەر زۆردارن، ئەوان ئاژەڵە زيندووەكان بۆخۆيان دەبەن و سەربراوەكانيش بۆ فەقيرەكان، واتا فەقيرەكان لە پێناوى خواردن و سوود لێ وەرگرتن (كوشتى)يە كان دەبەن، بەڵام ميرەكان زيندووەكان بۆ خۆشى خۆيان دەبەنەوە و بەندى دەكەن.

ئەوەى لەم بەشە دا باسى كرا كۆمەڵێك ديمەنى كولتوورى و وێنەى داب و نەريت بوو لە (مەم و زين)دا، بەڵام لە وردەكاريى زياتر دا دەشێ خوێنەر كۆمەڵێك بابەتى ديكە لە خويندنەوەى (مەم و زين)دا بەدەست بهێنێت، واتا ئەوەى لێرەدا باس كرا مشتێك بوو لەخەراورێك.

# ئه نجام

١.زمان وەکوو دیاردەیەکی کولتووری لە لای (خانی) بایەخێکی زۆری پێدراوە، خانی لە مەم وزیندا کلتووری بەرگریکردن لە نووسین بە زمانی کوردی دروست کرد، یەکەم بەردی بناغەی پرۆژەی دروستبوونی زمانی نەتەوەی داناوە.

٢.یەکەم مۆدێلی دەوڵەتی کوردی لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە لایەن خانییەوە دانراوە، ئەم مۆدێلەی (خانی) لە ناسیۆنالیزمی (ئیتنۆ کولتووری) ەوە نزیك دەبێتەوە، کە پشت بە یەکبوونی ئیتنیکی کولتووری دەبەستێت، واتە لە لای خانی بایەخدان بە کولتوور مەرجێکە لە مەرجەکانی دروستبوونی دەوڵەت و کیانی نەتەوەیی و خانی هەوڵی داوە کەسێتی تێکشکاوی تاکی کورد لە ڕێگای ڕۆشنبیری و کولتوورەوە بونیاد بنێتەوە.

٣. خانی مەبەستی بووە لە ڕێگای (مەم وزین)ەوە، ژێرخانی ڕۆشنبیریی تاکی کورد بونیادبنێت، بۆیە هەوڵی داوە کولتووری ئەدەبیاتی کوردی لە ڕێگای تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەدەبیاتی بێگانەدا دەوڵەمەند بکات.

٤.(مەم وزین) وەکوو کولتوورێکی ئەدەبی، جێکەوتی خۆی لە نێو هزری شاعیر و روناکبیرو وەرگرەکانی پاش خۆی بە جێ هێشتووە، بۆیە هزری خانی لە نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا هەمیشە خۆی تازە کردووەتەوە و دووبارە دەرکەوتوەتەوە.

٥.لە (مەم وزین)دا(ئاین) وەکوو کولتوور چەسپاوە و پارێزراوە، لە هەمانکاتدا رادەی پێگەیشتووی تاکی کورد لە بارەی ئاینەوە تۆمارکراوە.

٦.هەردوو جۆری خۆشەویستی حەقیقی و مەجازی لە مەم وزیندا هەیە و لەڕێگای ئەم دوو خۆشەویستییەوە داب و نەریتەکانی پەیوەست بەم دوو جۆرە خۆشەویستییەوە تۆمار کراوە. وەکوو قۆناغەکانی گەیشتن بە خۆشەویستی خوایی، کە مەبەستی سەرەکی خانییە، هەروەها ئەو دیاردە کولتوورییانەی، کە پەیوەستن بە ژن خواستن و ئاهەنگگێران لە ڕێگای خۆشەویستی دونیایی نێوان ستی و تاژدینەوە تۆمار کراوە. خانی مەبەستی بووە دوو جۆر خۆشەویستی پیشان بدات، بەڵام کە (مەم) ناگەیەنێت بە خۆشەویستەکەی و (مەم و تاژدین) لەڕووی پلە و پایە کۆمەڵایەتیەوە جیاواز دەکات، دەیەوێ تیشك بخاتە سەر جیاوازی چینایەتی نێو کۆمەڵگا و ئەو جێکەوتانەی، کە ئەو جیاوازیە چینایەتیە دروستی دەکات.

٧. له مەم وزیندا، زۆر جار دەسەڵاتی کولتوور ونەریتە کۆمەڵایەتییەکان له دەسەڵاتی عەقڵ باڵادەسترە، بۆیە کارەکتەرەکانی نێو مەم وزین زۆر جار هەڵوێست و رەفتارەکانیان بە کولتوورەوە پەیوەستە، واتا کولتوور لەلای خانی بەشداری بونیادی کەسێتیەکانی کردووە. زۆر جار کەسێتیەکان له نووسەر جیادەبنەوە و خاوەن بیروبۆچوونی خۆیانن و پابەندی کولتوور و یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگان و بەو پێیە رەفتاردەکەن، واتە دیاردەی فره دەنگی و ئازادیی هەڵسوکەوتکردن له چوار چێوەی سیاقەکەدا بە کارکتەرەکان بەخشراوە.

٨.خانی له رێگایی نوسینەوەی (مەم وزین)ەوە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی پاراستووە و له رێگای ئەو لادان و زیادکردنەی، کە بۆ دەقەکەش کردوویەتی، ئینسکلۆپیدیایەکی کولتووری ورۆشنبیری بۆ تاکی کورد دروست کردووە.

٩.له رێگای مەم وزینەوە خانی دانی بە هەبوونی شارستانییەت و ژیاری کوردی داناوە و له جزیرەی بۆتاندا بەرجەستەی کردووە و دیاردەکانی بیناسازی و مۆسیقا و یاری شەترەنج و....هتد.بەڵگەن لەسەر هەبوونی ئەم ژیارە کوردییە، کە له ئاست ویستی خانیدا نەبووە و ئەو له هەوڵی دروستکردنی دەوڵەت و ژیاری پێشکەوتووتر بووە، بەڵام بە بایەخەوە ئەو دیاردانەشی تۆمار کردووە.

١٠.له لای خانی پێگەی ئافرەت و خانەوادەی کوردی بەرز نرخێندراوە و وەفاداری وەکوو کولتوور لەلای ئافرەتی کورد له رێگای (زین)ەوە وێنا کراوە، بەتایبەتی وەفاداری ئافرەتی کورد بەرامبەر براکەی و پتەوی پەیوەندییەکانی نێو خانەوادەی کوردی تۆمار کراوە.

١١.نەورۆز وەکوو ئاهەنگێکی رەسەنی کوردەواری له مەم وزیندا باسکراوە و مەبەستی سەرەکی خانی له ئاهەنگی نەورۆزدا، جگە له تۆمارکردنی ئەو بۆنە و نەریتە کوردییە، ئامادە کردنی زەمینە سازییە بۆ بەیەکگەیاندنی خۆشەویستەکان. له مەم وزیندا نەورۆز کەرنەڤاڵێکی جەماوەرییە و دەشێ مرۆڤەکان بە بەکارهێنانی دەمامکەوە تیایدا بەشدار بووبن. واتە خانی هەندێك وردە کولتوور له بارەی جەژنی نەورۆزەوە تۆمار دەکات و ئەم بابەتە کولتوورییە له پێناوی خزمەتکردنی بونیادی گێرانەوە و رووداوی نێو داستانەکەدا بەکاردەهێنێت.

## سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان لە دوای قورئانی پیرۆز

## سەرچاوە کوردیەکان:

## کتێبی کوردی

١-ئازاد عبدالواحێد، رەخنەی ئەدەبی، ، یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی کەرکووک،کەرکووک،٢٠١٣

٢-ئەبوبەکر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، ب٢، چاپخانەی رۆژهەلأت؟، هەوایر، ٢٠٠٨.

٣-ئەحمەد گوڵمحەممەدی، بە جیهانیبوون، کولتوور، شوناس، و.عەبدولاّ بەهرامی، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤-ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئا: هەژار، دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥-ئەرستۆ، هونەری شیعر، و.عزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤،

٦-ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا(سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) و.سەعید ناکام، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٧-ئۆسکارمان، توحفەی موظفریە، ساغکردنەوە و هێنانە سەر رێنوسی کوردی، هێمن موکریانی، چ٢،ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٨-ئیبراهیم احمد شوان (د.)، ئەدەبی کۆنی کوردی ، چ ٢ ، چابخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠١٢ .

٩-ئیحسان محمد ئەلحەسەن (د)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و. دانا مەلا حەسەن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٠-ئیمام عبدالفتاح ، مێژووی فەلسەفە ( هیگل ) ، و . عرفان مستەفا ، دەزگای موکریان ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .

١١- انور قادر(د.) ،چەند وتارێکی کورد ناسی، ڤێرشوونە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکانی پۆیەمای ( یوسف و زولێخا ) ی کوردی، م. رۆدینکۆ، ، دەزگای ژین، سلێمانی،٥

١٢-بەختیار سەجادی ومحمد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی(ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی)، ب١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٢-بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەلاّتناسیدا، ، و.ئیسماعیل ابراهیم سەعید، دەزگای موکریانی هەولێر، ٢٠٠٩.

١٣–بورهان قانيع، فەرهەنگی نویٚ، چ١، چاپخانەی الحوادث، بغداد ١٩٨٧.
١٤–بورهان محەممەد ئەمین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، انتشارات کردستان سنه، ٢٠٠٦ز.

١٥–تحسین ابراهیم دوسکی، مەم و زین کەنگی ژیابوون، ڤیستڤالا خانی (٢٠–٢٣ حزیران – ١٩٩٥)، چاپخانەی هاوار، ١٩٩٦.
١٦–پەروێز جیهانی، ئەحمەدی خانی مەم و زین ب راڤە و شرۆڤەیەکی نوو ، ب١، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٧.
١٧–پەرویز جیهانی،(مەم وزین)ب راڤە و شرۆڤەیەکی نوو،ب٢،سپیرێز، دهوك،٢٠٠٧.
١٨–پیتەر کلوس، ئەنترپۆلۆژی کلتوری، و. خلیل محمد شلماشی، چ١، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٩–پیتر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، و. ئەنوەر قادر محمد ، کوردۆلۆجی، سلێمانی،٢٠١٠.
٢٠–جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری (قەومیەت)ی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزم ی رۆژاوایی یە، بنکەی کورد نامە، چ٢، لەندن، ٢٠٠٢.
٢١–جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، بنکەی کوردنامە، لەندەن،٢٠٠٢.
٢٢–حەسەن بەصیر واخرون ، زاراوە کوردیەکان ، و.حەمە ئەمین هەورامی ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٨٧.
٢٣–حجی جعفر ، چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی ، چ ١، ناڤەندا هاڤیبون ، بەرلین ، ٢٠٠٢
٢٤–حسین بەشیری (د)، تیۆری کولتووری لەسەدەی بیستەمدا، و. مەنسور تەیفوری، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٦.
٢٥–حسێن خەلیقی(د)، کۆمەڵناسی کوردەواری، ب١، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٩٢، ل ٢٥٦.

٢٦–حمه کریم عارف (وەرگێران)، کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٧–داریوش ئاشوری، کولتوور چەمك و پێناسەیە، و ، د.کوسار فەتاحی، وەزارەتی رۆشەنبیری،؟،
٢٨–رابیعە فەتاح شێخ محمد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زاییندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری ،هەولێر.
٢٩–رەشاد میران (د)، ئێتنۆگرافیا و یەکێتیی ئیتنیکی کورد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٠–رەشید فندی، پەرتوکا عادات و رسوماتنامەئی ئەکرادەی یا مەلا محوودیٚ بایەزیدی، ، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٦.

٣١-رفيق سابير (د)، كولتوور و ناسيۆناليزم، چ٣، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٣٢-ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل ، هیگل فەلسەفە و مۆدێرینیزم ، چ ١ ، چاپخانەی ڕێبین ،٢٠٠٣.
٣٣-ڕێبین ڕەسول و دیار عەزیز، ئەنترۆپۆلۆژیا، چ١، دەزگای ڕێبین، ٢٠٠٤.
٣٤-سەدیق بۆرەكەیی ، مێژووی وێژەی كوردی ، ب١، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ .
٣٥-سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێكی مێژووی و رامیاری و كۆمەڵایەتی وئابووری كوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، ئەكادیمییا كوردی ،هەولێر، ٢٠١٣.
٣٦-سەلام ناوخۆش، زەردەشتیەتی نویێ لە نێوان كولتور و ئاین و نەتەوەدا، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠.
٣٧-سەلیمێ هیزانی، یوسف و زولەیخا، ڤە وەژارتن و بەرهەڤكرنا، تحسین ابراهیم دوسكی، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٤.
٣٨-سەمیر ئیبراهیم حەسەن(د)، كولتوور و كۆمەڵگا، و. عەبدوڵلا مەحمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠١١.
٣٩-سدیق بۆرەكەیی، مێژووی وێژەی كوردی،ب٣، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٤٠-سدیق سالح ، سەرجەمی بەرهەمی محمد ئەمین زەكی بەگ ، ب ١ ، بنكەی ژین ، سلێمانی.
٤١-شەمسەدین سامی، كورد و كوردستان (لەیەكەم ئیسیكلۆپیدیای توركی لە مێژوودا، و.ئەحمەد تاقانە، دەزگای ئاراس) هەولێر، ٢٠١٠.
٤٢-شەمسی محمد ئیسكەندەر(د)، مێژووی كورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، و.شوكر موستەفا، چ١، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨.
٤٣-شوكر مستەفا (وەرگێران)،كرودو كوردستان لەنیگای چەند گەریدەیەكی رۆژئاواییە، ،ئاراس،هەولێر، ٢٠١٠.
٤٤-شوكریە رەسول (د)، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ب ٢، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.
٤٥-شوكریە رەسول(د)، ڕێورەسمی شین و لاواندنەوەی كوردی، اوفسیتی ،هەولێر، ١٩٩٧.
٤٦-ڤ.ڤ فینۆگردۆڤ ، مەسەلەكانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروست بوونی و گەشەسەندنی ، و . د . عزالدین مستەفا رەسول ، دار الحریە بەغداد ، ١٩٩١.
٤٧-عبدالله مبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، و. وریا قانع، چ٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٤٨-عەتا قەرەداخی، گەران بەدوای ناسنامەدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٤٩-عەتا قەرەداغی، كاریگەری كەلتووری ئەوان لەسەر كورد، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥٠–عەلائەدین سجادی ، کوردەواری ، چاپخانەی مەعارف بەغدا، ١٩٧٤.
٥١–عزالدین مستەفا رەسول (د)، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند و فەیلەسوف و سۆفی ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٢٦.
٥٢–عزالدین مستەفا رسول، شیعری کوردی (د) (ژیان و بەرهەمی شاعیران: فەقێی تەیران، عەلی بەردەشانی، بەختیار زێوەر)، ب١، چاپخانەی حوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
٥٣–عزالدین مسطفی رسول(د)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،چ٢، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٥٤–عەزیزێ کوڕی شیرباریێ مامزێدی، مەم وزینا ئەحمەدێ خانی ، بەرهەڤکرنا تەحسین ابراهیم دۆسکی،سپیرێز،دهۆك،٢٠٠٨

٥٥–فەخرەدیین ئامیدیان، فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، شەمسی سنە، ٢٠١٣.

٥٦–فەرهاد پیربالٚ(د)، ڕێبازە ئەدەبیەکان ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤ .
٥٧–فەرهاد شاکەلی ، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا ،مەڵبەندی کوردۆلۆژی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.
٥٨–فوئاد حمە خورشید ، زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، و . حەمەکەریم هەورامی ، چابخانەی افاق.؟
٥٩–کاوس قەفتان (د)، ( بابان ، سۆران ، بۆتان ) ، چابخانەی حوادث ، بغداد،١٩٥٨.
٦٠–لازاریف، ئەوهۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە سعد عبدلله، ؟ ،
٦١–لێژنەی ئەدەب لە کۆری زانیاری کوردستان (ئامادەکردن) ، زاراوەی ئەدەبی (کوردی – عەرەبی – انگلیزی)، ، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦٢–مارف خەزنەدار (د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ب ٢ ، ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٢.
٦٣–مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠١١.
٦٤–مەلای جزیری ( دیوان )، لێکدانەوەی هەژار ، انتشارات سروش ، تهران ، ١٣٦١ .
٦٥–مەنوچیهر موحسنی(د)، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی و کەسانی تر، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.
٦٦–محەممەد فاتح، ناسیۆنالیزم و سیاسەت، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.
٦٧–محمد خالٚ، فەرهەنگی خالٚ، ج٣،چ١، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٤.
٦٨–محمد رسول هاوار، کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، چ٢، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوەو وەرگێڕان ، کوردستان، ٢٠٠٦.

٦٩-محمدی مەلا کریم، لەپێناوی راستی و کورد و خانیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٧٠-مسعود خالد گولی، فەرهەنگا گولێ (فارسی - کوردی) دەزگاها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ،٢٠٠٠.
٧١-نالی ( دیوان )، لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، چ ٣ ، انشاراتی کردستان ، ئێران ، ١٣٨٣.
٧٢-نەجاتی عەبدوڵڵا، مەم و زین، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٧٣-هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی - فارسی) چاپخانەی سروش، تاران، ١٣٨٦، ل٦١٩، ٦٦٥.

٧٤-هێنی هارولد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و. عەزیزگەردی، کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٣.
٧٥-هیمداد حوسێن (د)، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، سەنتەری روناکبیری هەتاو، هەولێر، ٢٠٠٧.
٧٦-هیوا عزیز سعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی ، ٢٠٠٣.

## نامەی ماستەر ودکتۆرای کوردی

٧٧-یادگار رەسول باڵەکی ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠٠٣.
٧٨-سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی ،بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی ورۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار علی،ماستەر، زانکۆیی سەلاحەددین،کۆلیژی زمان،بەشی کوردی،٢٠٠٧.
٧٩-فەهمی شوکری عەبدووللا ، نەتەوە و دەولەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی دا ، نامەی دکتورا ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلیجی زمان ، ٢٠٠٩.

## گۆڤار:

٨٠-جومعە نوورەدین جەباری، خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیاینەی کەسایەتی بەکری مەرگەوەر لە (مەموزین)دا ، رامان ، ژ٤٣، پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠.
٨١-دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس(د)، نەتەوە و نەتەوایەتی، گۆڤاری (زانکۆ)، هەولێر، ساڵی سی یەم، ژ (٧)ی ١٠ ئەیلولی ١٩٩٩.

٨٢-دیار عزیز شریف، ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، گ. رامان، ژ.٤٤، ٥ی شوبتی ٢٠٠٠ .
٨٣-روانگە (گۆڤار)، بانگەوازەکەی روانگە، ژ ١ ١٩٧٠ز.

٨٤-عبدالرقیب یوسف، ئامانجەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکۆری کورد، گ. کەلەپوری کوردی، ژ١، سلێمانی، ١٩٩٢.
٨٥-عبدالقادر حمەامین محمد(د) ، بنەماکانی هەڵەوەشاندنەوە .گ. زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٠) ئایاری ٢٠١٣.

٨٦-گولاڵە کەمانگەر، مەم و زین، گ .هەنار، ژ ٧٢، یەنایەری -٢٠١٢ ..
٨٧-محمد شوانی(د)، دەربارەی چەمکی کولتوور، گ. گەزەنگ، لقی نوسەرانی کەرکوك، ژ ٨٦ی کانونی یەکەم،٢٠١٠.
٨٨-موحسین ئەحمەد عومەر(د)، سەفەرنامەکەی ژان باتیست تاڤێرنی و چەند سەرنجێك دەربارەی کتێبی مێژووی کورد لەسەدەی ١٦ی مەدا، گ. رامان، ژ٢٨، تشرینی یەکەم، ١٩٩٨.
٨٩-ناسری وەحیدی، خوردبوونەوەیەك لە تراژیدی مەم و زینی ئەحمەدی خانی، گ. رامان ژ ٢٣، ٥ ئایار ١٩٩٨.
٩٠-نافع ئاکرەیی(د)، کەلەپوور لە شیعری هاوچەرخدا، نووسەری کورد، ژ ٢ خولی سیهەمی ئابی ١٩٨٥.
٩١-هادی حەبیبی، ئەستوورە لە خوێندنەوەی بەیتی (مەم و زین)دا ، گ. رامان، ژ ١٨٣، ٢٠١٢/٨/٥.
92- هیوا عومەر ئەحمەد،زۆرانبازی چینایەتی لە مەم وزیندا،گ.نووسەری کورد،ژ٧،خولی دووەم ،تەموزی١٩٨١،ل٢١

## سەرچاوە عەرەبیەکان:

٩٣-ابراهیم مدکور (د)، معجم العلوم الاجتماعیة، اعداد نخبة من الاساتذة الصریین والعرب، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر، ؟ .
٩٤-ابي الفضل جمال الدین ابن منظور، لسان العرب، المجلد ١٥، مکتبة (هلال)، بیروت، ؟ .
٩٥-احمد شوحان، رحلة الخط العربي من المسند الی الحدیث، اتحاد کتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١، ص١٤.

٩٦–ادموند ليش، كلودليفي شتراوس دراسة فكرية، ت: د. ثائر ديب، دار الفرقة للطباعة، دمشق، ٢٠١٠.

٩٧–ادونيس ، الثابت والمتحول ، ج١ ( الاصول ) ، دار العودة ، بيروت ، ط ١ ، ١٩٧٤ .

٩٨–ادونيس ، النظام والكلام ، دار الادب ، بيرؤت ، ط١ ، ١٩٩٣ .

٩٩–ادونيس، الثابت والمتحول، ج٢، (تأصيل الاصول)، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩.

١٠٠–ادونيس، الصوفية والسوريالية، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٦ .

١٠١–ادونيس، كلام البدايات، دار الادب، ؟ .

١٠٢–اندرية كريسؤن، فؤلتيَر حياتة اثاره فلسفته، ت.د. صباح محي الدين،ط٢، منشورات عويدان، بيروت– باريس، ١٩٨٤.

١٠٣–انطوان نعمة واخرون، المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار المشرق، بيروت،٢٠٠٠.

١٠٤–انور المايي، الاكراد في بهدينان، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠١١.

١٠٥–انور محمد على، احمد خانى و فلسفه التصوف فى ديوانه مم و زين، سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٧.

١٠٦–ايكة هو لتكرانس، قاموس مصطلحات الاثنولوجيا والفلكلور، ت محمد جواهري و د. حسن الشامي، ط١، دار المعارف، مصر، ١٩٧٢.

١٠٧–باسيلى نيكيتين ، الكرد دراسة سوسيلوجية وتاريخية ، ت ، د. نورى طالبانى ، ئاراس ، هەولێر ، ت ٣ ، ٢٠٠٤ .

١٠٨–تحسين ابراهيم دوسكى ، جواهير المعانى فى شرح ديوان احمد خانى ، سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٥.

١٠٩–تيري ايغلتون، نظرية الادب، ت ثائر ديب، المدى، دمشق، ٢٠٠٦.

١١٠–جان دوست، احمدى خانى مەم وزين ،دار الزمان، دمشق،٢٠٠٨.

١١١–جمال عليان (د)، الحفاظ على التراث الثقافي، عالم المعرفة الكويت، ٢٠٠٥.

١١٢–جوردن مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ت: احمد عبدلله الزايد واخرون، المجلس الاعلى للثقافة، مصر، ٢٠٠٠.

١١٣– حنا عبود، النظرية الادبية الحديثة و النقد الاسطوري، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩

١١٤–رشيد فندى ، مناقشات حول خانى، مطبعة الجاحظ ، بغداد ، ١٩٨٦.

١١٥–رشيد فندي، الفكر القومي الكوردي بين خاني و حاجي قادر الكويي، دەزگای سپيرێز، دهۆك، ٢٠٠٨.

١١٦–روحي البعلبكي(د)، المورد الثلاثي (عربي – انطليزي – فرنسي)، ط١، دار العلم للملايين، بيروت.

١١٧–رولان بارت، لذه النص، ت، منذر عياشي،، دار الانماء الحضاري، دمشق، ١٩٩٢.
١١٨–سامي محمد عبابنة، التفكير الاسلوبي ، عالم الكتب الحديث ، اربد، ٢٠٠٧.
١١٩–سعاد الحكيم(د) ، المعجم الصوفى ، دندرة للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٨١.
١٢٠–سعيد جبار(د)، التخيل وبناء الانساق الدلالية نحو مقاربة تداولية، دار رؤية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٣.
١٢١–سمير بن عبدالرحمن، قصص الانبياء في التراث العربي(تحليل سيمائي سردي)، رسلة دكتورا،كلية الاداب،قسم اللغة العربية وادابها،جامعة مؤتة ، الجزائر، ٢٠٠٩.
١٢٢–سيجموند فرويد، الموجز في التحليل النفسي، ت سامي محمود و عبدالسلام القفاشي، مكتبة الاسرة، قاهرة، مهرجان القراءة للجميع ٢٠٠٠.
١٢٣–شەرەفخانى بەدليسى ، شەرەفنامە ، ج ١ ، ت . محمد على عونى ، تقديم يحيى الخشاب ، دارالزمن ، دمشق ، ط٢ ، ٢٠٠٦ .
١٢٤–شاكر مصطفى سليم(د)، قاموس الانتربولوجيا انكليزي–عربي، ط١، جامعة الكويتن ١٩٨١.
١٢٥–شوقى ظيف (د)، الحب عفوى عند العرب، دار المصرية اللبنانية ، للتوزيع ، القاهرة ، ١٩٩٩
١٢٦–صالح احمد الشامى ، الامام الغزالى ، دار القلم ، دمشق ، ٢٠٠٢.
١٢٧–صلاح فضل (د)، مناهج النقد المعاصر ، دار اطلس للنشر ، القاهرة، ٢٠٠٥.
١٢٨–عبدالرحمان ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، تحقيق عبدلله محمد الدرويش، ج١،ط١، دار يعرب، دمشق،٢٠٠٤.
١٢٩–عبدالرحمن بن محمد ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، تحقيق عبدالله درويش، ج٢، ط١، دمشق، ٢٠٠٤.
١٣٠–عبدالغنى الدقر، الامام النووى ، دار القلم ، دمشق ، ١٩٩٤.
١٣١–عبدالكريم سروش، التراث والعلمانية، ت:احمد القبانجي، منشورات الجمل، بيروت، ٢٠٠٩.
١٣٢–عبدالهادي الفضلي(د)، خلاصة علم كلام، ط٢، دار المؤرخ العربي، بيروت، ١٩٩٣.
١٣٣–عبدالوهاب الكيالي و كامل زهيري، الموسوعة السياسة، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٤.
١٣٤–عدنان أبو مصلح(د)، معجم علم الاجتماع، ط ١، المشرق الثقافي، عمان (الاردن)، ٢٠٠٦.
١٣٥–عزالدين المناصرة ، علم التناص المقارن ، ط ١ ، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع ، الاردن ، ٢٠٠٦ .
١٣٦–عزالدين دياب(د)، تحليل الانتروبولوجي للادب العربي، الرواية السورية نموذجا، ط١، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠١٠.
١٣٧–عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، المكتبة العصرية، بيروت،؟.

١٣٨–عقيل سعيد محفوض،الاكراد واللغة والسياسة ، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ط١، بيروت،٢٠١٣.

١٣٩–على الحداد ، اثر التراث في الشعر العراقى الحديث ، ط ١ ، دارالشؤون الثقافية ، بغداد ، ١٩٨٦.

١٤٠–عيادا بلال، انتربولوجيا الادب – دراسة انتربولوجية للسرد العربي، الروافد للنشر، القاهرة، ٢٠١١.

١٤١–فاضل كريم احمد(ماموستاجعفر)، تأريخ الفكر الكردي، ت.د.بندرعلي مندلاوي، اكاديمية التوعية وتاهيل الكرد(ي ن ك)، سليمانية،٢٠١١.

١٤٢–فضيلة لكبير، دور الاسطورة الدينية في بناء النظام الاجتماعي، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاجتماعية، قسم علم الاجتماع، جامعة باتنة، جزائير، ؟.

١٤٣–قاسم حسين صالح، الابداع في الفن، بيروت، ١٩٨١.

١٤٤–كارل غوستاف يونغ، التنقيب في اغوار النفس،ص، ت نهاد خياطة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت، ١١٩٦.

١٤٥–كلود ليفي ستراوس، من قريب و بعيد (الدوائر الباردة) حوارات مع ديديية اريبون، ت: مازن حمدان، دار الكنعان،دمشق، ٢٠٠٠.

١٤٦–كلود ليفي شتراوس، المداريات الحزينة، ت: محمد صبح، دار كنعان للنشر، دمشق، ٢٠٠٣.

١٤٧–كنياز ابراهيم ميرزويظ، موسوعة الكرد الصغرى، ت:احمد حيدر علي، اكاديمية التوعية، وتاهيل الكرد، سليمانية، ٢٠١٠.

١٤٨–محمد التونجي(د)، المعجم المفصل في الادب، ج ١، دار الكتب العالمية ، لبنان، ١٩٩٩.

١٤٩–محمد الجوهري(د)، عالم الفولفكور (دراسة في الانثربولوجيا الثقافية) ط٣، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٧،.

١٥٠–مصطفى سويف الاساس النفسية للابداع الفني ، ط٢، دار المعارف، مصر، ١١٩٥.

١٥١–مهنا يوسف حداد(د)، الانثربولوجيا الدينية، دار اليازوري، اردن، ٢٠١٠.

١٥٢–نضال صالح(د)، النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١،.

١٥٣–نوري ياسين هەرزانی، مقدمة في الفولكلور، چاپخانەی ئازاد هەورامی، کەرکوك،٢٠٠٦.

١٥٤–وفيق عزيز ، شوبنهاوةر و فلسفة التشاؤم ، الفارابى ، لبنان ، ٢٠٠٨.

١٥٥–وليد القصاب (د)، مناهج النقد الادبي الحديث، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٧.

**گۆڤارەکان:**

١٥٦–انتصار خليل حسن على ، الذكر والاذكارعند الصوفية ، مجلة اداب الرافدين ،جامعة موصل ، العدد ٥٣ ، ٢٠٠٩ .

١٥٧-سماح احمد فريد(د)، التقاليد المبتدعة وإعادة التشكيل، عالم الفكر، المجلد ٣٧، مارس، ٢٠٠٩.

١٥٨-احمد ابوزيد(د)، الرواية الانثروبولوجية بين الواقع الانتروبولوجي و الخيال الابداعي، عالم الفكر، ع ٣ و ٤ ، ١٩٩٥.

١٥٩-حسن احمد عيسى(د) ، الابداع في الفن والعلم ، عالم المعرفة ، كويت ، ١٩٧٨.

١٦٠-طة جميل احمد (د)، وهب بن منبة و اثره في التدوين التاريخى ، مجلة كلية الاداب ، جامعة بغداد ، العدد ٩٦ ، ٢١١

١٦١-نايف ميكائيل طاهر، الشاعر الكوردي احمد الخاني و منهجه في العقيدة الاسلامية من خلال منظومته(عقيدة نامة)، مجلة جامعة نوروز، ع١، ٢٠١٣.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

162-J . A Cuddon ، Dictionary of literary terms and literary theory ، penguin books ، London ، ? ، p284

163-D. Aziz Gardy، comparative stuby ( Romeo and Juliet and Mam and Zin،56p.

**ئینتەرنێت:**

**أ: کوردی:**

١٦٤-کەمال میراوەدلی(د)،خانی وپرۆژەی دامەزراندنی نەتەوە،لەسایتی:
http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/12581/htm

١٦٥-کەمال میراوەدلی(د)، فانی تەواوکەری قوتابخانەی شیعری نەتەوەیی فانی و حاجی قادری کۆیی(١١) http://www.dengekan.info/dengekan/liteature/12344/htm

١٦٦-هۆشەنگ شێخ مەحەمەد، ( مانی ژیان و پەیامەکەی ) ، www.dengekan.info

**ب/عەرەبی:**

١٦٧-احمد عمر، ملحمه مهم و زين الكرديه، الحياه ٢٥/٤/٢٠٠٦ لە سایتی:
httpi//www.yek-dem.com/adab%20we%20fan=1-12-5-2006htm

١٦٨-تحسين ابراهيم دوسكى ، ظاهرة التعسف فى تفسير نصوصنا الادبية الخانى نموذجا لە سایتی : http: www.medaratkurd.com?p=5u6

١٦٩-حميد لحمداني،الصورة الروائية البوليفونية،له سايتى:
http;/www.alukah.net/linkclick.aspx?id=2449
١٧٠-سعيد الوجاني، الماركسية والتراث والموقف من الدين، الحوار الممتمدن، العدد ٢٠١٢/٣٨٨٦ لة (لينين المؤلفات الكاملة).بِروانة سايتي:
WWW.alhewar.orr/de6at/show.asp?aid:329028

١٧١-(الموسوعه السوفيتيه الكبرى (١٩٧٠-١٩٧٩) بەرگی یەکەم و دووەم، له سايتى
http//encyclopedia2.hte free dicitonard/siguard+Erixon Ethnologia Europea
١٧٢-مشاهير علم النفس له سايتى : http:/ www.dorar-aliraq.net/threads/102509
١٧٣-عبدالرحمن محفوظ، الشطرنج علما وفنا، لەسايتى:
http://www.passerby-in time@yahoo.com

١٧٤-عبدالحكيم وادي (د)، الاطار المفاهيمي والنظري لعلم الجيوبولتيك، جريدة الصباح، ١٧ديسمبەر، ٢٠١٢ له سايتى : http:/www.alsbah.net
١٧٥-عمار القربى (د)، الديانه اليزيديه، ٢٠٠٧/٦/٢٥ له سايتى: www.mohr-s.org
١٧٦-عامر غرايبه، الشخصية الروائية، وظيفتها و انواعها وسماتها، له سايتى:
http;// amerghribeh.arbblogs.com/archive/html/31400

١٧٧-عمر عبدالله كامل (د)، مذكرة في تفسير المنطق ، له سايتى
http://uqu.edu.sa/files2/tinymee/plugins/filemanager/files/4320447/pd

١٧٨-فهد الرياعى ، حكاية الكنز المدفون تحت الصخرة المشقوفة شبكة حضرموت للحوار العربى ، www.hdrmut.net/vb/showthread.php?t=25173

١٧٩-فيصل علوش، (مم الان) بين الملحمة القومية والحكاية الاسطورية، لة سايتي
http://www.aleftoday.infolartick-php?id=250
١٨٠-محمد بن صالح العثيمين، ماهو التنجيم وماحكمه، سايتى:
http://ar.islamway.net/fatwa/1247
١٨١-محمد عبد العباسى، الجهاد فى الاسلام،لەسايتى:
www.alukah.net/sharia/0/801
١٨٢-محمد قجه، التصوف والموسيقى، الباحثون العدد، ٢٥/تەموز/٢٠٠٩، لەسايتى :
http://www.alazmenah.com/?paq=show464 .

١٨٣-الكيفية التى وسس بها الشيطان لادم و حواء، له سايتى :
www.fatwa.islamweb.net .

١٨٤–اسياسات علم النفس، له سايتى:
http://velwan.351oun.org/t997-topic

١٨٥–لامع محمد ، الموسيقى الكورديه، (كوردستان سوريا نموونجا) لهسايتى:
http://www.medaratkurt.com/?p=415

١٨٦–انواع السحرو فتح المندل له سايتى:
www.balhakmnews.com/vb/showthread.php?+=78087.

١٨٧–يوسف زيدان، التراث العربي من التثقيف الى المثاقفة، عن موقع يوسف زيدان للتراث والمخطوطات، سايتى: http: //www.Zeidan.com/indexo.asp

**ملخص الاطروحة**

هذه الرسالة المعنونة ب (الظواهر التراثية في (مه م و زين) للشاعر(احمدي خاني))، محاولة لكشف العلاقة التبادلية بين التراث والادب و كيفية تاثير التراث على الادب و الادب على التراث من خلال منظومة (خاني) الشهيرة بـ(مه م وزين).

يعتبر (احمدي خاني) من اهم شعراء الكلاسيكين الكرد في القرن السابع عشر وقد الف(خاني) منظومة (مه م وزين) باللهجة الكرمانجية الشمالية الكوردية وتعد (مه م و زين) من اهم الملاحم الكوردية ذات الصيت الشهير في العالم والذي يتناول علاقة الحب الصوفية بين (مم)و (زين) الشخصان الرئيسيان في الملحمة و الى جانب علاقة الحب هذه، يلتمس القارىء الكثير من الظواهر التراثية والدينية والعلمية اللذي سلط (خاني) عليها الضوء في الملحمة وهذا ماجعل من ملحمة(مم وزين) باحة واسعة امام الباحث لكي يتمكن من دراسة الظواهر الانسانية والتراثية من خلال النص الادبي.

و تتكون هذه الرسالة من اربعة فصول وخاتمة:

يمثل الفصل الاول الجانب النظري في البحث ويتضمن مبحثان اثنان، المبحث الاول يتناول تعريف التراث لغة واصطلاحا وحقوق وخصائص التراث الى جانب علاقة التراث بالحضارة، والمبحث الثاني مخصص لبحث العلاقة بين التراث والادب بصورة عامة والتراث والادب الكردي بصورة خاصة. اما الفصل الثاني فتداول محاولات خاني في احياء اللغة الكردية والحس القومي الكوردي والثقافة بصورة عامة وتنقسم الفصل الى محورين رئيسيين، الاول مخصص للبحث في عملية احياء اللغة والحس القومي في (مه م وزين)، والمحور الثاني يتضمن التراث الثقافي في مه م وزين و اثر (مه م وزين)في الثقافة الكوردية. اما في الفصل الثالث فقد تم تسليط الضوء على تاثير التراث في منظومة (خاني) من خلال مبحثين اثنين، المبحث الاول يتناول تاثير الدين والحب في (مه م وزين) والثاني يتناول موضوع الانزياح عن الاسطورة واعادة انتاج (مه م وزين) من قبل (احمدي خاني) وكذلك تاثير التراث على نشاط وفعالية الشخصيات الرئيسية في (مه م وزين). أما الفصل الرابع والاخير تم تقسيمها الى ثلاثة محاور تتداول الظواهر التراثية والحضارية في مه م وزين، ففي المحور الاول تم تسليط الضوء على ظواهر التمدن في (مه م وزين) والمحور الثاني مخصص للبحث في النظام الاجتماعي والطبقي والقرابي في المنظومة. اما المحور الثالث فيبحث في العادات والتقاليد المتعلقة بالمناسبات الاجتماعية والتراثية مثل عيد نوروز وعادات حفل الزواج والماتم وتقاليد الصيد.

واستخلص في الخاتمة اهم ماتم التوصل اليه من نتائج البحث وقد عرض فيه اهمية الظواهر التراثية في منظومة مه م و زين، وقدرة خاني على توضيف هذه الظواهر في سبيل النص وفي سبيل حفظ التراث وتدوينه.

**Abstract**

This thesis titled by Heritage Phenomena in Mam & Zeen for poet Ahmed Khany is a trial to discover the Correlation between Heritage and Literature and how each one effects the other in Khany`s famous System Mam & Zeen.

Ahmed Khany was the most important Kurdish classic poets in the 17 century. He wrote the Mam & Zeen System in the Northern Kurdish Kurmanchy dialect and it is considered as the most important Kurdish heroic which is known worldwide for the mystical love relation between Mam & Zeen, the main two characters beside heritage, religious and scientific phenomena in which the reader would notes. These phenomena made Mam & Zeen a wide filed for the researcher in order to study humans and heritage phenomena in a literary text. This thesis consists of four parts and a conclusion:

The first part is the theoretical side and has two topics; the first one is a definition of language heritage, its rights and properties in addition to the relation between culture and heritage. The second topic is dedicated to search the relation between heritage and literature in general and the relation between Kurdish heritage and literature in particular.

The second part is Khany`s trials to revive the Kurdish language, sense of nationalism and culture in general. It also has two topics; the first one is specifically research the revival of Kurdish Language and sense of nationalism in Mam & Zeen. The second topic is about the Cultural Heritage in Mam& Zeen and the effect of Mam & Zeen in Kurdish Culture.

The third part highlights the effects of heritage in Khany`s system in two topics. The first topic is the effects of religion and Love in Mam & Zeen and the second topic is displacement from the legend and reproduction of Mam & Zeen by Ahmed Khany and also the effect of heritage on the main characters` activities in Mam & Zeen.

Part four consist of three topics conferring the cultural and heritage phenomena in Mam & Zeen. The first topic highlights the urbanization phenomena and the second topic dedicated to search social order, back rounds and classes in the system. The third topic search customs and traditions that relates to heritage and social events like Nawros, wedding parties, funerals and hunting traditions.

In conclusion, this thesis searched and displayed the heritage phenomena in Mam & Zeen system and Khany`s ability in placing these phenomena in order to make the text and in order to keep and notate the heritage.